# دەنگی ڕووناکی لە گێتییەکی تاریکدا

لێکۆڵینەوە و پێشکەشکردن

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

فەرهاد شاکەلی

# دەنگی ڕووناکی لە گێتییەکی تاریکدا

لێکۆڵینەوە و پێشکەشکردن

ناوی کتێب: دەنگی ڕووناکی لە گێتییەکی تاریکدا
نووسینی: فەرهاد شاکەلی
بڵاوکراوەی ئاراس ـ ژمارە: ٩٣٧
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی یەکەم – ٢٠١٠
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٥ی ساڵی ٢٠١٠ی دراوەتێ

# پێڕست


١- ئەدەب و داهێنانێکی جیاواز ..... 7
٢- چینوا ئەچێبێ، دەنگی ڕووناکی لە جیهانێکی ڕەشەوە ..... 9
٣- سێبەری با ..... 29
٤- سێ وزەی بەرهەمهێنی شیعر: جەین هیرشفیلد شیعر چۆن دەبینێت؟ ..... 35
٥- کامیلۆ خۆسێ سێلا ..... 51
٦- ئالبێر قوسێری و گەدا سەربەرزەکانی ..... 55
٧- پەیامی ئەوین لە هندستانەوە ..... 66
٨- هـ. ک. ئاندەرسن H. C. Andersen لە ئیستانبووڵ ..... 91
٩- وەرزی کۆچ بۆ باکوور ..... 95
١٠- دڕندەی هیچ وڵاتێک ..... 104
١١- فرانسوا میتران ..... 115
١٢- خوێندنەوەیەکی تازەی قۆناغێکی بەسەرچوو ..... 123
١٣- بۆریس پاستێرناک... تراژیدیای مرۆڤێکی داهێنەر ..... 127
بۆریس پاستێرناک ..... 129
"تۆ دەژییت، تۆ لە ناخمای هەر وەکوو خۆت..." ..... 141
ڕازی دڵگیرییەکەی تۆش وەرامی مەتەڵی ژیانە ..... 150
"خەڵاتی نۆبێل"ـەکەی بۆریس پاستێرناک ..... 154
بۆریس پاستێرناک: کرۆنۆلۆگیی ژیانی ..... 163
١٤- یورگەن هابەرماس و مەوداکانی بازنەی گشتی ..... 167

شنەبای سەرەتاکان ..... 179
١٥- لە یادی هەشتەمی کۆچی سەییابدا ..... 181
١٦- غەسسان کەنەفانی... نووسەر و شۆڕشگێڕ و مرۆڤ ..... 184
١٧- ئەم هەفتەیە شەهیدەکان دەگەڕێنەوە ..... 189

# ئەدەب و داهێنانێکی جیاواز

ئامانجێکی دیاریکراوی ئەم نووسینانە ئەوەیە سەرنجی خوێنەری کورد بۆ لایەک ڕابکێشن کە لە زۆر ڕووەوە تازەیی و جیاوازییەکی پێشکەش دەکات. ئەمە هێندەی ئەنجامی گەڕان وئارەزۆیەکی دێرینی خۆمە بۆ ئاشنابوون لەگەڵ فەرهەنگ و شارستانەتییە جۆراوجۆرەکاندا، ئەوەندەیش وردبوونەوە و تێگەیشتنە لە ڕاستییەکانی فەرهەنگی کورد کە لەگەڵ بەرزویستییە فەرهەنگی و زمانەوانییەکانی رووناکبیرێکی جیددیدا یەک ناگرنەوە.

بەشێکی زۆری نووسینەکان ئەو لێکۆڵینەوانەن کە لەبارەی کۆمەڵێ نووسەری ئەفریقایی و ئاسیایی و ئەوروپایی و ئەمەریکاییەوە کردوومن. ئەم شێوە نزیکبوونەوەیە لەگەڵ ڕانانی ئاساییدا جیاوازییەکی ئاشکرای هەیە، لەو ڕووەوە کە من نەمویستووە تەنیا یەک بەرهەمی نووسەرەکە وەربگرم و ئامانجیشم هەر ئەوە بێت کە ئاشنایەتییەک لەنێوان خوێنەر و کتێبێکدا دروست بکەم. ئەم لێکۆڵینەوانە لەپاڵ پێشکەشکردنی چەند بەرهەمێکی ناوەندی و گرنگی نووسەرێکدا، هەوڵدانیشن بۆ پێشکەشکردنی وێنەیەکی گشتگری ئەو پاشخانە مێژوویی و فەرهەنگییەی بیر و بەرهەمەکانی ئەو نووسەرەی لەسەر هەڵچنراون.

جیاوازییەکی دیکەی بنەڕەتیی ئەم لێکۆڵینەوانە لەگەڵ ڕاناندا لەوەدایە کە زۆرجار ویستوومە خوێندنەوەی تێکستەکان لە چوارچێوەیەکی بەراوردکارانەدا ئەنجام بدەم؛ واتە بە شێوەیەک تێکستی نووسەرێکی ئەوروپایی یا ئەفریقایی و ئەو ژینگەیەی تێیدا گەشەیان کردووە بخەمە بەرچاوی خوێنەر، کە بکرێ لەگەڵ پاشخانی فەرهەنگیی کورد و ڕۆژهەڵاتیدا بەراورد بکرێت. ئەم بەراوردکردنە تەنیا پێکگرتنێکی مێکانیکی نییە لە ڕووی پێوەرەکانی زمانەوانی یا تیۆرییە ئەدەبییەکانەوە، بەڵکە جۆرێ تیگەیشتنیشە لە دینامیزمی گەشەکردنی مێژوویی و ئەو ڕووداوانەی کە بە هۆی سیاسەت و زۆرانبازیی نێوان زلهێزەکان و گەلانی ئازادیخوازەوە ڕوو دەدەن.

هەڵبـژاردنـی بەشـی زۆری بەرهەمـەکـان بۆ لێکۆڵینـەوە لەو سـۆنگەیەوە بـووە کـە پێم باش بووە خـوێنەری کـورد ئەدەب و داهێنانـێک بناسـێت کەمـجـار دەبێتـە جـێگەی ستایشـی ڕاگەیاندنێک کە ئیدیۆلۆگیی ئیمپەریالیسـتیی ڕۆژاوایی بنچینەی نرخاندن و کارکردنیەتی.

ئەدەب، وەک بەشـێک لە زانسـتـە مـرۆڤـانەکـان، ئەو تایبـەخـۆیەیشـی هەیە کـە تا ڕادەیەکی یەکجـار زۆر لەگەڵ هـەست و سـۆزی مـرۆڤدا، واتە خـوێنەر، کـار دەکات و کـەمـجـار بوارێک بۆ بێـلایەنی و نادەربەسـتی دەهێـڵێـتـەوە. من لـەم ڕووەوە بە هیچ جـۆرێک خـۆمم لـەو لایەنگری و بەرپرسـایەتیـیـە لا نەداوە. لە کـاتێکدا کـە بۆ خـوێندنەوەی لایـەنی شـێواز یا زمـانەوانیی تێکسـتێک کۆمـەڵێک پێـوەری هونەری و ئێسـتـێتیکی دەکەمـە گەزوگرێی پێوان و هەڵسـەنگاندن، بەرانبـەر نـاوەڕۆکێک کە تراژیدیای تاکـەکـەسـێک یا نـەتەوەیەکی ژێردەسـتـە و زۆرلێکراو و چەوسـاوە وێنا دەکـات، پێـوەرێکی ئەخـلاقی دەبێـتـە ڕەنگرێژی ڕوانگەی خـوێندنەوە و هەڵوێست و تێگەیشـتن.

لەم نووسینانـەیشدا، وەک لە کارەکانی دیکەمدا، زمان و شـێوەی بەکارهێنانی زمان یەکـێکە لە نیگەرانیـیە فـەرهەنگی و هـونەرییـەکـانی من. پێـشکەشکردنی بابـەتێکی بەتەواوی تیۆری و فکری، مەودا و ئەرکێکی تازە و گران بۆ زمان دەهێنێتە پێشـەوە، کە نووسـەر ناچارە بۆ بەدیهێنانی لە چوارچێوە و جغزە نەریتـانەکانی بەکارهێنانی زمان بچێتە دەرەوە و بە شێوەیەکی یاخیگەرانە دەست بۆ وشە و دەربڕینەکان ببات. من کە هـاتووم بیر و تیـۆرییـەکانی جـەین هیرشـفیلد یا یورگـەن هابەرمـاسم ڕوون کـردوونەوە، خـۆمم تـەنیـا بەوە دڵـخـۆش نەکـردووە کە ئەو بیـرانەم بۆ خـوێنەری کورد گواسـتـوونەتەوە، بەڵکە هـاوکـاتیش ویسـتـوومـە ئەو بیـرانە لە دەفرێکی زمـانەوانیی وەهـادا بنوێنم کە خوێنەری کورد تووشـی جۆرێک داچڵەکینی ئێستێتیکی بکات.

فەرهاد شاکەلی

شاکەل ٠٧-٠١-٢٠١٠

# چینوا ئەچێبێ
# دەنگی ڕووناکی لە جیهانێکی ڕەشەوە

**سەرەتایەک**

لە دنیـایەکی پڕ لە شـەڕوشـۆڕ و ناکۆکی و دیاردەی جۆراوجـۆری دڵڕەقیـدا، دەبوو هۆشی مـرۆڤ بگەیشـتـایەتە ئەو پلەیەی بە دەیان شـێـوە، ڕێگە تەخت بکات و پرد هەڵبچنێت بۆ نزیکبوونەوە و بەیەکگەیشتن و تێگەیشتن لە یەکتر. ئەگەرچی ئەمڕۆ بە هۆی پێشکەوتنی تەکنیکەوە ڕێگاکان لە جاران زۆر کورتترن، ئامرازەکانی پێوەندی بەهێزتر و کاراترن، بەڵام دڕدۆنگیی مرۆڤ بەرانبەر مـرۆڤ و بەدگومانیی گرۆیەکان لە یەکدی لە جاران کەمتر نییە. ئەنجامی ڕاستەوخۆ و بەرچاوی ئەم ناحاڵیبوونە، ئەو هەمـوو توندوتیـژی و کـارەسـات و خـوێنڕشـتنەیە کـە ڕۆژانە، دیسـان بە هۆی تەکنیکەوە، لەناو ماڵی خۆماندا و لەگەڵ تێکڕای خێزان و دۆست و ئاشناکانماندا دەیبینین و دەیبیستین و لێی ئاگادار دەبین.

لەگەڵ ئەو تاریکییـەیشـدا کـە ئاسـۆی بیرکـردنەوە و ڕوانینمـان لێڵ دەکات، وا دیارە مـرۆڤ هیوای هێـشـتـا نەبڕیوە و نەگەیشـتـووەتە سنووری بێـئـومێـدی. ڕەنگە وەک تاکەکەس، ملیـۆنـان کـەس هەبن کە بە ئەوپەڕی ڕەشبینییـەوە لەو جیـهـانەی تێیدا دەژین و لەو ژیانەی دەیبـەنە سـەر ورد ببنەوە، بەڵام مـرۆڤـایـەتی، بەڵام سـەرلەبەری ڕەگـەزی مـرۆڤ، هێـشـتـا کـۆڵـی نەداوە و هیـوای هەر مـاوە کـە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئاشتییەکی ڕاست و بتەو لەم سەرزەوییە دابمەزرێنێت. تەنانەت دینیش ئەو هیوایەی داوە بە بڕواداران؛ مێسسیاحی جوولەکە، کریستوسی مەسیحییـەکان و عیسای ئیسلام بە گشتی و مەهدیی چاوەڕوانکراوی شیعە. هەموو چاوەڕوانی ئەو سەردەمەن کە "گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە." بەڵام تەنیا ئایین نییە کە ئەم بەهەشتەی وێنا کردووە، خۆ سیستێمە ئیدیۆلۆگی و فەلسەفییەکانیش هەر ئەو بەڵێنەیان داوە بە مرۆڤ: مـارکسـیـزم دەیویست کـۆمەڵگەی بێ چینایەتی و بێ چەوسـاندنەوە دروست بکات، سەرمایەدارانیش دەڵێن خۆشبەختی دەبەخشنە مرۆڤ و مرۆڤایەتی.

ئەگەر سیاسەت و سیاسەتبازی ڕێگەیەک بێت بۆ گەیشتن بە ڕێکخستنەوە و ڕازاندنەوەی ئەم سەرزەوینە، ئەدەب و نووسین و بەکارهێنانی وشەیش ڕێگەیەکی دیکەیە کە ئەگەر لە سیاسەتیش کۆنتر نەبێت، هیچ نەبێت هاوتەمەنیەتی و کارکرد و ئەنجامەکانیشی گەلێک قووڵتر و تەمەندرێژترە. جیاوازییەکی دیکەی گرنگی نێوان ئەو دوو ئامرازە ئەوەیە کە سیاسەت زۆرجار پەنا دەباتە بەر زەبروزەنگ، شەڕ و توندوتیژی و لەناوبردن، بەڵام نووسین دوورە لە هەموو ئەو هەرا و فەرتەنەیەوە، سەروکاری تەنیا لەگەڵ کاغەز و مەرەکەب و قەڵەمدایە. مەیدانی ئەویان هەموو دنیایە و هەرکوێیەکە دەستی پێ بگات و دەستەڵاتی بەسەردا بشکێ، بەڵام گۆڕەپانی ئەمیان ڕەنگە ژوورێکی بچکۆلانە یا کونجێکی نسرم بێت. کاتێ وشە فێری باڵەفڕێ دەبێت، بە دنیادا بڵاو دەبێتەوە، لە مێشک و دڵ و بیرکردنەوەی مرۆڤدا دەنیشێتەوە و لە دەروونی ئەواندا نیشتمانێک دەدۆزێتەوە. بەڵام بۆ ئەوەی وشەی یەکتر بخوێنینەوە و بۆ ئەوەی ببینە ئاشنای خۆشی و بەختەوەری، یا دەرد و ئێشی یەکدی، هەروا بە ئاسانی ناتوانین یەکتر بە سەر بکەینەوە. هەر خۆمان هەزاران سنوور و کۆسپ و ڕێگرمان بۆ خۆمان دروست کردووە. بەزاندنی ئەو سنوورانە و تێکشکاندنی ئەو کۆسپانە بەشێکە لە هەوڵ و خەباتی مرۆڤ بۆ ئاشنایەتی، بۆ حاڵیبوون لە یەکدی و بۆ تێگەیشتن.

ئێمە لەبارەی ئافریقاوە چی دەزانین؟ تا چ ڕادەیەک وڵاتێکی وەک نایجیریا دەناسین؟ ئەی چەند بەرهەمی نووسەرانی ئەو وڵاتەمان خوێندووەتەوە؟ ڕاستییەکەی دەکرێ ئەم پرسیارانە لەبارەی زۆر وڵاتی دیکەیشەوە بکەین، چ لە ئافریقا بن، یا لە قارەکانی دیکە. دەبێ زۆر سەیر بێت ئێمە هیچ لەبارەی وڵاتێکی وەک نایجیریاوە نەزانین کە لە ڕووی ڕووبەرەوە سێیەمین وڵاتی دنیا بێت و لە ڕووی ژمارەی دانیشتووانیشەوە هەشتەمین وڵاتی دنیا. سەد و پەنجاوچوار میلیۆن مرۆڤ لەو وڵاتەدا دەژین (١٥٤٠٠٠٠٠٠). زۆرە، وا نییە؟

کاتی خۆی، تا ڕادەیەکی کەم، من ئاگام لە کێشەی بیافرا بوو، کە گەلی ئەو ناوچەیە لە نایجیریا جیا بوونەوە. بیافرا ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکە بوو. لە مایسی ١٩٦٧دا سەربەخۆیی خۆیانیان ڕاگەیاند و کۆماری بیافرایان دامەزراند. بەڵام هەر زوو هێزەکانی ڕۆژاوا و باکووری نایجیریا هێرشیان هێنایە سەر گەلی

بیافرا و شەڕی ناوخۆ دەستی پێ کرد، شەڕێکی خوێناوی و دڕندانە، کە سی مانگ درێژەی کێشا، لە یەک میلیۆن زیاتر مرۆڤ کوژران و لە مانگی یەکەمی ۱۹۷۰دا بیافرا سەرلەنوێ داگیر کرایەوە و لکێنرایەوە بە نایجیریاوە. ئەگەر بە وردی لە پێکهاتە و ڕێکخستنی کۆمەڵ و گەلانی ناو نایجیریا بکۆڵینەوە، بۆمان دەردەکەوێت، کە بەشێک، بەشێکی گەورەی، کێشەکانی ئەو وڵاتە ئەنجامی دەستەڵاتی کۆڵۆنیالیستانەی ئینگلستانە کە لە ساڵی ۱۸۸٥ەوە وڵاتەکەیان داگیر کرد و زمان و فەرهەنگ و دینی مەسیحییان تێدا بڵاو کردەوە و بەسەر گەلانی نایجیریایاندا سەپاندن. پێش هاتنی ئینگلیز، پۆرتوگالییەکان بە هۆی بازرگانییەوە هاتنە ناو وڵاتەکەوە. کڕین و فرۆشتنی کۆیلە بەشێکی گرنگی بازرگانیی کۆڵۆنیالیستانی ئەوروپایی بوو. بە هاتنی ئینگلیز ئەو بازرگانییە زیاتر پەرەی ستاند. ئەم داگیرکردنە هەتا ساڵی ۱۹٦۰ بەردەوام بوو، کە خەباتی گەلانی نایجیریا سەرکەوتنی بە دەست هێنا و وڵاتێکی فێدێرال و یەکگرتوویان دامەزراند.

### چینوا ئەچێبێ Chinua Achebe

ئەچێبێ نەک تەنیا گەورەترین و ناودارترین نووسەری نایجیریایە، بەڵکە یەکێکە لە نووسەرە هەرە گەورەکانی هەموو قارەی ئافریقا و لە جیهانیشدا وەک نووسەرێکی گەورە و داهێنەر ناسراوە. چینوا ئەچێبێ، چیرۆکنووس و شاعیر و ڕەخنەگر و پرۆفێسۆر، لە ۱٦-۱۱-۱۹۳۰دا لە نایجیریا لە دایک بووە. ناسراوترین بەرهەمی ئەچێبێ ڕۆمانی یەکەمیەتی کە ساڵی ۱۹٥۸ بڵاوی کردەوە: **شتەکان لە بەر یەک هەڵدەوەشێنەوە** [Things fall apart]. دەڵێن کاتێ نێلسۆن ماندێلا لە زینداندا بوو، ئەم ڕۆمانەی چەند جارێک خوێندووەتەوە. من کە ڕۆمانەکەم خوێندەوە چاوەڕوانی ڕووداوی زۆر گەورە و شتی سەیروسەمەرە بووم، بەڵام کتێبەکە شتێکی دیکەی پێ وتم. ڕەنگە بۆ من و تۆیەکی کورد و ڕۆژهەڵاتی گێڕانەوەی ژیان و ڕابوردووی گەلانی نایجیریا کارکردێکی هێندە قووڵی نەبێت، چونکە نە بیرەوەریی تاکەکەسیمان و نە بیرەوەریی گرۆییمان شتێکی ئەو ڕابوردووەی هەڵنەگرتووە، بەڵام بۆ نێلسۆن ماندێلایەک کە لە ناوجەرگەی مێژوو، فەرهەنگ و شارستانەتیی ئافریقاوە هاتووە، بێگومان نەک تەنیا مێژووی خۆی، بەڵکە مێژووی قارەیەک و مێژووی نەتەوەیەک و مێژووی ڕەگەزێکی گەورە و فراوانی مرۆڤایەتیی تێدا دەخوێنێتەوە.




چینوا ئەچێبێ

ئەچێبێ لە گوندی "ئۆگیدی"ی ناوچەی "ئیگبۆ" لە دایک بووە و خوێندوویەتی، کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی نایجیریاوە، واتە بیافرا. لە خوێندندا زۆر سەرکەوتوو بوو. هەر زوو حەزی لە لێکۆڵینەوەی دینەکانی دنیا و فەرهەنگی نەریتانەی ئافریقا کرد و دەستی کرد بە نووسینی چیرۆک. دوای خوێندنی زانستگە، لە ڕادیۆی نایجیریادا کاری کرد و دواتر باری کرد بۆ لاگۆس، کە گەورەترین شاری نایجیریایە. بڵاوبوونەوەی یەکەم ڕۆمانی، **شتەکان لە بەر یەک هەڵدەوەشێنەوە**، ناوبانگێکی گەورەی لە دنیادا بۆ پەیدا کرد. بە دوای ئەو کتێبەدا چەند ڕۆمانێکی دیکەیشی نووسی: **تازە ئیتر ئاسوودە نییە** [No Longer at Ease]، ١٩٦٠؛ **تیری خودا** [Arrow of God]، ١٩٦٤؛ **پیاوێکی ناو خەڵک** [A Man of the People]، ١٩٦٦. ئەچێبێ ڕۆمانەکانی بە زمانی ئینگلیزی دەنووسێت و بەرگری لەوەیش دەکات کە ئەدەبی ئەفریقایی بە زمانی داگیرکاران و کۆڵۆنیالیستان بنووسرێت. ساڵی ١٩٧٥ ئەچێبێ لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر "وێنەیەکی ئافریقا: ڕەگەزپەرستی لە ڕۆمانی (ناوجەرگەی تاریکی)ی کۆنراددا" نووسی و بوو بە هۆی گوتوبێژ و دەمەتەقێیەکی گەرم و فراوان. ئەچێبێ لەو لێکۆڵینەوەیەدا کۆنرادی وەک "ڕەگەزپەرستێکی خوێناوی" باس کردووە.

## شتەکان لە بەر یەک هەڵدەوەشێنەوە

ڕۆمـانی "شـتـەکـان لـە بەر یەک هـەڵدەوەشـێنەوە" لـە ڕووی هونەرییـەوە، لە ڕووی تەکنیکییەوە، کارێکی زۆر تایبەت و جیاواز نییە. ڕاستییەکەی ئێمە ڕۆمانێکی وەها لەبەر لایەنە هونەرییەکەی ناخوێنینەوە، لەبەر ئەوە نایخوێنینەوە شێوە تازەکانی تەکنیکمان پێ بناسێنێت یا پێمان بڵێت ئاستی پێشکەوتنی ڕۆمان گەیشتووەتە کوێ. ئێمە ڕۆمانێکی وەها وەک نموونەی فەرهەنگێک و شارستانەتییەک تەماشا دەکەین، دەمانەوێ بە هۆی تێکستێکی هونەرییەوە وڵاتێک و سەرزەوینێک و ڕۆحی نەتەوەیەک بناسین. دەمانەوێ کلیلی دەرگا و دەروازە داخراوەکانمان بداتە دەست، تا بە ئاسانی لەو هەزاران ڕاز و نهێنی و سەرداپۆشراوانە بگەین کە بنەما ڕۆحی و فەرهەنگییەکانی بەشێکی ئەم جیهانە پێک دەهێنن.

ئەم ڕۆمانە بەسەر سێ هێڵی جیاواز بەڵام هاوکاتیش تێکەڵاودا گەشە دەکات و پێش دەکەوێت: خێڵی ئیبۆ، بە هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتی و دینییە جیاوازەکانیانەوە؛ ناوچەیەکی جیۆگرافیایی کە خێڵی ئیبۆ تێیدا دادەنیشن و لە نۆ گوند پێک دێت و هەروەهایش دنیای ڕۆحیی خەڵکەکە. ئەگەرچی ئەم سێیە، سێ بازنەی سەربەخۆن، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر چڕوپڕیش لەگەڵ یەکدی تێکەڵن و کار دەکەنە سەر یەکدی. دیارە بۆ خەڵکی وڵاتی ئێمەیش تێکەڵاوبوونی مرۆڤ و خاک، یا با بڵێین دانیشتووان و جیـۆگرافـیا، نائاسـایی نییـە، بەڵام پێوەندیی نزیک و ڕۆژانەی دنیـای ڕۆحی، یا دنیای ڕۆحەکان، لەگەڵ مرۆڤەکاندا ڕەنگە پێوەندییەکی زۆر ئاسایی نەبێت. دنیای ڕۆحیی خێڵی ئیبۆ پێکهاتەیەکی تێکچڕژاو و ئاڵۆزە. لەو دنیایەدا ڕۆحی باوباپیران، ڕۆحی کەسوکارە مردووەکان، زۆر چالاکانە کار دەکەنە سەر ڕووداوەکانی ژیانی نەوەکانی خۆیان و ئەوانەی لە دوای خۆیان بە جێیان هێشتوون. هەر لەو دنیایەدا خـوداکــان هەن. هـەر مـرۆڤـێک خـودایەکی تایبــەتی خــۆی هەیە، بەڵام چەند خـودایەکیـشیـان هەن کـە بۆ هەمـوو هـۆزەکـە پیـرۆزن و ڕێزیان دەگـیـرێت و بە شێوەیەکی تایبەتی دەپەرسترێن؛ خودای زەوی و خودای ئاو و خودای دار و زۆری تریش. لەو دنیـا ڕۆحـیـیـەدا گـیـانە خـراپەکـانیش هەن، کـە دەبێ ئەفـەرۆز بکرێن. مەرجیش نییە ئەمانە بەڕاستی لە ژیاندا مرۆڤی خراپ بووبن، بەڵکە ئەوانەیش بە خـراپەکار دادەنرێن کە تووشی نەخـۆشیی گـەڕی و گـولی دەبن، یا منداڵی دووانە



شتەکان لە بەر یەک هەڵدەوەشێنەوە

(جمکانە)ن. ئەمانە فرێ دەدرێنە ناو دارستانی ڕۆحە خراپەکانەوە. لەناو خێڵدا چەند کەسێک هەن، ژن و پیاو، کە ڕۆڵی کەشیش یا مەلا دەبینن. ئەمانە دەتوانن ڕاستەوخۆ بچن سەر لە خوداکان بدەن، قسەیان لەگەڵ بکەن و ڕێنوێنی و ئامۆژگارییان لێ وەربگرن.

ئێمە ئەگەر هەروا بە شێوەیەکی سەراوی تەماشای کۆمەڵگەیەکی وەها بکەین، لەوەیە پێمان وا بێت کۆمەڵێکی بێسەروبەر و نارێکە، بەڵام کاتێ بە قووڵی لێی ورد دەبینەوە، دیارە لێرەدا بە خوێندنەوەی ڕۆمانێک کە بەڵگەیەکی زیندووی ئەو ژیانەیە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە وا نییە، بەڵکە کۆمەڵگەیەکە دەیان و سەدان قانوون و بنەمای خۆی هەیە و هەموو مرۆڤەکانیش وەک یەک ملکەچی ئەو بنەما و قانوونانەن و هەموو کاروباری ژیانی ماددی و ڕۆحیی خۆیانیان بەو بنەمایانە ڕێک خستوون. بنەماکان بەرهەمی ئەو فەرهەنگ و شارستانەتییەن کە لە ماوەی سەدان و هەزاران ساڵدا بوونەتە سیستێمێکی گشتگر بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ئەو کۆمەڵە. لە فەرهەنگێکی وەهادا کۆمەڵێک نرخی جۆراوجۆر دروست دەبن، کە سەرتاپێی ژیانی مرۆڤەکان ڕەنگ دەکەن. ئەم نرخانە، هەر یەکێکیان بگریت، بەرهەمی ئەزموونێکی دووروودرێژی مێژوویی و هاوبەشە. ناکرێ ئەو نرخانە لە فەرهەنگی دیکەیشدا وەک نرخی باش و مرۆڤانە بژمێردرێن. بێگومان هەندێ لەو نرخانە جوان و بەرزن، بەڵام

هەندێکیشیان بە تەواوی دژی ئەو باوەڕ و بیرکردنەوانەن کە ئێمە پێیان ڕاهاتووین. لێرەدا ئیدی پێوەری چاک و خراپ ئەو کارکردەی نامێنێت، ئێمە ناتوانین هەرچییەکمان بە دڵ بوو، بە چاکی بزانین و هەرچییەکیشمان بە دڵ نەبوو ناوی خراپی لێ بنێین. جیاوازیی فەرهەنگ و شارستانەتییەکان لێرەدا دەردەکەوێت. لێرەدا دەبێ باس لە جیاوازی بکرێت، جیاوازییەک کە دەبێ ڕێزی لێ بگیردرێت و مافی هەبوون و ژیانی پێ بدرێت.

چینوا ئەچێبێ، لەم ڕۆمانەدا چیرۆکی کۆمەڵگەیەک دەگێڕێتەوە کە لە سەرەتادا ژیانێکی ئاسایی دەباتە سەر و خەڵکەکە لە چوارچێوەی نرخ و فەرهەنگ و بڕواکانی خۆیاندا، لەسەر نەریت و شێوەژیانی سەدان ساڵەی باوک و باپیرانیان بەردەوامن، تا ئەو ڕۆژەی کە نوێنەرانی فەرهەنگ و شارستانەتی و دینێکی تازە پەیدا دەبن و دەیانەوێ بەزۆر شێوەژیان و زمان و باوەڕ و فەرهەنگی خۆیان بەسەر هۆزی ئیبۆ و ناوچە و هۆزەکانی دیکەی باشووری نایجیریادا بسەپێنن.

ئۆکۆنکوۆ یەکێکە لە پیاوە بەهێز و ناسراوەکانی خێڵەکە، سێ ژن و کۆمەڵێ منداڵی هەن. بۆ دیاریکردنی جیاوازیی چینایەتی و پلە و پایەی کۆمەڵایەتی، بنەماڵە و سامان ڕۆڵی یەکەم نابینن، بەڵکە ئازایەتی و ژیری، دوو هۆی گرنگی دیکەن. ئۆکۆنکوۆ پلەی بەرزی کۆمەڵایەتیی خۆی بەوە وەرگرتووە کە چوار جار لە شەڕدا ئازایەتیی نواندووە و کەللەسەری دوژمنەکانی لەگەڵ خۆی هێناوەتەوە بۆ ماڵ. هەروەها لە زۆرانبازیدا پشتی پاڵەوانی ناوچەکەی داوە بە زەویدا.

ژن لەم کۆمەڵگایەدا بەشێکە لە سامانی پیاو. کاتێ پیاو دەچێتە خوازبێنیی ژنێک و نرخەکەی دەدات، ئیتر ڕێک وەک ئەوە وایە ئاژەڵێکی کڕیبێت. ئەرکی ژن ئەوەیە کاروباری ماڵ ڕاپەڕێنێت، منداڵی ببێت و گەورەیان بکات و بە هەموو شێوەیەک خزمەتی مێردەکەی بکات. دەستەڵاتی گشتگری پیاو شتێک نییە بخرێتە ژێر پرسیارەوە. بەڵام هاوکاتیش ئەوە سەرنجڕاکێشە کە پیاو بەرانبەر ژنەکانی دادخوازە و بە چاوی یەکسانی تەماشایان دەکات.

ڕووداوێکی گرنگ لەم ڕۆمانەدا کوژرانی ژنێکی هۆزی ئیبۆیە بە دەستی پیاوێکی خێڵێکی دەراوسێ. گەورەپیاوانی ئیبۆ نوێنەرانی خۆیان دەنێرن بۆ ئەوەی یا لەگەڵیان ڕێک بکەون، یا شەڕیان لەگەڵ بکەن. ئۆکۆنکوۆیش یەکێکە لە ئەندامانی

ئەو دەستەیە. هەر زوو لەسەر ئەوە ڕێک دەکەون کە دەبێ ئەو خێڵە کچێکی خۆیان بدەنە کابرای ژنکوژراو و کوڕێکی گەنجیشیان بدەنێ بۆ ئەوەی بیکوژن. ئیکێمێفوونا ئەو کوڕە گەنجەیە کە دەستەکەی هۆزی ئیبۆ لەگەڵ خۆیان دەیهێنن و لە ماڵی ئۆکۆنکوۆ دایدەنێن، تا ئەو کاتەی گەورەکانی ئیبۆ بڕیاری کوشتنی دەدەن. ئیکێمێفوونا دەبێتە کوڕی ماڵەکە و نزیکەی سێ ساڵ لەگەڵیان دەژی، دەبێتە هاوڕێ و برای بوۆیەی کوڕی ئۆکۆنکوۆ و بە ئۆکۆنکوۆیش دەڵێ بابە. ڕۆژێک گەورەکانی خێڵی ئیبۆ بڕیار دەدەن کە دەبێ ئیکێمێفوونا بکوژرێت. یەکێک لە پیاوە ژیرەکانی خێڵ بە نهێنی دێتە لای ئۆکۆنکوۆ و پێی دەڵێت: نەکەی لە کوشتنی ئیکێمێفوونادا بەشداری بکەیت، چونکە بە تۆی گوتووە بابە. ئەگەر دەستی لێ بەرز بکەیتەوە خودا ڕەگوریشەت دەردێنێت. کە ئیکێمێفوونا دەبەن بۆ ناو دارستانەکە بۆ کوشتنی، ئەوانی دیکە بریندراری دەکەن، بەڵام ئۆکۆنکوۆ بە تەورەکەی دەستی (کە پێی دەگوترێ ماچێتی) دەیکا بە دوو لەتەوە. ئەو لە دڵی خۆیدا زۆری پێ ناخۆشە ئەم کوڕە لاوە بکوژێت، بەڵام گوشار و هێزی نەریت و فەرهەنگی خێڵ، ڕێگە بە بچووکترین گومان و دوودڵی نادەن. دەبێ ملکەچی هەموو بنەما و نرخەکانی هۆزەکەی بێت، گەورە تا بچووک، و سڵ لە کوشتنی گەنجێکی بێتاوانیش ناکاتەوە. نووسەر هۆی ئەم هەموو دڵڕەقییە بە یەک ڕستەی سادە ڕوون دەکاتەوە: [He was afraid of being thought weak]، "لەوە دەترسا بە لاوازی دابنێن." لە کوردەوارییی خۆمانیشدا چیرۆکی دڵڕەقیی وەها زۆرە، کاتێ نەریت و فەرهەنگ و بڕوای دینی و سیاسی نرخە مرۆڤانەکانی کەسێک دەشۆنەوە و منداڵە دڵپاک و سادەکەی ناخی مرۆڤێک دەکەنە دڕندەیەکی خوێنڕێژ.

ئەم گوێڕایەڵییە تا ئەو ڕادەیە لە ناخی ئەندامانی خێڵدا ڕەگی داکوتاوە کە پاڵەوانێکی وەک ئۆکۆنکوۆ هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە سەرپێچی بکات، کاتێ لە دەستی دەردەچێت و کەسێکی خێڵەکەی خۆیان دەکوژێت. بەپێی ئەو نەریتە ئەگەر کەسێک خوێنی ئەندامێکی خێڵ بڕێژێت، دەبێ ماوەی حەوت ساڵی ڕێک خێڵبەدەر بکرێت، واتە دەبێ خێڵ و گوندی خۆی بە جێ بهێڵێت و سەری خۆی و ماڵ و منداڵی هەڵگرێت و بڕوات. کوشتنی ئەندامێکی خێڵ تاوانێکی گەورەیە بەرانبەر خودای زەوی. ئۆکۆنکوۆ هەر یەکسەر شرەوپڕەی ناوماڵ کۆ دەکاتەوە و دەستی ماڵ و منداڵەکەی دەگرێت و دەچێ بۆ دێی مبانتا، بۆ لای خاڵوانی، خزمەکانی دایکی.

ئۆکـۆنکوۆ پیـاوێکی لێهـاتووە؛ لەوێیش هەر زوو خـۆی دەگـرێتـەوە و دەست دەکـاتە کاری کشتوکاڵ و ماڵ و حاڵێک بۆ خۆی پێکەوە دەنێت. هەموو ساڵێکیش ئۆبیریکای هـاوڕێـی دڵسـۆزی دێتـە سـەردانی و لـەگـەڵ خـۆیشـی بەرهەمی ئـەو شکارتەیـەی لە گوندەکەی خـۆیان بـۆی دەکات، دەهێنێت بۆی. بەڵام ئۆکـۆنکوۆ شـەووڕۆژ بیـری لای ئەوەیە کەی ئەم حـەوت ساڵە ببـڕێتـەوە و بتوانێ جارێکی تر بگەڕێتەوە بـۆ دێیەکـەی خۆی و بۆ ناو خێڵ و کەسوکارەکەی خۆی.

لە مـاوەی ئەم حـەوت سـاڵەدا زۆر شت دەگـۆڕێت، هەم لە ئومـووفیـا و هەم لە هەمـوو ناوچەکـەدا. دەنگوباسـی هـەرە گـرنگ ئەوەیە کـە کۆمـەڵێ پیاوی سـپـیـپـێـست پەیدا بوونە، دێن بەو دێیـانەدا دەگـەڕێن و قسە لەگـەڵ خـەڵکەکە دەکەن. ئەمـانە کـەشـیشـە مەسیحییەکانن، موژدەبەران، کە دەیانەوێ ئەم خـێڵانە لە دینی خۆیان هەڵگەڕێننەوە و بیانکەنە مەسیحی و فێری ژیانی شـارستانەتیی ڕۆژاوا و و فێری زمانی ئینگلیزی و فێری فەرهـەنگێکی تازەیان بکەن.

چینوا ئەچێبێ خۆی مەسـیحییە و لە باوکودایکێکی مەسیحییش بووە، بەڵام ئەچێبێ هـاوکـاتیش ئەفـریقی و ڕەشـپـێـسـتـە. ئەو ئـەگـەرچی لە دینی بـاپیـرانی لای داوە و چووەتە سـەر دینێکی دیکە، بەڵام ڕابوردووی گەلەکەی خـۆی، فـەرهەنگی گـەلەکەی خۆی و شارستانەتیی گەلەکەی خۆی دەپارێزێت. ئەو دەزانێت کۆڵۆنیالیستان چییان بەسـەر نیـشـتـمـان و گـەلەکـەی هێنـاوە و بۆچی دەیانەوێ ئەو فـەرهەنـگ و نەریت و شـارسـتـانەتییـە لە ڕەگوڕیشـەوە هەڵکێشن. کـۆڵۆنیـالیـسـتـانی ئەوروپایی هـاتوون وڵاتەکە داگیـر بکەن و سامان و بەروبوومـەکەی تاڵان بکەن. ئەوان بۆ پێگەی ئابووری و سـیـاسـی و عـەسکەری دەگـەڕێن. ئەوان نە دۆسـتی خـەڵکی ئـافریقـان و نـە لەبەر خـۆشـەویسـتـیی ئەوان هـاتوون، بەڵکە دەیانەوێ سـەر بەو مـرۆڤـانە شـۆڕ بکەن. بۆ ئەمـەیش چاکترین و کاراترین ڕێگە ئەوەیە ناوەوەیان هەڵکۆڵن، لە ناوەوە بیـانگۆڕن، کرۆکیان تێکشکێنن و سەرلەنوێ دروستی بکەنەوە.

لە ژیـانی گـەلاندا فــەرهـەنگ و دین دوو هـێـزی یەکـجـار کـاریگەرن بۆ پـاراستن و بەهێزکردنی کەسایەتیی مرۆڤەکان و بۆ پاراستنی قەوارە و پێکهاتەی ئەو گەلە. هەر لەبەر ئەوەیشـە کە داگیـرکـاران و کۆڵۆنیـالیـسـتـان پێش هەمـوو شـتێک پەلامـاری ئەو دوو کـۆڵەکـەیە دەدەن و دەیانـەوێ بیـانڕووخـێنن و نەتەوە دەسـتـەمـۆ و سـەرشـۆڕ و

نیشـتمـان داگـیر و پێپـەست بکەن. فـەرهـەنگ لە نەریت و ڕەوشت و زمـان و نرخـە جۆراوجـۆرەکان پێک دێت، کە ئەمـانە پووکانەوە و هـەڵوەشێنرانەوە، ئیتر نەتەوە هیچ هێزێکی تێدا نامێنێت بەرگری لە خۆی بکات و دەتەپێت.

ئەمـە مـیکانیـزمـێکە کـە هـەر لە زۆر زووەوە کـۆڵۆنیـالیسـتـان بە کـاریان بردووە. ئێـمـە دەبینین کـاتێ فرانسـی و ئینگلیـزەکان دەچن وڵاتـانی ئافریقا داگـیر دەکەن، یەکسـەر دەکەونە بڵاوکردنەوەی دینی مەسیحی، بـۆ ئەوەی گەل و هـۆز و خێڵەکانی ئەوێ دینی خـۆیانیان لە بـیر بچـێتەوە. ئەوجـار دەست دەکـەنە بڵاوکردنـەوەی زمان و فـەرهـەنگی خـۆیان و سـووکـایەتیـکردن بە زمـان و فـەرهـەنگ و نـەریتی ئەو گـەلانە. هـەوڵ دەدەن هـەمـوو نەریت و فـەرهـەنگێکی ئەوان وەک دڕندانە و نـامـرۆڤـانـە و پاشکەوتـوو وێنا بکەن. هـەوڵ دەدەن لاوەکانیـان بـە زریقوبـاقی فـەرهـەنگی ئەوروپایی بەرەو لای خـۆیان ڕابکێشن و دواتر بیـانکەن بە گژ نەتەوە و نیشـتمـان و فـەرهـەنگ و دینی خۆیاندا.

یەکێک لەو لاوانـەی بووەتە مـەسـیـحی و لەگـەڵ کڵێسـا و مـوژدەبەراندا کـار دەکات، نووێیێی کـوڕی ئۆکـۆنکـوۆیە. ئەم کـوڕە دواتر خـۆی بە تەواوی بۆ کـاری دینە تازەکەی تەرخان دەکات، ناوەکەی دەگۆڕن و دەیکەن بە "ئیسحاق" و لە دێی ئومـووفیا دەبێتە مـامـۆسـتـای ئەو لاوانەی دەبنـە مـەسـیـحی. پاش چەند مـانگێک دەینێرن بۆ شـاری ئومورو، بۆ ئەوەی لە خوێندنگەی ئامادەکردنی مامۆستایان بخوێنێت.

لە سەرەتادا گوندییەکان دژی ئەم سپیپێستانە و دژی پەیامەکەیان ڕادەوەستێن و لە یەک دوو جێگە چەند کەسێکیان لێ دەکوژن. کەشیشەکـان لەگەڵ هێزی داگیرکاردا پێکەوە کـار دەکـەن. لەبەر ئەوە دوای مـاوەیەک بە هێـزێکی عـەسـکەرییـەوە دێنە سـەریان، بۆ نموونە لە دێی ئەبامێ، و کۆمـەڵێکیـان لێ دەگرن و دەیانبـەن بۆ شـار و دوای دادگاییکردن هەڵیاندەواسن.

لە ئومـووفیـا، سـەرەتا میـسـتـەر براون ناوێک دێت و داوا دەکـات پارچە زەوییـەکی بدەنێ بۆ خـۆی بیکاتە پەرستگا. خـەڵکی دێ پارچەیەک زەویی دەدەنێ لە دارسـتـانی ڕۆحـە خـراپەکـاندا. بـراون زۆر زمـانلووس و وردبینە. بە مـاوەیەکی کـەم هـەندێ لە گەنجەکانی دێ بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت و تەنانەت ئەو کەسانەی خێڵ ئەفەرۆزی کـردوون و بە چاوێکی نزم تەمـاشـایان دەکـەن، ئەوانـەیش ڕادەکـێـشـێت. هـەر لە سـەردەمی ئەم میـسـتـەر براونەدا کڵێسـایەکی گەورەتر و جـوانتـر دروست دەکـەن.

ماوەیەک دواتر براون نەخۆش دەکەوێ و دەڕوا و ئەمجار میستەر سمیس ناوێک دێتە جێگەکەی، کە زۆر بە توندوتیژی لەگەڵ خەڵکەکە دەجوولێتەوە. کڵێسا و پیاوانی کڵێسا تەنیا خەریکی بڵاوکردنەوەی دین نەبوون، بەڵکە هاوکات، تۆڕێکی بازرگانییشیان دروست کردبوو، فرۆشگایان دامەزراندبوو، زۆر شتیان لە خەڵکەکە دەکڕی، یا پێیان دەفرۆشتن و بەو جۆرە فێری خۆشەویستیی پارە و بازرگانییان دەکردن.

ئۆکۆنکوۆ حەوتساڵەکەی خێڵبەدەری دەباتە سەر و دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆی، بەڵام هیچ شتێک وەک خۆی نەماوە. زۆری پێ ناخۆشە کە پیاوانی خێڵەکەی وایان لێ هاتووە ناوێرن بەرانبەر ئەم بێگانانە بوەستن، ناوێرن شەڕ بکەن. ''ئەو بۆ خێڵەکەی دەگریا، کە دەیبینی وا دادەڕووخێت و لە بەر یەک هەڵدەوەشێتەوە، بۆ شەڕکەرانی ئوموفیا دەگریا کە ئێستا وایان لێ هاتووە دەڵێی ژنن.'' لەو ڕۆژانەدا (ئێنۆک)، کە لە خێڵی ئیبۆیە و بووەتە مەسیحی، گوناهێکی گەورە دەکات، کە تا ئەو کاتە لەو ناوچەیەدا رووی نەداوە: دەمامکی سەر دەموچاوی یەکێک لە گیانە پیرۆزەکان دادەماڵێت. ئەمە لەو گوناهانەیە کە دەبێتە هۆی ماڵوێرانی بۆ هەموو خێڵ. بەڵام کڵێسا و میستەر سمیس، ئێنۆک دەپارێزن، داڵدەی دەدەن و لای خۆیان دەیشارنەوە. ڕۆحە پیرۆزەکان ئاگر بەر دەدەنە ماڵی ئێنۆک و لەوێشەوە دەچن بۆ لای کڵێساکە، ئاگری تێ بەر دەدەن و لەگەڵ زەویدا تەختی دەکەن.

دوای دوو ڕۆژ فەرماندەری ناوچە دێت و شەش لە پیاوانی ئوموفیا، یەکێکیان ئۆکۆنکوۆ دەبێت، بانگ دەکات بۆ بارەگاکەی خۆی بۆ گوتوبێژ، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر نامەردانە دەیانگرن و دەستیان کەلەپچە دەکەن و سەریان دەتراشن و سووکایەتییەکی زۆریان پێ دەکەن. دێی ئوموفیایش بەوە سزا دەدەن کە تا دووسەدوپەنجا کیسە کاوری نەدەن، پیاوەکان بەر نادرێن. کە شەش پیاوە گەورەکەی دێ ئازاد دەکرێن، کۆبوونەوەیەکی گەورە ڕێک دەخرێت. لەو کاتەدا پیاوانی کڵێسا دێن و داوا دەکەن بڵاوەی لێ بکەن. ئۆکۆنکوۆ لەبەر تووڕەیی، ئاگر لە چاوی دەبارێت. ''ئۆکۆنکوۆ زۆر خێرا ماچێتییەکەی ڕاکێشا. پەیامبەرەکەی کڵێسا داچەمییەوە تا خۆی لا بدات، بەڵام سوودی نەبوو. ماچێتییەکەی ئۆکۆنکوۆ دوو جار نەوی بووەوە و کەللەسەری کابرا بە تەنیشت لاشەکەیەوە، کە جلی ڕەسمیی لە بەردا بوو، کەوت.''

ڕۆژی دواتر فـەرمـاندەری ناوچە لەگـەڵ سـەربـازەکـانی دەچن بۆ مـاڵی ئۆکـۆنکوۆ بیگرن، بەڵام ئەو لەوێ نییە. فەرمانده هەڕەشـە لەو پیاوانە دەکات کە لە ماڵەکەدا کۆبوونەتەوە، ئەگەر جێگەی ئۆکۆنکوۆی پێشان نەدەن، هەموویان دەگرێت. پیاوەکان دەکەونە پێش فەرمـاندەر و سەربازەکـانی و دەیبەن بۆ نـاو پەڵەدارێکی نزیک مـاڵی ئۆکۆنکوۆ، لەوێ لاشـەی ئۆکۆنکوۆ دەبینن بە دارێکەوە شـۆڕ بووەتەوە. بەپێی ئایینی خێڵی ئیبۆ خۆکوشتن گوناهێکی گەورەیە و ئەوان ناتوانن نە دەست لە لاشەکە بدەن و نە بینێژن. داوا لە فەرمـاندەر و پیـاوەکانی دەکەن یارمـەتییان بدەن بۆ دابەزاندنی لاشەکە و ناشتنی.

''ئۆبیـریکا، کـە چـاوی بڕیبـووە لاشـەی ئاوێزانی هـاوڕێکەی، لەپڕ لای کـردەوە و بە تووڕەییەوە بە فەرماندەری وت: ''ئەو پیاوە یەکێک لە پیاوە هەرە گەورەکانی ئوموفیا بوو. ئێوە واتان لێ کرد خۆی بکوژێت؛ ئێستا دەبێ وەک سەگێک بنێژرێت...''


ڕۆمـانی ''شتـەکان لە بەر یەک هەڵدەوەشـێنەوە'' چیرۆکی شەڕ و ناکۆکیی نێوان دوو فـەرهەنگ و دوو شـارسـتـانەتی و دوو بیـرکـردنەوەی جـیـاوازە. بۆ خـوێنەرێکی نائافریقایی ئاسان نییە لایەنی یەکێکیان بگرێت و بە هەست و بیر دژی لایەنەکەی دیکە بوەستێت. بـەڵام دەکرێ چەند هێڵێکی تەریب لەنێوان هەلومەرجی گەل و وڵاتی دیکە و ئەو سەردەمـەی نایجیریادا ببینین. ئەگەر هاوکێشەکە بە سـادەیی دەرببڕین، دەبینین کۆمـەڵە خـەڵکێک، هۆزێک، خێڵێک لە هـەواری باوک و باپیرانی خۆیاندا بە ئارامـی دەژین. لەگـەڵ بـاوەڕە دینی و کـۆمـەڵایەتیـیـەکـانی خـۆیاندا کـۆکن و بۆ ڕێکخستنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان، کۆمەڵێ قانوون و بنەمای نەنووسـراویان بۆ خۆیان دانـاوە و هـەمـوویان لەسـەر ئەوە ڕێکن کـە گوێڕایەڵیـان بن. ئەم قـانوون و بنەمایانە نەریتن و کەس ناتوانێت لێیان لا بدات. بەڵام لەو چوارچێوە سەخت و ڕەق و دامــەزراوەیشـدا بـوارێک بۆ بـەکـارهێنانی بیـر و هۆش هـێـڵـراوەتەوە. کـە بار و دۆخێکی تازە دێتە پێشـەوە و لە ڕابوردووی خۆیاندا نموونەی نـابینن و نازانن چۆن ڕووبەڕووی ببنەوە، بیـر لەوە دەکـەنەوە خـۆیان ڕێگەچارەیەک بدۆزنەوە. کـە مـرۆڤـە سپیپێستەکان، پیاوانی کڵێسا، لە ناوچەکەدا پەیدا دەبن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێی لێ ڕادەکێشن و خێڵی ئیبۆ هەراسـان دەکەن، ئۆکۆنکوۆ بە هۆشـیـارییـەوە باسی ئەوە دەکـات کـەباپیـرانمان کـێشـەیەکی لەم جـۆرەیان نەبووە. لـەبەر ئەوە دەبێ خـۆمـان چارەسەری گونجاو بدۆزینەوە.

کۆڵۆنیالیستان بۆ ئەوە نەهاتوون ژیانێکی باشتر بەم مرۆڤانە ببەخشن، یا لە هەژاری و نەخۆشی ڕزگاریان بکەن. ئەوان هاتوون داگیریان بکەن. ئەوان هاتوون هەم خاکەکەیان داگیر بکەن و هەمیش مێشک و ڕۆح و لەشیان. ئەوان دەیانەوێ بەزۆر شێوەیەکی جیاواز و مۆدێلێکی جیاوازیان بەسەردا بسەپێنن؛ شێوەیەکی جیاوازی ژیان، بیرکردنەوە، هەڵسوکەوت، دین و پێوەندیی کۆمەڵایەتی. ئەوان بۆ ئەوە هاتوون هەموو بنەما ماددی و ڕۆحی و فەرهەنگییەکانی ئافریقا هەڵتەکێنن و هەموو ڕابوردوویان بسڕنەوە. ئەگەر کۆڵۆنیالیستانی سپیپێست و چاوشین جاران مرۆڤی ڕەشپێستی ئافریقایان، وەک تاکەکەس، بە دیل دەگرت و دەیانبردن بۆ وڵاتی خۆیان و دەیانکردن بە کۆیلە و خزمەتکار، ئێستا فەرهەنگ و قانوونی کۆیلایەتی و خزمەتکاری بە ئامادەکراوی دەهێنن و لە وڵاتەکەی خۆتدا و لەناو گەل و نیشتمان و خێزانی خۆتدا دەیسەپێنن بەسەر خۆت و نەتەوەکەتدا.

## تازە ئیتر ئاسوودە نییە

ئەگەر ڕۆمانی (شتەکان لە بەر یەک هەڵدەوەشێنەوە) چیرۆکی باوک و باپیران بووبێت، ئەوانەی بەشێک بوون لە نرخە نەریتانەکان، لە باوەڕە جێگرتووەکان، لە پێکهاتە خێڵایەتییە سفت و سەخت و کۆنینەکان، ئەوا ڕۆمانی **تازە ئیتر ئاسوودە نییە** [No Longer at Ease]، چیرۆکی کوڕ و کوڕەزاکانە، ئەوانەی چاویان بڕیوەتە ژیانێکی تازە و دنیایەکی فراوانتر و ڕەنگدارتر، نرخە کۆمەڵایەتییەکانیان لە سەرچاوەی دیکەوە هەڵدەگۆزن و لەگەڵ باوکوباپیراندا درزێک کەوتووەتە نێوانیانەوە کە تازە ئیدی پڕ نابێتەوە. باوکوباپیران شانازییان بە هێزی مەچەک و بازووی خۆیانەوە دەکرد، باوەڕیان بە کاری هەرەوەزی هەبوو، ئامادە نەبوون بە موو لە بنەما و قانوونەکانی دین و خێڵ لا بدەن، بەڵام کوڕ و کوڕەزاکان پشتیان بە خوێندن قایمە، قانوون و بنەماکانی داگیرکارانیان پێ ڕاستن و وەک تاکەکەس، تاکەکەسێکی خۆدامەزرێن، بەرەو شەڕگەی ژیان دەچن. تەنانەت ئەو دەزووە باریک و بێهێزەیش بە باپیران و بە وڵات و فەرهەنگی باپیرانیانەوە دەبەستێتەوە، ئەوەیشیان تەنیا بۆ ئەوە دەوێت، ئەگەر "بەندی دڵ پسا، پێی ببەستنەوە."

نازانم ئەچێبێ چۆنی بیر کردووەتەوە کاتێ بەسەر نەوەی دووەمدا بازی داوە و ڕاستەوخۆ ڕۆمانی دووەمی بۆ نەوەی سێیەم تەرخان کردووە؟ کە دەڵێم نەوەی




تازە ئیتر ئاسوودە نییە

سێیەم، مەبەستم سێیەمین نەوە لەوساوە سەروسەکوتی داگیرکارانی ئەوروپایی لە نایجیریا دەردەکەوێت. هەرچۆنێکی بیر کردبێتەوە، بەڵام ئاشکرایە کە لە رووی هونەرییەوە، ئەم هەڵبژاردنە بە سوودی کارەکەی بووە و هێزێکی باشی داوەتە رۆمانەکە. ئەو دەیتوانی نەوەی دووەم بکاتە ناوەرۆکی رۆمانی دووەم، بەڵام باوەڕ ناکەم تێکستێکی قووڵ و سەرنجڕاکێشی لێ دروست بکردایە. باسی نەوەی دووەم دەبوو بە باسێکی تێکەڵاو لە ژیان و باوەڕ و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی نەوەیەک بەرەو توانەوە و هەڵوەشانەوە دەڕۆیشت و نەوەیەک کە دەیەوێ خۆی لەگەڵ بیرکردنەوە و شێوەژیان و رێکخستنی کۆمەڵایەتیی داگیرکارانی مەسیحیی ئەوروپاییدا بگونجێنێت. نەوەی دووەم تێکەڵاوییەکی فەرهەنگی و شارستانەتی و دینی و کۆمەڵایەتیی لێ دەردەچوو، لە کاتێکدا لە نەوەی سێیەمدا ناکۆکییەکە تا رادەیەکی زۆر بەوە شکاوەتەوە کە خەڵکەکە وازیان لە باوەڕە دینی و خێڵایەتییەکانی خۆیان هێناوە و چوونەتە سەر دین و فەرهەنگ و قانوونی داگیرکارانی ئینگلیز. بەڵام هاوکاتیش ئەوان شانازی بە رابوردووی خۆیانەوە دەکەن، شانازی بە پاڵەوانەتیی باوکوباپیرانەوە دەکەن، شانازی بە لایەنی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و نیشتمانپەروەری و فەرهەنگ و شارستانەتیی خۆیانەوە دەکەن.

ئۆبی ئۆکۆنکوۆ، کوڕەزای ئۆکۆنکوۆی گەورەیە کە پاڵەوانی خێڵی ئیبۆ (یا ئیگبۆ) بوو، دژی میسیۆنێرە مەسیحییەکان شەڕی کرد و یەکێک لە قەشە گەورەکانی کوشت و ئەوجا خۆیشی کوشت. خەڵکی ئوموفیا وردەوردە ڕوویان کردووەتە شارە گەورەکانی نایجیریا بۆ کارکردن و بۆ ژیانێکی باشتر و بۆ سوودوەرگرتن لەو پێشکەوتنە زانستی و تەکنیکییەی کۆڵۆنیالیستانی ئینگلیز هیناویانەتە وڵاتەکەوە. لەم ڕۆمانەدا باسی کۆمەڵگەی خەڵکانی ئوموفیایە لە شاری لاگۆس (Lagos). ئەوان ئەگەرچی لە ئاوارەییدا دەژین و ژیانێکی یەکجار سەخت و هەژارانەیش دەبەنە سەر، بەڵام پێوەندیی دۆستایەتی و خزمایەتیی خۆیانیان پاراستووە. ڕەنگە نەتوانین ئەو هۆشیارییە تازەیەی لای ئەوان دروست بووە بە ناسیۆنالیزم ناو ببەین، بەڵام جۆرێکە لە زێدپەرستی، یا خۆشەویستیی نیشتمانە بچکۆلەکەی خۆیان، واتە ئوموفیا. هەندێجار بە شێوەیەکی نۆستالژییانە بیر لە ڕابوردووی خۆیان و ناوچەکەیان دەکەنەوە و ئەوە جەخت دەکەن کە دەبێ نەریت و فەرهەنگ و زمان و ڕەوشتی ناوچە و خێڵی خۆیان بپارێزن.

خەڵکەکانی ئوموفیا کە لە لاگۆس دەژین، کۆمەڵەیەکیان بۆ خۆیان دروست کردووە: یەکێتیی پێشکەوتنخوازی ئوموفیا Umuofia Progressive Union (UPU)، بۆ ڕێکخستن و سەرپەرشتیکردنی ژیانی کۆمەڵایەتییان و نەخشەکێشانی داهاتوویان. ئەندامانی یەکێتییەکە مانگانە بەشێک لە مووچە و داهاتی خۆیان دەدەنە یەکێتی و بەم پارەیە لە گوندەکەی خۆیان چاکسازی دەکەن: خوێندنگە و مەڵبەندی تەندروستی و چاککردنی ڕێگە و شەقام. کارێکی یەکجار گەورە و گرنگیان ئەوە بووە کە چوار ساڵ لەمەوپێش بە پارەی یەکێتییەکە لاوێکی گوندەکەی خۆیانیان ناردووە بۆ ئینگلستان تا لە زانستگە قانوون بخوێنێت، بەو مەرجەی کە گەڕایەوە و کاری باشی دەست کەوت، قەرزەکەی یەکێتی بگەڕێنێتەوە. ئەو لاوە ئۆبی ئۆکۆنکوۆیە.

ئۆبی کە دەگەڕێتەوە بۆ لاگۆس، لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە کارێکی باشی دەدرێتێ و مووچەیەکی گەورە وەردەگرێت. هەر لە یەکەم کۆبوونەوەدا کە بۆ پێشوازی و بەخێرهاتنەوەی ئۆبی ڕێکی دەخەن، لەگەڵ خەڵکی گوندەکەی خۆی نێوانی تێک دەچێت، چونکە پێی وایە ئەوان مافی ئەوەیان نییە ئامۆژگاریی ئەخلاقیی بکەن و نابێ دەست وەردەنە ژیانی تایبەتی ئەم. ئۆبی حەزی لە کچێکی جوانی ناوچەکەی

خۆیان کردووە کە ئەویش لە ئینگلستان خوێندوویەتی، کلارا. ئەم کچە سەر بە بنەماڵەیەکە لە چینی ئۆسو (Osu). ئەم چینە بەپێی ئایینی کۆنی خەڵکی ئوموفیا چینێکی نزم و حەرامن و ئۆبی و کەسانی وەک ئەو ناتوانن ژنیان لێ بێنن. بەلام ئۆبی گوێ بەو قسانە نادات و هەر سوورە لەسەر ئەوەی کلارا بخوازێت. تەنانەت باوکیشی کە بە گەنجی لە باوکی خۆی یاخی بوو و چووە سەر دینی مەسیحی، ئەویش ڕازی نییە ئۆبیی کوڕی، کچێکی ئۆسو بهێنێت.

باوکی ئۆبی، واتە ئیساک (یا ئیسحاق) ئۆکۆنکوۆ، کە لە تەمەنی لاوێتیدا لە باوکی خۆی و لە دینی باوباپیران و لە نەریتەکانی خێڵ یاخی بووبوو، ئێستا ئیدی تەمەن تەنگی پێ هەڵچنیوە. لەگەڵ خەڵکی گوند و خێڵەکەی خۆیدا تەبایە و لەناویاندا دەژی، بەڵام زۆریش باوەڕی بە دینە تازەکەی خۆی هەیە. ئەو منداڵەکانی خۆیشی بەپێی فەرهەنگ و نەریت و ڕێوشوێنی مەسیحایەتی پەروەردە کردوون. ئەچێبێ لە گۆشەیەکی زۆر بچووکەوە ڕووناکییەک دەخاتە سەر ژیان و هەڵسوکەوتی ئیساک و دەیەوێ تێمان بگەیێنێت کە یەکێک لە هۆیەکانی یاخیبوونی ئیساک لە باوکی، لە کاتی خۆیدا، لەسەر ئەوە بووە کە باوکی، واتە ئۆگبوێفی ئۆکۆنکوۆ، ئیکێمێفوونای کوشت، ئەو کوڕەی وەک بارمتە لە خێڵێکی دوژمنیان وەرگرتبوو و ساڵانێک لە ماڵی ئۆکۆنکوۆدا ژیا، تا ئەو ڕۆژەی خێڵ بڕیاری کوشتنیان دا.


ئەو جارەی کە ئۆبی دەچێتەوە بۆ سەردانی باوکودایک و برا و خوشکەکانی، شەوێک باوکی ئەو چیرۆکەی بۆ دەگێڕێتەوە: "کە هەواڵیان بۆ هێنام خۆی هەڵواسیوە، پێم وتن ئەوانەی بە شمشێر دەژین دەبێ بە شمشێریش لە ناو بچن. ئاغای برادلی کە مامۆستامان بوو وای دەزانی من باسی ئەو میسیۆنێرە سپییە دەکەم کە باوکم کوشتبووی. ئەو نەیدەزانی من باسی ئیکێمێفوونا دەکەم کە لە زنجەکەی دایکمدا لەگەڵ ئەو گەورە بووبووم، تا ئەو ڕۆژەی باوکم بە دەستی خۆی کوشتی."

کلارا کە دەزانێت هەموو کەسوکار و دۆست و ناسیاوەکانی ئۆبی دژی ئەو پێوەندییەی ئەو و ئۆبین، دەیەوێ لێی دوور بکەوێتەوە، بەڵام ئەوەیشی لا دەدرکێنێت کە دووگیانە. ئۆبی بڕیار دەدات یارمەتیی بدات بۆ فڕێدانی بەرەکەی، واتە بۆ لەباربردنی زگەکەی. ئەم لەباربردنە لای پزیشکی تایبەت نەبێ ناکرێت و پارەیەکی زۆریشی تێ دەچێت. کلارا دەبرێتە کلینیکی تایبەتی، بەڵام تووشی کۆمەڵێ کێشەی

لاوەکی دێت. کاتێ ئۆبی دوای هەوڵدانێکی زۆر لە نەخۆشخانەیەکدا دەیدۆزێتەوە، کلارا ڕووی لێ وەردەگێڕێت و نایەوێ قسەی لەگەڵ بکات.

ئەو ژیانە تازەیەی ئۆبی دەستی پێ کردووە ئاسان نییە. ئەو ئەگەرچی مووچەیەکی باشی هەیە، بەڵام پارە بەشی ناکات. دەبێ وەک کارمەندە نایجیری و ئینگلیزەکانی هاوڕێ و هاوکاری، ئەویش ماشێنی خۆی هەبێت، خانووی جوان و تازە، ژیانی ڕابواردن و گەشت و سەیران و خواردنەوە و دانیشتن لە یانەکان و لە پاڵ ئەوانەیشدا کۆمەککردنی باوکودایک و برا و خوشکەکانی. ئەم جۆرە ژیانە دەیخاتە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی دەست بکاتە بەرتیلخۆری و گەندەڵی. لەبەر ئەوەی ئۆبی بەرپرسیاری فایلی هەڵبژاردن و ناردنی خوێندکارانە بۆ ئەوەی لە زانکۆکانی ئینگلستان بخوێنن، خەڵکێکی زۆر کاریان دەکەوێتە لای ئەو. لاوێک دەیەوێ بەرتیلێکی گەورەی بداتێ ئەگەر بتوانێت یارمەتیی خوشکەکەی بدات لە خوێندنی ئینگلستان وەربگیردرێت، بەڵام ئۆبی بەرتیلەکە وەرناگرێت. خوشکی لاوەکە، کە زۆریش جوانە، خۆی دێتە سەردانی ئۆبی و بە ئاشکرا بەڵێنی ڕابواردنی سێکسیی پێ دەدات، ئۆبی دیسان ڕازی نابێت. بەڵام لە دواییدا وردەوردە دەکەوێتە ڕاوێژ لەگەڵ خۆیدا. وا پێ دەچێت ئەو ڕاوێژی لەگەڵ عەقڵ و ئاوەزی خۆیدا نەکردبێت، بەڵکە لەگەڵ ئارەزووە ماددییەکانیدا و لەگەڵ هیوا و خەونە ڕەنگاوڕەنگەکانیدا. بڕیار دەدات بەرتیل وەربگرێت، بەڵام هەر تەنیا یەک جار وەریبگرێت. بۆ بەدبەختیی ئەو، ئەو جارە کە بەرتیلەکە وەردەگرێت، نەخشەیەک دەبێت لەلایەن پۆلیسی نهێنییەوە. هەر یەکسەر دەیگرن و دەیدەنە دادگا. لێرەیشدا ئەوەی دێ بە هانایەوە دیسان خەڵکی گوند و خێڵەکەی خۆیەتی. سەرۆکی یەکێتیی پێشکەوتنخوازی ئوموفیا بڕیار دەدات کە بە پارەی یەکێتییەکەیان پارێزەرێک بۆ ئۆبی بگرن، بەرگریی لێ بکات و بتوانێت ڕزگاری بکات، بەڵام ئەم هەوڵەیش بێسوود دەبێت و ئۆبی دەخرێتە زیندانەوە.

چینوا ئەچێبێ لەم ڕۆمانەدا وێنەی سەردەمێکی تازەی ژیانی گەل و وڵاتەکەی دەکێشێت. ئەو خەڵکەی لە ڕۆژگارێکدا دوور لە هەموو هەراوزەنای شار و شارستانەتی و تەکنیک و تەنانەت زانستیش دەژیان، ئێستا ناچارن ببنە بەشێک لەو دنیا تازەیە. ئەوان تازە ڕابوردوویان بە شێوە ماددییەکەی لە دەست دەرچووە و



تیری خودا

دەزانن جارێکی دیکەیش ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ لای. ئەو ئایینەی کە ڕەنگە سەدان و هەزاران ساڵ وەک هێزێکی نەپەنی و ئاسمانی دەیپاراستن و ژیانی ڕۆحی و ماددی و کـۆمـەڵایـەتیـانـی ڕێک دەخـست، ئەو ئایینە و ئەو کـۆمـەڵگەیەی لە سـایـەیدا هەڵبەسترابوو، بە جۆرێک هەڵوەشـانەوە کە ئیدی بوون بە بەشێک لە ڕابوردوویەکی سووتاو، ڕابوردوویەک کە لە ڕەگوڕیشەوە هەڵکەنراوە و جارێکی تر ناژیێتەوە.

ئەوەی لەو ڕابوردووە مـاوەتەوە و خـەڵکەکانی خێڵی ئیبـۆ (یا ئیگبۆ) هێـشتـایش شـانازیی پێـوە دەکەن، بەشێکە لە فەرهـەنگی ڕەوشت و ئەزمـوونی ڕۆژانەیان، کـە جۆرێک دینامـیزمی پێشکەوتن و بەردەوامییان بۆ پێک دەهێنێت. ئەوان ئەگەرچی ئێستا چوونەتە سـەر دینی داگیرکاران و کۆلۆنیالیستان؛ دینی مـەسیحی، بەڵام ئەگەر لە قسەکردنی ئاساییدا چوار پەندی ژیرانە بە کار بهێنن، ئەوا سێیان پەندی پێشینانی باوکوباپیرانن و تەنیا یەک نموونە لە ئینجیل (بایبڵ)ەوە دێتە سـەر زمانیان. ڕەنگە زۆرجار ئەو یەکەیش هەر واز لێ بێنن.

نازانم بۆچی هـەم ئەچێـبێ خـۆی و هـەم بەشـێکی زۆر لەوانەیش کـە لەسـەریان نووسیوە باسی سێیینەیان کردووە، واتە سێ ڕۆمانی بە دووی یەکدا هاتووی پێکەوە بەسـتـراو. هێندەی من بزانم لـە کاری ئەدەبی و هونەریدا بەو بەرهەمانە دەگوترێت

سێیینه که له ڕووی ناوەڕۆک و کەسایەتییەکان و پاشخانەوە پێکەوە گرێ دراون و وەک یەک کار تەماشا دەکرێن.

له زۆربەی ئەو سەرچاوانەدا کە تەشام کردبوون، ڕۆمانی **تیری خودا**: Arrow of God وەک بەشی سێیەم و بەردەوامییەکی دوو ڕۆمانی "شتەکان لە بەر یەک هەڵدەوەشێنەوە" و "تازە ئیتر ئاسوودە نییە" دادەنرێت، بەڵام ڕاستییەکەی کاتێ ڕۆمانەکەم خوێندەوە دەبینم پێوەندیەکی ڕاستەوخۆی بەو دوو کارەوە نییە. ڕاستە نووسەر لێرەیش دیسان هەر باسی ئەو بەشەی وڵاتی نایجیریا دەکات و لە زۆر ڕووەوە ڕووداو و دیاردەی هاوچەشن بەرچاو دەکەون، بەڵام نە کەسایەتییەکان ئەوانەن کە لە دوو ڕۆمانی پێشوودا دووبارە دەبنەوە، نە کاتیش ئەو کاتەیە.

ئەگەر لە ڕۆمانەکانی پێشوودا باسی سەردەمێک دەخوێنینەوە کە کۆڵۆنیالیستانی ئینگلیز لە سەرەتای کاردان بۆ داگیرکردنی وڵاتەکە و بۆ تێکشکاندنی فەرهەنگ و دین و باوەڕ و کەسایەتیی مرۆڤەکان، ئەوا لە ڕۆمانی "تیری خودا"دا، کە ڕووداوەکانی دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم، داگیرکەران توانیویانە لە ئەرکە ناپیرۆز و ناشارستانانەکەیاندا سەر بکەون. ئەوان لەم ڕۆمانەدا چوونەتە ناوچەی خێڵە جۆراوجۆرەکان و خەریکی دامەزراندنی ژێرخانی ئابووری و کارگێڕی و سیاسیی خۆیانن. ئەوان دەیانەوێ بە هۆی ڕێگای تازەوە ناوچە لە یەکدی دابڕاوەکان بگەیێننە یەک. ئەوان ئیدی وەک جاران گوێ بە بیر و بۆچوونی خەڵکەکە نادەن، بەڵکە بە جۆرێک کار دەکەن کە خەڵک ناچار بن گوێڕایەڵیان بن و ببنە بەشێک لە نەخشە و بەرنامەکانیان.

## ئەنجامگرییەک

بۆ ناسینی پاشخانی فەرهەنگی و فکری و کۆمەڵایەتیی نەتەوەیەک و وڵاتێک، هەرگیز ئەوە بەش ناکات مێژووی سیاسیی ئەو نەتەوەیە بخوێنینەوە. ئەوەی مێژووی سیاسی پێمان دەڵێ تەنیا کۆمەڵێک ڕووداوی وشک و بێگیانە، چونکە مێژوونووس، بەتایبەت کە دەیەوێ لایەنی بێلایەنی و زانستکاری جەخت بکات، چەندە بتوانێت هێندە خۆی لە بەکارهێنانی هەست و سۆز دوور ڕادەگرێت.

بە پێچەوانەی ئەو هەڵوێستەوە، نووسەرێک دەتوانێ مێژوویەکی پاراو و زیندووتری وڵاتێک و گەلێک بنووسێتەوە و بە هەموو هەستەکانیەوە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و

گەشەکردنیاندا بەشداری بکات. تەنانەت نووسەرێک، کاتێک ڕۆمان دەکاتە ئەو کەرەستە هونەرییەی وێنەگرتنی ڕابوردوویەک، هەوڵ دەدات لایەنە زۆر بچووک و ورد و نەبینراوەکانی ئەو کۆمەڵەیش وێنا بکات. ئەو نەک تەنیا ڕووداو و شتە بەرچاوەکان باس دەکات، بەڵکە هەوڵ دەدات لەبارەی ناوەوەی مرۆڤەکانیشەوە بدوێت.

چینوا ئەچێبێ، وەک ڕۆماننووسێکی کارامە و لێزان بەشێکی گرنگی مێژووی گەلەکەی خۆی و وڵاتەکەی خۆی بۆ کردووین بە کۆمەڵێک کاری ئەدەبی، بە کۆمەڵێ تابلۆی ڕەنگدار، کە بە خوێندنەوەیان ئاشنایەتییەکی قووڵ لەگەڵ ژیان و ئازار و وردەکارییەکانی پێشکەوتن و گەشەکردنی ئەو مرۆڤانەدا پەیدا دەکەین.

سەرچاوەکان:

Achebe, Chinua: Things fall apart, London : Heinemann, 1958

Achebe, Chinua: No longer at ease, Heinemann, London 1960.

Achebe, Chinua: Chike and the river, Cambridge : Cambridge U.P., 1966

Conversations with Chinua Achebe /edited by Bernth Lindfors , Jackson, Miss. University Press of Mississippi, 1997

Achebe, Chinua: Arrow of God, London : Heinemann, 1964.

## سێبەری با

**The Shadow of the Wind**

نازانم شاعیرانی دیکەی دنیا چی دەخوێننەوە؟ بەڵام من خۆم لەو شاعیرانەم کە پەخشان لە شیعر زیاتر دەخوێنمەوە. بەپێی چێژی من، شیعری باش یەکجار کەمە. جاری وا هەیە هەشت نۆ دیوانی شیعر بە دوای یەکدا دەخوێنمەوە، بەڵام لە هەر هەموویاندا ڕەنگە یەک شیعرم بە دڵ بێت، یا کۆمەڵێ ڕستە و کۆمەڵێ وێنەی جیاوازم لێرە و لەوێ پێ جوان بن. زمان، لای من، گرنگترین و خەتەرناکترین پایەی شیعر، یا نووسینە بە گشتی. لای شاعیرانی کلاسیکی کورد، شاعیرە گەورە و ڕچەشکێنەکان، زمان هەندێجار دەگاتە ترۆپکی هونەر و جوانی و قووڵی. زمانی هونەرمەندانە هەرگیز ئەو زمانە نییە کە زۆرترین وشەی کوردیی پەتیی تێدا بێت، یا بۆ تێگەیشتن ئاسان بێت، یا ئەوەندە تەماوی بێت کە کەس تێی نەگات. زمانی بەرزی هونەرمەندانە ئەو پێوەندی و میکانیزمەیە کە تاکە تاکەی وشەکان پێکەوە دەبەستێتەوە و ئافەریدەیەکی لێ پەیدا دەبێت کە هەر بە بینینی [خوێندنەوەی] شاگەشکە دەبیت، دەحەپەسێیت، ڕادەچڵەکێیت و تووشی "نازانمچی" دەبیت. ئایا ئەمەی ئێستاکە وتم پێناسەی شیعرە؟ نا. شیعر هەموو ئەوانەیە و هیچیشیان نییە.

ڕۆمان ژانرێکە زۆر سەرنجم ڕادەکێشێت. کە ساڵانێک لەمەوبەر (کەلیدەر)ی مەحموودی دەوڵەتئابادیم خوێندەوە، خۆزگەم دەخواست لە ئەدەبییاتی کوردییشدا ڕۆمانێکی ئاوەها هەبووایە. بە خوێندنەوەی (کیمیاگەر)ی پاولۆ کۆیلۆ هەر زوو تێگەیشتم کە ڕۆماننووسێک پەیدا بووە، هونەرمەندە، بەڵام بینی درێژ نییە. خالید حوسەینی لە (کۆلارەفڕێن) و (هەزار خۆری درەوشاوە)دا کارەساتی دوێنێ و ئەمڕۆی ئەفغانستان بە جۆرێک وێنا دەکات، تا ڕادەیەکی باش لە درۆودەلەسە سیاسی و ئیدیۆلۆگییەکان دوور دەکەوێتەوە. لە هەشتاکاندا (گراهام گرین) و (نایپۆل)م دەخوێندەوە. یەکەمیان مرد و دووەمیشیان کەوتە خزمەتی ئیدیۆلۆگی و سیاسەتی ئەمەریکا و ڕۆژاواوە. پاداشتەکەیشی ئەوە بوو خەڵاتی نوبێلی وەرگرت.

جۆرج ئۆروێلیشم هەر ئەو ساڵانە ناسی. سەلمان ڕوشدیم هەرگیز نەچوو بە دڵدا، گارسیا مارکێز شایانی خەڵاتی نۆبێلەکەی بوو. ئۆرهان پاموک زۆر هومەرمەندانە دەنووسێت بەڵام وردە هەڵەی تەکنیکیی وەهایشی بەسەردا تێدەپەڕێت کە لە نووسەرێکی وەک ئەو ناوەشێتەوە. بەشێکی باشی ئەو ڕۆماننووسانەی خەڵاتی نوبێلیان وەرگرتووە، پێشتر خوێندوومنەوە، بەڵام کە ئەو خەڵاتە وەردەگرن، ئیتر واز لە خۆیان و ڕۆمان و شانامەیان دەهێنم. دەزانم ئەمە هەڵوێستێکی هونەری نییە، بەڵکە هەڵوێستە لە دەستەڵات.

لەبەر ئەوەی خۆم ڕۆماننووس نیم، نامەوێ پێوەر و گەزوگرێیش بۆ هونەرێک دابنێم کە منیش وەک هەر خوێنەرێکی دیکە تەنیا شارەزای خوێندنەوەیم، نەک لێکدانەوە و شیکردنەوەی. چێژ، چێژی تاکەکەس، بێگومان، پێوەرێکی گرنگە بۆ نرخاندنی هونەر، بەڵام ئەو چێژە تا نەخرێتە ناو چوارچێوەیەکی تیۆری و دامەزراوەوە، نابێتە کەرەستەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی.

هاوینی ڕابوردوو بەرێککەوت چاوم بە ڕۆمانی (سێبەری با) کەوت. لە سەرەتادا بایەخێکی ئەوتۆم پێ نەدا، چونکە پێم وا بوو، لە بابەتی ئەو هەزاران ڕۆمانە پۆلیسییانەیە کە لە ئەوروپا، لەناو خوێنەرانی خوارناونجیدا، برەوێکی یەکجار سەیریان هەیە. نووسەری ڕۆمانی (سێبەری با) کارلۆس رویز زافۆنە و بە زمانی سپانی (یا ئیسپانی) نووسیویەتی. کارلۆس رویز زافۆن ساڵی ١٩٦٤ لە بەرسێلۆنای پایتەختی هەرێمی کاتالانیای سپانیا لە دایک بووە، بەڵام بە زمانی سپانی، نەک کاتالانی، قسە دەکات و دەنووسێت. زافۆن ساڵانێک بە کاری ڕێکلامەوە خەریک بوو، بەڵام دواتر لەو کارە بازرگانییە بێزار بوو، دەستی کرد بە نووسین و دانانی مۆسیقا. یەکەم کتێبی ڕۆمانێک بۆ لاوان و ناوی (شازادەی تەم) بوو. ئەم کارەی دەنگێکی باشی دایەوە و خەڵاتێکی ئەدەبیی باشی پێ وەرگرت. دوای ئەوەیش دوو ڕۆمانی دیکەی بۆ لاوان نووسی. ساڵی ١٩٩٤ باری کرد بۆ لۆس ئەنجێلەس، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. لەوێ لە بواری پیشەسازیی فیلمدا لە هۆلیوود، وەک تێکستنووس کاری کرد. لەو ساڵانەدا کە لە لۆس ئەنجێلەس دەژیا یەکەمین ڕۆمانی گەورەساڵانی خۆی نووسی: سێبەری با، کە ساڵی ٢٠٠١ لە سپانیا چاپ کرا و لەوساوە بوو بە یەکێک لە ڕۆمانە هەرە سەرکەوتووەکانی دنیا لەم




کارلۆس رویز زافۆن

ساڵانەی دواییدا. پاییزی ٢٠٠٤، زافۆن ئەمەریکای بە جێ هێشت و گەڕایەوە بۆ بەرسێلۆنای زێدی خۆی.
ڕۆمانی سێبەری با تا ئێستا تەرجەمەی ٣٥ زمان کراوە و لە ٤٠ وڵاتدا بڵاو کراوەتەوە و نزیکەی دوو میلیۆن و نیو دانەی لێ فرۆشراوە. ئەمە یەکەمین جارە کە نووسەرێکی سپانیایی سەرکەوتنێکی وەها گەورەی نێونەتەوەیی بە دەست دەهێنێت. لە ماوەی دوو ساڵی دوای بڵاوبوونەوەی ڕۆمانەکەیدا، زافۆن بە هەموو دنیادا گەڕا بۆ بانگەشەکردنی کتێبەکەی. لە دیدارێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (سڤێنسکا داگبلادەت)ی سوێدیدا دەڵێت: وام لێ هاتووە لە مانگێکدا پانزدە جار سواری فڕۆکە دەبم، بەڵام ئێستا ئیتر دەبێ پشوو بدەم و دەست بکەمەوە بە نووسین.
زافۆن ئەگەرچی شەش ساڵ تێکستنووسی هۆلیوود بوو، بەڵام ئێستا نایەوێ ڕۆمانی سێبەری با بفرۆشێتە هۆلیوود بۆ ئەوەی بیکەنە فیلم. زافۆن دەڵێت: با ئەم شتە نایابە بۆ خۆم بێت. پارەم بۆ چییە؟ پێویستیم بە پارە نییە. کارەکە هیی خۆمە، کەسەکان هیی خۆمن، دنیای تایبەتی خۆمە. بۆچی دەبێ بیفرۆشم؟ هەر لەبەر ئەوەی خەڵکانێکی زۆر دەیانەوێ بە هۆی کتێبەکەی منەوە پارەیان دەست بکەوێت؟
ئەرکی ئەم کورتەنووسینەی من ئەوە نییە بێم ناوەڕۆکی ڕۆمانێکی گەورە و گران و پڕ لە هونەرکاریی وەک "سێبەری با" لە چەند دێڕێکدا کورت بکەمەوە. ئەوە نەک هەر یارمەتیی خوێنەر، خوێنەری کورد، نادات، بەڵکە دەبێتە هۆی چەواشەکردن و دوورخستنەوەی لە تێگەیشتنی ئەو بەرهەمە نایابە.

ڕەنگە ئەگەر بۆ پایە گرنگەکانی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە بگەڕێین دیسان هەر ئەو بابەتانەمان بێنە بەردەست کە لە زۆربەی شاکارەکانی ئەدەبییاتی دنیادا دووبارە دەبنەوە: خۆشەویستی، ئازایەتی، وەفاداری، خەبات دژی زۆرداری، خەبات لەپێناوی ئازادیدا، ڕقی قووڵ، نیشتمانپەروەری، گەڕان بەدوای شاراوە و نادیاردا، شەڕ، ڕەوشتی بەرز و ڕەوشتی نزم... هتد. تۆ ناتوانیت بڵێیت سێبەری با ڕۆمانێکی سیاسی یا مێژووییە یا داستانی عەشقە. ڕاستییەکەی ئەمە کارێکە هەموو تۆوە گرنگ و نایاب و جوانەکانی شاکارەکانی لە خۆیدا کۆ کردووەتەوە و لەگەڵ مێژووی تازەی سپانیادا تێکەڵی کردووە، بێ ئەوەی خۆی بە ڕووداو و ناوە گەورەکانی سیاسەت و شەڕەوە خەریک بکات. ئەگەرچی ڕۆمانەکە لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٤٥دا دەست پێ دەکات، بەڵام دەتوانین بڵێین دوو سەرەتای دیکەیشی هەیە کە بەناو مێژووی تازەی سپانیادا ڕۆ دەچن. بەشێکی زۆری ئەو مێژووە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە بەر سەردەمی دەستەڵاتی دیکتاتۆری گەورە و بەدناوی سپانیا فرانسیسکۆ فرانکۆ (١٨٩٢–١٩٧٥). هەندێ لە ڕووداوە گرنگ و گەورەکانی ڕۆمانەکە دەگەڕێنەوە بۆ ساڵانی شەڕی ناوخۆی سپانیا (١٧ی تەممووزی ١٩٣٦ تا ١ی نیسانی ١٩٣٩)، بەڵام نووسەر بە هیچ جۆرێک نەهاتووە مێژوو، ئەویش مێژووی سیاسی، بگێڕێتەوە. تەنانەت لەو ڕۆمانە پێنجسەد لاپەڕەیەدا پێم وایە، ئەگەر باشم لە بیر مابێت، هەمووی چوار پێنج جارێک ناوی فرانکۆی دیکتاتۆر دەهێنێت.

لە ڕوانگەیەکی نەریتانەوە دەبێ ڕۆمان، هەروەهایش فیلم، پاڵەوانێکی سەرەکیی هەبێت، بەڵام لە سێبەری بادا تۆ ناتوانیت پاڵەوانێکی سەرەکی دیاری بکەیت. پاڵەوان زۆرن و ڕەنگە هەر خوێنەرێکیش کەسێکی جیاواز، یا کەسانێکی جیاواز، بە پاڵەوان دابنێت. من ئێستاکەیش، دوای ئەوەی ڕۆمانەکەم بە وردی خوێندووەتەوە و ماوەیەکی باشیش بەسەر ئەو خوێندنەوەیەدا تێپەڕیوە، پێم زەحمەتە بڵێم پاڵەوان کێیە، یا کێن؟ هەر نەبێت سێ ناو ڕۆڵی بنەڕەتی و سەرەکی دەبینن: دانیێل سۆمبرە، جولیان کاراکس و ڕۆمانی سێبەری با. بەڵێ! یەکێک لە پاڵەوانە هەرە کاریگەر و نەخشگێڕەکان کتێبێکە، ڕۆمانێکە کە جولیان کاراکس نووسیویەتی.

دانیێل سۆمبرە کوڕێکە هێشتا یانزدە ساڵانی پڕ نەکردۆتەوە. لە بەرەبەیانی ڕۆژێکی سەرەتای هاوینی ١٩٤٥دا باوکی لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ (گۆڕستانی کتێبە



سێبەری با

لەبیرکراوەکان) و پێی دەڵێت کتێبێک بۆ خۆت هەڵبژێرە، بەڵام نەکەی باسی ئەم جێگایە و ئەوەی لێرە دەیبینیت بۆ هیچ کەسێک بگێڕیتەوە. دانیێل ڕۆمانی سێبەری بای جولیان کاراکس هەڵدەبژێرێت. ئەم کتێبە دەبێتە ئەو چارەنووسەی سەرتاپێی ژیانی دانیێلی یانزدەساڵان و کۆمەڵێک لە کەسەکانی دەوروبەریشی ڕەنگڕێژ دەکات. دانیێل ڕۆمانەکەی هێندە لا خۆش دەبێت کە دەکەوێتە سۆراخی نووسەرەکەی و بەرهەمەکانی دیکەی. ئەم گەڕانە کۆمەڵێک پرسیاری سەیر و قووڵ لای دانیێل دروست دەکات و ئەم پرسیارانە بەرەو کۆمەڵێ نهێنی و ڕازی سەیرتر ڕایدەکێشن. دانیێل پاش ماوەیەک لەوە دەگات کە لە ڕۆمانەکانی کاراکس تەنیا ئەم دانەیە ماوە کە کەوتۆتە دەست خۆی. هێزێک، کەسێک، کەوتۆتە دوای بەرهەمەکانی کاراکس و یەک بە یەکیان لە ناو دەبات و دەیانفەوتێنێت. ئەو کەسە پیاوێکی تارماییشێوەیە و تۆزێکیش دەشەلێت و لەین کووبەرتی ناوە. دانیێل دەزانێت ئەمە ناوی شەیتانە لە ڕۆمانی سێبەری بای کاراکسدا.

هەر بە تەنیشت دانیێل و کووبەرتەوە، بەڕێوەبەری پۆلیسی شاری بەرسێلۆنایش، فومێرۆ، بە دوای کاراکسی نووسەردا دەگەڕێت. فومێرۆ پیاوکوژێکی دڕندە و هەلپەرست و بێڕەوشتی سەر بە دەستگای پۆلیسی نهێنیی ڕێژیمی فرانکۆیە. بەپێی زانیارییە ڕەسمییەکان کاراکس لە ناوەڕاستی ١٩٣٠یەکاندا لەسەر شەقامێکی

بەرسێلۆنا کوژراوە. لەم گەشتە درێژ وترسناکەیدا، دانیێل سۆمبرە کۆمەڵێ خەڵک دەناسێت و دەبنە هاوڕێ و هاوکاری، یا دەبنە دوژمنی خوێنەخۆری. تووشی عەشقی کلارا دەبێت، کچێکی زۆر جوان، کە کوێرە و نزیکەی دە ساڵیش لە خۆی گەورەترە، بەڵام تووشی بێئومێدییەکی قووڵ دەبێت کە شەوێک دەچێت بەسەردا و دەبینێت کلارا لەگەڵ ئەو پیانۆژەنەدا کە فێری مۆسیقای دەکات، خەریکی سێکسن. دواتر دەبێتە عاشقی بیاتریسی خوشکی تۆماس، برادەرە تاکانە و دڵسۆزەکەی.

جولیان کاراکسی نووسەری ڕۆمانی سێبەری با، ژیانێکی زۆر سەیر و ترسناک و پڕ لە نهێنی دەباتە سەر. لە تەمەنی لاوێنیدا عاشقی بێنیلۆپ دەبێت و بۆ یەکەم جار و دواجار لەگەڵی دەنوێت و بڕیار دەدەن پێکەوە هەڵبێن، سەری خۆیان هەڵگرن و بچن لە پاریس بژین. ئەو ڕۆژی یەکشەممەیەی کە دەبوو شەمەنەفەری سەعات یەک بگرن، بێنێلۆپ نایەت. ئیتر هەرگیز، جارێکی تر جولیان و بێنێلۆپ چاویان بە یەکدی ناکەوێتەوە، بەڵام جولیان هەر بە یادی ئەو خۆشەویستییەوە دەژی.

سێبەری با بە زمانی سپانی نووسراوە، بەڵام من تەرجەمە ئینگلیزییەکەیم خوێندەوە کە (لوسیا گرەیڤس) کردوویەتی و لەگەڵ تەرجەمە سویدییەکەیشیدا، کە ئویڤۆن بلانک ئەنجامی داوە، هەندێ بەشیم بەراورد کردووە. شێوازی جوانی نووسەر، یا ڕەنگە تەرجەمە جوانە ئینگلیزییەکە، هەر لە سەرەتاوە ڕاتدەکێشێت. من کاتی خۆی، لە تەمەنی لاویدا، ڕۆمانی "ماڵئاوایی لە چەک"ی ئەرنیست هەمینگوەیم بە عەرەبی خوێندبووەوە، بەڵام ساڵانێک دواتر کە زمان و ئەدەبی ئینگلیزیم لە زانستگەی ستۆکهۆڵم خوێند، ئەو ڕۆمانە یەکێک بوو لەو تێکستانەی دەمانخوێندن و شیمان دەکردنەوە. زمانی ڕۆمانەکەی هەمینگوەیم ئەوەندە پێ جوان بوو کە لەباتیی جارێک دوو جارم خوێندەوە. زمانی سێبەری بایش، مەبەستم تەرجەمە ئینگلیزییەکەیەتی، ئاوەها بە لامەوە جوان بوو.

# سێ وزەی بەرهەمهێنی شیعر
# جەین هیرشفیلد شیعر چۆن دەبینێت؟

١

کە شیعر دەخوێنێتەوە هێندە باوەڕی بە خۆی و بە وشەکانی خۆیەتی، لە کۆتاییی هەموو پارچەیەکدا تۆزێک ڕادەوەستێت، دەڵێی دەزانێت ئێستا گوێگرەکانی چەپڵەی بۆ لێ دەدەن. لە هێندێ وێنەی ڤیدیۆییدا بینیومە چۆن ڕوو دەکاتە خەڵکەکە و بە دەنگێکی نەرم، بەڵام ڕوون و ئاهەنگدار، وێنە شیعرییەکانی وەک ڕەوەچۆلەکەیەکی شین بەرەڵای ئەو ئاسمانە دەکات و خۆیشی سەرنجیان دەدات چۆن بەسەر لق و چڵی دارودەوەنی دڵی ئەو خەڵکەوە دەنیشنەوە.

هەر بەو شێوەیەیش کاتێ باسی شیعر دەکات و کە لە وردەکارییەکانی شیعر و وشە و مێتافۆر دەدوێت، دڵنیایە ئەزموونەکانی خۆی پێش هەموو شتێکی دیکە دێن بە هانایەوە. بە لایەوە گرنگ نییە ئەوەی لەو بوارەدا دەینووسێت بە تیۆری بناسرێت یا بە "چەند بیرێک". ئەو دەیەوێ بیرکردنەوەکانی خۆی بگەیێنێتە خوێنەر و ئەوەیان بۆ بگێڕێتەوە ئەو خۆی شیعر چۆن دەبینێت. ئەمە جەین هیرشفیلدە [Jane Hirsh-field]؛ خانمەشاعیرێکی ئەمەریکایی کە خاوەنی دەنگێکی تایبەت و لەوەیە بیرکردنەوەیەکی تایبەتیش بێت.

جەین هیرشفیلد لە ٢٤ی شوباتی ساڵی ١٩٥٣دا، لە شاری نیوویۆرک لە دایک بووە. ساڵی ١٩٧٣ خوێندنی لە زانستگەی پرینستۆن تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٧٤ەوە لە سەرووی کالیفۆرنیاوە، لە زنجێکی بچووکی سپیدا دەژی، کە دەڕوانێتە سەر دیمەنێکی پڕ لە داری بەردار، گوڵی ڕەنگاوڕەنگ و شاخی تامالپایس. هیرشفیلد لەپاڵ شیعردا ڕەخنەی ئەدەبییش دەنووسێت و تەرجەمەیش دەکات.

جەین هیرشفیلد تا ئێستا حەوت دیوانی شیعری بڵاو کردوونەوە: **ئالایا** (١٩٨٢)؛ **لەبارەی هێزی ڕاکێشان و فریشتەکانەوە** (١٩٨٨)؛ **کۆشکی ئۆکتۆبەر** (١٩٩٤)؛



جەین هیرشفیلد

**ژیانەکانی دڵ** (١٩٩٧)؛ **شەکرێک، خوێیەک** (٢٠٠١) و **دوای** (٢٠٠٦). لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی یا تیۆریی ئەدەبیدا دوو کتێبی هەن: **نۆ دەروازە: وەژوورکەوتنی بیری شیعر** (١٩٩٧) و **شاراوەیی، نادڵنیایی، داچڵەکاندن: سێ وزە بەرهەمهێنەکەی شیعر** (٢٠٠٨).

هیرشفیلد ماوەیەک لە ناوەندی (زێن)ی سانفرانسیسکۆ خوێندوویەتی و پێوەندییەکی زۆر پتەو و گەرمی لەگەڵ فەلسەفەی، یا باوەڕی، زێندا پەیدا کردووە. زێن قوتابخانەیەک، بەشێک، یا ئایینزایەکی بووداییزمە، لە سەدەی حەوتەمی زاییندا لە چین گەشەی کردووە و دواتر تەشەنەی کردووە بۆ وڵاتانی کۆریا، ژاپان و ڤیێتنام. ئەم باوەڕ و مەیلە فەلسەفییەی هیرشفیلد بەرەو ئەوەی برد بە دوای ئەو شاعیرە ژنانەدا بگەڕێت کە لە ڕابوردوودا هەست و پیرۆزی و بیرکردنەوەی زێنیان لە شیعرەکانیاندا دەربڕیوە. تا ئێستا چەند ئەنتۆلۆگییەکی شیعری ژاپۆنیی بڵاو کردوونەوە: **مانگی وەک مەرەکەب ڕەش**: شیعری ئەویندارانەی ئۆنۆ نۆ کۆماچی و ئیزوومی شیکیبو (١٩٨٨) **ژنانی کۆشکی شایانەی ژاپانی کۆن** (١٩٩٠)، **ژنان کە پەسنی شتی پیرۆز دەدەن**: ٤٣ سەدەی شیعری ڕۆحیی ژنان (١٩٩٤) و **میرابای: شیعری وەجد** (٢٠٠٤).

بەشێک لە شیعرەکانی جەین هیرشفیلد تەرجەمەی زمانی پۆڵۆنی کراون. یەکێک لەوانەی شیعری ئەویان تەرجەمە کردووە، چێسواف میوۆشە [Czeslaw Milosz] (٣٠-٦-١٩١١ تا ١٤-٨-٢٠٠٤) کە ساڵی ١٩٨٠، خەڵاتی نوبێلی لە ئەدەبدا پێ درا و هەر ئەویش پێشەکیی بۆ هەڵبژاردەی شیعرەکانی هیرشفیلد بە زمانی پۆڵۆنی نووسی کە ساڵی ٢٠٠٢ بڵاو کرایەوە و برەوێکی زۆر چاکی هەبوو.

سەرەڕای نووسینی شیعر و ڕەخنەی ئەدەبی و تەرجەمە، هیرشفیلد ساڵانێکیش لە زانستگەی کالیفۆرنیا مامۆستایەتیی کردووە. بە هۆی ئەو دیوانانەوە کە بڵاوی کردوونەوە تا ئێستا کۆمەڵێک خەڵاتی بەرزی ئەدەبیی وەرگرتووە و وەک میوان و ئاخێوەر لە شار و وڵاتی جۆراوجۆر بانگهێشت کراوە.


کە ساڵی ١٩٩٧ هاوکات دوو کتێبی بڵاو کردنەوە: دیوانی **ژیانەکانی دڵ** و **نۆ دەروازە**، کە کۆمەڵێک وتاری ڕەخنەیی بوو، کاتی بۆلیک، ڕۆژنامەنووسی سەر بە "ئەتلانتیک ئەنباوند" لێی دەپرسێت هەردوو کتێبەکەت پێکەوە بڵاو کرانەوە، ئایا نووسین لەبارەی شیعرەوە چۆن کاری کردووەتە سەر نووسینی شیعر خۆی؟ هیرشفیلد بە بڕوایەکی پتەوەوە دەڵێ من پێم وایە کارکردەکە تا ڕادەیەکی زۆر، بە لایەکەی دیکەدایە؛ واتە شیعرنووسینەکەم کاری کردووەتە سەر ئەوەی چۆن لەبارەی شیعرەوە بیر بکەمەوە.

نووسینی شیعر، دانانی شیعر، هیرشفیلد دەڵێت، کار دەکاتە سەر ئەوەی شاعیر چۆن بیر لە شیعر دەکاتەوە و پاشان دەیخاتە چوارچێوەیەکی تیۆرییەوە. بە هۆی نووسینی شیعرەوە، شاعیر دەتوانێت باشتر لە پێکهاتەی هونەریی شیعر تێبگات. ئەو پرسیارانەی ڕایانکێشاوم ئەوانەن کە نووسەرێک لە کاتی نووسیندا تووشیان دێت، نەک پرسیارەکانی ڕەخنەگرێک. شیعر بە لای منەوە ڕێگەیەکە بەرەو تێگەیشتن و گواستنەوەی تازە، هەر بەو شێوەیەیش من تەماشای ئەو شیعرە تایبەتانەم کردوون کە خۆشم دەوێن و شیعر وەک بوونەوەرێک بە گشتی، بە مەبەستی هەستکردن و فێربوونی ئەوەی چییان لەناودایە بیبەخشن. من ئاگاداری ئەوەیشم کە لە نزیکەوە تەماشاکردنی شێوەی کارکردنی شیعری خەڵکی دیکەیش ئەوەی فێر کردووم لە نزیکەوە هەست بە پێچاوپێچ و خەیاڵەکانی ناو شیعری خۆم بکەم و پلەی پێوەندیمی بە جیهانەوە بە گشتی بەرزتر کردووەتەوە. ئەوە یەکێکە لەو دیارییانەی شیعر دەیبەخشێت.

بە پێچەوانەی زۆر شاعیری ڕۆژاوایی، هیرشفیلد لە ئافراندنی شیعردا بیر لە جۆرێک ئیلهام دەکاتەوە. ئەو پێی وایە هێزێک لە ناوەوە، هێزێکی خەونئاسا، هێزێک کە خۆیشی نازانێت چۆنی باس بکات، هانی داوە شیعرەکانی دیوانی "ژیانەکانی دڵ" بنووسێت. ئەو دەڵێ کاتێ لە نووسینی دیوانی پێشووم بوومەوە، شتێک لە ناوەوە پێی دەگوتم "نا، مەوەستە، شەش شیعری تریش بنووسە!" شەش شیعرم نووسی، بەڵام دیسان ناوەوەم پێی دەگوتم شەشی دیکەیش بنووسە. بەم جۆرە دەستم کردە نووسینی دیوانێک کە هەمووی باسی دڵ بوو. جار لە دوای جار دەچوومەوە سەر باسی دڵ. دەتگوت خەونێکە و دووبارە و چەندبارە دەبێتەوە. من وەک شاعیر و وەک مرۆڤیش وام هەست دەکرد کە بە هیچ جۆرێک ناکرێت و ناتوانم لێی دوور بکەومەوە.

وا دیارە پێوەندیی هیرشفیلد بە زێنەوە بووەتە پەنجەرەیەک بۆ ڕەخنەگران، لێیەوە تەماشای داهێنانە شیعرییەکانی ئەم خانمە شاعیرە بکەن. کاتی بۆلیک دەیەوێ بزانێت بیری زێن و باوەڕی بوودایيزم چەند کاری کردووەتە سەر شیعرەکانی. هیرشفیلد دەڵێ مەشقکردنی زێن، وەک من تێی گەیشتووم، لێکۆڵینەوەیەکە لەوەی ئێمەی مرۆڤ چین و لە ئەزموونە ئاساییەکانمان. زێن وەک نەریتە ڕۆحییەکانی دیکە کۆمەڵێک وشە و زاراوە و وەسفی خۆی هەیە. زێن ئەوەیە کە چۆن تەماشای مرۆڤ و سروشتی مرۆڤ بکەین، ئێمە لە گێتیدا چۆنین و گێتی خۆی چۆنە. هەر ئەوەیشە کە من وەک شاعیرێک دەمەوێ بیدۆزمەوە و ئاشکرای بکەم.

ئەزموونی هیرشفیلد لەگەڵ پێڕۆییکردنی زێندا بووەتە بەشێک لە ژیان و بیر و داهێنانی. لەم بارەیەوە دەڵێ: "ئەو هەشت ساڵەی لە بیستەکانی تەمەنمدا کە سەرومڕ خەریکی مەشقکردنی زێن بووم منی کرد بەوەی کە ئێستا هەم. ئەو ئەزموونە بووەتە بنەڕەتی هەموو شتێک کە لەو کاتەوە کردوومە. زێن فێری کردم چۆن سەرنج بدەم، چۆن هەڵکۆڵم، چۆن پرسیار بکەم و بچمە ژوورەوە و چۆن بمێنمەوە ــ یا هەوڵ بدەم بمێنمەوە ــ لەگەڵ هەر شتێکدا کە بەردەوامە و لە کاردایە. بەڵام دیسانیش ئەوەندە نیشانەی بوودایيسم لە شیعری مندا نییە وەک لای کەسانێک هەیە کە هەرگیز ئەو جۆرە ژیانەی من نەژیاون. چەند ساڵێک نەمدەهێشت خەڵکی بزانن خەریکی ئەو مەشقەم، چونکە پێم وا بوو شتێکی زۆر تایبەت و



سێ وزەی بەرهەمهێنی شیعر

شەخسییە. خۆ هەموو شتێک بۆ ئەوە نییە هەموو خەڵک پێی بزانێت. من بە ئاشکرا شاعیرێکی بوودی نیم، وەک ئاللێن گینسبێرگ، بۆ نموونە. بەڵام کە کتێبی (ژنان کە پەسنی شتی پیرۆز دەدەن)م نووسی هەستم کرد دەبێ پاشخان و حەزی خۆم لە بواری ئەزموونی ڕۆحیدا ئاشکرا بکەم. لە دیوانەکانمدا کە ژیننامەی خۆم دەنووسم، ئەوە باس ناکەم، چونکە جێگای ئەوێ نییە. بەهەرحاڵ ئەمە هۆیەکی بڕیاردەر نییە بۆ خوێنەری شیعرەکانم."

٢

تیۆری و بیرەکانی جەین هیرشفیلد لەبارەی شیعرەوە ئەنجامی وردبوونەوەیەتی لە شیعر بە گشتی و لە شیعرەکانی خۆی بە تایبەتی. ئەو زۆرجار نموونە لە ئەدەبیاتی گەلانی ڕۆژهەڵاتیشەوە دەهێنێتەوە و دەردەکەوێت کە شارەزای شاکارە ئەدەبییەکانی جیهانە، کلاسیک و نوێیش، و ئاشنای شێوە جیاوازەکانی دەربڕینە لە فەرهەنگی جۆراوجۆردا. هاوکاتیش، هیرشفیلد، بیر لە پرۆسەی نووسینی خۆی دەکاتەوە، واتە لە کاتێکدا دەنووسێت، لە کاتێکدا داهێنانێکی شیعری بە بیریدا، بە مێشکیدا، تێدەپەڕێت و دەبێتە هۆی وەگەڕکەوتنی قەڵەمەکەی یا دوگمەکانی کۆمپیوتێرەکەی، ئەو سەرنج لە بەرهەمەکەی خۆی و لە شێوەی پەیدابوونەکەیشی

دەدات. هەر ئەم سەرنجدانەیش دەکاتە سەرەتایەک بۆ ئەو بنەما تیۆرییانەی خۆی ناویان دەنێت "هەندێ بیر" لەبارەی شیعرەوە. هیرشفیلد لەم بیرانەیدا سێ وشە، یا سێ چەمک، دەکاتە کلیلی وردبوونەوە لە شیعر و لە جوانیی شیعر: شاراوەیی، نادڵنیایی، داچڵەکاندن. ڕەنگە ئەم وشە کوردییانە ڕێک هاوتای ئەو وشە و چەمکە ئینگلیزییانە نەبن ئەو بە کاریان دەهێنێت، بەڵام من پێش ئەوەی ئەم لایەنە ڕوون بکەمەوە یا لە لایدا بوەستم، دەمەوێ ڕاستەوخۆ ناوەڕۆکە ئێستێتیکی و هونەرییەکانی چەمکەکان، بەپێی بۆچوونی هیرشفیلد خۆی، لێک بدەمەوە، تا مەبەست و بیرەکانی باشتر بۆ خوێنەر ئاوەڵا بن. بەشی هەرە گرنگی بیرەکانی هیرشفیلد ئەوانەن کە لە کتێبی " شاراوەیی، نادڵنیایی، داچڵەکاندن: سێ وزە بەرهەمهێنەکەی شیعر"دا لە سێ وتار یا سێ لێکۆڵینەوەدا پێشکەشی کردوون:

١– شیعر و شاراوەیی: تاژییەکەی تۆریۆ

٢– شیعر و نادڵنیایی

٣– شیعر و داچڵەکێن.

**یەکەم: شاراوەیی**

لە وتاری یەکەمدا هیرشفیلد چەمکی شاراوەیی دەکاتە ناوەندی بیرەکانی خۆی. ئەو پێی وایە چەندە زانین ژیاری و گرنگ بێت بۆ مرۆڤ، بەڵام شاراوە و نەزانراو هێزێکی زیاتری ڕاکێشانی سەرنج و بیریان پێیە. لێرەدا قسەیەکی جۆن کیتسی شاعیری ئینگلیز (١٧٩٥–١٨٢١) دەهێنێتەوە کە گوتوویەتی: "ئاوازە بیستراوەکان خۆشن، بەڵام ئەوانەی کە نەبیستراون خۆشترن."

شتە شاراوەکان تەنیا ئەوانە نین کە لە دەوروبەرمانن، بەڵکە ئەو بیر و چەمکانەیشن کە لەوەتی مرۆڤ هەیە، بیستوونی و ئاشنایانە، بەڵام خۆی ئەزموونێکی ڕاستەوخۆی لەبارەیانەوە نییە، بۆ نموونە: مردن، یا لەدایکبوون. بۆگەڕان و دۆزینەوەی شاراوە ڕەگەزێکی گرنگ و ناوەندییە لە ئەدەبدا کە پێ دەچێت هەر لەسەرەتاوە هەبووبێت. لە داستانی سۆمەریی گلگامێشدا ئاشکراکردنی ڕازی مردن کرۆکی ڕووداوەکانە. زانینی ئەوەی کە دەبێ لە ئاستانەی دزێو و ناحەزی مردن بپەڕینەوە، ئەو نرخەیە کە دەبێ بیدەین بۆ گەیشتن بە هۆشیاریی تەواو ــ واتە خۆئاگاداری پێویستە بۆ ئەوەی لەناوچوونی "خۆ" بناسینەوە. تێگەیشتن لەوەی

ژیانی ئێمه هاوکات جیا و پێکەوەبەستراو و زووتێپەڕە، سەرچاوەی ئەو هاوارەیە کە گلگامێش کردی کاتێ ئەنکیدوی هاوڕێی دەمرێت، ''ئەمە لە منیش دەقەومێت!'' ئەمە جیاوازیی هەرە قووڵی نێوان هۆشیاریی ئاژەڵ و هۆشیاریی پراوپڕی مرۆڤانەیە. ئاژەڵ، هیرشفیلد دەڵێت، ڕەنگە هەست بکات، ڕەنگە خەون ببینێت، ڕەنگە خەفەت بخوات و شیوەن بگێڕێت، بەڵام لەوە ناچێت پێشزانینی مردنی لا هەبێت. تەنیا ئێمەین کە ڕووبەڕووی ئەو دەروازە هەڵچنراوە دەژیین.

هیرشفیلد چەند نموونەیەک لە ئەدەبی کلاسیکی یۆنانەوە دەهێنێتەوە، بەتایبەت داستانەکانی هۆمێرۆس (سەدەی هەشتەمی پێش مەسیح): ئیلیاد، ئۆدیسسێ، ئۆدیپوس... هتد. بەشێکی زۆری پاڵەوانەکان خۆیان دەشارنەوە و خۆیان بە جۆرێک دەگۆڕن کە نەناسرێنەوە. تەنانەت خوداکانیش کە دێنە سەر زەوی، خۆیان بە شێوەی کەس و شتەکانی سەرزەوی دەگۆڕن. ئەم خوێندنەوانە دەرسێک (وانەیەک)مان پێ دەڵێن: مانەوە بە دروستکردنی پێوەندییەکی پتەو لەنێوان لێهاتوویی و لێچووندا دەستەبەر دەکرێت. بۆ درێژەپێدانی ئەم بیرە دەتوانین تەماشای ژیان و هەڵسوکەوتی زۆر ئاژەڵ و مەل و خشۆک و ڕووەک بکەین، چۆن ڕەنگی خۆیان دەگۆڕن و سەدان فێڵی ''هونەری'' و بایۆلۆگی بە کار دەبەن بۆ خۆپاراستن.

تەنانەت وێنەی شیعری (میتافۆر)یش جۆرێکە لە شاردنەوە. میتافۆر و لوغز (موعەمما، چیستان) لە زۆر ڕووەوە هاوشێوەن. ئەریستۆتالیس لە ڕەوانبێژی (ڕێتۆریک)ی خۆیدا پێی وایە میتافۆر و لوغز خزمی یەکن. زۆر شیعر هەن کە بیرەکانیان بە نەبینراوی دەهێڵنەوە، وەک بڵێی بە مەرەکەبێکی نەبینراو نووسرابێتن. ئەم وشانە پێویست ناکات بە تەواوی بخرێنە بەرچاو بۆ ئەوەی خوێنەر تێیان بگات. ئەوەی کە بە دەرنەبڕدراوی هێڵراوەتەوە ڕەنگە کارێکی زیاتر و بەهێزتریش بکاتە سەر خوێنەر لەوەی کە بە ئاشکرا وتراوە. شیعری لیریکییش لەسەر بنەمای وتراو و نەوتراو، ڕوونی و شاراوەیی، دادەمەزرێنرێت. ئەم پێوەندییە دوولایەنییە هێزێکی زیاتر دەداتە شیعر و، خوێنەر باشتر ڕادەکێشێت بۆ گەڕان و هەوڵدانی دۆزینەوە. ڕەنگە لە شیعرێکدا کە بە ڕواڵەت پێچەڵپێچ دیارە، زۆر شتی ڕوون و ئاشکرا ببینین، هەروەک ڕوویش دەدات لە شیعرێکی بە ڕواڵەت ئاسان و

ڕووندا زۆر مەعنای پێچراوە و نەپەنی بدۆزینەوە.

هەر وەک چۆن دانان و هەڵهێنانی لوغزێک زیرەکی دروست دەکات، (خۆ)یەکی ڕۆشن و ئاشکرایش بەوە دروست دەبێت کە ڕێگەیەک بکرێتەوە لەنێوان ئارەزووی شاراوەیی و حەزی بینین یا بینراندا. ئەوەی شاراوەیە، ئەوەی بە شاراوەیی هێڵراوەتەوە، ئەو ئارەزووەی هەیە کە ببینرێت، چونکە بەمە (خۆ)ی ئەو جەخت دەکرێت. دیکارت، کە خۆی بۆ دۆزینەوە تەرخان کردبوو، زۆر نهێنکارانە دەژیا. قسەیەکی دیکارت هەیە دەڵێ: "ئەوەی باش دەژی، ئەوەیە کە باش خۆی شاردووەتەوە." سایکۆلۆگیستی بریتانی د. و. وینکۆت باسی منداڵ دەکات، دەڵێت: "خۆشاردنەوە خۆشییەکە، بەڵام ئەگەر نەدۆزرێیتەوە ئەوە بەدبەختییە." زیگموند فرۆید (١٨٥٦-١٩٣٩) وا دادەنێت کە (خۆی گەورەساڵ) لە کۆمەڵە ژوورێکی پڕ لە لوغزی نەزانراو پێک دێت، بەڵام لە ڕێگەی خەون، هەڵەی زمان، هەڵسوکەوتی نائاوەزکارانە و نەخۆشییەوە خۆی دەردەبڕێت.

خۆئاشکراکردن ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە تاکەکەسبوون یا خۆجیاکردنەوە (Individuation). ئەمە لە میتۆلۆگیای یۆنانیدا، لە چیرۆکی ئەفسانەیی (سایک)دا باس دەکرێت. ڤێنوس زۆر دڵڕەشە بەرانبەر جوانیی سایک، ئێرۆسی کوڕی دەنێرێت بۆ ئەوەی ئازار و زیانی پێ بگەیێنێت، بەڵام ئێرۆس دڵی لێی دەچێت و بە دزییەوە دەیخوازێت (دەیکا بە ژنی خۆی). ئێرۆس بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبێت تەنیا لە تاریکاییی شەودا دەچێتە لای سایک. ماوەیەک بە خۆشی دەژین، بەڵام خوشکەکانی سایک دەڵێن ئەم مێردەی تۆ کە خۆی پێشان نادات دەبێ دێو و درنج بێت. ئەویش شەوێکیان چرایەک هەڵدەگرێت و دێتە لای جێگەکەی ئێرۆس کە خەوتووە. بە جوانیی ئێرۆس هێندە سەرسام دەبێت کە دڵۆپێک لە ڕۆنی چراکە دەڕژێت بەسەر پشتی ئێرۆسدا. ئێرۆس، کە خودایە، ڕادەپەڕێت و ون دەبێت، چونکە نەیدەویست ئاشکرا ببێت.

جاری وا هەیە ئەرکی شاراوە ئەوەیە بە شاراوەیی بمێنێتەوە. ئەو زانستەی کە زۆر ئاشکرا و ڕوونە بەرەو پووکانەوە دەچێت. کەسێکی وریا کە شتێک نازانێت، پانترین دەرگا بە کراوەیی دەهێڵێتەوە بۆ ئەوەی کە مومکینە. ڕیچارد هوگۆ (١٩٢٣-١٩٨٢) ئامۆژگاریی شاعیرە گەنجەکانی دەکرد نەکەن لە شیعرەکانیاندا پرسیارێک بکەن کە

خۆیان وەرامەکەی بزانن. ئەنتۆن چێخەڤ (١٨٦٠-١٩٠٤) بە براکەی خۆی دەگوت: "هونەر وەرامی پێ نییە، هونەر تەنیا دەتوانێت بە ڕێکوپێکی پرسیار دابڕێژێت." ئەو شیعرانەی کە ناکرێ بە تەواوی تێیان بگەین و بیانناسین، ئەوانەن کە گیانیان بە بەردا دەکرێت و دەبنە شیعری چاک.

هیرشفیلد لە چەند جێگایەکی نووسینەکەیدا نموونە لە بیر و فەلسەفەی ئیسلامی دەهێنێتەوە. بەهەشت لای ئیسلام و جوولەکەیش وەک باخچەیەک کە چواردەوری بە دیوار گیراوە وێنا دەکرێت. واتە لێرەیشدا جوانییەکەی بەهەشت لەوەدایە کە شاراوەیە و بە بەرچاوەوە نییە.

باوەڕ ناکەم جەین هیرشفیلد ئاشنایەتییەکی لەگەڵ ئەدەبی تەسەووفدا هەبێت، ئەگەرنا جوانترین نموونەکانی بەکارهێنانی ڕەمز و نیشانە لەو ئەدەبەدا هەن و بەرزترین و ڕازدارترین شیعر ئەوەیە کە شاعیرانی سۆفی نووسیویانە.

٣

**دووەم: نادڵنیایی**

هیرشفیلد یەکەم نموونەی نادڵنیایی لەبارەی تیۆرییەکانی دروستبوونی گەردوونەوە دەهێنێتەوە. ئێستایش دوای ئەو هەموو پێشکەوتنەی زانست و تەکنۆلۆگیا، ڕەنگە زۆر ئاسایی بێت ئەگەر زانایەک یا فیلۆسۆفێک بێت و لەبارەی گەردوونەوە قسە بکات و کە لێ بووەوە داوا بکا کێ پرسیارێکی هەیە با بفەرمووێت. خانمێکی بەتەمەن دەست بەرز بکاتەوە و بڵێت بەڵام ئێستا هەموو کەسێک ئەوە دەزانێت کە زەوی لەسەر پشتی کیسەڵێک ڕاوەستاوە.

یەکێک لە سزاکانی هۆشیاری ئەوەیە کە هەموو ڕۆژێک سەرلەنوێ لەوە ئاگادار دەبینەوە کە داهاتوو شتێک نییە پێشبینی بکرێت، کە گەردوون لەسەر پشتی ڕازێکی لە تێگەیشتننەهاتوو ڕاوەستاوە، کە سەرسووڕمان، بیرگۆڕین و نەزانراو بەشێکن لە هاوڕێ دڵسۆزەکانی ژیان. ئێمە بەوە دەژیین کە چیرۆک دروست دەکەین، کەچی هیچ چیرۆکێکیش بە تەواوی بەش ناکات. هەر چیرۆکێک کە پەیدا دەبێت نائاسوودەییەک لە دوای خۆی بە جێ دەهێڵێت، کە هەندێ جار لە ناوەندایە و جاروباریش لە کەناری بیرکردنەوەدایە و وەک پاشماوەیەک هەڵدەگیردرێت. ئەرکی

ئەدەب، بەتایبەت شیعر، هیرشفیلد دەڵێت، ئەوەیە ئەو پاشماوەیە هەڵبگرێت، ڕێگەیەک بدۆزێتەوە بۆ ژیان لە ناوەڕاست و بە تەنیشت نادڵنیاییەوە.

ئەفلاتوون شاعیرانی لە کۆمارەکەی خۆی دەرکردن لەبەر ئەوەی پێی وا بوو شیعر چەشنێک سرکردنە، دەبێتە هۆی خاوبوونەوە لە گەڕان بە دوای ڕاستیدا، چونکە وربوون بە جوانی جێی ئەو گەڕانە دەگرێتەوە. بەڵام شیعری چاک نیگەرانی بە وەرام نارەوێنێتەوە، بەڵکە خوێنەر لە خەواڵوویی ڕادەچەنێنێت و واقیعێکی بەرینی بۆ دەهێنێتە پێشەوە، لە نزیکەوە لێی ورد ببێتەوە.

جۆن کیتس لە چلەی زستانی ساڵی ١٨١٧دا لە نامەیەکدا باسی پێوەندیی نێوان شیعر و نەزانراو دەکات و پێی وایە بلیمەتیی شیعری بەرهەمی جۆرێک "دژەبەهرەیە"، کە مرۆڤ دەتوانێت لەناو نادڵنیایی، ڕازداری و گوماندا بێت، بێ ئەوەی خۆی ئاڵۆز بکات و دەستی بگاتە ڕاستبێژە و ئاوەز. نزیکەی سەدەیەک لەوەودوا، ویلیام ئیمپسۆنی ڕەخنەگر و شاعیری ئینگلیز (١٩٠٦-١٩٨٤) دەنگی دەخاتە پاڵ کیتس و پێی وایە نارِوونی یا تەمومژاوی چۆنایەتییەکی ناوەندییە بۆ جوانیی شیعر.

ئەوەی پێی دەڵێین "ئەدەب یا ئەدەبییات" هەمیشە هەندێک گومان و گومانلەخۆکردنی تێدایە وەک ناسێنەری هۆشی مرۆڤانە، بە پێچەوانەی ئەو جۆرانەی نووسینەوە کە زانیاری دەدەن، فەرمان دەردەکەن، دەپاڕێنەوە یا دەبنە هۆی کەیفخۆشی. "هونەر" ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ نادڵنیاییدا دەکاتە شتێک شایانی بەدواداگەڕان بێت. ترس لە مردن دەبێتە گلگامێش، گومان لە خەڵکی دیکە و لە خۆ دەبێتە هاملێت و پێوەندی لەگەڵ ئەوەدا کە ناکرێ بزانرێت ئیتر بۆ یەکجارەکی دەگۆڕێت. نیگەرانی و خەفەت و مەترسیی ئاژاوە دەکرێ بگۆڕدرێن و بکرێنە جوانی و مەعنا، ئەو خۆشییەیش کە گۆڕینەکە خۆی دەیبەخشێت بەشێکی کەم نییە لە پێکهاتەی ڕازدارانەی ئەدەب، چ وەک خۆپاککردنەوەیەکی ئەرەستۆتالیسانە تەماشای بکەیت یا وەک تەشکی وردتر.

شاعیری مۆدێرنیستی ئەمەریکی والاس ستیڤنس (١٨٩٧-١٩٥٥) وای هەست دەکرد نووسین کردارێکە بۆ خۆپارێزی، کاتێ خەیاڵ بەرانبەر گوشاری واقیع ڕادەوەستێت و پاڵی پێوە دەنێت. ئەمە هێندەی باسی سووکدەستی و زرنگییەکی لە

شـێوەی ئایکیدۆ لە بواری زماندا دەکـات، لەوە کـەمتـر باسـی ژیرییـەک دەکـات بە خوێنساردی و بە کاوەخۆ و لەسەرخۆ وە دەست هێنرابێت. دیسانیش بەرهەمە هەرە گران و هێژاکان، لەپاڵ چیرۆکەکانی شـەهرەزاددا [هەزار و یەک شـەوە: ألف ليلة و ليلة]، ئەوانەن کـە بە هـۆی شـێوە گـۆڕاوەکـانی جـوانی و داهـێنان و دوودڵـیـیـەوە، پەرێشـانـی و ئاژاوە و مردنمان لێ دوور دەخـەنـەوە. ژان پۆل سـارتر (١٩٠٥–١٩٨٠) بلیمـەتی وەهـا پێناسـە دەکـات: بەهرە نییـە، بـەڵکە هەلاتنێکە کەسێک لە کاتەکانی بێهومێدیدا دایدەهێنێت.

وا دیارە ترسیش زەوینەیەکی باشە بۆ ئەدەبییات. یەکێک لە تێکستە هەرە کۆنەکانی کە ئێمـە دەزانین کێ نووسیویەتی، سرووددەکەی (ئێن هێدو ئاننا)یە بۆ ئینانناً، کاتی هۆندنـەوەکـەیشـی کـردارێکی دڕندانەیـە لە شـەڕێکی سـەردەمی سـومـەرییـەکـاندا . سـروودی (نین مێ سـارا)ی ئەم شـازادە ئەکەدییـە پاڕانەوەیە لە خـودای مـانگ کـە یارمەتیی بدات کاتێ شایەکی سومەرییەکان ئەمی لەسەر تەخت لا بردبوو.

شیعری لیریکی هیچ قـەیرانێکی دەرەکی چارەسـەر ناکات، کەمیان دەتوانن وەرامی پرسـیـارێک بدەنەوە، هیـچـیـان ناتوانن تەیمانـی مـاڵێک گـرێ بدەن یا سـەربانێک باگردێن بکەن. و. هـ . ئۆدن (١٩٠٧–١٩٧٣) لە لاواندنەوەی ویلیام بەتلەر ییتسدا (١٨٦٥–١٩٣٩) دەڵێ: "شـیـعر نابێتـە هـۆی ڕوودانی هیچ شـتێک." بـەڵام دیسـانیش کـاتێک قـەیران پێویستی بە ورەیەکـە بۆ دانوسـتـان لەگـەڵ ئاژاوە و بێسـەروبەری و تۆقیندا، کـە هاودەمی ژیانی مرۆڤن، شـیـعر ئەو شـتـەیە کـە ڕووی تێ دەکـەین، وەک چۆن ڕووەکێک پێویستی بە ڕووناکی بێت ڕوو دەکاتە هەتاو.

کەواتە هێزی دڵدانەوەی شیعر لە چیدایە؟ کاتێ تۆ دەچیتـە ناو دەربڕینی خـەیاڵکرد، مێتافۆری، یا چیرۆکئاسای کەسێکی دیکەوە، تەنانەت ئەگەر دەربڕینی ژان، تاسە، یا ترسیش بێت، دەبینیت تۆ کەمتر هەست بە تەنیـایی دەکەیت، کەمتر تەنیایت و لەم ژیانەدا هـاودەمێکت هـەیە. لایـەنێکی دیکەی شیـعـر ئەوەیە کـارکردێکی نەرمکارانەی هەیە، واتە شـتـە ڕەقەکـان، سـەختـەکـان، زەحمـەتەکـان نەرمـتـر دەکـات و وایان لێ دەکات بکرێ بگۆڕێن. ئەوجا شـیـعرێکی چاک هێزی تواندنەوە و نەرمکردنی تێدایە بۆ ڕۆح. ئەمـەیە ئەو پاکژکردنـەوەیەی ئەریستـۆتالیس باسـی کـردووە. تۆ هـەست بە بزووتن بکەیت، بزووتنی ڕۆح، ئازادییەکی زیاترت دەبێت؛ ئیتر گوشارە دەرەکییەکان بە تەنیا نابنە پێناسەی دەروونی کەسێک، کاتێ خەیاڵیش بەرانبەریان دەوەستێت.

بەشێکی دیکەی ئارامیبەخشی شیعر، پەرەسەندنی وردبینی و مووقلێشییە کە شیعرێکی چاک دەیبەخشێت. ئێمە کە باسی وردبینی و وردەکاری دەکەین، بیرمان بۆ چنین و جۆلایی دەڕوات. ئەمە ئەو ناوەیە لە فکر، لە بیری دەنێین، کە هەم بە وردی چنراوە، هەمیش دوورە لەوەی ڕێک و ڕیزکراو بێت، دەتوانێت چەشنە ناجۆر و ناوەکییەکەکان پێکەوە ببەستێت و بیانکاتە پارچەیەکی سوودبەخشی یەکگرتوو. زمان، هەر بەپێی سرشتی خۆی، وردبینی و وردەکارییە، لە مەعنادا فرەکەنارە. ئەی کەواتە شیعرێکی چاک ئەگەر زمانێک نەبێت بە هەموو هێزی خۆیەوە بێدار بووبێتەوە، چیی دیکەیە؟

جەین هیرشفیلد لە دوا دێڕەکانی ئەو بەشەی کتێبەکەیدا زۆر سادە و ئاسان فەلسەفەکەی خۆی کورت دەکاتەوە و دەڵێ: "ئەوەی لێرەدا ویستوومە بە درێژا باسی بکەم زۆر سادەیە: کە تۆ مرۆڤ بیت، واتە نادڵنیایت. ئەگەر ئامانجی شیعریش ئەوە بێت مرۆڤایەتیی ئێمە قووڵتر بکات، دەبێ شیعریش نادڵنیا بێت."

سانکت ئۆگستین (٣٥٤-٤٣٠) وتوویەتی: "ئەگەر تۆ پرسیارم لێ نەکەیت کات چییە، ئەوا دەزانم چییە، بەڵام ئەگەر پرسیارم لێ بکەیت چییە، ئەوسا نازانم." هیرشفیلد درێژە بەم بیرە دەدات و دەڵێت: هەتا زیاتر بیر لە نادڵنیایی لە شیعردا دەکەمەوە، ئەم وشانەی ئۆگستین بەرزتر دەنرخێنم. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئێمە پێویست ناکات نادڵنیایی و کات بۆ ئەوە تێبگەین کار و ئەرکی خۆیان لەناو ژیانی ئێمەدا، یا لە شیعردا، بە ئەنجام بگەیێنن. ئێمە هەر ئەوەمان لەسەرە، دەبێ وەک ئەزموون تێیاندا بژیین و بە ترس و ناخۆشییەکانیشیاندا تێپەڕین، ئەوەیش شتێکە کەس ناتوانێت خۆی لێ لا بدات.

٤

## سێیەم: شیعر و کارکردەکانی داچڵەکێن

شیعرێکی چاک لە هەموو ساتێکدا دەبێتە هۆی گۆڕانێکی وەها سەیر و ڕازدار کە لە تێگەیشتن بە دەرە. لە سەرەتاوە بە لاپەڕەیەکی سپی دەست پێ دەکات، بەڵام دواتر دەبێتە کۆمەڵێک هەست و بیر و گۆڕانی ناوەکی و هێما و نیشانەی مۆسیقی: واتە ئەو ئەزموونە فرەئاستەی کە ئێمە وەک "مەعنا : واتا" هەستی پێ دەکەین.

شیعرێکی چاک هەم خۆی و هەم جیهانیش وا لێ دەکات بە شێوەیەکی تازە بزانرێن و دەرک بکرێن؛ دەمانگەیێنێتە هەبوونێک کە کراوە، هێزپێدراو و گۆڕدراوە. کەواتە بەشێک لە کاری شیعر ئەوەیە تووشی داچڵەکینمان بکات – بێدارکردنەوە لەناو پێوەری تازەدا دەبێتە هۆی داچڵەکاندن.

جەین هیرشفیلد سەرەتای بەشی سێیەمی کتێبەکەی خۆی بە پرسیارێک دەست پێ دەکات: ئەوە چییە کە هێزی شیعرێکی گەورە بە جۆرێک دەپارێزێت، کە هەموو جارێک خوێنەرەکانی دەجووڵێنێت، دەڵێی یەکەم جارە دەیخوێننەوە. خۆ دیاردەی دیکە زۆرن سەرنجیان بدەین، بەڵام هیچیان وەک شیعر نین. تەنانەت ئەو دۆزینەوانەی کە کاتی خۆی زۆریش شۆڕشگێڕانە بوون، وەک ئەوانەی کۆپەرنیکوس و نیووتۆن، ئێستا وەک شتی ئاسایی و لە ڕووی هەستەوەرییەوە بێلایەن دەبینرێن، لە دەشتی بیرکردنەوەدا وەک کورسییەک کە دەمێکە ئاشنای بین و وەک گاشەبەردێکی پشت ماڵەکەمان دەیانبینین. لەم ڕووەوە هونەر جیاوازە؛ کاردانەوە، دۆزینەوە ڕاستینەکەیە، ئیتر ئەگەر بە تێگەیشتن، ئێستێتیکیانە یا هەستەکییانە بێت، یانیش ئەگەر هۆشیارانە شی کرابێتەوە، یا بێ هیچ تێگەیشتنێک هەستی پێ بکرێت، وەک چۆن گایەک هەست بە داردەستێک دەکات. شیعرێک کە ماوەیەکی دوورودرێژ لە بەر کرابێت دەتوانێ، بە لای کەمەوە، لای ئەو کەسەی لە بەری کردووە، ئاشکراکردنێکی گێژانە دروست بکات. ئەزرا پاوند (١٨٨٥–١٩٧٢) بە جۆرێکی سادە دەریبڕیوە: "شیعر ئەو تازەیەیە کە هەر بە تازەیی دەمێنێتەوە."

ئەوە ئێمە خۆمانین کە دەبێ ببینە ناوەندی قووڵایی نوێیەتیی شیعر. بەڵام کارکردەکە، وا دیارە، کارێزێکی دووسەرەیە: خۆیەکی گۆڕدراو مەعنای تازە لە شیعرێکی باشدا دەدۆزێتەوە، بەڵام شیعرێکی باشیش شێوەی "خۆ" دەگۆڕێت. کە شیعرێکی باش دەخوێنینەوە، ئێمە ئیتر ئەو کەسەی ساتێ لەوەوبەر نین. بۆ ئەوەی ئەم کارکردە دوولایەنە ڕوو بدات ئاگاداری و هۆشیاری گرنگن. یەکەمین کاری فریودەرانەی هونەر بانگکردن و بەجۆشهێنانی ئامادەیی و ئامادەبوونە. ئەگەر شیعرێک، کۆنسێرتێکی پیانۆ، یا نیگارێک ئەوەندە گوشارهێن و زیندوو نەبن کە داوامان لێ بکەن بە وریایی ئاگامان لە کەشفکردنی ئەو کاتە بێت، ئەوانە، لەو ساتەوەختەدا، هونەری تەواو نین، بەڵکە تەنیا شتگەلێکن بە ناوی هونەرەوە خۆیان

دەنوێنن و وا ڕووی داوە، بە ڕێککەوت، ئێمەیش هەر لەو جێگایەداین. کارێکی هونەری ڕەنگێک نییە بەسەر پارچەیەک پەڕۆ یا گونییەیەکەوە پەخش کرابێت، بەردێک نییە هەڵکۆڵرابێت، گڵێنەیەک نییە لە کوورەدا سووتێنرابێت، ژێی کەمانێک نییە بلەرێتەوە، مەرەکەبی ڕەشی سەر کاغەزێک نییە، بەڵکە هاوکاریی چالاکانە، گورجوگۆڵانە و بەشدارانەی ئێمەیە لەگەڵ ئەو فۆرم و ڕەنگ و نیشانە و دەنگانەدا. هونەر لەوەدا دەژی کە لەناو ئێمەدا بێداری دەکاتەوە.

شیعر نوێیەتیی کردنەوە و سەرەتاییی خۆی تا ڕادەیەک بۆیە دەپارێزێت چونکە وەک هەستی هەڵچوون وایە؛ بابەت نییە، بەڵکە ئەزموون و ڕووداوە. هەستی خرۆشاو لەبارەی هەلومەرجی ئێستاوە، لەبارەی پێویستییەکانی ئێستاوە دەدوێت و ئاگاداری دەدات. ئەو شیعرانەی کە بە هێند وەردەگیرێن و دەمێننەوە، ئەوانەن کە هێزی حەپەساندن و بزواندنی خوێنەرەکانیان، بە شێوەی دەمودەست، لە دەست نادەن.

کەشفکردنی داهێنەرانە بە گرێدانەوە و ڕێکخستنەوەی بەرهەمهێنانە دروست دەبێت: شتی ناجۆر و نایەکسان بە شێوەیەک کۆ دەکرێنەوە کە پێشتر نەبینراوە، ئەوجا وا دەناسرێن کە گشتێکی بەسوودیان پێک هێناوە. ئەو شتانەی کە بە شۆڕشگێڕانە و "بوومەلەرزەئاسا" ناو دەبرێن ئەوانەن، بۆ نموونە کە کۆپەرنیکوس جێوڕێی مانگ و هەسارەکانی ڕێک خستەوە، کە بۆچوونە هەرە ڕۆژانە و پرسیارلێنەکراوەکانمان دەگۆڕن و دادەڕێژنەوە.

داچڵەکێن زانراو دەڕنێت و لا دەبات لەپێناوی تازەدا. ئەو شیعرانەی ئێمە هەڵیاندەگرین و دەیانپارێزین، چ وەک تاکەکەس و چ وەک فەرهەنگ، ئەوانەن کە نەک تەنیا بە شێوەیەکی بەهێز کارمان لێ دەکەن، بەڵکە هەندێ هۆی وەهایشیان پێیە کە بیرەوەرییەکانی خۆیان وە بیر بهێننەوە. ئەو شیعرانەن کە دەمانەوێ بگەڕێینەوە سەریان، بۆ خوێندنەوە و وتنیان، کاتێ پێویستمان بە شیعرە. داچڵەکێن وەک ئاسنکێش (ماگنێت) بیر و هۆش ڕادەکێشێت. منداڵێکی ساوا کە گوێی لە دەنگێکی چاوەڕواننەکراو دەبێت، یەکسەر ڕادەوەستێت و تیژ تیژ تەماشا دەکات. کە مرۆڤ دادەچڵەکێت، دەڵێیێ هەموو هەبوون ڕادەوەستێت، تا باشتر تێبگات چی ڕووی داوە. داچڵەکێن بابەتی خۆی بە "چاک" یا "خراپ" ناپێوێت. ڕەنگە ئەوە دواتر بێت، بەڵام گەوهەری بابەتی داچڵەکێن پرسیارە، زۆر بە سادەیی "ئەوە چییە؟"یە، کە لەبارەی

هەموو گۆڕانێکی کوتوپڕەوە پرسیار دەکرێت.

لە شیعردا، داچڵەکێن وردبوونەوە و ئاگایی، هەر بە یەک شێوە، قووڵ، کۆ و پاک دەکاتەوە: مێشکی پێشبیر (Preconception) ڕادەوەستێنرێت، بۆ ڕێگەدان بە وەرگرتنێکی تازەتر. پۆلێنزانیی (Taxonomy) داچڵەکێنی شیعر زۆر پلە دەگرێتەوە: ناچاوەڕوانکراو دەکرێ لە وشە، سینتاکس، چەمک، وێنەی خەیاڵ یا ڕەوانبێژیدا ڕوو بدات. داچڵەکێن ئەو دەروازەیەیە کە نوێ (تازە) دەبێ بەناویدا بروات. ئەگەر لە شیعرێکدا شتێک کەسانی دیکە دادەچلەکێنێت، کەواتە دەبێ پێشتر، یەکەم جار دانەرەکەی داچڵەکاندبێت. ڕۆبێرت فرۆست، شاعیری ئەمەریکی (١٨٧٤–١٩٦٣) دەڵێ "نووسەر داناچڵەکێنێت، کەواتە خوێنەریش داناچڵەکێنێت." شیعر وا پێ دەچێت لە (خۆ)وە دێت ئەگەر نەینووسیت. نووسەر دەزانێت شیعرەکان دیارین، بە هۆی هاوکاری و هاودەستیی تاکەکەسی لەگەڵ زماندا، خۆ لەگەڵ نائاگادا، کۆبوونەوەی شەخسی و چەمک لەگەڵ ماتەریاڵی دابیننەکراو و ڕووداوەکانی جیهاندا، وە دەست دەهێنرێن. پیکاسۆ (١٨٨١–١٩٧٣) دەیگوت، "من بۆی ناگەڕێم، دەیدۆزمەوە."

لەم کتێبەدا، هیرشفیلد نەهاتووە تەنیا بە تیۆریی ڕووت بیر و مێشکی خوێنەر داگیر بکات، بەڵکە هەوڵی داوە بە نموونەی جۆراوجۆر، سەرنج و بۆچوونەکانی خۆی جەخت بکات، تا خوێنەر بتوانێت چاکتر لە لایەنە تیۆرییەکانی باسەکە بگات. وتاری سێیەمی کتێبەکەی هیرشفیلد لەبارەی داچڵەکێنەوەیە، وەک یەکێک لە بنەما ئێستێتیکییەکانی شیعرێک کە دەتوانێت بەرگەی تێپەڕینی ڕۆژگار بگرێت. لەم باسەدا نووسەر سێ شیعر بە نموونە دەهێنێتەوە و هەوڵ دەدات تیشکدانەوە و وردەکاریی بۆچوونە تیۆرییەکانی خۆی لە لایەنە جیاوازەکانی ئەو شیعرانەدا بدۆزێتەوە. هیرشفیلد تەنیا لە ئەدەبی ئینگلیزییەوە نموونە ناهێنێتەوە، بەڵکە هەوڵ دەدات پێوەرە هونەرییەکانی خۆی لە تێکستی دیکەیشدا تاقی بکاتەوە، ئەگەرچی بە هۆی تەرجەمەوە، شیعر بەشێکی گەورەی پێکهاتەی هونەریی خۆی لە دەست دەدات. نموونەی یەکەم شیعری "ئیتاکا"ی شاعیری یۆنانی کۆنستانتین پ. کاڤافییە (١٨٦٣–١٩٣٣)، شیعری دووەمیش "سەدەف"ی شاعیری ئیرلاندی شێمووس هێنییە (١٣–٤–١٩٣٩ لە دایک بووە) و تێکستی سێیەمیش کورتەشیعرێکی ڕۆبێرت فرۆستە: "هیچی زێڕ نامێنێتەوە."

بێجگە لە لێکۆڵینەوە تیۆرییەکانی، جەین هیرشفیلد هەوڵی داوە بەشێک لە بیرباوەڕەکانی خۆی لەسەر شیعر و هونەر و ئێستێتیک و زمان و داهێنان لە دیدارەکانیشدا بگەیێنێتە خوێنەرانی. ئەو زۆر بە شێوەیەکی سادە و جوان باسی پێوەندیی خۆی لەگەڵ شیعری ژاپۆنی و چینی دەکات و چۆن لە ڕێگەی ئەو شیعرانەوە پێوەندیی بە بودیسمەوە دامەزراندووە. وەک دەڵێ لە سەرەتادا شیعرەکانی بە تەرجەمەکراوی دەخوێندنەوە، بەڵام وا دیارە دواتر خۆی فێری ئەو زمانانەیش کردووە لەپێناوی ئەوەدا کە ڕاستەوخۆ لە ڕۆحی شیعر و ڕۆژهەڵات و جوانی نزیک ببێتەوە.

## کامیلۆ خۆسێ سێلا

**Camilo Jose Cela**

### وەرگری خەڵاتی نۆبێل لە ئەدەبدا – ١٩٨٩

ڕێک لە کاتی خۆیدا، وەک هەموو ساڵێ، سکرتێری هەمیشەییی ئاکادێمیی سوێد ستوورە ئاللێن Sture Allen، سەعات یەکی پاش نیوەڕۆی ١٩ی ئۆکتۆبری ئەمساڵیش دەرگاکەی کردەوە و بەرانبەر سەدان ڕۆژنامەگەر و هەواڵدەری ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکانی جیهان بڕیارەکەی ئاکادێمیی خوێندەوە:

خەڵاتی نۆبێل لە ئەدەبدا دەدرێ بە نووسەری ئەسپانیایی کامیلۆ خۆسێ سێلا (ڕاستییەکەی ناوەکەی بە ئەسپانیایی وەک ثێلا دەخوێنرێتەوە)، Camilo Jose Cela. دیارە وەک هەموو ساڵێکیش، هەر لەگەڵ ئاشکرابوونی ناوی وەرگری خەڵاتەکەدا، دەمەتەقێ و مشتومڕێک کە سەرەتای هەیە و کۆتاییی نایەت، لەناو نووسەران و ڕەخنەگران و ڕۆژنامەگەران و فەرهەنگکارانی دیکەدا دەست پێ دەکات. هەندێک پێیان وایە بڕیارەکەی ئاکادێمی بەجێیە و نووسەرەکە شایانی ئەو خەڵاتەیە و هەندێکیش سوورن لەسەر ئەوەی نووسەرەکە یەکێکی نەناسراو و بێناوە و ئەدەبەکەشی هیچ نرخێکی نییە و نەدەبوو خەڵات وەربگرێ. خەڵکی واش هەیە بە جۆرێکی دیکەی دەردەبڕن؛ ڕاستە ئەمیش نووسەرێکی چاکە، بەڵام نووسەری زۆر گەورەتر لە جیهاندا هەن کە دەبوو ئەوان پێشتر وەریبگرن.

سێلا ساڵی ١٩١٦ لە ئێریافلاڤیا، لە هەرێمی لاکۆرونیای ئەسپانیا، لە دایک بووە، بابی ئەسپانییە و دایکی ئینگلیز. لە ڕووی سیاسییەوە ڕەنگێکی تایبەت بە سێلا نابینرێ. لە کاتی شەڕی ناوخۆی سپانیادا ماوەیەک لەگەڵ فالانژیستەکاندا (واتە فاشیستەکاندا) بوو. خۆی پێی خۆش نییە باسی ئەو سەردەمە بکات، بەڵام ئەوەش هەیە کە لە سەردەمی دیکتاتۆریی فرانکۆدا یەکێک لەو ڕووناکبیرانە بوو کە دژی سانسۆری ڕژێم ڕادەوەستا و داوای ئازادی بیروباوەڕ و نووسین و دەربڕینی دەکرد،

له نووسینەکانیدا باری ناهەمواری کۆمەڵگەی سپانیای پێشان دەدا، ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی کە هەندێ لە ڕۆمانەکانی لە وڵاتەکەی خۆیدا قەدەغە بکرێت و خوێنەران بە دزییەوە دەستاودەست بیگێڕن.

ساڵی ١٩٤٢ سێلا هێشتا ٢٦ ساڵان بوو کە لە ئەدەبی ئەسپانیادا بوو بە ناوێکی گرنگ. لەو ساڵەدا ڕۆمانی (فامیلی پاسکال دوارتێ)ی نووسی. پاسکال دوارتێ مرۆڤێکی ساکار و سادەیە و هەقی خۆی بە دەستی خۆی دەستێنێ. ئەو لە کۆمەڵگەیەکی پڕ لە هەرا و زەبروزەنگدا گەورە دەبێ و خۆیشی گەلێ تاوان دەکات و لە کۆتاییدا دایکی خۆیشی دەکوژێ. شانۆی ڕووداوەکان ئێکستریما دوورا، یەکێک لە هەرێمە هەرە دواکەوتووەکانی سپانیایە.

ڕۆمانی (شارەهەنگ) ساڵی ١٩٥١ لە بۆینوس ئایرەس، ئەرژەنتین، بڵاو کرایەوە. سانسۆری سپانیا قەدەغەی کردبوو. لە شارەهەنگدا سێلا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بەڵام کاریگەر، ئەو درزە گەورانەی نێوان ڕەوشتی ڕەسمی و واقیعی سارد و سڕی کۆمەڵ باس دەکات. ڕووداوەکانی شارەهەنگ لە بەشە ناوەندەکانی شاری مەدرید، لە ڕۆژانێکی ساردی کۆتایی ساڵی ١٩٤٣دا ڕوو دەدەن. کەسانی ڕۆمانەکە یەکجار زۆرن؛ چەند سەد کەسێک دەبن و زۆربەیان هەژارن، بەڵام – وەک هەمیشە– کەسانێکیش هەن کە دەزانن چۆن بچنە سەرشانی خەڵکی دیکە و خۆ بگەیێننە سەرێ، بەتایبەتی وردە بازرگانان.

دیمەنی زاڵی ڕۆمانەکە بەدبەختی و پێپەستبوونێکی فیزیکی و دەروونییە کە سەرتاپێی کۆمەڵی گرتۆتەوە. ئەوی بەهێزتر بێ، دەزانێ چۆن ئەم باری نایەکسانییە بە کار بێنێ. لە هەمووان بەدبەختتر ئەو کچۆڵانەن کە بێ دایک و باوکن و لەبەر گەلێ هۆ لە زەلکاوی کۆمەڵگەکەدا گیرساونەوە. شارەهەنگ تا سەرەتای ساڵانی ٦٠یش لە ئەسپانیا قەدەغە بوو.

سێلا ساڵی ١٩٥٢ (خاتوو کاڵدوێل لەتەک کوڕەکەیدا دەدوێ)ی بڵاو کردەوە، کە ڕۆمانێکی بۆ کاتی خۆی، ئەزموونکارانەیە. ڕۆمانەکە بە ناوی کەسی دووهەمەوە نووسراوە و بریتییە لە نامە و سەرنجەکانی خاتوو کاڵدوێل کە بۆ ئیلیاکیمی کوڕی نووسیوە. کوڕە لە هەلومەرجێکی ناخۆشدا لە زەریای ئێگەدا سەری تێدا چووە و دایکەش ئاخریەکەی دەکەوێتە شێتخانەیەک.

وەکو گەلێ نووسەری دیکەی نەوەکەی خۆی سێلاش سالانی شەڕی ناوخۆ ۱۹۳٦ – ۱۹۳۹ وەک خەونێکی ناخۆش یاد دەکاتەوە، بە تایبەتی لە ڕۆمانەکانی ئەم دواییەدا. ڕۆمانی (ئێوارە، رۆژ و هەفتەی سان کامیلۆ، لە سالّی ۱۹۳٦دا لە مەدرید) سالّی ۱۹٦۹ بلاو کرایەوە. سێلا ڕۆمانەکەی ئاوا پێشکێش دەکا: «پێشکەشە بەو لاوانەی سالّی ۱۹۳٦ تازە بۆ سەربازی ناونووس دەکران و هەر هەمووشیان سەر و شتیان لە دەست دا؛ ژیان، ئازادی، خەیالّی خۆش، هیوا، شەرەف. نەک بۆ سەرەڕۆیانی بێگانە، فاشیستان و مارکسیستان، کە بۆ خۆشی و ڕابواردن خەڵکی ئەسپانیایان وەک کەروێشک دەکوشت و نەدەبوو ئەو مافەیان پێ درابا کە دەست لە کاروباری ئێمە وەردەن.»

(مازورکا بۆ دوو مردوو) ڕۆمانێکی دیکەیە سالّی ۱۹۸۳ بلاو کرایەوە. ئەمەیان پڕە لە گان و ترس و مردن. کاتی ڕۆمانەکە سالانی شەڕی ناوخۆیە و جێگەش هەرێمی باراناوی و سەوز و خەمباری گالیسیایە کە زێدی سێلا خۆیەتی. هەر ئەمەشە وای کردووە کە نووسەر لە کۆتاییی ڕۆمانەکەدا لیستێکی درێژی وشە و دەربڕینی گالیسی بۆ زمانی ئەسپانی تەرجومە دەکات و ڕوونیان دەکاتەوە.

تازەترین ڕۆمانی سێلا سالّی پار بلاو کرایەوە؛ (مەسیح بەرەو ئاریزۆنا). ئەمەشیان پڕە لە زەبر و زەنگ و وڕێنە و چیرۆکی سالانی ۱۸۸۰ – ۱۹۲۰ی ناوچەی باشووری ڕۆژاوای ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

بێجگە لە ڕۆمان نووسین، سێلا لە بوارێکی دیکەشدا پێشەنگ بوو؛ گەشتنامە، ئەمە ئەزموونی ڕاستەقینەی خۆیەتی. نووسەر کۆڵەکەی داوە بەسەر شانیدا و بە پێ گەلێ ناوچەی ولاتەکەی گەڕاوە و ژیان و گوزەرانی خەڵکەکەی لە نووسینەکانیدا باس کردووە. « گەشتێک بۆ ئەلکاریا »، ۱۹٤۸، بەرهەمی ئەم گەشتانەیە.

سالانی پەنجا سێلا دەستی کرد بە بلاوکردنەوەی گۆڤاری پاپێلەس دی سۆن ئارمادانس (Papeles de son Armadans) گۆڤارەکە سالّی ۱۹۷۹ داخرا و تا ئەو کاتە، کە سالّی بیستوسێیەمی بوو، ۲۷٦ ژمارەی لێ بلاو کرابووەوە. ئەمە گۆڤارێکی یەکجار دەوڵەمەند و پلەبەرز بوو، و بە گەنجینەیەکی بەنرخ دادەنرێ بۆ کەسێ هەوەسی لە ئەدەبی ئەسپانیایی و ئەمەریکای لاتینی هەبێ. ئێستا، سالّی ۱۹۸۹، سێلا خەریکە ڕۆمانی (دون کیخۆتە)ی سێرڤانتیس بۆ پێشاندانی تەلەڤیزیۆنی ئامادە دەکات.

کامیلۆ خۆسێ سێلا، کە لە تەمەنی ٤١ ساڵیدا بۆ ئەندامێتیی ئەکادیمیی ئەسپانیا هەڵبژێردرا، نووسەرێکی توانا و فرە بەرهەمە. سەرجەمی نووسراوەکانی دەگاتە نێزیکەی سەد جزمێک، جگە لە ژمارەیەکی یەکجار گەورەی لێکۆڵینەوە و وتاری ڕۆژنامەیی.

هەر لە سەرەتای ساڵانی شەستەوە سێلا توانیویەتی بە داهاتی نووسینەکانی بژی. ئەو بەوەش ناسراوە کە زۆری حەز بە ژیانی خۆش و ڕابواردنە؛ خواردن و خواردنەوەی چاک و بەتام، تەڕپۆشی و ژن و کچۆڵەی ناسک و لەبار. دیارە بە وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێل سێلا ژیان و گوزەرانێکی باشتر و خۆشتری بۆ دەڕەخسێ. بەڵام ئایا پێی دەکرێ، هەر نووسەرە بەبڕشت و فرەبەرهەمەکەی جاران بێ، یا نێزیکەی دوو ملیۆن کرۆنی سوێدی پێنووسەکەی لە گۆ دەخا؟!

تا یەکدوو ساڵێکی دیکە ئەمەشمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

گۆڤاری مامۆستای کورد – ژمارە: ٨

زستانی ١٩٨٩ – ١٩٩٠

## ئالبێر قوسێری و گەدا سەربەرزەکانی

ئەوەی لە سەرەتاوە سەرنجی منی بۆ لای ئالبێر قوسێری ڕاکێشا، بەڕاستی، بەرهەم و نووسینەکانی نەبوو، بەڵکە ژیانی خۆی بوو. ئەویش کەی؟ لەو ڕۆژانەدا کە کۆچی کرد و ئیتر هیچی دیکە نەمابوو بیخاتە سەر چیرۆکی ژیانەکەی، یا بیخاتە سەر گەنجینەی بەرهەمەکانی. پێشتر، پێش ئەوەی بمرێت، نە ناویم بیستبوو، نە هیچ نووسینێکی ئەویشم خوێندبووەوە. ئەو شێوەژیانەی ئەو بۆ خۆی هەڵبژاردبوو زۆر دەگمەن بوو. کە دەستیشم کردە گەڕان بە دوای ژیان و بەرهەمەکانیدا هۆیەکی دیکەیش پەیدا بوو کە حەز بکەم زیاتر بیناسم و ئەگەر بکرێت پێشکەشی خوێنەری کوردیشی بکەم؛ پاڵەوانی یەکێک لە ڕۆمانەکانی، **گەدایان و شکۆمەندان** (یا گەدایانی سەربەرز)، کوردە. کوردبوونی کابرا هەر ناوەکەیەتی، دەنا نە کوردایەتی دەکات و نە دەیشزانێ کوردستان لە کوێیە. نووسەر ناوی ناوە کوردە (ئەلکوردی: الكردي) و لە تەرجەمەی سوێدیی ڕۆمانەکەدا، کە من خوێندمەوە، ناوەکەی هەر وا نووسراوە. بەڵام کورد ببێ و نەبێ، من کابرام خۆش ویست.

ئالبێر قوسێری، کە بە "ڤۆلتێری نیل" ناسراوە، ٣-١١-١٩١٣ لە قاهیرەی پێتەختی میسر، لە خێزانێکی مەسیحیدا لە دایک بووە. هەر لە سەرەتاوە بە زمانی فرانسی نووسیویەتی، چونکە لە سییەکاندا، فرانسی زمانی ناوکۆی چینی ناونجی بوو لە قاهیرە. دوای بڵاوبوونەوەی کۆمەڵەچیرۆکی (لەبیرکراوانی خوداوەند/ئەو مرۆڤانەی خودا لە بیری کردن) و ڕۆمانی (ماڵی مردنی حەتمی) لە سەرەتای چلەکانی سەدەی پێشوودا، لە قاهیرە، ساڵی ١٩٤٥، میسری بە جێ هێشت و ڕووی کردە پاریس و هەتا مردنیش هەر لەوێ ژیانی بردە سەر، بەڵام هەتا مردیش، ئەگەرچی هەر بە زمانی فرانسی دەینووسی، خۆی بە نووسەرێکی میسری دادەنا. لەو حەوت ڕۆمانەیش کە نووسیونی، یەکێکیان نەبێت، ئەوانی دیکە هەموو باسی ژیانی ئەو سەردەمەی میسر دەکەن کە خۆی لەوێ ژیابوو، واتە میسری بیستەکان و سییەکانی سەدەی پێشوو.



ئالبێر قوسێری ١٩١٣ – ٢٠٠٨

ئالبێر قوسێری هەر لە سەرەتاوە کە لە پاریس نیشتەجێ بوو، لەگەڵ دەستەی هەڵبژاردەی نووسەر و ڕووناکبیرانی ئەو وڵاتەدا ئاشنایەتی و دۆستایەتیی پەیدا کرد، کەسانی وەک ژان پۆڵ سارتر، ئالبێر کامو، لۆرانس دورێل، ژان ژینێ، تریستان تزارا و زۆری تریش. هینری میللەریش یەکێک لە دۆستە نزیکەکانی بوو. کاتێ چاپی دووەمی (ئەو مرۆڤانەی خودا لە بیری کردن) بە ئینگلیزی و لە ئەمەریکا بڵاو کرایەوە، میللەر پێشکەشی کردبوو.

لە ساڵی ١٩٤٥ەوە لە پاریس نیشتەجێ بوو، هەر لەوسایشەوە ژوورێکی میوانخانە (هۆتێل)ی (لا لویزیان)ی، لەسەر شەقامی سێن، کردە ماڵ بۆ خۆی و هەتا ئەو ڕۆژەیش کە مرد هەر لەو ژوورەدا و لەو هۆتێلەدا ژیا. ڕۆژانە، دوای ئەوەی نیوەڕۆ لە خەو هەڵدەستا، کاتێکی زۆری لە قاوەخانەی فلۆر لە "سانت جێرمان دێ پرێ" بە خوێندنەوە و تەماشاکردنی خەڵک و هاونشینیی دۆستانی دەبردە سەر. شەوانیش زۆرجار لەگەڵ کامودا، دوو بە دوو، بە شەقام و کۆڵانەکانی گەڕەکی لاتیندا دەسووڕانەوە و خەریکی ژنبازی بوون. لە سەرەتای نەوەدەکاندا بە خۆهەڵکێشانەوە وتبووی تا ئەو کاتە لەگەڵ زیاتر لە سێهەزار ژندا نووستووە. ئەو بەوەیش ناسرابوو کە کەسێکی شیکپۆش و ئەنارکیستە. فەلسەفەی قوسێری فەلسەفەی (تەمەڵی) بوو. ئەو دەیگوت ئەم دنیایە پڕە لە شتی جوان، بەڵام ئەو چاوانەی دەیانبینن کەمن. تەمبەڵی و بێکاری بە لای قوسێرییەوە شێوەیەک بوو بۆ ژیان، چونکە گەورەترین

شتی پێ دەبەخشی: کات، بۆ بیرکردنەوە و سەرنجدان، ئەو هەلەیشی پێ دەدا کە پڕاوپڕ و دەقە بە دەقە بژی. ئەو دژی مادده و ماددەپەرستی بوو، پێی وا بوو مادده دەبێتە هۆی دیلکردنی مرۆڤ و دابڕینی مرۆڤ لە ڕۆحی خۆی، بەڵام هەژاری ڕێگەی سەربەرزییە، ڕێگەیەکە بۆ پەروەردەکردنی ویژدانێکی زیندوو. قوسێری کە ژووری هۆتێلێکی کردبووە ماڵ بۆ خۆی، پێی باش بوو کە تەنانەت خاوەنی ژوورێکیش نەبێت، خاوەنی ئەو نوێنەیش نەبێت کە تێدا دەنوێ. ئەو بە کۆمەکی دۆستەکانی و بە پارەی نووسینەکانی دەژیا. قوسێری ڕۆژی ٢٢-٦-٢٠٠٨ کۆچی دوایینی کرد.

ئەو ئەگەرچی تەمەنێکی زۆر درێژ ژیا و بە تەنیایش دەژیا، ئەگەرچی نزیکەی شەست ساڵی تەمەنی خەریکی نووسین بوو، بەڵام تەنیا هەشت کتێبی نووسیون؛ کۆمەڵەچیرۆکێک و حەوت ڕۆمان. لە نووسیندا هیچ پەلەی نەبوو. هەمیشە پێی وا بوو کارەکانی ناتەواون. جاری وا هەبوو لە حەفتەیەکدا یەک ڕستەی دەنووسی، بەڵام ڕستەیەکی دەمەزەردکراو. هیچ سەیر نییە کە بزانین دوا ڕۆمانی، کە ساڵی ١٩٩٩ بڵاوی کردەوە بە پانزدە ساڵ نووسیبووی. ساڵی ١٩٩٨ تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بوو، ساڵی دواتریش وازی لە نووسین هێنا، وتی ئیتر هیچم پێ نەماوە بیڵێم. قوسێری لە ماوەی ٩٥ ساڵی ژیان و نزیکەی ٦٥ ساڵ نووسەریدا ئەم کتێبانەی بڵاو کردوونەوە: **لەبیرکراوانی خوداوەند** (ئەو مرۆڤانەی خودا لە بیری کردن)، ١٩٤١؛ **ماڵی مردنی حەتمی**، ١٩٤٤؛ **تەمبەڵەکان لە دۆڵێکی بەپیتدا**، ١٩٤٨؛ **گەدایانی سەربەرز**، ١٩٥٥؛ **زەبروزەنگ و گاڵتەجاڕی**، ١٩٦٤؛ **پیلانێکی تەنافبازان**، ١٩٧٥؛ **بەرزوپستییەک لە بیاباندا**، ١٩٨٤؛ **ڕەنگەکانی بەدناوی (شووڕەیی)**، ١٩٩٩.


کۆمەڵەچیرۆکی (ئەو مرۆڤانەی خودا لە بیری کردن) ساڵی ١٩٤١ بڵاو کرایەوە و لە پێنج چیرۆک پێک دێت. پاڵەوانەکان هەموو خەڵکی گەڕەکە هەژارنشینەکانی قاهیرەن، ئەو شارەی کە نووسەر بەشێکی ژیانی خۆی تێدا بە سەر بردبوو، لەوانەن کە لە کەناری کۆمەڵدا دەژین، هەمیشە برسییانە و هەتاوی گەرمی هاوین دەیانسووتێنێت. ئەمانە لە ژیان بێزار دەبن، لە بێدادی و زۆرداری و چەوسانەوە بێزار دەبن، پەنا دەبەنە بەر بەنگکێشان (حەشیشەکێشان) و ڕابواردنی سێکسی، خۆیان بە هەندێ وردەکارەوە خەریک دەکەن کە نە هیی ئەوەیە ڕۆمانتیکانە تەماشا بکرێت، نە ئەوەیش کە بخرێتە چوارچێوەیەکی ئەخلاقییەوە و بە سووک دابنرێت.

قوسێری هەر بە باسکردنی ئەو جۆرە ژیانە ئەرکە هونەری و مرۆڤانەکە لە کۆڵ خۆی ناکاتەوە، بەڵکە هەڵویستیش دەنوێنێت، بەڵام نەک هەڵویستی خۆپێشاندەرانەی سیاسی. ئەو بە زمانی هونەر و بە زمانی ڕووداوەکان دەدوێت و هەڵویستەکەیشی هەر بەو زمانە دەردەبڕێت، دژی ئەوەی پێی دەڵێن کۆمەڵگەی شارستانی و بۆ بەرگری لەوانەی لە کۆمەڵ دەرکراون و پەراوێز خراون. لە دواچیرۆکی ئەم کتێبەدا (لەبرسامردووان خەون هەر بە نانەوە دەبینن)، سەیید کەرەم، دوای بیرکردنەوەیەکی تەواو لە ژیان، دەگاتە ئەنجامگرییەکی ئاوەها: "لە ئێستا بە دواوە خۆشەویستییەکەم مەعنایەکی دەبێت و ژیانیشم هۆیەکی هەیە: شەڕکردن. شەڕکردن، ئێستا و هەمیشە، دژی ئەو هێزە بەربەرییانەی کە دەبنە هۆی ئەوەی منداڵانی ئەو خەڵکە بە پێی پەتی بەناو قوڕ و چڵپاوی کۆڵاناندا بسووڕێنەوە".

قوسێری، نەک هەر ئەم کۆمەڵەچیرۆکە، بەڵکە هەموو ڕۆمانەکانیشی بۆ ئەو جۆرە کەسانە تەرخان کردوون؛ بۆ هەژار و دەربەدەر و بەنگکێش و گەوواد و قەحپە و دز و گەداکانی قاهیرە. بەرانبەر بەوانیش، دیارە، کەسانی دیکەیش هەن؛ کەسانی پاک و تەمیز و دەستەڵاتدار و لەخۆبایی و بێشەرەف.

ئەو شێوەژیانەی ئالبێر قوسێری بۆ خۆی هەڵبژاردبوو، بەتایبەت دوای ئەوەی لە پاریس نیشتەجێ بوو، نە لاساییکردنەوەی کەسێک بوو، نە هەوڵدانیش بوو بۆ خۆدەرخستن و سەرنجڕاکێشانی دەوروبەرەکەی. ئەو سادە و ئاسان بەو شێوەیە دەژیا کە دەیویست بژی، بەپێی قەناعەت و بیروباوەڕی خۆی دەژیا. ئەمە لە ڕواڵەتدا بە شتێکی ئاسان دێتە بەرگوێ، بەڵام نەک هەر ئاسان نییە، بگرە ئەوانەی لە کۆمەڵە جیاوازەکاندا دەتوانن بەو شێوەیە بژین یەکجار کەمن.

فەلسەفەی قوسێری فەلسەفەی تەمبەڵی و بێکاری بوو، بەڵام بێگومان ڕستەیەکی وەها ناهەقییەکی زۆری تێدایە بەرانبەر پیاوێک کە بە دڵ و بە گیان و بە هونەرەکەی لایەنگری هەژاران و بێدەستەڵاتان بوو. ئەو نەک هەر لە جیاوازییە چینایەتییەکان گەیشتبوو و شارەزای مەرگەساتی ئەوانە بوو کە پێی وا بوو "خودایش لە بیری کردوون"، بەڵکە دوژمنێکی سەرسەختی دەستەڵات و دەستەڵاتدارانیش بوو. جیاوازیی قوسێری لەگەڵ نووسەرانی مارکسیست، یا هەڵگرانی هەر فەلسەفەیەک کە باوەڕی بە شۆڕشگێڕی و گۆڕین هەبێت، ڕەنگە لێرەوە دەست پێ بکات. ئەم



ئەو مرۆڤانەی خودا لە بیری کردن

خۆی ناکاتە پاڵەوان و پێشەنگ، کەسیش هان نادات بۆ ڕووخاندنی قەڵای زۆرداری و خـۆیشـی لە کەس نـاکاتە ڕێنـوێن. وەک هونەرمـەندێک، وەک نووسـەرێک ئەوەی بە لاوە گرنگە وێنەیەکی زیندووی کۆمەڵ بگرێت و بیخاتە بەر دەست و چاو و مێشکی خوێنەر. ئیتر لەوە بەدوا ئەرکە فکری و ئیدیۆلۆگییەکە دەبێتە هیی تێکستەکە. ئەوە تێکستەکەیە کە دەتوانێت ناوەڕۆکی بیری مرۆڤانەی داهێنەرەکە بگەیێنێت.

ڕۆمـانی ''گـەدایانی سـەربەرز'' نموونەیەکی ئەو هـونەرەیە کـە بیـر و هەڵوێست و جیهانبینیی ئالبێر قوسێری بە جوانی بەرجەستە دەکات. ڕووداوەکان دەگەڕێنەوە بۆ قاهیرەی سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابوردوو. قاهیرەی ئەوسا پێتەختێکە بە دەیان گەڕەکی هەژارنشین گەمارۆ دراوە، بەڵام بەشێکی تازەیشی هەیە ناو نراوە شاری ئەوروپایی. کۆتاییی ڕۆمـانەکەیش دەبێ هاوینی سـاڵی ١٩٤٥ بێت، چونکە باسی بۆمبی ئەتۆمی دێتە ئاراوە. لە ڕۆمانەکە خۆیدا باسی لێدانی هیرۆشیما بەو بۆمبە نەکراوە، بەڵام لەو فیلمەدا کە دەرهێنەری میسری ''ئەسماء ئەلبەکری'' لەسەر ڕۆمانەکەی هەڵچنیوە، لە دوا دەقیقەدا ڕادیۆی قاهیرە باسی ئەوە دەکات کە بە بڕیاری سەرکۆماری ئەمەریکا ''هاری تروومان: ١٨٨٤-١٩٧٢'' بۆمبی ئەتۆمی کێشراوە بە شاری هیرۆشیمای جاپانیدا. ئەو کارەساتە ڕۆژی ٦-٨-١٩٤٥ ڕووی دا.

لە ڕۆمانی "گەدایانی سەربەرز"دا کەسەکان لەبەر کردەوەکانیان پاڵەوان نین. ئەوەی دەیانکات بە پاڵەوانی ڕۆمانەکە بیرکردنەوە و هەڵوێست و جیهانبینییەکەیانە. ئەوان بۆ پاڵەوانەتی ناگەڕێن و مێژوویش نە دروست دەکەن و نە دەگۆڕن، کاریان بە مێژوو هەر نییە. بەرانبەر هەموو درێوی و ناڕەوایی و زۆردارییەکانی ژیان هەڵوێستێکیان هەڵبژاردووە کە بە کوردی دەکرێ لە یەک وشەدا کورت بکرێتەوە: فشەیە!.

وا پێ دەچێت قوسێری بە هۆشیارییەوە ئەوەی هەڵبژاردبێت کە لە ڕۆمانەکەدا دوو بەرەی دژ بە یەک لە کاردا بن و کار بکەنە سەر گەشەکردنی ڕووداوەکان؛ بەرەی مرۆڤە ساکار و بێدەستەڵاتەکان و بەرەی دەستەڵات. نووسەر هیچ خۆی بەوەوە ماندوو نەکردووە کە ئێستێتیکی کارەکەی بخاتە خزمەت ئەو بەرەیەوە کە خۆی بە دڵ لایەنی دەگرێ، واتە بەرەی یەکەم. ئەو نەهاتووە ڕەوشتی بەرز و حەقداری و ڕاستگۆیی بکاتە بەشێک لە کەسایەتیی جەوهەر و ئەلکوردی و یەغەن و ست ئەمینە و ئەو قەحپە و گەووادانەی لای ئەو کار دەکەن. هەروەهایش کە باسی نوورەددینی ئەفسەری پۆلیس دەکات، نایێت وێنەیەکی ڕەش و درێوی بکێشێت، تەنانەت لایەنە مرۆڤانەکانیشی ناشارێتەوە. ئەو دەیەوێت، وەک وتم، بیرکردنەوە و هەڵوێست و جیهانبینییەکان بکاتە پاڵەوان.

جەوهەر مامۆستای مێژوو بووە لە زانستگە، بەڵام هەر زوو لەوە دەگات کە مێژوو پڕە لە درۆ و ساختەکاری. واز لە کارەکەی دەهێنێت و دەچێ لە گەڕەکێکی هەژاراندا ژوورێک پەیدا دەکات و بە گەدایی، بە سواڵکردن دەژی. ئەگەر دەستی بکەوێت هەموو ڕۆژێک بەنگ دەکێشێت. جاروبار سەری قەحپەخانەکەی ست ئەمینە دەدات و لە کاروباری دەفتەرداری و ژمێریاریدا کۆمەکی دەکات. بیستوویەتی لە سووریا کێڵگەی حەشیش هەیە و خەڵک بە ئازادی دەیکێشن. خەون بەوەوە دەبینێت پارەیەکی هەبێت بچێ لەوێ بژی و ژیانی خۆی بۆ بەنگکێشان تەرخان بکات. ئەلکوردی کارمەندێکی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیە و شۆڕشگێڕە و دژی دەستەڵاتە. زۆرجار ئەم دژایەتییە بەوە دەردەبڕێت کە سەرپێچیی فەرمانەکان بکات. دەروێشێکی جەوهەر و بیروباوەڕەکانی جەوهەرە. دڵی چووە لە نایلە و حەفتەی دوو سێ جار سەری لێ دەدات. نایلە ژنێکی لەشفرۆشە و لای ست ئەمینە کار دەکات و نەخۆشە. ئەلکوردی دەیەوێ پارەیەک پەیدا بکات بۆ ئەوەی نایلە لەو جێگایە دەر بکات و نەخۆشییەکەی چارە بکات و بیخوازێت. یەغەن [وەرگێڕی عەرەبیی ڕۆمانەکە

پێی وایە ئەم ناوە دەبێ یەکەن بوو بێت] شاعیرێکی شۆڕشگێرە، سەروگوێلاکی زۆر ناشیرینە، دەروێشی جەوهەرە و ئامادەیە لەپێناوی ویدا خۆی بە کوشت بدات، حەشیشە دەفرۆشێت و هەموو ڕۆژێکیش بەشی جەوهەر دەدات و موشتەرییەکی لەشفرۆشەکانی ست ئەمینەیە. نوورەددین ئەفسەرێکی گەورەی پۆلیسە و هەتیوبازە. لەبەر ئەوەی سەروکاری لەگەڵ ئەو جیهانەی ژێرەوەدایە؛ جیهانی بەنگکێش و دز و تاوانبار و قەحپە و گەدا و گەوواد و بێکارەکان، زۆرجار لە دڵی خۆیدا تووشی گومان دەبێت؛ گومان لە کارەکەی، لە دەستەڵات، لە پێوەرەکانی ڕاستی و دادگەری و تاوان.

جەوهەر و ئەلکوردی و یەغەن لەوانەن کە تا درەنگانێ دەخەون و ژیانی ڕاستەقینەیان دەمەوخۆراوا دەست پێ دەکات. جاروبار لە قاوەخانەکانی نزیکی ''ئەلئەزهەر'' یەک دەگرن؛ قاوە دەخۆنەوە، حەشیشە دەکرن و دەفرۆشن و دەکێشن و هەندێ جاریش قسەی سیاسی و نیوچە فکری دەکەن. ڕۆژێک جەوهەر زووتر بە ئاگا دێت، لە ماڵ دەردەچێت و ڕوو دەکاتە ماڵەکەی ست ئەمینە، دەبینێ هەموو چوونەتە دەرەوە، تەنیا ''ئەرنەبە'' لە ماڵە. ئەمە کچێکی حەڤدەساڵانە، تازە لای ست ئەمینە دەستی بە کار کردووە. جەوهەر چاوی بە بازنەکانی دەستی ئەرنەبە دەکەوێت، دەکەوێتە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی ئەگەر ئەو هەموو بازنە زێڕانەی دەست بکەوێت، دەتوانێت بەئاسانی بچێت بۆ سووریا و خەونەکانی بهێنێتە دی. دەست دەنێتە بینی ئەرنەبە و دەیخنکێنێ، بەڵام کە دەست لە بازنەکان دەدات بۆی دەردەکەوێت کە زێڕ نین.

ئەم کوشتنە دەبێتە هەڵقەی پێکەوە گرێدانی جەوهەر و دۆستەکانی لەگەڵ نوورەددینی ئەفسەری پۆلیس. ئەلکوردی و یەغەن هەر زوو لەوە دەگەن کە ئەوەی ئەرنەبەی کوشتووە، جەوهەری مامۆستایانە. هەر یەکێکیان بە جیا تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی خۆی. نوورەددین دەزانێ ئەمانە درۆ دەکەن و جەوهەر بکوژەکەیە. یەک دوو جار چاوی بە جەوهەر دەکەوێت و دەیەوێ لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکات، بەڵام هەر زوو دەکەوێتە ژێر کارکردی بیروباوەڕەکانی جەوهەرەوە و گومانەکانی پێشووی قووڵتر دەبن. لە دوا لاپەڕە و دوا برگەی ڕۆمانەکەدا ئەمە دەخوێنینەوە: کە نوورەددین لە پۆلیسخانەکە چووە دەرەوە، لەوە دڵنیا بوو کە جەوهەر بکوژەکەیە، بەڵام تازە گرنگ نەبوو. ئەو بڕیاری خۆی دابوو کە واز لە کارەکەی بهێنێت و لێرە بە دواوە وەک


گەدایەک، بە سەربەرزی بژی.

ئێستا کە قوسێری کۆچی کردووە و زۆر لە وردەکارییەکانی ژیانی دەردەکەون، من لەیەکچوونێکی سەیر لە نێوان شێوەژیانی "جەوهەر"ی ناو ڕۆمانەکە و قوسێریی نووسەردا دەبینم. ئەو ژوورەی جەوهەر تێیدا دەژیا هیچی تێدا نەبوو، کۆمەڵێ ڕۆژنامەی کردبوو بە نوێن و لەسەری دەنووست. ئەوە وێنەیەکی میسرییانەی ژوورەکەی قوسێرییە لە هۆتێلی "لا لویزیان"ی پاریس. لە رووی بیروباوەڕیشەوە زۆر لە یەک دەچن. جەوهەر ئەرنەبەی لەشفرۆشی لەبەر بازنەکانی کوشت، بەڵام قوسێری لەگەڵ "ئەرنەبە"کانی پاریسدا خۆشەویستیی دەکرد.

ڕۆمانی "گەدایانی سەربەرز" چیرۆکی کۆمەڵی میسریی چلەکانی سەدەی پێشووە، بە چاوی هونەرمەندێک کە لەسەر هێڵێکی باریک ڕاوەستاوە؛ هێڵێک کە دوو دنیای بە تەواوی جیاواز لە یەکدی هەڵدەئاوێرێت. ئالبێر قوسێری لەوێوە چاوی بڕیوەتە ئەو دوو جیهانە و جوانی و ناشیرینییەکانیان بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە. ئەو دوو دنیایە هێندە تێکەڵ و ئاوێتەی یەکترن، تەنیا هونەرمەندێک دەتوانێت هێڵە باریکەکەی نێوانیان بە دی بکات.

نووسەرێکی داهێنەر دەتوانێت وێنەیەکی کۆمەڵگە، کۆمەڵگەکەی خۆی، بە شێوەی جیاواز بکێشێت. لەوانەیە ئەمە ئەرکێکی ئاسان نەبێت ئەگەر پێمان وا بێت، یا نووسەر پێی وا بێت، کە شێواز بڕیاردەری ئەو گۆشەنیگا هونەری و فکرییەیە کە دەبێتە دووربینێک بۆ جیهانبینیی نووسەر. نووسەری ڕۆمان، بەتایبەت لە سەردەمی ئەدەبی کلاسیکدا، بە گێڕانەوەیەکی ڕواڵەتی فیزیکیی کۆمەڵ و ژینگە، خوێنەریشی لەگەڵ خۆیدا پەلکێش دەکرد بۆ ناو شەقامەکان، بۆ ناو ماڵەکان و بۆ ژێرزەوینەکانیش، بەڵام ڕەنگە کەمتر دەستەڵاتی بەسەر ناوەوەی مرۆڤەکاندا بشکایە. ئەم پەیامە هونەرییە لە دەروونی شاعیرانەوە نزیکتر بوو. ئەمڕۆ دابەشکردنێکی وەها شتێک نییە نە نووسەران خۆیان و نە ڕەخنەگرانیش بیسەلمێنن.

ئەگەر بۆ پلەی جیاوازی دەربڕین و وێناکردن بگەڕێین، دەبێ بیر لە دەستاوێژە هونەری و زمانەوانییەکانیش بکەینەوە. ئەمانەن کە چەندین ڕەهەندی دیکەیش دەخەنە سەر ڕاستییە فیزیکییەکان و توێژی دیکەی تێگەیشتن و وەرگرتن لای خوێنەر، لای وەرگر، دروست دەکەن. سیمبۆڵ، نیشانە یا ڕەمز، دەتوانێت لەم ڕووەوە



گەدایانی سەربەرز

نەخشێکی گەورە و بنەڕەتی ببینێت و دنیایەک بخوڵقێنێت کە بکرێت بە تەنیشت دنیای فیزیکییەوە دابنرێت و نەک هەر ببێتە تەرجومان و وەرگێڕی ئەو دنیایە، بەڵکە جێگەیشی بگرێتەوە.

وا پێ دەچێت ئالبێر قوسێری سەرەتای بیرکردنەوەیەکی وەهای لا دروست بووبێت و هەوڵی ئەوەی دابێت بیکاتە ڕێبازێکی هونەری و شێوەیەکی دەربڕین. من کە ئێستا بە کەمێک گومانەوە ئەمە دەڵێم لەبەر ئەوەیە کە تەنیا دوو بەرهەمی قوسێریم خوێندوونەوە. یەکێکیان، *گەدایانی سەربەرز*، کتێبی چوارەمێتی و ساڵی ١٩٥٥ بڵاوی کردووەتەوە، ئەوی دیکەیشیان، *ئەو مرۆڤانەی خودا لە بیری کردن*، کە دواتر خوێندمەوە، یەکەمین کتێبی نووسەرە و ساڵی ١٩٤٠ یا ١٩٤١ بڵاوی کردووەتەوە. ئەو کاتە هێشتا لە میسر ژیاوە، ئەگەرچی هاتوچۆی فرانسایشی کردووە و بە زمانی فرانسی نووسیویەتی.

لە "گەدایانی سەربەرز"دا دەستەڵات و هەژاران دەبینین بە شێوەیەک بەرانبەر یەکدی ڕاوەستاون، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو بەرانبەرییە ناگاتە پلەی پێکداهەڵپژان و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژ، بەڵکە تا ڕادەیەکیش جۆرێ دیالۆگ و یەکدواندن بە دی دەکەین. ئەگەر کۆمیسار نوورەددین بە نوێنەرێکی تەواوی دەستەڵات دابنێین، کە هەر وایشە، کەواتە دەبێ بڵێین بەرانبەر بیر و فەلسەفەی هەژاران بەرگە ناگرێت،

وره بەردەدات و دەداتە پاڵیان. ئەو بەڕێوەبەری پۆلیسە. کێ هەیە لە پۆلیس چاکتر نوێنەرایەتیی دەسـتـەڵات، بەتایبەت لایەنە دزێو و دڕندە و داپڵۆسێنەرەکانی دەسـتـەلات، بکات؟ بەڵام نووڕەدین لە یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەقینەدا هەرەس دەهێنێت و چیی تر ناتوانێت بەرگریی پیشەیی یا سایکۆلۆگی لە پلە و پایە و ئەرکەکانی خۆی بکات. ئەو پێشتر لێکۆڵینەوەی لەگەڵ جەوهەر و ئەلکوردی و یەغەنیشدا کردووە، کەچی کاتێ دوو لە پۆلیسەکانی بەردەستی بە بەرچاوی خۆیەوە ئەشکەنجەی یەغەن دەدەن و خۆڕاگری و بێدەربەستیی یەغەنی شاعیر و حەشیشەخۆر و حەشیشەفرۆش دەبینێت، دنیا بە ڕوواڵەت پتەو و دامەزراوەکەی سەروبن دەبێت و هەڵدەوەشێتەوە. بەڕاستی ئەمە ڕووخان نییە، بەڵکە گەیشتنە بە ئەوسەری تونێلی تاریک و بێدەلاقەی گومانەکان و سەردەرکردنە لە دنیایەکی ڕووناک و پڕ لە شنەباوە.

سێکس و بێدەربەستی (بەو تیگەیشتنە فەلسەفییەی کە مرۆڤ دەکاتە ئافەریدەیەکی پووچگەرا) لە بەرهەمەکانی قوسێریدا جێگایەکی پانوپۆڕیان داگیر کردووە. لە "گەدایانی سەربەرز"دا کەسەکان هەر یەکێکیان بە جۆرێک گیرۆدەی سێکسە. تەنیا جەوهەرە کە لە سێکسەوە دوورە، بەڵام ئەویش ژمێریار و دەفتەرداری قەحپەخانەکەی ست ئەمینەیە. تەنانەت دەراوسێکەی جەوهەریش، پیاوێکە هەردوو دەست و هەردوو لاقی بڕاونەتەوە، بە شێوەی خۆی گیرۆدەی سێکسە. ژنەکەی گومانی لێ دەکات و دڵی لێ پیس دەکات و ڕۆژێکیش بۆ سزادانی بە جێی دەهێڵێت. ئەویش ڕازی دڵی خۆی بۆ جەوهەر دەگێڕێتەوە؛ بە تەمایە ژنێکی دیکە بهێنێت.

کورتەچیرۆک مەشقکردنێکە بۆ نووسینی ڕۆمان. زۆرجار ئەمەمان لەبارەی ڕۆمانووسانەوە بیستووە. قوسێریش، وا دیارە، هەر وای کردووە. من کە کۆمەڵەچیرۆکی "ئەو مرۆڤانەی خودا لە بیری کردن"م خوێندەوە دەبینم کەس و ڕووداو و بیرەکانی "گەدا سەربەرزەکان" هەموو لە کورتەچیرۆکەکاندا هەن و بە جۆرێک لەوێوە دەستیان پێ کردووە. لەم چیرۆکانەیشدا قاهیرەی هەژاران و عاشقان، قاهیرەی فێڵباز و سواڵکەر و هونەرمەندان، قاهیرەی برسی و نەخۆشەکان دەخوێنینەوە. ئەمانە ئەو مرۆڤانەن کە لە هیچ کوێوە دیار نین و کەس ئاگای لێیان نییە، تەنانەت، وەک سەیید کەرەم دەڵێت، خودایش لە بیری کردوون.

لێرەیش عەشق هێزێکی بزوێنەرە، هێزێکە هەستی ناسکی مرۆڤانە دەخولٚقێنێت و دەبێتە گەرای بیرێک لەپێناوی گۆڕیندا. ئەدری خوێندکاری قانوونە و عاشقی سەتتووتەیە. سەیید کەرەم هونەرمەندە و عاشقی ڕایایە، کە لە قاوەخانەیەک کار دەکات و نەخۆشە و دەزانێت مردنی زۆر نزیکە. ئەو هیچی لە سەیید کەرەم ناوێت؛ تەنیا عەشقی دەوێت، سێکسی دەوێت، تێکەڵبوونی لەش و ڕۆحی دەوێت.

ـ من تۆم لە هەموو شتێکی ئەم دنیایە زیاتر خۆش دەوێت. (ئەمە قسەی سەیید کەرەمە).

ـ نا، وا مەڵێ. تۆ لە ڕێگای خۆشەویستیی ئەوانەوەیە؛ هەموو هەژاران و دەردەداران و چەوساوەکان، کە منت لە هەمووان زیاتر خۆش دەوێت. (ڕایا وەها وەرامی دەداتەوە).

لە ڕووی تەکنیکەوە، تەکنیکی نووسین و تەکنیکی هەڵچنینی ڕۆمان، قوسێری وەستایەکی گەورە نییە. لەوەیە ئەگەر ڕۆمانەکانی دیکەی بخوێنمەوە وا نەڵێم، نازانم، بەڵام نە لە کورتەچیرۆکەکانیدا و نە لە ڕۆمانی ''گەدایانی سەربەرز''دا بە دوای تەکنیکە هەرە تازە و مۆدێرن و پێچەڵپێچەکاندا نەگەڕاوە. ئەوێک کە نزیکەی شەست ساڵی تەمەنی لە پاریس ژیابێت و هەر لە سەرەتاوە بە زمانی فرانسی نووسیبێتی و دۆستی گەورەترین و ناودارترین نووسەرانی فرانسا بووبێت، لە تەکنیکی مۆدێرن و لە دنیای تەکنیکەوە دوور نەبووە، بەڵام وا دیارە ویستوویەتی پەیامەکەی خۆی بە شێوەیەکی دیکە، بە شێوەیەکی سادە، بگەیێنێت.

ئالبێر قوسێری، بە پێچەوانەی نووسەرانی مارکسیست و ڕیالیستەوە، خۆی بە ئیدیۆلۆگی و هەڵبەستنی پردەوە لەنێوان هونەر و سیاسەتدا خەریک نەکردووە. خۆی بەوەیشەوە خەریک نەکردووە بیرە هونەرییەکانی خۆی لە چوارچێوەی تیۆریدا و بە شێوەی هاوکێشەی ڕووناکبیرانە دابڕێژێت. ئەو کە بە یەکجاری میسری بە جێ هێشت و لە پاریس نیشتەجێ بوو تەمەنی نزیکەی سی ساڵ دەبوو. سی ساڵ ماوەیەکی کەم نییە بۆ هونەرمەندێک، بۆ نووسەرێک، کە گەنجینەیەکی تەواو کۆ بکاتەوە؛ گەنجینەی ئەزموون و ئاشنایەتیی ژیانی هەژاران و گەدایان، ژیانی چەوساوە و دەردەدار و بێدەستەڵاتان. شەست و ئەوەندە ساڵی ژیان و تەمەن لە پاریس نەیتوانی ئەو ئەزموونەی لە بیر بباتەوە.

# پەیامی ئەوین، لە هندستانەوە

١

ئێستا بووەتە قسەیەکی باو، نەک بۆ دەربڕینی ڕاستییەکی بەنرخ یا چەسپیو، بەڵکە بۆ پەسندانی دیاردەیەک کە هێندەی لە سیاسەت و ئیدیۆلۆگییەوە نزیکە، نیو هێندە نەبووەتە گەواهی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی. هەر کە دەم دەکەنەوە، دەڵێن ''ئەمڕۆ بە سایەی تەکنیکەوە دنیا بووەتە گوندێکی بچووک. هەموو مرۆڤایەتی پێکەوە بەستراوە''. مەبەستیان ئەوەیە ئەو سنوور و منوورانەی مرۆڤیان لە یەکدی دابڕیبوو، ئەمڕۆ ئیتر هەموو هەڵوەشانەوە، هەرچییەک لەم دنیایەدا ڕوو بدات، یەکسەر هەموومان ئاگادار دەبین. لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانەدا مرۆڤێک لێی بقەومێت، شەش ملیارد مرۆڤ دێن بە هانایەوە. هەرچی زانست و تەکنیک و بەرهەمی ئاوەزی مرۆڤە دەکەوێتە بەردەستی هەموومان.

جا ڕاستە؟ وایە؟ بەڵێ، دنیا گوندێکی بچووکە کاتێ زلهێزەکان و مرۆڤخۆران بیانەوێ داگیر و پەلپەلی بکەن. کاتێ گوێ هەڵدەخەن بزانن من و تۆ چی دەڵێین و بە تەمای چیین. کاتێ گوێ لە بیر و خەیاڵەکانیشمان دەگرن، نەک ئەوەی کە دەیڵێین و دەینووسین، بەڵکە ئەوەیش کە هێشتا لەناو دڵ و لەناو مێشکماندایە و تەنیا کۆمەڵە وێنەیەکە و نەبووەتە وشە. ئەگەرنا ئەوەی بۆ بەختیاریی مرۆڤ بشێت و دەست بدات، ئەوان بە لایدا ناچن. کاتێک هەڵەبجە گازباران کرا، ئەمەریکای بەستەزمان ئەوەندە ''بێخەبەر'' بوو، دەیگوت ئەوە ئێران بوو گازی پێدا ڕژاند. ئەو دەمەی پێنج شەش مانگی ڕەبەق نەتەوەیەک ئەنفال دەکرا و هەموو ئاوەدانییەکی دەرووخێنرا، ئەورووپای مرۆڤدۆست و ڕۆژاوای دیمۆکرات پێیان وا بوو سەددام کوردە کێوییەکان دەگوێزێتەوە بۆ گوندی مۆدێرن و دەیانکاتە مرۆڤی شارستانی. ئەو ڕادارە ئەمەریکاییانەی، بە قسەی خۆیان، لە هەر جێگایەکی ئەم سەرزەوینەدا پارەیەکی بچکۆلە لەژێر زەوییشدا بێت دەیبینن و دەیدۆزنەوە، گوندێکی ئەفغانستان نابینن و دەیان ژن و منداڵ دەکوژن. سەنگەری پێشمەرگەیەک لە قەرەتەپە و بەشی

شـەوانەڕۆژی خوێندکارانی هەولێر دەدەنە بەر ڕاکێت، چونکە پێیان وا بووە ئەمانە تێـرۆریستن. جـا بۆ پەندی زەمـانەیش، ئەم جـۆرە تیـربارانکردنـە ناو دەنێن: تەقـەی دۆستانە (Friendly fire). ئەگەر بە هۆی هەڵەیەکی تەکنیکییەوە ژن و منداڵت کوژران و مـاڵ و گـوندەکەت خـاپوور کران، هیچ خـەفـەت نەخـۆی، ئـەوە ئاگری دۆسـتـانەیە. مردن بە ئاگری دۆستانە ئێشی نییە!.


لە بوارێکی دیکەیشدا ئەم کۆمیـتراژیدیایە دووبارە دەبێتـەوە؛ لە بواری فـەرهـەنگدا. ئەگـەر پێـمـان وا بێت ئەم جـیـهـانە تازەیە هەزاران پردی زێڕینـی لەنێـوان زمـان و فـەرهـەنگ و شارسـتانەتیی گەل و نەتەوەکاندا هەڵبەستووە، هیچ وا نییە. ئێستا لە جـاران بێئـاگاترین. ئەمـڕۆ لە دوێنێ کەمـتر یەکدی دەناسین. ئەو فـەرهـەنگەی برەوی پەیدا کـردووە و دەخـرێتـە بەردەسـتی مـرۆڤـایەتی فـەرهـەنگی ئەمـەریکا و ڕۆژاوایە. ئەویش فـەرهـەنگە ڕەسـەن و چاک و مـرۆڤـانەکـە نیـیـە، بەڵکە پووش و پـەڵاشی فەرهـەنگی ڕۆژاوایە. فەرهـەنگێکە بۆ ڕووخـاندن و وێرانکردن، بۆ سڕینەوەی هـەستی مرۆڤایەتی، بۆ هەڵوەشاندنەوەی نرخەکانی شارستانەتی.

هندسـتـان لە مـێـژووی مـرۆڤـایەتیـدا جـێگەیەکی گـەورە و گـرنگی هـەیە. خـاوەنی شـارسـتـانەتیـیـەکی دێرین و دەوڵەمـەند و فەرهـەنگێکی یـەکجـار قـووڵ و جـوان و فرەڕەنگە. بەشداریی هندستـان لە شـارستـانەتیی مرۆڤدا بەشدارییەکی فراوان و کـاریگەرە. لە مـێژووی تازەدا، خـەباتی گـەلانی هندسـتـان دژی کـۆڵۆنیـالیـسـتـانی ئینگلیـز، نموونەیەکی بەرزی خـەباتی ڕزگـاریخـوازییـە. لە دوای ڕزگـاربـوونیش ئەو سیستـەمی دێمـۆکراسییـەی لەو وڵاتەدا دامـەزرا، لە دنیـای ئـەمـڕۆدا وێنەی کـەمـە. هندسـتان لـە ڕووی زمان و فـەرهـەنگ و ئێتنیک وئایینەوە، کۆمـەڵێکی ڕەنگاوڕەنگ و مـۆزاییـکێکی تاکـانـە و دەگمـەنە. ئێـمـە لە کـوردسـتـاندا ئەوەی لـەبارەی ئەو وڵاتەوە، لەبارەی مـێـژووی هندسـتـان و فـەرهـەنگ و شـارسـتـانەتیی هندسـتـانەوە دەیزانین، شـتێکی یەکجـار کـەم و سـووکە. لە مێژووی تازەی هندسـتـان تەنیـا ناوی مـەهاتما گـاندی دەناسین. ڕەنـگە هەندێکیـشـمـان نـاوی جـەواهیـرلەعل نەهرۆمـان بیـسـتـبێت. بەڵام هندستان زۆر لەوە گەورەتر و فراوانتر و دەوڵەمەندتر و قووڵترە.

لە شەسـتەکانی سەدەی ڕابوردوودا فیلمی هندی لە کوردسـتاندا باو بوو. کێ هەبوو "سـەنگام" و "دایکی هند"ی نەبینیبێت؟ منداڵانی خـانەقین دەیانتـوانی وەک منداڵانی

کەلکەتتا قسە بکەن، بەڵام ئەوەی دەیانزانی زمانی گۆرانی و فیلمە هندییەکان بوو، لە بەریان کردبوو، بێ ئەوەی بزانن مەعنای چییە. کە باسی ئەدەبییاتی هندیش بکرێت، لەوەیە تەنیا ناوی ڕابیندرانات تاگۆرمان لە بیر بێت. دواتریش لەبەر هۆیەکی سیاسی، نەک فەرهەنگی و ئێستێتیکی، سەلمان ڕوشدی (١٩٤٧ لە دایک بووە) وەک نووسەرێک ناسرا. چەند ساڵێک لەمەوپێش ناوی داهێنەرێک، ڕۆماننووسێکی گەورە لە ئەدەبییاتی دنیادا دەنگی دایەوە: ئەروونداتی ڕۆی (Arundhati Roy)، کە ساڵی ١٩٦٠ لە دایک بووە، نووسەری ڕۆمانی **خودای شتە بچووکەکان** (The God of small things). مانگی ڕابوردوو دیسان نووسەرێکی هندی خەڵاتی "بووکەر"ی وەرگرت: ئاراڤیند ئادیگا (Aravind Adiga)، خاوەنی ڕۆمانی **پڵنگە سپییەکە** (The White Tiger). هێندەی من ئاگادار بم بەرهەمی ئەو نووسەرانە نەکراوە بە کوردی و خوێنەری کورد نایانناسێت. کاتی خۆی "چێترا و کەشتیی خەو"ی تاگۆرم بە کوردی خوێندبووەوە. نازانم ئەمڕۆ چیی دیکە کراوە بە کوردی.

ڤایکۆم محەمەد بەشیر (Vaikom Muhamed Basheer)، نووسەرێکی ناوداری هندستانە و بەشێک لە ڕۆمان و کورتەچیرۆکەکانی بۆ چەند زمانێکی ئەوروپایی تەرجەمە کراوە. بەشیر ڕۆژی ٢١-١-١٩٠٨ لە دایک بووە و کوڕی باوکودایکێکی موسڵمان بوو، ڕۆژی ٥-٧-١٩٩٤ کۆچی کردووە. ئەو وەک ڕۆماننووس، چیرۆکنووس، خەباتکار و مرۆڤدۆست ناسراوە. لە سەرەتادا، بە منداڵی، لە خوێندنگەیەکی مەلەیالەم دەیخوێند، بەڵام دواتر گواستیانەوە بۆ خوێندنگەیەکی ئینگلیزی لە ڤایکۆم، کە پێنج میل لە گوندەکەی خۆیانەوە دوور بوو. هێشتا خوێندکاری ناوەندی بوو کە لەگەڵ باوەڕەکانی مەهاتما گاندیدا ئاشنایەتیی پەیدا کرد. کاتێ ساڵی ١٩٢٤، گاندی چوو بۆ سەردانی شاری ڤایکۆم، بەشیر بە پەرۆشەوە بوو کە چاوی پێ بکەوێت و توانیی خۆی بەو ئۆتۆمۆبیلەدا، کە گاندیی تێدا بوو، هەڵبواسێت و دەست بدا لە دەستی گاندی. ئەمە ڕووداوێک بوو کە بەشیر دواتر گەلێ جار لە نووسینەکانیدا باسی کردووە. هەر لە تەمەنی لاوێتیدا، بوو بە لایەنگرێکی دڵگەرمی خەبات بۆ سەربەخۆییی هندستان و بوو بە ئەندامی کۆنگرەی نیشتمانیی هندستان. ساڵی ١٩٣٠ پۆلیس گرتی و بۆ ماوەی سێ مانگ خرایە زیندانەوە. ئەمە بوو بە ئەزموونێکی شۆڕشگێڕانەی گرنگ بۆ بەشیر. لێرە بەدوا، بەشیر دەستی کردە گەڕانێکی دووردرێژ، کە نزیکەی حەوت ساڵی خایاند. لەم



ڤایکۆم محەمەد بەشیر ١٩٠٨ - ١٩٩٤

گەشتەیدا چوو بۆ هەموو ناوچەکانی هندستان، خوار و ژوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا، هەروەها چوو بۆ هەندێ وڵاتی ئاسیا و ئەفریقا. بۆ خۆژیاندن و بۆ ئەوەی بتوانێت لە گەشتەکەیدا بەردەوام بێت، دەیان جۆرە کاری دەکرد: چێشلێنەر، شوان، فاڵگرەوە، میوەفرۆش، ڕۆژنامەفرۆش، پاسەوان، کرێکاری هۆتێل و زۆری تریش. هەروەها ماوەیەکیش لەگەڵ زاهیدەکانی هندوو و سۆفییانی موسڵماندا لە خەڵوەتخانە و خانەقاکاندا ژیا. زۆرجاریش وا ڕووی داوە کە لەبەر بێئاوی و بێنانی ڕووبەڕووی مردن بووەتەوە. ساڵی ١٩٣٧ گەڕایەوە بۆ کیرێلا. دەستی بۆ هەر کارێ دەبرد، هەر شکستی دەهێنا، تا ڕۆژێکیان سەری کرد بە خانووی ڕۆژنامەی "جایاکێساری"دا. خاوەنی ڕۆژنامەکە کاری نەبوو بیداتێ، بەڵام وتی ئەگەر چیرۆکمان بۆ بنووسیت پارەت دەدەمێ. بەم جۆرە بەشیر دەستی کردە چیرۆکنووسین.

لەم ساڵانەدا زۆری دەنووسی؛ چیرۆک، شیعر، وتاری سیاسی و شانۆنامە و لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوی دەکردنەوە، ئەگەرچی هەرگیز پارەیەکی ئەوتۆی دەست نەدەکەوت تێر سکی خۆی نان بخوات، یا کاغەز و قەڵەم و مەرەکەبی پێ بکڕێت و بنووسێت. بە وتارە سیاسییەکانی پشتگیریی خەباتی ڕزگاریخوازانەی دەکرد. هەر لەم ساڵانەدا گەلێ جار پۆلیس دەیگرت و چەند مانگێک بەندیان دەکرد. جارێکیان

بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیو حوکم درا. لە زینداینشدا هەر لەسەر نووسین بەردەوام بوو. کە لە زیندانیش دەرچوو، هەوڵی دا هەندێ لە کارەکانی چاپ بکات. خۆی بە ماڵاندا دەگەڕا بۆ فرۆشتنی کتێبەکانی. کاتێ هندستان سەربەخۆییی دەست کەوت، ئیتر بەشیر لە چالاکیی سیاسی دوور کەوتەوە، ئەگەرچی ڕەوشتی بەرز و نرخە مرۆڤانەکان هەمیشە بەشێکی گرنگی پەیامی ئەو بوون.

تەمەنی لە سەرووی چل ساڵەوە بوو کە لەپڕ ژنێکی هێنا زۆر لە خۆی گەنجتر بوو (فابی بەشیر) و ئەمجار ژیانێکی کپ و هێمنی دەست پێ کرد لەگەڵ ژنەکەی و دوو منداڵەکەیاندا؛ ئەنیس و شەهینە، لە شاری بەیپۆر. بەشیر چەند جارێک تووشی نەخۆشیی مێشک هات و دوو جاریش خرایە نەخۆشخانەی دەروونییەوە. هەر لە نەخۆشخانەی تریسووردا بوو کە یەکێک لە کارە گرنگەکانی خۆی نووسی: بزنەکەی پاتتوما. بەشیر هەتا مرد، ساڵی ١٩٩٤، هەر لە شاری بەیپۆر دەژیا. ئەوانەی خۆشیان دەوێ پێی دەڵێن "سوڵتانی بەیپۆر". ئەگەرچی کتێبەکانی بەشیر تەرجەمەی ئینگلیزی و سوێدی و فرانسی و هەژدە زمانی هندستان کراون، بەڵام زمانەکەی هێندە تایبەتە کە لە وەرگێڕاندا زۆر لە تام و جوانییەکانی لە دەست دەدات.

ڤایکۆم محەمەد بەشیر بەرهەمەکانی خۆی بە زمانی مەلەیاڵەم (Malayalam) نووسیوە. ئەم زمانە لە وڵاتی کیرێلا، لە باشووری هندستان قسەی پێ دەکرێت و یەکێکە لە بیستودوو زمانی ڕەسمیی هندستان. ژمارەی ئەوانەی قسەی پێ دەکەن دەگاتە ٣٦ میلیۆن کەس. لە چەند ناوچەیەکی دیکەی هندستانیش زمانی مەلەیاڵەم بە کار دەبرێت، هەروەها زمانی بەشێک لەو هندییانەیە کە لە وڵاتانی عەرەبی، ئینگلستان، ئەمەریکا و کەنەدا دەژین. وا باوەڕ دەکرێت کە زمانی مەلەیاڵەم لە زمانی تامیلەوە گەشەی کردبێت و لە سەدەی نۆیەمدا بووە بە زمانی ئەدەب. بەشێکی یەکجار زۆری وشەکانی زمانی مەلەیاڵەم لە زمانی سانسکریتەوە هاتوون، بەڵام دواتریش کۆمەڵێ وشەی لە زمانانی پۆرتوگالی، عەرەبی و ئینگلیزییەوە وەرگرتوون.

شێوازی بەشیر لە نووسیندا لە ڕوویەکی دیکەیشەوە تایبەتە؛ ئەو بە زمانێک دەنووسێت کە خەڵکی دێیەکەی خۆیان قسەیان پێ کردووە. نەیویستووە بە شێوەی

ئەدەبی و ســتــانداردی مــەلەیالەم بنووســێت و بە لایەوە گــرنگ نەبووە ئەوەی دەینووسێت چەند لەگەڵ بنەماکانی ڕێزماندا دەگونجێت یا ناگونجێت. ئەم شێوازە زۆرجار لەگەڵ پەخشکارانی کتێبەکانیدا کێشەی بۆ دروست کردووە. ئەوان تێکستەکانی بەشیریان دەستکاری دەکرد و لە زمانی ئەدەبی نزیکیان دەکردەوە، بەڵام کە بەشیر هەستی بەمە دەکرد، زۆر تووڕە دەبوو، داوای دەکرد وەک خۆی بڵاوی بکەنەوە و دەستکاریی نەکەن. بەشیر وتەیەکی ناوداری هەیە، دەڵێ: ڕێزمانی دەبەنگی گەوج. ئەم هەڵوێستەی بەشیر بەرانبەر زمان ڕەنگە لە کۆمەڵێکی وەک ئەو کاتەی هندستاندا ئاسایی بووبێت، بەڵام دیارە لە کۆڕ و کۆمەڵی نووسەران و زمانزاناناندا بە جیددی وەرناگیرێت. لەگەڵ ئەوەیشدا دەبینین بەرهەمەکانی بەشیر تەرجەمەی گەلێ زمان کراون. ئەم بایەخپێدانە، پێم وایە، دەگەڕێتەوە بۆ ناوەرۆکی نووسینەکانی. ئەو هەمیشە هەوڵی داوە ژیانی خەڵکە ئاسایی و سادەکە وێنا بکات. کۆمەڵگەی موسڵمانانی هندستان، بەتایبەت موسڵمانانی ناوچەی کیرێلا، لە زۆربەی ڕۆمان و چیرۆکەکانیدا ئامادە و بەرچاوە. بەشیر وێنەی کۆمەڵێک پێشکەش دەکات کە تێکەڵاوییەکە لە دین و زمان و فەرهەنگ و نەتەوەی جۆراوجۆر. ئەوەی هەموو ئەمانە پێکەوە گرێ دەدات مرۆڤبوونیانە و ئەو پەیامەیە کە مرۆڤی ڕاستەقینە هەڵیدەگرێت؛ پەیامی ئەوین، پەیامی خۆشەویستی.

٢

نەک تەنیا بەشیر خۆی ئەوە جەخت دەکات کە چیرۆکەکانی باسی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵی موسڵمانانی خوارووی هندستان دەگێڕنەوە، بەڵکە وەرگێڕ و پەخشکارەکانیش لەسەر ئەمە ڕادەوەستن. دوور نییە ئەمە پێوەندییەکی بە باری ژیانی ئەو ناوچەیە خۆیەوە هەبێت، کە ئایین کۆڵەکەیەکی گرنگ و بەهێزی ناسنامەی کۆمەڵ و گرۆ ئێتنیکییە جیاوازەکانە. هێندەی من ئاگادار بم دین نەبووەتە سنوورێکی جیاکەرەوەی کۆمەڵایەتی و هێڵی بەرەی سیاسیی دوژمنکارانە لەناو هندستاندا. تاکە ناوچەیەک کە ساڵانێکە گرژیی سیاسی و دینی و ئەتنیکیی لێ نابڕێت، ناوچەی کەشمیرە. لەوێیش ئەوەی ڕووداوەکان دەجووڵێنێت تەنیا دین و باوەڕ نییە، بەڵکە بەرژەوەندیی دوو دەوڵەتی پاکستان و هندستانە. بەشیر کاتێک وێنەی ژیانی موسڵمانانی باشووری هندستان دەکێشێت و دەیانکاتە تانوپۆی

نووسینەکانی، بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە تەماشای ئەو ژیانە دەکات. زۆر لایەنی ئەو ژیانەی بە دڵ نییە و دەبێتە مایەی تووڕەیی و هەڵچوونی نووسەر. کۆمەڵێ لەو نەریتە فەرهەنگی و کۆمەلایەتییانەی لەو ناوچەیەدا باون، دەرئەنجامی تێکەلاوبوونی دین و نەتەوە و فەرهەنگی جۆراوجۆرن. بەشیر لە کاتێکدا وەک موسڵمانێکی بڕوادار قسە دەکات و خۆی بە خوێنەرەکانی پێشکەش دەکات، هاوکاتیش ناتوانێت چاوپۆشی لە لایەنە ناشیرین و ناڕەواکانی کۆمەڵگەی موسڵمانانی خوارووی هندستان بکات. کاتێک هەژاری دەبێتە ناوەندی چیرۆکێک، بۆ نووسەر گرنگ نییە، ئەو تاکەکەسە یا ئەو کۆمەڵە خەڵکە سەر بە کامە ئایین و کامە نەتەوەن. لە چیرۆکی "پشیلەیەکی جادوولێکراو"دا فەقیرێکی هندوو دەبێتە دۆستی هەرە نزیکی بەشیر. ئەوان نەک هەر لە ئاستی ژیانی ڕۆژانەدا هاموشۆی یەکتر دەکەن، بەڵکە زۆر جار دەکەونە ناو باس و لێکدانەوەی قووڵی ئایینی و سۆفێتییەوە. دەیانەوێ پێکەوە پەی بە نهێنە قووڵەکانی ژیان و گەردوون ببەن و لە نیشانەکانی خوداوە نزیک ببنەوە. لەم هاوپرسەکی و گوتوبێژانەدا تۆ هەست بە هیچ سنوورێک و هیچ ڕەنگێک ناکەیت. تۆ نازانیت ئەو باوەڕانەی لەنێوانیاندا دێت و دەچێت، هیی ئیسلامە یا هندوو. ئەوان باسی ڕاستییەک دەکەن کە سەرچاوەکەی لە زەریای بێکەناری عەشقی خودادا دەبینن.

ڕاستییەکەی ئەوەیە ڤایکۆم محەممەد بەشیر لە تێکستەکانیدا باسی ژیانی خۆی دەکات و ئەزموونە تاڵ و شیرینەکانی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە. لەم گێڕانەوەیەیشدا دیارە زۆر لایەنی کۆمەلایەتیش وەک شانۆی ڕوداوەکان و وەک پاشخانی هەڵسوکەوت و پێوەندییەکان دەبنە بەشێک لە پێکهاتەی چیرۆک و ڕۆمانەکان.


بەشیر کاتێ دەستی بە نووسین کرد، خاوەنی کۆمەڵێک ئەزموونی سیاسی و کۆمەلایەتیی وەها بوو کە دەبوون بە گەنجینەیەک بۆ پێکهێنانی ناوەڕۆکی ئەوەی دەینووسی و ئەوەی دەیویست بینووسێت. ئەو درەنگێک دەستی کردە نووسینی چیرۆک. چەند ساڵێک چیرۆک و وتار وبابەتی دیکەیشی دەنووسی و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بلاویشی دەکردنەوە، بەلام، وەک خۆی باسی دەکات، کەس بۆ ئەو نووسینانەی پارەیەکی پێ نەدەدا. یەکەمین کتێبی بەشیر ڕۆمانێکی کورت بوو: هاوڕێی منداڵی، کە ساڵی ١٩٤٣ بلاوی کردەوە. ئەو کاتە تەمەنی گەیشتبووە

دەوروبەری سیوپێنج. کەمجار یەکەم کتێبی نووسەرێک هێندەی ئەو ڕۆمانەی بەشیر سەرکەوتنی بە دەست هێناوە. ئەگەرچی کتێبێکی سادە و بچکۆلەیش بوو، بەڵام کارکردی لە زمانی مەلەیاڵەمدا زۆر گەورە بوو، تا ئەو ڕادەیەی کە لە ماوەی شەش مانگدا سێ جاران چاپ کرایەوە.

دەبێ لێرەدا ڕاستییەک جەخت بکەم کە ڕەنگە تەنیا بۆ کەسێک خەریکی مێژووی ئەدەب بێت، بایەخێکی تایبەتی هەبێت. ئەگەرچی بەشیر هەمووی چواردە ساڵە مردووە، کەچی ئەو سەرچاوانەی باسی ژیانی کەسەکی و ئەدەبیی نووسەر دەکەن، بە شێوەی جیاواز دەیگێڕنەوە و هەندێ جاریش تا ڕادەیەک لەگەڵ یەکدیدا ناتەبان. لەوەیە ئەمە لەوەوە هاتبێت کە بەشیر بەرهەمێکی زۆری لێ بە جێ ماوە و لە ڕۆژنامە و گۆڤاری جۆراوجۆردا بڵاوی کردوونەوە و هەندێکیشی وەک کتێب چاپ کردوون. بەڵام زۆربەی ئەوانەی لەبارەی ژیانی بەشـــیـــرەوە دەنووسن چاویان بە هەمـــوو بەرهەمەکانی نەکەوتووە و زانیارییەکی چەسپاویان لەبارەیەوە نییە. هۆیەکی دیکە ئەوەیە بەشیر لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا ئەزموونەکانی ژیانی خۆی و ڕووداوە خەیاڵییەکانی بە جۆرێک تێکەڵ کردوون کە زۆر زەحمەتە لە یەکتر جیا بکرێنەوە. ئەمە ئەگەرچی هەندێ جار دەبێتە بناخەیەک بۆ هەڵچنینی ژیننامەی بەشیر، بەڵام گەلێ جاریش دەبێتە هۆی تیکئالانی ڕاستی و خەیاڵ.

چیرۆکی هاوڕێی منداڵی، چیرۆکی ژیانی محەمەد بەشیر خۆیەتی. زوهرە و مەجید پاڵەوانی سەرەکیی چیرۆکەکەن. وەرگێڕی سوێدیی چیرۆکەکە ناوی ناوە (لەژێر دارمانگۆیەکەدا)، چونکە هەموو ڕووداوەکان لەوێوە دەست پێ دەکەن. وەرگێڕی ئینگلیزی هەر ئەو ناوەی هێشتووەتەوە کە بەشیر خۆی بۆی داناوە؛ هاوڕێی منداڵی یا دۆستی منداڵی.

لە سەرەتاوە هاوڕێ نەبوون، بەڵکە مۆڕەیان لە یەکدی دەکرد و هەر یەکێکیان هەوڵی دەدا وای پێشان بدات کە بەهێزە. باسی زوهرە و مەجید دەکەم، ئەو دوو منداڵەی لەوە بە دواوە دەبنە دوو هاوڕێی گیانی بە گیانی و ئەو دارمانگۆیەیش دەبێتە جێگەی یاریکردنیان. مەجید کوڕەدەوڵەمەندە و زوهرەیش کچەهەژار. کە مەجید خەتەنە دەکرێت، باوکی ئاهەنگێکی گەورەی بۆ ساز دەکات و هەموو دەر و دەراوسێ ئامادە دەبن. ئەو ڕۆژەیش کە دەبێ گوێی زوهرە کون بکرێت، مەجید، ئەگەرچی لە



لەژێر دارمانگۆیەکەدا (بە زمانی سوێدی)

جێگەدا کەوتووە، خۆی دەگەیێنێتە ماڵیان. گوێی ڕاست یانزدە کونی تێ دەکرێت و گوێی چەپیش دە کون. ئەم نەریتە لە دینی هندووەوە گەیشتووەتە موسڵمانەکانی کیرێلا. پێوەندییەکە لە تەمەنی لاوێنیدا دەبێتە خۆشەویستییەکی قووڵ و ڕۆمانتیک.
مەجید لەگەڵ باوکی نێوانی تێک دەچێت، ماڵ بە جێ دەهێڵێت و سەری خۆی هەڵدەگرێت. ئەو ڕۆیشتنە دەڕوات، هەتا حەوت ساڵی ڕێک ناگەڕێتەوە. نە نامەیەکیان بۆ دەنێرێتەوە و نە هەواڵێکی ئەوانی پێ دەگات. ئەمە هەر ئەو حەوت ساڵەی ژیانی محەمەد بەشیر خۆیەتی، لێرەدا کردوویەتی بە ئەزموون بۆ مەجید. کە دەگەڕێتەوە، باوکی لە بازرگانییەکەیدا شکستی هێناوە و لێ کەوتووە. ئەو ماڵە جوان و ئاوەدانەی جاران، وەک کەلاوەیەکی لێ هاتووە. بەڵام خەفەتی هەرە گەورە ئەوەیە کە زوهرەیش شووی کردووە. زوهرە کە دەبیستێ مەجید گەڕاوەتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆیان و سەرلەنوێ دوو دڵدار چاویان بە یەکدی دەکەوێتەوە و گلەیی و ڕاز و نیاز دەست پێ دەکات. دەگەنە ئەو بڕیارەی کە زوهرە واز لە مێردەکەی بهێنێت و شوو بە مەجید بکات، مەجیدیش بچێت بە شاراندا بگەڕێت، کار بکات و پارەیەک پەیدا بکات. ئەم جارە بە دڵێکی پڕ لە هیواوە مالاوایی دەکات و باوکودایکی و هەردوو خوشکەکەی و زوهرەی دەستگیرانیشی بە جێ دەهێڵێت.
لەم کورتەڕۆمانەدا نووسەر کۆمەڵێ نەریتی کۆمەلایەتی تۆمار دەکات کە بەشێکیان

لەگەڵ نەریتی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاوشێوەن، بەڵام هەندێکی دی، هیچ پێوەندییەکیان بە ئیسلامەوە نییە و لە ئایینی هندووەوە وەرگیراون. لەوێ ماڵی زاوا شیربایی نادەنە ماڵی بووک، بەڵکە دەبێ ماڵی کچەکە پارە و خشڵ و زێڕێکی زۆر بدەنە زاوا و هەر خۆیشیان بە دوای مێردێکدا بگەڕێن بۆ کچەکەیان. ئەی ئەو بیستویەک کونەی دەکرێنە گوێی کچ هەر بۆ جوانییە؟ نا. دەبێ بیستویەک گوارەیش بکرێتە گوێی. ملوانکەی بکرێتە مل و بازنی لە دەست بکرێت و خرخاڵ لە پێیدا بزرنگێتەوە.

لەم ڕۆمانەدا بەشیر کۆمەڵێ وشە و دەربڕین بە کار دەبات، هەر دەڵێی کوردێکی گەرمیانییە و قسە دەکات. مەجید کە دەیەوێت زوهرە باوەڕ بە قسەیەکی بکات سوێند بە قورئان دەخوات: "بە سی جزمەی قورئان..." By the thirty parts of the holy Mushaf. لەم جۆرە دەربڕینانە زۆرن:

ــ بە هیممەتی خوا و چاکان: By the grace of Rabb and the saints

ــ کار نییە خوا چاکی نەکات: God will set everything right

ــ لە دوای خوا تۆمان هەیت: Now all we have after Allah is you

ــ زۆر قسە بکەیت...: If you talk too much

لەوێیش دینی ڕاستەقینە و بنەما جوان و مرۆڤانەکان، ئەوانەن کە هەژارەکان باوەڕیان پێیەتی و بوونەتە بنەڕەتی باوەڕ و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتیان. لەوێیش دەوڵەمەند و دەستەڵاتداران نە خوا دەناسن و نە ویژدانیان لا ماوە. مەجید کە پەنا دەباتە بەر خان بەهادوری دەوڵەمەند بۆ یارمەتی، خان نیو سەعات درۆی بۆ هەڵدەڕێژێ و باسی کارە گەورەکانی خۆی بۆ دەکات. دواییش کە مەجید بە دڵشکاوی دەڕوات، بە نۆکەرێکدا "یەک ڕوپیە"ی بۆ دەنێرێت. مەجیدی عاشقی دڵناسک و ڕەوشتبەرز بە نۆکەرەکە دەڵێ: "بۆ خۆتی هەڵگرە، بەڵام بڵێ داوتە بە من".

یەکێ لەو دەرسە جوانانەی مەجیدی ڕۆمانەکە لە گەڕانی حەوتساڵەیدا فێری دەبێت، فەلسەفەی ژیانە بە شێوەیەکی ئاسان و بە زمانێکی سادە: "خەڵک لە هەموو شوێنێک هەر وەک یەکن: تەنیا جیاوازییان زمانەکەیان و جلوبەرگەکەیانە. ئەو خەڵکە کێن؟ پیاون، ژنن... لە دایک دەبن، گەورە دەبن، ژن دەهێنن و شوو دەکەن،

منداڵیان دەبێت و دواییش دەمرن. هەمووی هەر ئەوەیە. ئەو هەڵپەهەڵپە ناشیرینەی کە کاتی نێوان لەدایکبوون و مردن پڕ دەکاتەوە لە هەموو شوێنێک هەیە".

لەم یەکەم ڕۆمانەی بەشیردا لە ڕووی هونەرییەوە دوو لایەنی ئاشکرا بە دی دەکەین، کە دەبنە دوو بەشی گرنگ و بنەڕەتیی پێکهاتەی هونەری چیرۆکنووسیی ئەو نووسەرە و دواتریش لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا دووبارە و چەندبارە دەبنەوە. ئەم تێکستە لە تەرجەمە ئینگلیزییەکەیدا نزیکەی پەنجا لاپەڕەیە و لە سوێدییەکەیشیدا هەر کەمێک لەوە زۆرترە. لێرەدا ئەگەر لە چوارچێوەی چەمک و تێرمی تیۆرییەکانی ئەدەبدا بیر لە تەشک و شێوەی چیرۆکەکە بکەینەوە تووشی سەرێشەیەکی ناپێویست دەبین و ئەنجامێکیشمان دەستگیر نابێت. ئایا ئەمەی بەشیر نووسیویەتی ڕۆمانە یا کورتەچیرۆک؟ بەڕاستی هیچ کامێکیان نییە. وەرگێڕی ئینگلیزیی چیرۆکەکە؛ ڕ. ی. ئاشەر، مامۆستا لە زانستگەی ئێدینبورگ، لە سکۆتلاند، دوو تێرم بە کار دەهێنێت. ئاشەر دەڵێت ئەوەی بەشیر دەینووسێت دەکرێ پێی بگوترێت کورتەڕۆمان یا کورتەچیرۆکی درێژ. کورتەڕۆمان (Novelette) تێرمێکە پێم وایە لە ڕێگەی زمانی فرانسییەوە گەیشتووەتە زمانی ئینگلیزی و ماوەیەکە لە ئەدەبی کوردییشدا بە کار دەهێنرێت. کورتەچیرۆکی درێژ Long short story، پێ دەچێت داهێنانێکی زمانی ڕووسی بێت. من خۆم یەکەمین جار لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەبارەی ئەدەبی ڕووسییەوە، کە بە ئینگلیزی نووسرابوو، تووشی هاتم. ئەم فۆرمە لە ئەدەبی کوردیدا لە پەنجاکاندا باو بوو. نووسەرانی وەک جەمال بابان، مستەفا ساڵح کەریم، جەمال نەبەز و محەمەد ساڵح سەعید بە کاریان بردووە. ئەو نووسەرە کوردانە، لەو سەردەمەدا هیچ ناوێکی تایبەتیان بۆ بەرهەمەکانی خۆیان دانەناوە، بەڵکە لەسەر بەرگی کتێبەکانیان ناویان لێ ناون (چیرۆک).

ڕووی دووەمی کارەکەی بەشیر ئەو سادەیی و ئاساییبوونەی ڕووداو و داڕشتنە هونەرییەکەیە. نووسەر هێندەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی بە لاوە گرنگە، نیو ئەوەندەیش خۆی بە هونەر و هونەرکارییەوە خەریک ناکات. ئەو دەیەوێت ئەو ژیانە پڕ لە ئەزموونەی خۆی بە جۆرێک تۆمار بکات کە بە زیندوویی و گەرموگوڕی بیهێڵێتەوە، دەیەوێت بۆن و تام و ڕەنگەکانیش بپارێزێت و بیانگەیێنێتە خوێنەر. لەم

هەوڵەدا بەشیر بە ڕادەی یەکەم پەنا دەباتە بەر هێزی زمان. بە هۆی زمانێکی سادەوە، بەڵام هاوکاتیش زمانێکی پڕ لە وێنە و پڕ لە هەستەوە، هەنگاو بە هەنگاو لە تەمەنی هەشت نۆ ساڵانەوە دەتبات بەرەو تەمەنی گەورەیی، کە ژیان، ساڵ لە دوای ساڵ، پڕ دەبێت لە ئێش و خەفەت و دووری و تاسە و تامی تاڵی مەرگ، مەرگی خۆشەویستان.

مەجید لەم گەڕانەیدا تووشی ڕووداوی یەکجار سەخت و ناخۆش دەبێت، بەڵام چونکە دڵی زوهرە و دڵی باوکودایکی و خوشکەکانی چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەون، چونکە عەشقێک لە دڵیدا وەک چرایەک دەگڕێت، گوێ بە سەختییەکانی ژیان نادات. ڕۆژێک دێت، ئەو هیوایەیشی دەپووچێتەوە؛ نامەیەکی لە دایکیەوە پێ دەگات، هەواڵی مردنی زوهرەی تێدایە. کاس دەبێت، دنیای لە بەرچاو تاریک دادەگەڕێت، بیر لەو ڕۆژە دەکاتەوە، کە بە جێی هێشتن: زوهرە لە باخچەکەدا وەستابوو، دەستی خستبووە سەر دارگوڵەکە و چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک. زوهرە دەمی کردەوە شتێک بڵێ، بەڵام لەو کاتەدا شۆفێری پاسەکە هۆڕنی لێ دا و ئەمیش دەبوو بە پەلە خۆی بگەیێنێتە لای پاسەکە و بڕوات. دوا ڕستەی ڕۆمانەکە، ئەو ڕازە جوانەیە کە نە نووسەر و نە ئێمەی خوێنەریش دەمانەوێ ئاشکرای بکەین:

ـ زوهرە دەیویست چی بڵێ؟

٣

ئەگەرچی بەشیر بە لایەوە گرنگە ئەدەبێکی ئیسلامی بە زمانی مەلەیالەم دابمەزرێنێت، بەڵام دەبێ ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە ئەو کەسێکی دیندار نەبوو، بەو مەعنایەی کە ئایین بکاتە پێوەرێک بۆ هەڵسوکەوت و پێوەندییەکانی. ئەوەی دەیشینووسی، بانگەشەکردن نەبوو بۆ ئیسلام وەک ئایین و باوەڕ. لە هەندێ چیرۆکدا، لابەلا، باسی ئەوە دەکات کە نوێژی کردووە، یا لە مانگی ڕەمەزاندا بە ڕۆژوو بووە. بەڵام وەرگێڕی سوێدیی چیرۆکەکانی، ئەو زانیارییەمان پێ دەدات کە بەشیر ماوەیەک خووی دابووە خواردنەوەی ئەلکوحول و تا ئەو ڕادەیە لەسەری ڕۆیشتبوو، کە خووی پێوە گرتبوو. خانمی وەرگێڕ، کاتارینا شوێڤال ترووددەن، چاوی بە کوڕ و کچەکەی محەمەد بەشیر، واتە ئەنیس و شەهینە، کەوتووە. ئەگەر لە زانیارییەکانی دڵنیا نەبووایە، بڵاوی نەدەکردنەوە. باوەڕی بەشیر هەرچییەک بێت،

ئەو دەیویست وێنەیەکی کۆمەڵگەی ئیسلامی لە هندستان بکێشێت، مەبەستی یەکەمی ئەوە بوو ئەو شارستانەتی و فەرهەنگەی ئیسلام بۆ هندستانی هێناوە، بە خوێنەری هندی و ناهندی بناسێنێت. بەشیر نەک تەنیا وەک چیرۆکنووسێک تەماشای ئەو کۆمەڵە دەکات، بەڵکە بە چاوی کۆمەڵناسێک و ئەنترۆپۆلۆگێکیش دەیخوێنێتەوە و دەیەوێ ڕەگوڕیشەی دیاردە جیاوازەکان هەڵبداتەوە و لێیان بکۆڵێتەوە.

چیرۆکی ''بابەگەورە فیلێکی هەبوو''، بەو ناونیشانە جوانەیشەوە، لە سەرەتاوە زۆر سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت. کونجوپەتتوومە، کچێکی بیستویەکسالانە و لەگەڵ باوکودایکێکی دینداردا لە ناوچەیەکدا دەژین، پڕە لە هەژاری و بێکاری. ئەگەرچی ژیانی ئەمان، لەچاو ژیان و گوزەرانی خەڵکی تردا، باشە، بەڵام لە پڕ لێیان دەقەومێت و لەوماڵەی تێیدان دەردەکرێن و ناچار دەبن ئەو ناوچەیە بە جێ بهێڵن و سەری خۆیان هەڵگرن و بڕۆن. ئەم چیرۆکە پڕە لە وشە و تێرمی دین و شەریعەت، بەڵام ئەمە نەبووەتە بارگرانییەک بەسەر لایەنی هونەریی چیرۆکەکەوە.

ئایین لای باوکودایکی کونجوپەتتوومە، بووەتە دۆگمایەکی هێندە قورس و ڕەقهەڵاتوو کە کاری کردووەتە سەر هەموو هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە و شێوەی هەڵسان و دانیشتن و خواردن و جلوبەرگیان. سنوورێکی هێندە ئەستووریان لەنێوان خۆیان و ئەوانی تردا داناوە کە هەرکەسێک لەودیو سنووره وەهمییەکەی ئەمانەوە بێت کافرە. ئەوەی ئەوان باوەڕیان پێیەتی دین نییە، ئیسلام نییە، بەڵکە کۆمەڵێک پڕوپووچ و باوەڕی بێبنەما و ناڕاستە کە ژیانی لێ کردوون بە بەندیخانەیەک؛ بەندیخانەیەک کە خۆیان بۆ خۆیانیان دروست کردووە. کچەکەیشیان وەک ئەوانی لێ هاتووە. ئەو ئەگەرچی بەپێی تەمەنەکەی زیاتر حەزی لە ئازادی و سەربەستییە، بەڵام ئەو بیر و چەمکە ڕەگداکوتاوانەی بوونەتە بناخەی نرخەکانی ژیانی، ڕێگەی پێ نادەن بچووکترین گومانی لە نەریتەکانی بنەماڵەکەیان لا پەیدا ببێت، یا بەرانبەر ڕەوتاری باوکودایکی بێگوێیی بکات.

ئەم بارکردنەیان خێری پێوە بوو. وا دیارە بەشیریش هەر مەبەستی ئەوە بووە، ئەم بارکردنە بکاتە دەروازەیەک بۆ ئاشنابوون لەگەڵ کەسانی دیکەدا و لەگەڵ نەریت و بیرکردنەوەی جیاوازدا. هەواری تازەیان دەشتێکی چۆل و هۆڵە، جۆگەیەک ئاوی

پێدا دەڕوات و یەک دوو ماڵێکی دیکە لەو نزیکانە هەن. کونجوپەتتوومە ئێرەی پێ خۆشە، چونکە سەربەستییەکی زیاتری هەیە و ئەوەندە لەژێر چاودێریی خەڵکدا نییە. دوای ماوەیەک ماڵێکی تازە دێن و لەولای ئەمانەوە بۆ خۆیان خانوویەک پێکەوە دەنێن. ئەوانیش باوکودایکێک و کچێکن. کوڕەکەیشیان، نیزار ئەحمەد، دواتر دێت. ئەمیش خویندکاری زانستگەیە، شاعیرە، ئاوازدانەرە، ڕووناکبیرە و هەتا بڵێی مرۆڤدۆست و دڵناسک. کچەکەیان، ئایشەی ناوە، حەڤدەساڵانە، خوێندکاری زانستگەیە و زۆریش بزێو و ژیر و قسەخۆشە. هەر زوویش دەبێتە هاوڕێی کونجوپەتتوومە. ئەم هاوڕێتییە دایکی کونجوپەتتوومە نیگەران دەکات. تا ماوەیەکیش هەر باوەڕ ناکات ئەوانیش موسڵمان بن: "موسڵمان چۆن وا جل لە بەر دەکات؟ موسڵمان چۆن وا قسە دەکات؟ نەخێر، درۆ دەکەن، کافرن." ئایشە، کونجوپەتتوومە فێری خوێندن و نووسین دەکات. لەپاڵ ئەوەیشدا کۆمەڵێ باوەڕی تازە لە مێشکیدا دەچێنێت و بەرانبەر بەشێکی زۆری زڕەباوەڕەکان گومانی لا دروست دەکات.

ئەم دۆستایەتی و هاتوچۆیە دەکێشێتەوە بۆ خۆشەویستییەکی بێدەنگ لەنێوان نیزار ئەحمەد و کونجوپەتتوومەدا. باوکودایکی کونجوپەتتوومە دەیانەوێ زوو بیدەنە شوو، تا تووشی بەڵایەک نەهاتوون، بەڵام کچەکەیان تووشی نەخۆشییەکی سەخت دەبێت و ماوەیەک بە بێهۆشی لە جێگەدا دەکەوێت. بەپێی بڕوای خۆیان، دڵنیان کە دێو دەستی لێ وەشاندووە و جنۆکە چووەتە گیانیەوە. کابرایەکی کۆلکەخوێندەوار دێننە سەری تا بە هۆی لێدان و ئەشکەنجەدانەوە ناوی دێوەکەی پێ بدرکێنێت. ئەنجامەکە خراپتر دەبێت و لە شێتبوون نزیک دەبێتەوە. لەو ماوەیەدا ماڵی ئایشە داوای کونجوپەتتوومە دەکەن بۆ نیزار ئەحمەد. ئەمە دەبێتە سەرەتایەک بۆ چاکبوونەوەی کونجوپەتتوومە. نیزار ئەحمەد کۆمەڵێ دەرمانی چاکی بۆ پەیدا دەکات و بە دەستی خۆی دەیکا بە دەمیەوە. کاتێ وردەوردە چاو دەکاتەوە و دێتەوە هۆشی خۆی، تێی دەگەیێنن کە شوو بە نیزار ئەحمەد دەکات.

عەشق، خۆشەویستی، ئەو کلیلە زێڕینەیە کە هەموو دەرگا ژەنگاوییەکان دەکاتەوە و دڵ و دەروونە خەمبارەکان پڕ دەکات لە ڕووناکی. لەو ڕۆژانەدا کە هێشتا هیچ شتێکی ئاشکرا لەنێوان نیزار ئەحمەد و کونجوپەتتوومەدا پەیدا نەبووە، ڕۆژێکیان

کونجوپەتتوومە دەچێت بۆ ماڵی هاوسێیەکەیان ئاگر بهێنێت، نیزار ئەحمەد بە قسەکردن ڕایدەگرێت. ئەمیش پەلەیەتی زوو بگاتەوە ماڵ و ئاگرەکە بگەیێنێت: "دەیویست ڕا بکات. بەڵام لەسەرخۆ دەڕۆیشت. ڕووناکییەکی تازە دەڕژا بەسەر جیهاندا. هەموو شتێک لە جاران جوانتر بوو. هەستی دەکرد هەموو شتێکی خۆش دەوێت".

لە چیرۆکی "بابەگەورە فیلێکی هەبوو"دا محەمەد بەشیر بە شێوەیەکی یەکجار ڕەخنەگرانە باسی کۆمەڵی ئیسلامیی ئەو ناوچەیە دەکات و هەموو ئەو باوەڕە پڕوپووچ و بێبنەمایانەی بوونەتە بەشێک لە فەرهەنگی خەڵکە نەخوێندەوار و نەزانەکە، ئاشکرا دەکات. بەڵام زۆر گرنگە ئەوەیش جەخت بکەین کە ڕەخنەگرتنی بەشیر لەو نەریتانە بۆ دوژمنایەتیکردنی ئیسلام نییە، هەروەک خۆشەویستی و ڕێزگرتنی ئیسلامیش لای بەشیر بۆ سووکایەتیکردن بە دین و بڕواکانی تر نییە. ئەو دین بە سەرچاوەیەک دادەنێت بۆ ڕەوشتی بەرز و بۆ هەستی ناسکی مرۆڤدۆستی، بۆ خۆشویستنی سروشت و دار و دەوەن و پەلەوەر و تەنانەت ئەو مێروولانەیش کە گاز دەگرن. سەرەتای خۆشەویستییەکەی نێوان کونجوپەتتوومە و نیزار ئەحمەد بە هۆی چۆلەکەیەکەوە دەست پێ دەکات، چۆلەکەیەکی دایکانەی بریندار.


بەڕاستی ئێمە کاتێک بەراوردێک لەنێوان چیرۆکی کوردی و چیرۆکی هندیدا بکەین، بەتایبەت چیرۆکی ناوچەی کێریلای هندستان، لە گەلێ ڕووەوە لەیەکچوونێکی فراوان دەبینین. محەمەد بەشیر چیرۆکی "بابەگەورە..."ی ساڵی ١٩٥١ نووسیوە. بەشێک لە چیرۆکنووسانی کورد، لەو ساڵانە و ساڵانی دواتردا، باسەکانی پاشکەوتنی کۆمەڵایەتی، پێوەندیی لادێ و شار، پێوەندیی هەژاران و گوندی و جووتیاران لەگەڵ دەستەڵاتی حوکوومەتدا دەکەنە ناوەڕۆکی چیرۆکەکانیان. بەشێکی زۆری چیرۆکەکانی جەمال بابان، ئیبراهیم ئەحمەد، عەلائوددین سەججادی، جەمال نەبەز، شاکر فەتتاح و حەسەن قزڵجی لەو نموونانەن. تەنانەت لەو ڕووەیشەوە کە هەندێ لە چیرۆکنووسانی کوردیش فۆرمێکیان هەڵبژاردووە، کە دەکەوێتە نێوان ڕۆمان و کورتەچیرۆکەوە، شایانی سەرنجدانە. هەڵبژاردنی ئەو جۆرە ناوەڕۆکە، لە لایەکەوە بەرهەمی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە و لە لایەکی دیکەیشەوە هەڵوێستێکی

هونەری و ئەخلاقیی نووسەرە بەرانبەر کێشەکانی کۆمەڵ. چیرۆکنووسێکی وەک محەمەد ئەمین بۆزئەرسلان زۆر دواتر، لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابوردوودا، بەرهەمەکانی بۆ ئەو بابەتانە تەرخان دەکات. چیرۆکەکانی "دەڤێ گور، ژ مە چێتران و تابر" نموونەی ئەو ناوەرۆکانەن. لە رووی زمان و دارشتنەوە، چیرۆکەکانی محەمەد بەشیر لە بەرهەمی زۆربەی چیرۆکنووسانی کورد (بێجگە لە سەجادی و قزڵجی) سفتتر و پێشکەوتووترن. دیارە ئەگەر کەسێک چیرۆکەکانی بەشیری بە زمانی مەلەیاڵەم خوێندبێتەوە دەتوانێت باشتر لەم بابەتەدا داوەری بکات.

٤

بە پێچەوانەی دەمەوچاوە مرومۆچەکانی رۆمانی "بابەگەورە..."وە، رۆمانی "پشیلەیەکی جادوولێکراو" زۆرجار ناچارت دەکات، لە بەر خۆتەوە پێ بکەنیت. رووداوەکانی رۆمانەکە، وەک زۆربەی چیرۆکەکانی دیکەی بەشیر، راستین و کەسایەتییەکان هەر خێزان و بنەماڵەکەی نووسەر خۆین. زۆرجار ناوی راستەقینەی خۆی بە کار دەهێنێت: وتی بەشیر... یا وتم ناوم بەشیرە. لێرەیش موسڵمانبوونی خۆی جەخت دەکات، بەڵام لە چوارچێوەیەکی دیکەدا و بە مەبەستێکی دیکە. لەم رۆمانەدا بەشیر باسی ئەو کاتەی ژیانی خۆی دەکات، کە تازە ژنی هێناوە و فێری ژیانی نیشتەجێبوون بووە و هێشتا هەر کچێکیان هەیە. دەراوسێکان فرەبابەتن؛ موسڵمان، هندوو و ئایینی دیکەیش. بەشیر نێوانی لەگەڵ سۆفییەکی هندوودا، مەهاتمان، زۆر خۆشە. سۆفی مەهاتمان نە ماڵی هەیە و نە جێگا و رێگا. لە ژێر پردێکدا دەخەوێت و لە پارچە زەوییەکدا هەندێ سەوزەی چاندووە و بەرهەمەکەی دەخوات.

یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی ئەم رۆمانە پێوەندیی نێوان ژن و پیاوە. پێوەندیی خۆشەویستی و سێکسی نا، بەڵکە ئەو هاوسەنگییەی کە راگرتنی، یەکێکە لە هونەرە هەرە سەخت و ئاڵۆزەکانی مێژووی مرۆڤایەتی. پیاو لە رووی لەشولار و مەچەک و ماسولکە و بازووەوە بەهێزە. زۆرجار خۆیشی لە ژن بە ژیرتر و دووربینتریش دادەنێت، کەچی زۆربەی جاریش، ئەگەر نەڵێین هەمیشە، بەرانبەر فێڵ و وریایی و وردبینیی ژن دەیدۆرێنێت و "کڵاوی دەکرێتە سەر". ژنیش لاوازی و



پشیلەی جادوولێکراو

کەمهێزیی خۆی بە جوانی و ناز و فێڵ و زیرەکی قەرەبوو دەکات.

پیاوی ناو ڕۆمانەکە، کە هەر بەشیر خۆیەتی، بەچکەپشیلەیەکی مێ بۆ کچە بچکۆلەکەیان پەیدا دەکات. ئیتر ئەم بەچکەپشیلەیە، کە ناوی دەنرێت کەیسوو، دەبێتە ناوەندی هەموو باسوخواس و گرنگترین کەسایەتیی ماڵەکەیان. ژنەکەی بەشیر لەگەڵ سێ لە ژنانی دەراوسێدا هاتوچۆیەکی گەرموگوڕیان هەیە و بە هەموویانەوە بەرەیەکی مێیینە دروست دەکەن: چوار ژن، کچەکەی بەشیر، حەڤدە مریشک و بەچکەپشیلەکە. بەشیر لەو ماڵەدا یەک دۆست و هاوپەیمانی هەیە؛ کەڵەشێرەکەیان - لەگەڵ ئەو جیاوازییەدا کە کەڵەشێرەکە دەستەڵاتێکی یەکجار گەورەی بەسەر حەڤدە ژنەکەیدا هەیە و ئەوانیش زۆر ڕێزی دەگرن و خزمەتی دەکەن. دوای ماوەیەک لەپڕ بۆیان دەردەکەوێت کە بەچکەپشیلەکە مێ نییە و نێرە. یەکسەر هەموویان بەشیر تاوانبار دەکەن، کە جادووی لە پشیلەکە کردووە، بۆ بەهێزکردنی بەرەی پیاوان لە ماڵەکەدا. ئەگەرچی هەزار سوێند و قورئان دەخوات، کە بەچکەپشیلە خۆی هەر نێر بووە و دیارە کەسیان باش سەرنجی نەداوە، بەڵام بێسوودە. بەچکەپشیلەی بەستەزمان لە ژووری خەوتن دەردەکرێت و هەموو ناز و نیعمەتێک لە دەست دەدات و دێتە ڕیزی پیاوانەوە. تەنانەت ژنان بڕیار دەدەن ناوەکەیشی بگۆڕن و ناوێکی پیاوانەی لێ دەنێن: نیلەندان.

هێڵێکی دیکەی ئەم ڕۆمانە، ژیان و پێوەندییەکانی بەشیر خۆیەتی وەک نووسەرێک. بەیانیان زوو هەڵدەستێت و لەناو باخچەی ماڵەکەیاندا لەسەر کورسییەکەی دادەنیشێت و خەریکی بیرکردنەوە و نووسین دەبێت و چای دەخواتەوە. بەڵام بەرەی ژنان ڕۆژی سەد جار لێی تێک دەدەن. کە کاریان پێیەتی، ئەوا ئەو پیاوە و بەهێزە و ژیرە و توانایە، بەڵام کە کاریان پێی نەما دەبێتە پیاوێکی بێکار کە ناتوانێ کاغەز و قەڵەم و دەفتەرەکانی خۆیشی ڕێک بخات.

مەهاتمان زۆرجار دێتە سەردانی بەشیر. پێکەوە دادەنیشن و باسی فەلسەفەی ژیان و مردن و پێوەندیی مرۆڤ و خودا و زۆر بابەتی نیوچە فەلسەفی و نیوچە دینی دەکەن. هەندێ لە باوەڕ و بۆچوونەکانیان هەر ئەو بیرانەن کە لە مێژووی سۆفیگەریدا دەیانخوێنینەوە. مەهاتمان پێی وایە، کاتێ خودا بوونەوەرێک دەئافرێنێت و دەمی بۆ دروست دەکات، هەر خۆیشی بەرپرسیارە لەوەی خۆراک بۆ ئەو دەمە پەیدا بکات و بۆی بنێرێت. ئەم جیهانە میلیۆنان چەشنە بوونەوەری تێدا دەژی، لەسەر زەوی، لەناو ئاودا و لە ئاسماندا. ماسی و پەلەوەر و ئاژەڵ و تەنانەت کرمیش، خۆ ئەمانە هیچیان کار ناکەن و داوای هیچیش لە خودا ناکەن، کەچی هەموویشیان دەخۆن و دەژین. بۆچی دەبێ تەنیا ژیانی مرۆڤ کێشەیەک بێت؟ نا. ئەو کردگارەی هەموومانی ئافراندووە، هەر خۆیشی دەمانژیێنێت و تا ئەو ڕۆژەی دەمرین ڕزق و بژێومان بۆ دەنێرێت. ئەم جۆرە بیر و هەڵوێستە لەناو سۆفییانی ئیسلامدا، بەتایبەت لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی تەسەووفدا، باو بوو. هەندێ لە سۆفییەکان لە بواری (تەوەککول: توکل: پشتبەستن بە خودا)دا ئەوەندە دوور دەڕۆیشتن کە بە مانگان و بە ساڵان ڕوویان دەکردە دەشت و چۆڵەوانی و لەوێ دەژیان. ئەوان پێیان وا بوو: پەروەردگارێک ئەو هەموو ئاژەڵ و جڕ و جانەوەر و پەلەوەر و تەیر و تیوورە دەژیێنێت، بۆچی من ناژیێنێت؟ لە ڕۆمانەکەی بەشیردا، ئەوەی ئەم بیرەی هەیە و بەرگریی لێ دەکات مەهاتمانی هندووە، نەک بەشیری موسڵمان.

ڕۆمانی "پشیلەیەکی جادوولێکراو" ئەگەرچی تێکستێکی کورتی ٦٠-٧٠ لاپەڕەیە، بەڵام زانیارییەکی یەکجار زۆری لەبارەی ژیانی کۆمەڵایەتیی ناوچەی کێرِیلای هندستانەوە تێدایە. محەمەد بەشیر بە شێوازێکی ئەدەبیی تۆکمە و بە زمانێکی جوان و ئاسان ئەو ژیانە وێنا دەکات.

ئێمە ئەگەر بمانەوێ کورتەچیرۆک و ڕۆمانەکانی بەشیر تێبگەین و چێژی تەواویان لێ وەربگرین، دەبێ لە چوارچێوەیەکی تایبەتیی فەرهەنگی و سیاسیدا بیانخوێنینەوە. ئەم تێگەیشتنە، یا ئەم هەوڵدانی تیگەیشتنە، بۆ خوێنەرێکی ڕۆژهەڵاتی و بۆ خوێنەرێکی کورد زۆر ئاسانترە، تا بۆ خوێنەرێکی ئەوروپایی. پاشخانی فەرهەنگی و سیاسیی کوردستان لەگەڵ هندستاندا زۆر لایەنی هاوبەشیان هەیە. هونەری چیرۆکنووسینیش لای ئێمە و لای ئەوانیش کەم تا زۆرێک لە پەیدابوون و گەشەکردندا لە یەک دەچن. سەرەڕای ئەو ڕاستییانەیش، دەبینین بەرهەمەکانی محەمەد بەشیر تەرجەمەی زمانانی ئەوروپا دەکرێن؛ ئینگلیزی، فرانسی، سوێدی، بەڵام خوێنەری کورد و زۆربەی خوێنەرانی زمانانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، نە بەشیر دەناسن و نە دەزانن چیی نووسیوە و پێشکەش کردووە. ئەمە ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی جیاوازیی سیاسەتی فەرهەنگییە.

چیرۆک و ڕۆمان، واتە هونەری گێڕانەوە بە گشتی، بە شێوەی مۆدێرنی ئێستای، هونەرێکە لە ئەوروپاوە گەیشتووەتە وڵات و فەرهەنگ و زمانانی ئێمە. ئەم هونەرە بنەمای زمانەوانی و تەکنیکیی خۆی هەیە. ڕاستە، گێڕانەوە لە ڕۆژهەڵاتدا پێشینەیەکی مێژوویی و فەرهەنگیی درێژی هەیە و بە شێوەی جۆراوجۆر پێشکەش کراوە: حەکایەت و داستان و میتۆلۆگی و چیرۆکی جڕ و جانەوەر و دێو و درنج و فابەل... هتد، بەڵام ئەمانە لەگەڵ کورتەچیرۆک و ڕۆمانی ڕۆژاواییدا دوو هونەری جیاوازن. بەشێکی زۆری فەرهەنگ و زمانانی ڕۆژهەڵات لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم بە دواوە ئاشنایەتییان لەگەڵ چیرۆک و ڕۆمانی ڕۆژاواییدا پەیدا کرد. نووسەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، فارس و کورد و عەرەب و تورک، کە لە سەرەتاوە دەیانویست چیرۆک بە شێوەی ڕۆژاوایی بنووسن، زۆرجار بەرهەمێکیان پێشکەش دەکرد، کە هەوڵدان بوو بۆ لاساییکردنەوەی چیرۆکی مۆدێرنی ئەوروپایی، بەڵام لە ڕووی زمان و شێوەی داڕشتن و تەکنیک و پێکهاتەوە، زۆر لە حەکایەتی ڕۆژهەڵاتییەوە دوور نەبوو. ئەمە قۆناغێکی گواستنەوە بوو، لە شێوەی نەریتانەی چیرۆکەوە بەرەو شێوەی تازە. ئەم گۆڕانە بێ کارکردی هونەری گێڕانەوەی ڕۆژاوایی، کە لە ڕێگەی تەرجومەوە دەگەیشت، نەدەهاتە دی. ئەمڕۆ ئەو درزەی

نێوان دوو شێوەی چیرۆک بە تەواوەتی تەسک بووەتەوە، یا ڕەنگە بڵێین هەر نەماوە. ئەمە نابێ هەرگیز وا لێک بدەینەوە کە نووسەری ڕۆژهەڵاتی کوتومت لاسایی چیرۆکنووسی ئەوروپایی دەکاتەوە، یا بۆ ئەوەی چیرۆکنووسێکی دیار و سەرکەوتوو بێت، دەبێ لاسایی چیرۆکنووسی ڕۆژاوایی بکاتەوە. چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی سەرکەوتوو ئەوەیە کە لە پاڵ بەکارهێنانی فۆرمێکی تازە و زمانێکی سفتی هونەری و تەکنیکێکی پێشکەوتوودا، تایبەتییە نەتەوایەتییەکانی زمان و فەرهەنگ و کۆمەڵ و فەلسەفەی خۆیشی بە جۆرێک لە چوارچێوەی بەرهەمەکەیدا جێ بکاتەوە، کە بیکاتە بەشێکی ڕەنگدار و زیندووی ئەو بەرهەمە.

مەرج نییە ئەوەی وەها بنووسێت، لەبەر ئەوە بێت کە شارەزای هونەری چیرۆکی تازە نییە. لەوەیە نووسەرێک پێی خۆش بێت ئەو شێوازە ڕۆژهەڵاتییە بپارێزێت و بیەوێ بە جۆرێک بیژیێنێتەوە و بیکاتە بناخەیەک بۆ داهێنان. نووسەرێکی وەک محەمەد بەشیر، ناکرێ شارەزای چیرۆکی ئەوروپا نەبووبێت. هێندەی من ئاگادار بم، ئەو ئینگلیزییەکی چاکی زانیوە، تا ئەو ڕادەیەی کە هەر خۆی هەندێک لە چیرۆکەکانی خۆی کردووەتە ئینگلیزی. بەڵام کە بەشیر دێت چیرۆکێک دەنووسێت کەمتر ڕەنگ و ڕووی ڕۆمانی مۆدێرنی ڕۆژاوای پێوەیە، دیارە ئەمە بڕیارێکی هونەری و فەرهەنگییە و دوور نییە هەڵوێستێکی سیاسییش بێت. ئەم تەشک و فۆرمە هونەرییە لە زۆربەی ڕۆمانەکانی بەشیردا دووبارە دەبێتەوە.

لایەنێکی دیکەی تایبەتی لە ڕۆمانەکانی بەشیردا ئەوەیە کە سنوورەکانی نێوان واقیع و خەیاڵ، نێوان مێژووی کەسەکی و ڕووداوەکانی بەرهەمێکی هونەری دەسڕێتەوە، یا لەنێوانیاندا بە جۆرێک هاتوچۆ دەکات کە خوێنەر نازانێت ئەوەی دەیخوێنێتەوە ئایا ژیننامە (بایۆگرافی)یە یا ڕۆمانە؟ ئەوانەی لەسەر بەشیر و هونەری چیرۆکنووسیی بەشیریان نووسیوە ئەم لایەنەیان جەخت کردووە. ئەو خۆیشی ئەمە ناشێرێتەوە و زۆریش گوێ بەوە نادات کە لێکۆڵەرەوە و ڕەخنەگران چیرۆکەکانی چۆن بابەتبەندی دەکەن و بە چیی دادەنێن. لەوانەیە تەنیا کورتەڕۆمانی "دەنگ" ڕیزپەر بێت و ڕاستەوخۆ باسی ئەزموون و ژیانی نووسەر نەبێت.

لەم ڕۆمانەدا بەشیر باسی لاوێک دەکات کە وا پێ دەچێت لە ئەنجامی کۆمەڵێ ئەزموونی سەختی ژیاندا تووشی تێکچوونی دەروونی بووبێت. ئەم لاوە نە باوکی


خۆی دەناسێت و نە دایکی خۆی، چونکە هەر کە لە دایک بووە خستوویانەتە ناو پاکەتێکەوە و فڕێیان داوە. دواتر خێرەومەندێک هەڵیگرتووە و بە خێوی کردووە. لە تەمەنێکی زۆر منداڵدا دەبێتە سەرباز. لە شەڕێکدا ناچار دەبێت هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویستی خۆی، کە لە شەڕەکەدا بریندار کراوە، بکوژێت، بۆ ئەوەی زیاتر ئازاری نەبێت.

ئەزموونێکی دیکەی لاوەکە، دوای ئەوەی لە ماڵی پیاوێکی دەوڵەمەندا دەگیرسێتەوە، ئەزموونێکی ناشیرینی سێکسە. جارێک دەکەوێتە دوای کچێکی جوان و ئێسکسووک و ئەویش دەیبات بۆ جێگایەکی تاریک و نووتەک. بەڵام ئەمی ناشارەزا و هیچنەدیو، کە لەتەکیدا جووت دەبێت، دەبینێت ئەمە پیاوە. بەمە زۆر تێک دەچێت، بەڵام وردە وردە تێکەڵی ئەو جیهانە تاریک و ناشیرین و نالەبارە دەبێت. ڕۆمانەکە بە شێوەی گفتوگۆیەکی دووردرێژ نووسراوە. کەسی دووەمی گفتوگۆیەکە دەیەوێ یارمەتیی لاوەکە بکات، بۆ ئەوەی لەو بارە دەروونییەی تێکشکان ڕزگاری بکات. دوور نییە ئەو کەسی دووەمە بەشیر خۆی بووبێت.

٦

ڕۆمانی "دیوارەکان" چیرۆکی ژیانی بەشیر خۆیەتی کە زیندانی بووە. لەم بەرهەمەدا بەشیر نەهاتووە باسی پاڵەوانێتی و بەرگریی خۆیمان بۆ بگێڕێتەوە، بەڵکە لایەنێکی دیکەی وا باس دەکات کە بە خەیاڵماندا نەهاتبێت. هەر یەکەم جار کە پۆلیس دەیبات بۆ بەندیخانە و لە دەرگاکەوە دەچێتە ژوورەوە، هەست دەکات بۆنی ژن دێت، یا بۆنێکی ژنانە دێت. ئەم لەسەر نووسین گیراوە. لە بەندیخانەکەدا ژوورێکی دەدەنێ. دەبینێ زۆر لە سەرکردە سیاسییەکانیش لەوێ بەند کراون. بەڵام بەندیخانەی چی؟ ئەگەر پارەت هەبێت، دەتوانیت هەرچییەکت بوێت پەیدای بکەیت. پاسەوانەکان بە پارە خۆشترین خۆراک و جوانترین جل و باشترین نوێنت بۆ دەکڕن و بۆتی دەهێننە ژوورەوە. هەر ئەوەندە نا، زۆر شتی دیکەیش. بەڵام بەشیر نووسەرێکی لاتە و لەو نیعمەتانە بێبەشە.

دوای ماوەیەک بەشیر تێدەگات بەشی ژنانی بەندیخانەکە ڕێک پشتی داوە بە پشتی بەشەکەی ئەمانەوە. لە باخچەی بەندیخانەکەدا دیوارێکی بەرز هەیە. ئەو دیوارە لەنێوان بەشی ژنان و پیاواندایە و لەوێوە دەنگی ژنان و بۆنی ژنان دەگاتە بەشیر.



دەنگ / دیوارەکان

ڕۆژێک یەکێک لە ژنەکان لەودیوەوە کە هەست دەکات کەسێک نزیکی دیوارەکەیە، بانگی دەکات. ئەو کەسە بەشیر دەبێت. ئەمیش وەرامی دەداتەوە. دوای تۆزێک قسەکردن، ژنەکە داوای گوڵی لێ دەکات. ئەمیش چەپکێ گوڵی بۆ فڕێ دەداتە ئەودیوەوە. ڕۆژی دواتر داوای بنجێ گوڵی لێ دەکات، بۆ ئەوەی لە باخچەی بەشەکەی خۆیاندا بیڕوێنێت. ئەمەیشی بۆ دەکات. بەم شێوەیە بەشیر دەبێتە ئاشنای ژنە بەندییەکە، کە ناوی نارایانییە و تەمەنی بیستودوو ساڵە. لە بەندیخانەدا بتوانیت لەگەڵ ژنێکدا قسە بکەیت، دەستکەوت و سەرکەوتنێکی جوان و ڕۆمانتیکە.

بەشیری نووسەر و دڵتەر بۆ قسە دانامێنێت. جارێکیان بە نارایانی دەڵێت:

[ــ نارایانی! هەرچی بنجەگوڵی ئەو باخچەیە هەیە کە پێی دەڵێن زەوی، هەمووی پێشکەش بە تۆ دەکەم!.

نارایانی پێکەنی. دەتگوت هەزاران زەنگی زێڕینە دەزرنگێنەوە. دڵی منیش ورد و خاش بوو، بوو بە سەدان پارچەی ورد ورد.][١].

(١): ڕەنگە بە لای خوێنەری ئەم باسەوە سەیر بێت ئەگەر بڵێم ئەو دوو بیرەی لەو چەند دێڕەدا پێشکەش کراون، لە دوو شیعری مندا هەن. دوو شیعرەکەیش هیی ئێستا نین، بەڵکە لە دیوانی یەکەممدا، پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی ١٩٧٣، بڵاو کراونەتەوە و چەند ساڵێک پێشتریش نووسراون.

پێوەندییەکەیان لە ئاشنایەتییەوە دەبێتە خۆشەویستی. خۆشەویستیی نێوان دوو کەس کە نە چاویان بە یەکتر کەوتووە و نە هیچ دوارۆژێکی دەبێت، چونکە نارایانی حوکمی هەمیشەیی دراوە. ڕۆژانە ئەم دووە لە پاڵ دیوارەکەدا ڕادەوەستن و ڕاز و نیازی خۆشەویستی دەدەن بە گوێی یەکدیدا. نارایانی دەڵێ من شەوانە هەر بیر لە تۆ دەکەمەوە و دەگریم. هەردوویان زۆر ڕاستگۆیانە باسی شێوە و دیمەن و بەژنوباڵا و ڕوخساری خۆیان بۆ یەکدی دەکەن. ڕۆژێک شتێکیان بە خەیاڵدا دێت: بۆچی هەوڵ نەدەن چاویان بە یەک بکەوێت؟ لەسەر ئەوە ڕێک دەکەون کە خۆیان نەخۆش بخەن، بۆ ئەوەی لە نەخۆشخانەی زیندانەکە یەک بگرن. نەخشەی خۆیان دەکێشن و ڕۆژ و سەعات و دەقیقە دیاری دەکەن. بۆ ئەوەی لەوێ یەکتر بناسنەوە ئەوە دەکەنە نیشانە کە بەشیر گوڵەباخێک بگرێ بە دەستەوە. بەڵام ڕێک لەو ڕۆژ و سەعاتەدا پۆلیس دێت و فەرمانی ئازادکردن بە بەشیر ڕادەگەیێنێت. ڕەنگە ئەمە یەکێک بێت لەو جارە دەگمەنانەی کە زیندانییەک حەز نەکات ئازاد بکرێت و هیوادار بێت ماوەیەکی زۆرتر لە بەندیخانەدا بمێنێتەوە.

[ــ تۆ لەم ساتەوە پیاوێکی ئازادیت. پۆلیسەکە دەڵێت.

ــ پیاوێکی ئازاد! کێ ئازادیی دەوێت؟: A free man! Who wants freedom?]

بەڵام چار چییە؟ دەبێ بڕوات و ئەم زیندانە پڕ لە خۆشەویستییە بە جێ بهێڵێت. کە لە دەروازەی بەندیخانەوە دەچێتە دەرەوە، هەموو خەون و ڕازە جوانەکانی هەڵدەوەرێن. بەشیر دەنووسێت: تەماشایەکی گوڵەباخەکەی دەستمم کرد و لەسەر شەقامە گەورەکە ماوەیەکی درێژ، زۆر درێژ ڕاوەستام.

چیرۆکەکە زۆر دیمەن و ڕووداوی جوان و ڕۆمانتیک و ناسکی تێدایە. خۆشەویستییەکەی بەشیر و نارایانی، خۆشەویستییەکی ڕۆحییە، چونکە هیچ لایەنێکی ماددی بەشداریی تێدا ناکات. پردی هاتوچۆی نێوان دوو دڵداری تاسەبار و تامەزرۆ تەنیا دەنگ و بۆن و خەیاڵە.

ڕۆمانی "بزنەکەی پەتتوومە" هەر ژیننامەیەکی ڕاستەوخۆی بەشیر خۆیەتی. لەم تێکستەدا بەشیر باسی خۆی و بنەماڵەکەی خۆیان دەکات؛ دایکی، خوشکەکانی، براکانی، براژنەکانی، زاواکان، منداڵەکانی هەموویان. ئەم کەسانە بە شێوەیەکی زۆر سەیر بەناو یەکدا دێن و دەچن، قسە دەکەن و شەڕ و ناکۆکی بەرپا دەکەن،

ئاشت دەبنەوە، فێڵ لە یەکتر دەکەن، پارەی یەکتر دەدزن، داوای لێبووردن دەکەن، ئەم دەڵێ من جیا دەبمەوە، ئەو دەڵێ من بار دەکەم، لەم ماڵەدا جێگە بۆ من نەماوە، یەکێکی تریان هەڕەشە دەکات بە جێیان بهێڵێت و بچێت ببێتە سەرباز. ژاوەژاوێکە مەگەر هەر بەشیر خۆی سەری لێ دەربکات.

ئەوەی لەم چیرۆکەدا سەرنجی منی ڕاکێشا، سێ شت بوون:

١- ئەگەرچی خەڵکێکی زۆر لەم بەرهەمەدا هەن و چالاکانە دەبزوێن و بەشداری دەکەن، بەڵام کەسی ناوەندی و سەرەکیی ڕۆمانەکە بزنەکەی پەتتوومەی خوشکی بەشیرە. ئەم بزنە لە سەرەتاوە و هەتا دوایی قارەمانی ڕاستەقینەی ڕووداوەکانە.

٢- بەشیر بە شێوەیەکی زۆر سادە ژیانی بنەماڵەکەی خۆیان دەگێڕێتەوە، بەڵام هەمیشەیش هەوڵی داوە لە ڕێڕەوی چیرۆک و دنیای ئەفسانەئاسای چیرۆک دوور نەکەوێتەوە. ڕاگرتنی ئەم هاوسەنگییە باوەڕ ناکەم کارێکی ئاسان بێت.

٣- چیرۆکی "بزنەکەی پەتتومە" ساڵی ١٩٥٤ نووسراوە، بەڵام بەشیر بە شێوەیەکی جوان، ئەو هونەرەی بە کار هێناوە کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوو بە باو، واتە ئەو شێوە دەربڕینەی لای چیرۆکنووسانی ڕۆژاوا، بەتایبەت جێمس جۆیس، بە خوڕاوگەی هۆش یا خوڕاوگەی بیر Stream of consciousness ناوی دەرکردووە. ڕەنگە جیاوازییەکە هەر ئەوە بێت کە چیرۆکنووسانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت نووسەرانی عەرەب، دوو کاتی جیاوازی بیرکردنەوەکەیان بە هۆی بەکارهێنانی دوو شێوە خەت، یا تیپی جیاوازی چاپەوە، دەردەبڕی: یەکێکیان تیپی ئاسایی و ئەوی دی بە تیپێکی ڕەشتر. من نازانم بەشیر لە چاپی زمانی مەلەیالەمدا چیی کردووە، بەڵام لە وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەدا هیچ جیاوازییەک نەکراوە.

لە ڕۆمان و چیرۆکەکانی ڤایکۆم محەمەد بەشیردا، ئەوانەی من بە ئینگلیزی و سوێدی خوێندوومنەوە، پێویست ناکات بە دوای هونەر و تەکنیکی تازەی چیرۆکنووسیدا بگەڕێین، پێویست ناکات داوایەکی گەورە و گرانی ئێستێتیکی لە نووسەر بکەین، پێویست ناکات مەرج و بنەماکانی ڕۆمانی تازە بکەینە پێوەر بۆ سەرکەوتن یا سەرنەکەوتنی نووسەر، پێویست ناکات پێوەری ڕۆژاوایی بکەینە سنووری جیاکردنەوەی ڕۆمان و ژیننامە (بیۆگرافی). بەڵام ئەوەی کە بیری من وەک

خـوێنەرێک داگـیـر دەکـات و ڕامـدەکێـشـێت، ئەو پەیامـە جـوان و مـرۆڤـانەیەیە کـە هەمیـشـە و لە هـەمـوو بەرهـەمێک و لە هـەمـوو لاپـەڕەیەکدا ئامـادەیە: پـەیامـی ئەوین، پەیامی خۆشەویستی، پەیامی هەستێکی مرۆڤانە.

سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەکە:


1. Basheer, Vaikom Muhammad: "Me Grandad Ad An Elephant!", Translated from the Malayalam by R. E Asher and Achamma Coilparampil Chandersekaran, Edinburgh University Press 1980.

2. Basheer, vaikom Muhamma: Voices, The Walls, Translated from the Malayalam by V. Abdulla, Sangam Books, Poona 1976.

3. Basheer, Vaikom Muhamed: Magic Cat, translated from the Malayalam by N. Kunju, Kerala Sahitya Akademi, Trichur 1978.

4. Basheer, Vaikom Muhammad: Under mangotradet, Oversattning: Katarina Sjowall Trodden, Bokforlaget Tranan, Stockholm 2008.

5. Bhabani Bhattacharya (editor): Contemporary Indian Short Stories, Series II, Sahitya Akademi, New Delhi 1967.

لاپەڕەیەک لە دەفتەری بیرەوەرەییەکانم: ٢-٤-٢٠٠٥

## هـ. ک. ئاندەرسن لە ئیستانبووڵ

دەمـزانـی ئەمـسـاڵ یادی دووسـەدسـاڵەی لـەدایکبوونـی نووسـەری گـەورەی دانمارک هانس کریستیان ئاندەرسن (هـ ک ئاندەرسن)ـە، چونکە ماوەیەکە لە تەلەڤیزیۆنەوە باس دەکرێت و لە ڕۆژنامەکاندا لەسەری دەنووسن، بەڵام بەڕاستی نەمدەزانی ئەمڕۆ ڕۆژی لەدایکبوونەکەیەتی. ئەمڕۆ ئەوەیش تێگەیشتم کاتێ لە تەلەڤیزیۆنەوە باس کرا.

لە بەشی (کـولتـوور)ی ژمـارەی ئـەمـڕۆی DN دا وتارێکی درێژ لـەسـەر ژیان و کارەکانی ئاندەرسن نووسرابوو. دوای لەخەو هەڵستان و بەرچایی خواردن، ئەو وتارەم خوێندەوە. بە دڵم بوو. هەر لەو وتارەدا باسی یەکێک لە چیرۆکەکانی کرابوو ناوی (بە کـەڵکی هیچ نایەت)ـە و گـوایە ئاندەرسن لەبارەی دایکی خـۆیەوە نووسیویەتی. چووم کتێبی سەرجەمی بەرهەمەکانی ئاندەرسنم بە ئینگلیزی هێنا. ئەمەم دە دوانزدە ساڵێک لەمەوبەر کڕیبوو، یا بە دیاری بۆم هاتبوو، ئێستا باشم لە بیر نییە، بەڵام هەر دوو سێ چیرۆکێکم لێ خوێندبووەوە، چونکە بەشێکی باشی چیـرۆکـەکـانـی ئاندەرسنم پێـشـتـر بە سـوێدی و فـارسی و تەنانەت کـوردی خوێندبووەوە. ئەمڕۆ کە تەماشای کتێبەکەم کرد، وام هاتە پێش چاو کە کۆمەڵێ چیرۆکی تێدان پێویستە بیانخوێنمەوە. پێشەکی چیرۆکی (بە کەڵکی هیچ نایەت)م خوێندەوە. چیرۆکێکی جوان و سەرنجڕاکێشە، دیارە بۆ کاتی خۆی. ئێستا ڕەنگە زۆرتر ببێتە هۆی دڵتەنگی، زیاتر لەوەی لە ڕووی هونەرییەوە شتێکی ئەوتۆ بڵێ. چیرۆکەکە لەبارەی هەژاریی ژنێکەوەیە، کە دەبێ دایکی نووسەر خۆی بێ. ئەم ژنە لەبەر هەژاری تووشی زۆر کارەسات دەبێ. لە دواییدا کاری جلشۆری دەکات، بەڵام تووشی مـەیخـواردنەوە و ئەلکهـولیسـتی دەبێ و هەر بەوەیش دەمـرێ. بێجگە لە بەدبەختی و هەژاریی ژنەکە، چەند ئیشارەتێکی چاک و ڕوونیشی تێدایە لەسەر جیاوازیی چینایەتی.

له کتێبەکەدا کۆمەڵێ تێکستی دیکەم بەرچاو کەوت کە سەرنجیان ڕاکێشام؛ یەکێکیان ناوی (لەدایکبوونی محەمەد) بوو، کە ڕەنگە بە کوردی ببێتە (مەولوودی پێغەمبەر). هەروەها دوو سێ نووسینی دیکە لەبارەی سەفەرێکەوە کە ئاندەرسن بۆ کۆنستانتینۆپڵ (واتە ئیستانبووڵ) کردوویەتی. نووسراوەکانم یەک لە دوای یەک خوێندنەوە. لەڕاستیدا ئەمانە هیچیان چیرۆک نەبوون، بەڵکە جۆرێک بوون لە ڕیپۆرتاژ یا گەشتنامە. ئاندەرسن باسی ئەوە دەکات کە چۆن لە شەوی لەدایکبوونی پێغەمبەردا لە ئەستەنبووڵ بووە و بەناو شەقامەکاندا گەڕاوە و چاوی بە خەڵک کەوتووە و تەماشای ڕێکردنی سوپا و چەکدارانی عوسمانیی کردووە. زۆر بە جوانی باسی سروشتی ئەستەموول دەکات و کورتەیەکیش لەبارەی ژیانی بنەماڵەی محەمەدی پەیامبەرەوە دەگێڕێتەوە و لە دوای هەر نووسینێکیش دەنووسێت (لائیلاهە ئیللا ئەڵڵاهـ) و لە هەندێ جێگەیشدا (ئەڵڵاهو ئەکبەر). دیارە وەک ڕۆژاواییەک و وەک مەسیحییەک شارەزاییەکی ئەوتۆی سەبارەت بە ئیسلام نییە، بەڵام دیسانیش لەو کورتە باسەدا هەست دەکەیت کە هەوڵی داوە شتێ فێر ببێت. هەروەها ئەوەیش ئاشکرایە کە هەڵوێستی بەرانبەر ئیسلام زۆریش دۆستانە نییە. ئەمەیش دیسان سەیر نییە.

هەر لەو نووسینەدا باسی ئەوە دەکات کە چۆن ڕۆژی دوایی تەماشای حەشاماتی خەڵک و پارادی سوپای کردووە و دواتر پاسەوانەکانی سوڵتان کە هەموو کوڕی گەنجی جوانکیلە بوونە و جوانییەکەیان زیاتر ژنانە بووە تا پیاوانە، چاو پێ کەوتووە. دەڵێ وات دەزانی ئەمانە کۆمەڵێ ژنی ڕۆژهەڵاتین کە پەچە و سەرپۆشیان لا داوە. ئەمجار سوڵتان خۆی بە سواریی ئەسپێکی عەرەبی دەردەکەوێت. ئەمە سوڵتان عەبدولمەجیدە و لەو کاتەدا تەمەنی نۆزدە ساڵان بووە. دەڵێ ئێمەی ئەورووپایی کڵاوەکانمان لە سەرمان داگرت بۆ پێشاندانی ڕێز بۆ سوڵتان، بەڵام سوڵتان سەڵاوی لێمان نەکرد. دەڵێ بە تورکێکی تەنیشتی خۆمم گوت ئەوە ئێمە ڕێزمان پێشان دا، ئەدی بۆچی ئەو پێزانینی خۆی بە ئێمە پێشان نەدا و سەلامی لێ نەکردین؟ کابرا وتوویەتی، چۆن؟ سوڵتان تەماشاتانی کرد، کە ئەمە نیشانەی پێزانینە. دەڵێ پێم گوت لە ئەورووپا پاشا و میرەکان، کە کڵاو داکەنین بۆ ڕێزپێشاندان، ئەوانیش دەست دەجووڵێننەوە بۆ پێشاندانی پێزانین، بەڵام کابرای تورک پی نەدەچوو باوەڕم پێ بکات.

هەر لەو نووسینەدا ڕستەیەکی سەرنجی ڕاکێشام. ئاندەرسن باسی ئەوە دەکات کە کەسێکی بینیوە وتوویەتی لەسەر کەنارەکانی ڕووباری فورات لە دایک بووە. من لە لای خۆمەوە وام لێک دایەوە کە دەبێ ئەم کابرایە کورد بووبێت. ئەی بۆچی کورد نەبێت؟ هەر نەبێ بۆ جەختکردنی ئەوەی کە ئاندەرسن کوردیشی بینیوە و ناسیوە، ئەم بڕیارەم دا. کابرای کوردە وتوویەتی لای ئێمە ئاسمان مەیلەو سەوزە، نەک شین.

یەک دوو نووسینەکەی دیکەیش لەم بابەتە بوون، بەڵام زیاتر باسی سەفەرەکانی بوون بەرەو بۆسفۆر یا زەریای ڕەش. لەوانەیشدا دیسان باسی ئەستەمبووڵ و دەوڵەتی عوسمانی دەکات.

ئەم ئێوارەیە لە تەلەڤیزیۆنەوە بەشی دووەم یا سێیەمی پرۆگرامێکی لەسەر ژیانی ئاندەرسن پێشان دا. دوێنێ شەو بەشێکمان تەماشا کردبوو، ئەمشەویش ئەم بەشەی دیکەی. پرۆگرامەکە خۆش بوو. ئەم ئاندەرسنە پیاوێکی بەدبەخت بووە. ئەگەرچی لە تەمەنی چلساڵی و بۆ سەرەوە وەک نووسەرێکی گەورە ناسراوە و هەم خەڵک و هەم پاشای دانمارک ڕێزیان گرتووە، بەڵام خۆی لە ناوەوە بەدبەخت و ڕووخاو بووە. وا پێ دەچێ هۆیەکی سەرەکیی بەدبەختییەکەی ئەوە بووبێت کە ناشیرین بووە، یا ڕەنگە خۆی پێی وا بووبێت کە ناشیرین بووە و لەبەر ئەوەیش خەڵک (بەتایبەتی ژنان) حەزیان لێ نەکردووە. ئەم بەستەزمانە ڕووی لە هەر ژنێک کردووە، وای وەرام داوەتەوە کە تۆ برامی و حەز دەکەم برام بیت. هەرکێی دیکەیش بێت لەجێی ئەو ئاندەرسنە بەدبەختە، دیارە هەر دەڕووخێت. ئەو پێویستی بە خوشک نەبووە، پێویستی بە ژن بووە، پێویستی بە خۆشەویستی بووە و پێویستی بە گان بووە.

نازانم بۆچی کە تەماشای پرۆگرامەکەم دەکرد، لە خۆمەوە هەردوو شاعیر (بەدر شاکر سەییاب)ی عەرەبی عیراق و (لەتیف هەڵمەت)ی هاوڕێی خۆشەویستمم بیر کەوتەوە. بەدر خۆی بە ئاشکرا باسی ئەوە لە شیعرێکیدا، یا لە هەندێ شیعریدا، دەکات کە ئەو ژنانەی ئەم خۆشی ویستوون، کەسیان ئەمیان خۆش نەویستووە، بەدریش وەک ئاندەرسن ناشیرین بووە، بە تایبەتی لە ڕووی لووتەوە زۆر لە یەکدی دەچن، هەردوویان لووتیان زلە.

لەتیف هەڵمەتیش لە هەندێ شیعردا داد و بێدادی ئەوە دەکات کە کچان خۆشیان

ناوێت، بەڵام یەک دیوانیشی بۆ شیعر پێداهەڵگوتنی خانمێک تەرخان کرد (پرچی ئەو کچە ڕەشماڵی گەرمیان و کوێستانمە)، ئەگەرچی پێم وا نییە هیچیشی دەست کەوتبێت. دیارە ئەو جیاوازییەیش هەیە کە لەتیف هەڵمەت گەنجێکی قۆز و ئێسکسووک بوو.

لە دیمەنێکی پرۆگرامەکەدا لەسەر ئاندەرسن، ئەوەی باس کرد کە چۆن ناودار بووە و سەری نووسەر و نیگارکێشە ناودارەکانی ئەورووپای داوە. جارێکیان چووەتە ماڵی (چارڵز دیکنز) و چوار حەفتە دایکوتاوەتەوە. ماڵی دیکنز هەر زوو لێی بێزار بوونە، بەتایبەتی چونکە ئەم فرانسیی زانیوە، بەڵام ئینگلیزییەکەی زۆر خراپ بووە. دوای گەڕانەوەی، نامەیەکی بۆ دیکنز نووسیوە، وەک جۆرێ داوای لێبووردن یا سوپاسی میوانداریێتی، بەڵام دیکنز هەر وەرامیشی نەداوەتەوە. دیارە ئینگلیزی ئەو کاتە زۆر لە ئینگلیزی ئەم سەردەمە لووتبەرزتر بوونە.

جارێکیش لە پاریس چووەتە قەحپەخانەیەک. کەچی، وەک دواتر باسی کردووە، یا نووسیویەتی، 'هیچی نەکردووە.' لە پرۆگرامەکەدا ئاندەرسن هەر تەماشای ئافرەتەکەی دەکرد و پێدەکەنی. لە دیمەنێکی دیکەدا بە دەوروبەری ژنێکدا دێت و دەچێت، بەڵام ئەوەندە خۆی سووک دەکات کە ژنە زۆر لووتبەرزانە لەگەڵی هەڵسوکەوت دەکات و ئاندەرسنی بەستەزمان بە جێ دەهێڵێت.

کە تەماشای سەرجەمی کارەکانی ئاندەرسنم دەکرد لە دڵی خۆمدا خۆزگەم دەخواست کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دەرفەت و توانستی ئەوەم هەبووایە هەمووی، یا هەر نەبێ بەشێکی باشی، بکەمە کوردی. بەڵام ئەم (ڕۆژێ لە ڕۆژان)ـە وا پێ دەچێت (ڕۆژێ نە لە ڕۆژان) بێت، لەبەر ئەوەیش هەرگیز نایەت.

ئاندەرسن لە دواساڵانی ژیانیدا تووشی گەلێ نەخۆشی هاتووە و ددانەکانی هەموو کەوتوون و پیر و کەلەلا بووە. لە تەمەنی حەفتاساڵیدا و لە ئاگوستی ساڵی ١٨٧٥دا مردووە. پێم وایە هەر بوخچەی نەکراوەیش بووە.

## وەرزی کۆچ بۆ باکوور

پێوەندیی نەوەکەی ئێمە، وەک نووسەر و وەک خوێنەریش، لەگەڵ فەرهەنگ و ئەدەبی عەرەبیدا کەمتر ڕەنگی سیاسەتی پێوە بوو. ئێمە لەگەڵ ئەو زمان و فەرهەنگەدا گەورە بووبووین و وەک گەنجینەیەکی بەنرخ و پڕ لە مرواری تەماشامان دەکرد. بە هۆی زمانی عەرەبییەوە دەستمان دەگەیشتە تێکستە گەورە و جوانەکانی دنیا. دەمانویست بە هۆی زمانی عەرەبییەوە خۆمان، نەتەوەکەمان، نیشتمانەکەمان و ئەدەبەکەمان بەوان و بە خەڵکی دیکەیش بناسێنین. ئەم هەڵوێستەی ئێمە هەڵوێستێکی هونەری و جوانناسانە، بەڵام لەوەیش بەولاوەتر، هەڵوێستێکی مرۆڤانە بوو. ڕاستە، ئەو خۆشەویستییەی زمانی عەرەبی هەرگیز لە ڕۆحی ئێمەدا جێی زمان و فەرهەنگی کوردیی نەدەگرتەوە. کوردی بۆ ئێمە دایک بوو، بەڵام عەرەبی کچێکی جوان و نازدار و ئێسکسووک بوو. مرۆڤ هەر یەک دایکی هەیە و ناتوانێ بیگۆڕێت، بەڵام تا ئەو ڕۆژەی دەمرێ، دەتوانێ دڵی لە حەوت کچی جوان بچێت و ببێتە عاشقیان.

مەحموود دەروێشی شاعیری فەلەستینی، لە نووسینێکیدا باسی ئەوە دەکات کە زمانی عیبریی هێندە چاک زانیوە، کە جوولەکەیەکی شۆفێری تاکسی باوەڕی پێی نەکردووە کاتێ ئەم پێی وتووە من عەرەبم. دەروێش زۆر جاری دیکەیش باسی ئەدەبی عیبری و باسی شاعیرانی عیبریزمانی کردووە.

لەو وڵاتانەدا کە داگیر دەکرێن و دەبنە کۆڵۆنی، هەر زوو مەسەلەی زمان و داگیرکردنی فەرهەنگی و زمانەوانی دەبێتە سیمایەکی بەرچاوی ئەو داگیرکردنە و لە دوو ڕووەوە نەخش دەبینێت: جارێک دەبێتە پردێک بۆ لەیەکگەیشتن و تێکەڵاویی شارستانییانە، جارێکیش دەبێتە بەرەی شەڕێکی سەخت لەنێوان داگیرکارێک، کە دەیەوێ زمان و فەرهەنگی خۆی بە زۆر بسەپێنێت، و نەتەوەیەکدا کە دەست بە فەرهەنگی خۆیەوە دەگرێت و، بە قەولی مام هێمنی موکریانی، "بەگژ جەللادەکەیدا دێتەوە، ناتوێتەوە و ناتوێتەوە و ناتوێتەوە". لەم پێشبڕکێ و ناکۆکییەدا، نەتەوەی

داگیرکراو ئەگەر پشتی بە زمانی خۆی قایم نەبێت، نەک هەر لە سەردەمی داگیرکردندا بەشێکی گەوهەرینی کەسایەتیی خۆی دەدۆڕێنێت، بەڵکە دوای ڕزگاربوونیش تووشی سەختی و زۆرانبازییەکی پشووچکێن دەبێت. نموونەی زۆر دیار لەو ڕووەوە جەزائیر و کوردستانی تورکیایە.

ئەو ڕەوشەی نووسەر و ڕووناکبیرانی کوردستانی عیراق ڕەنگە تەنیا بکرێ لەگەڵ ڕەوشی نووسەر و ڕووناکبیرانی فەلەستینیدا بەراورد بکرێت. داگیرکاری عیراقی، وەک داگیرکاری ئیسرائیلی، لە ڕووی سیاسییەوە چەندە دڕندە بووبێت، بەڵام هەرگیز هەوڵی نەداوە فەرهەنگ و زمانی کوردی لە ڕەگوڕیشەوە هەڵکێشێت. هۆی ئەم جۆرە سیاسەتە زۆرن. گەلی کوردیش، وەک گەلی فەلەستینی، دیسان لەبەر گەلێ هۆی سیاسی و قانوونی، خاوەنی فەرهەنگ و زمانی خۆی بوو، توند دەستی پێوە گرتبوو، لەپێناوی گەشەپێدان و پەروەردەکردنیدا هەموو شێوەیەکی خەباتی دەگرتە بەر.

لە چلەکان و پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا پێوەندیی ڕووناکبیرانی کورد و عەرەب لە عیراقدا زیاتر سیاسی بوو، کەمتر فەرهەنگی و ئەدەبی بوو. بیستوومە مامۆستا گۆران یەک یا دوو جار بەدر شاکر سەییابی بینیوە. لەگەڵ عەبدولوەهاب بەیاتیشدا ئاشنایەتییەکی هەبووە، بەڵام نازانم لە چ پلەیەکدا بووە. لە شەستەکان و حەفتاکاندا ئەو پێوەندییەی نێوان فەرهەنگی کورد و عەرەب تا ڕادەیەکی باش گەرمتر و پتەوتر بوو. نەوەی ئێمە ئاشنایەتییەکی قووڵ و فراوانمان لەگەڵ فەرهەنگ و ئەدەبی عەرەبیدا هەبوو، لەگەڵ نووسەر و ڕووناکبیرانی عەرەبیشدا پێوەندییەکی گەرممان هەبوو. ئەگەر سیاسەت بیهێشتایە، بەتایبەت سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی بەعس، دەکرا ئەو پێوەندییە زۆر گەرمتر و بەرهەمدارتریش بێت.

ئەو ڕاپەڕینە فکری و فەرهەنگی و سیاسییەی لە ناوەڕاستی شەستەکاندا لە ئەورووپا و ئەمەریکای لاتینییەوە دەستی پێ کردبوو، شەپۆلەکانی گەیشتە زۆر ناوچە و هەرێمی دیکەی دنیا، لەوانەیش جیهانی عەرەب و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. کوردستانی عیراقیش، لە ڕێگەی زمانی عەرەبییەوە، سوودێکی زۆری لەو هۆشیاربوونەوەیە دەست کەوت. ڕێککەوتننامەکەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠یش بوو بەو چوارچێوە سیاسی و قانوونییەی وەک پەرژینێکی پتەو ئەو دەستکەوتانەی



ئەلتەییب ساڵح (١٩٢٩-٢٠٠٩)

دەپاراست. لەو ساڵانەدا بوو کە ئەو نەوەیەی ئێمە ئاشنایەتیمان لەگەڵ ئەدەبی تازەی عەرەبیدا پەیدا کرد و بەرهەم و ئەزموونی نووسەرانی نوێخوازی عەرەب بوو بە سەرچاوەیەکی گەورە و ڕەنگاوڕەنگ بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی نوێخوازانەی ئێمەیش.

شاعیرێکی گەورەی وەک بەدر شاکر سەییاب (١٩٢٦-١٩٦٤)، کە یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی شیعری تازەی عەرەب، لایەنی هونەریی ئەو ئەزموونە گەورەیەی ئەو، دوای مردنی، واتە لە کۆتاییی شەستەکان و لە حەفتاکاندا باشتر و قووڵتر ناسرا. هەروەهایش عەبدولوەهاب بەیاتی و سەلاح عەبدولسەبوور و ئەدۆنیس و یووسوف ئەلخال و محەمەد ماغووت و فازیل عەززاوی و زۆری دیکەیش لەو ساڵانەدا بەرهەم و ئەزموونەکانیان بە شێوەیەکی فراوانتر گەیشتە دەستی خوێنەران. هەر لەو ساڵانەدا، کۆمەڵێک چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی گەورەی عەرەب دەرکەوتن و بوون بە کۆڵەکەی تازەبوونەوەی هونەری چیرۆک بە زمانی عەرەبی. لەناو ئەو نووسەرانەدا تەییب ساڵح، بێگومان، یەکێک بوو لە ناوە هەرە درەوشاوە و ڕەنگدارەکان.

تەییب ساڵح خەڵکی سوودان بوو. ئەو وڵاتە لە بواری ئەدەبدا پێشینەیەکی گەورە و دەوڵەمەندی نەبووە و لە ئەدەبی عەرەبیدا پێگەیەکی ئەوتۆی نەبووە. تاکە ناوێکی گەورەی سوودانی کە ئەو کاتە ناسرابوو، محەمەد میفتاح فەیتووری بوو. تەییب ساڵح دوای ئەوەی سوودانی بە جێ هێشت و لە ئینگلستان نیشتەجێ بوو، بوو بەو نووسەرەی کە ئەدەبی عەرەبیی بە دنیا ناساند. تەییب ساڵح ئەگەرچی چەند ڕۆمان

و كـۆمـەڵەچیـرۆکی بڵاو کـردووەتەوە، بەڵام ڕۆمـانی **وەرزی کـۆچ بۆ باکـوور** (موسم الهجرة الى الشمال) بوو بە هۆی ناودەرکردنی لە هەموو جیهاندا، تا ئەو ڕادەیەی کە لای هەر ئەدەبناسێکی ئەم دنیایە ناوی تەیب ساڵح بهێنیت، یەکسەر پێت دەڵێت: وەرزی کۆچ بۆ باکوور.

ئەو ناوبانگە فراوان و گەورەیەی "وەرزی کۆچ بۆ باکوور" بۆ تەییب ساڵحی دروست کرد لە دوو ڕووەوە زیانی پێ گەیاند: هەرچییەکی دیکەی نووسی، کەس نەیدەتوانی باوەڕ بکات لە ڕۆمانی وەرزەکەی چاکتر دەبێت و دەتوانێت ئەو ئەزموونە تێپەڕێنێت؛ دووەمیش هەمیشە خوێنەران و ڕەخنەگران و خەڵکی ئاسایی ڕۆمانەکەیان وا تەفسیر دەکرد کە ساڵح باسی ژیانی خۆی کردووە، یا ڕەنگە مستەفا سەعیدی پاڵەوانی ڕۆمانەکە هەر نووسەر خۆی بێت، یا لە ڕووی کەسایەتی و بیرکردنەوەوە شتێکی ناوکۆیان هەبێت.

ئەو ئەگەرچی ساڵانێکی دوورودرێژ بە هیچ جۆرێک نەیدەویست شتە تایبەتییەکانی ژیانی خۆی یا مستەفا سەعید باس بکات، بەڵام لە نەوەدەکاندا لە دیدارێکدا ناچار بوو کە بڵێ کەسایەتیی مستەفا سەعیدی لە کەسایەتیی هاوکارێکی خۆیەوە، کە لە ڕادیۆی بیبیسی (BBC) کاری لەگەڵ کردووە، وەرگرتووە و ناویشی عەلی ئەبو سن بووە و ئەویش هەر سوودانی بووە. هەروەها لەسەر جێن مۆریسیش درەنگێ ئەوەی ئاشکرا کرد کە بەڕاستی ئەو کە تازە هاتووەتە لەندەن کچێکی ناسیوە ناوی جێن مۆریس بووە. لە موزەخانەی لەندەن پێشانگەیەکی هونەری هەبووە، لەوێ چاوی بە مۆریس کەوتووە و پێکەوە چوونەتە دەرێ و لە قاوەخانەیەک دانیشتوون و دوای ئەوە ئیدی چاوی پێ نەکەوتووەتەوە، بەڵام ناوەکەی هەر لە مێشکیدا ماوەتەوە و پێی خۆش بووە بیکاتە پاڵەوانی ڕۆمانەکەی، ئەگەرچی هیچ پێوەندییەکی بە کەسایەتیی ئەو جێن مۆریسەوە نییە کە هەموو یەک دوو سەعاتێ پێکەوە بوون.

تەییب ساڵح، ئەو نووسەرە ناودار و گەورەیە، ڕۆژی ١٨-٢-٢٠٠٩ لە لەندەن، لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا کۆچی کرد و ڕۆژی ٢٠-٢-٢٠٠٩، تەرمەکەی برایەوە بۆ سوودان، بۆ ئەو وڵاتەی نیو سەدە زیاتر بوو بە جێی هێشتبوو، بەڵام هەمیشە بە عەشقەوە یادی دەکرد. کۆچی ئەم جارەی تەییب ساڵح بەرەو باکوور نەبوو، بەڵکە کۆچێک بوو بەرە باشوور، بەرەو ئەو زێدەی لێیەوە هاتبوو. بە مردنی تەییب ساڵح

جارێکی دیکەیش ئەزموونی هونەری و ئەدەبیی ئەو نووسەرە داهێنەرە کەوتە بەر ڕۆشنایی و بەرهەمەکانی بوون بە بابەتی دەیان و سەدان لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن. دیارە لەناو هەموو بەرهەمەکانیدا دیسان "وەرزی کۆچ بۆ باکوور" بایەخی هەرە گەورەتری پێ درا، کە بەڕاستییش ئەو ڕۆمانە شایانی ئەو بەرزنرخاندنەیە و نووسەرەکەیشی شایانی ئەو ڕێز و خۆشەویستییەیە کە سەرلەنوێ پێشکەشی کرایەوە.

ڕۆمانی وەرزی کۆچ بۆ باکوور یەکەم جار ساڵی ١٩٦٧ لە بەیرووت چاپ کرا. تا ئەو کاتەیش تەییب ساڵح لە فەرهەنگی عەرەبیدا نووسەرێکی ناسراو و ناوێکی دیار نەبوو. ساڵێک لەوەوپێش ڕۆمانی شایپەکەی زەین "عرس الزين"ی بڵاو کردبوووەوە، بەڵام وا پێ دەچێت سەرنجی ڕەخنەگر و خوێنەری عەرەبی ڕانەکێشابێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە، ژیانی ئەدەبیی تەییب ساڵح زۆر زووتر دەستی پێ کردبوو. ساڵی ١٩٥٣، کە تازە هاتبووە لەندەن، چیرۆکی "دارخورمای گوێ ڕووبار"ی نووسیبوو. تا نووسینی چیرۆکی داهاتووی "چنگێک خورما" حەوت ساڵی ڕێکی پێ چوو. ئەمەی دووەمیان هەر ئەو کاتە کرابووە ئینگلیزی و لە گۆڤاری "ئینکاونتەر"دا بڵاو کرابووەوە. ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی لەناو بازنە فەرهەنگییەکانی لەندەندا وەک نوسەرێکی گەورە بناسرێت.

ناوبانگی گەورەی تەییب ساڵح لەگەڵ ڕۆمانی وەرزی کۆچەکەیدا دەستی پێ کرد. لەو ڕۆژەوە کە ڕۆمانەکەی کەوتە بەردەستی خوێنەر و ڕەخنەگرانی عەرەب، دەیان و سەدان لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادێمی و گوتاری ڕەخنەیی و ڕانانی لەسەر نووسرا. ئەم بایەخپێدانە فراوانە وەک شەپۆلێکی بەخوڕ ساڵەهای ساڵ هەر بەردەوام بوو. ئەو ئەگەرچی دوای وەرزی کۆچیش چەند ڕۆمانێکی دیکەیشی بڵاو کردنەوە، بەڵام نە خوێنەران و نە ڕەخنەگران وازیان نەدەهێنا و هەر هەموویان پێشەکی بڕیاری ئەوەیان دابوو کە تەییب ساڵح دەبێ وەک دیلێک و وەک بارمتەیەک، لە چوارچێوەی ئەو کتێبە بچکۆلەیەدا ژیان بباتە سەر و مافی ئەوەی پێ نەدرێت یەک هەنگاویش لێیەوە دوور بکەوێتەوە.

لە ماوەی چل ساڵی ڕابوردوودا ڕۆمانەکە بۆ سی زمان تەرجەمە کراوە و بە زمانانی جۆراوجور سەدان لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسراوە و وەک نموونەیەکی پێشکەوتووی



وەرزی کۆچ بۆ باکوور

ئەدەبی عەرەبی لە زانستگە گەورەکانی جیهاندا دەخوێنرا، بەڵام لە وڵاتەکەی خۆیدا، لە سوودان، ماوەی چەند ساڵێک قەدەغە کرا و لە پرۆگرامی خوێندنی زانستگەیش دەرهێنرا، چونکە تەیيب ساڵح ڕەخنەی لە دەستەڵاتداران گرتبوو.

ناوەڕۆکی ڕۆمانی وەرزی کۆچ ناوەڕۆکێکی سادە، بەڵام هاوکاتیش، قووڵ و خەیاڵورووژێنە. موستەفا سەعید، پاڵەوانی یەکەمی ڕۆمانەکەیە. ئەم پیاوە سوودانییە، وەک تەیيب ساڵح خۆی، وڵاتەکەی خۆی بە جێ دەهێڵێت و ڕوو دەکاتە باکوور، سەری خۆی هەڵدەگرێت بەرەو ئینگلستان. لەوێ دەخوێنێت و دواییش دەبێتە مامۆستای زانستگە. موستەفا سەعید هەڵوێستێکی یەکجار دوژمنانەی بەرانبەر کۆڵۆنیالیستانی ئینگلیز هەیە و هەرگیز ئەوەی لە بیر ناچێتەوە کە ئینگلیز وڵاتەکەیان داگیر کردووە. بۆ تۆڵەسەندنەوە لە دوژمنەکانی، موستەفا سەعید شێوە خەباتێکی زۆر دەگمەن هەڵدەبژێرێت؛ ژنانی ئینگلیز "داگیر بکات" و زەوتیان بکات.

موستەفا سەعیدی تینووی سێکس و ژن و ڕابواردن بە ئارەزووی خۆی دەکەوێتە ناو ژنانی ئینگلیز و هێندەی بتوانێت لەگەڵیاندا ڕادەبوێرێت. لە ماوەی ئەو ساڵانەدا کە لە ئینگلستان دەژی، سێ جاریش ژن دەهێنێت، بەڵام هەرگیز ژیانێکی دامەزراو و ئارام دروست ناکات، چونکە ئەو بەختیاری و سەرکەوتنی خۆی لەوەدا دەبینێت کە ژنانی ئینگلیز لە ڕووی سێکسییەوە داگیر بکات، سەریان پێ شۆڕ بکات و سووکایەتییان پێ بکات. ژنی سێیەم جێن مۆریسە، کە بە دەستی مستەفا سەعید دەکوژرێت. سەعید ئینگلستان بە جێ دەهێڵێت و دەگەڕێتەوە بۆ سوودان. لەوێ

ژیانێکی گومناو بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت؛ لە گوندێکی بچووکدا نیشتەجێ دەبێت و ژنێکی سوودانی دەهێنێت: حەسنە بینت مەحموود. لەم ژنە دوو منداڵی دەبێت، بەڵام دواتر لەپڕ ون دەبێت (لە ڕاستیدا خۆی دەکوژێت) و چیرۆکی جۆراوجۆر لەبارەی ونبوونەکەیەوە دروست دەکرێت.

ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە زۆر لەمەیش زیاترن، بەڵام هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکانی موستەفا سەعید، گەوهەری ئەو باسە فکری و سیاسییەن کە زۆربەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکان لێیان نزیک کەوتوونەتەوە و هەوڵیان داوە لە پێوەستێکی شارستانی و فەرهەنگیدا بیانخوێننەوە. ئەمە باسێکە کە دواتر ئیدوارد سەعید لە چوارچێوەیەکی تیۆری و فکریدا دایڕشت و کردی بە ڕێبازێک لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا و بە تیۆریی پۆستکۆڵۆنیالیزم (پاشکۆڵۆنیالیزم) ناوی دەرکرد. سەعید ئەم بەرهەمە وەک یەکێک لە بەرهەمەکانی دژایەتیی کۆڵۆنیالیزم دەخوێنێتەوە و دەیکاتە نموونەی پێچەوانەی ڕۆمانی **دڵی تاریکی** (Heart of Darkness)ی جۆزێف کۆنراد (١٨٥٧–١٩٢٤). لە کاتێکدا کۆنراد پاڵەوانەکەی خۆی دەنێرێت بۆ کۆنگۆی ئافریقا و پێی وایە پەیامی شارستانەتی و فەرهەنگی ئیمپراتۆریای بریتانیا دەگەیێنێتە ناوچەرگەی ئەو ڕەشستانە، تەییب ساڵح پاڵەوانی وەرزی کۆچەکەی بۆ سەرەوە، بەرەو باکوور دەنێرێت، بۆ ئینگلستان، بۆ ناوچەرگەی وڵاتی سپی، سپیستان. دیارە هەر وەک چۆن سەفەری موستەفا سەعید لە ڕووی جیۆگرافییەوە بە پێچەوانەی سەفەرەکەی کورتزی پاڵەوانی ڕۆمانەکەی کۆنرادەوەیە، ناوەڕۆکی بیرکردنەوە و ئامانجەکانیشیان پێچەوانەی یەکدین.

ئەم تێکستەی تەییب ساڵح نابێ تەنیا لە گۆشەنیگایەکی سیاسی و فکری و فەرهەنگییەوە تەماشا بکرێت، بەڵکە دەبێ نرخ بۆ لایەنە زمانەوانی و ئێستێتیکییەکانیشی دابنرێت. تەییب ساڵح هەرچەندە وەک لاوێکی بیستوچوار ساڵان سوودانی بە جێ هێشتووە و لە ئینگلستان نیشتەجێ بووە و خوێندوویەتی و تێکەڵی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ئەو وڵاتە بووە، بەڵام زمانە عەرەبییەکەی لە پلەیەکی بەرزی هونەریدا بە کار بردووە. ئەم بەکاربردنە هونەرمەندانەیە، ئەنجامێکی ئەو چێژوەرگرتن و حەزە گەورەیەی نووسەرە لە شیعری کلاسیکی عەرەبی و بە تایبەتییش شیعرەکانی شاعیری گەورەی عەرەب ئەبولتەییب

ئەلموتەنـەببی (٩١٥-٩٦٥). تەییب سـاڵح، وەک چۆن چێژێکی زۆری لە خـوێندنەوەی شـیـعـری مـوتـەنەببی وەردەگـرت، هـەروەهـایش زۆر حـەزی دەکـرد شـیـعـرەکـان بە دەنگێکی بەرز و گڕ و شاعیرانە بۆ خەڵکیش بخوێنێتەوە.

ئەگـەرچی لە هـەندێ ڕووەوە کـەسـایەتیی نووسـەر و پاڵـەوانەکـەی لە یەکـدی دەچن، بەڵام لە گەرمەی ڕووداوەکـانی ڕۆمانەکەدا، نووسـەر هـەرگـیـز ئەوەی لە بیر نەچووە کە ئەو چیرۆکی کەسێک دەگێڕێتەوە، کە نیشانەی هەڵوێست و بیرکردنەوەیەکی تەواو جـیـاوازە و ئـەم نە بەرگـریی لێ دەکـات و نـە خـەرمـانەیـەکی ڕۆمـانـتـیکانـەی لێ دەئاڵێنێت.

هاوینی ساڵی ١٩٩٣ چووم بۆ لەندەن و لە کۆنفرانسی قەسیدەدا بەشداریم کرد. ئەمـە کـۆنفـرانسـێک بوو بـەشـی لێکۆڵینـەوەی ڕۆژهـەڵاتی و ئـافـریـقـاییی سـەر بە زانسـتگەی لەندەن ڕێکی خـسـتـبـوو. کـۆمـەڵێک زانا و لێکۆڵەرەوەی ئەکـادیمی لە زانسـتگەکانی دنیـاوە هـاتبـوون و بەشـدارییـان کرد و لێکۆڵینەوەیان لەسـەر هونەری قـەسـیـدە لە زمـانـانی جـۆراوجـۆردا پێـشکەش کـرد. لێکۆڵینەوەکـەی من لەبارەی قـەسیدەی کوردییـەوە بوو. لەم کۆنفرانسـەدا کۆمـەڵێ زانا و ئەکادیمیکاری گـەورەی دنیـام ناسـی، بەڵام لە هـەمـوویان، بـە لای خۆمـەوە، گـەورەتر و خـۆشـەویسـتـتـر زانـا و تەسـەووفـناسـی گەورەی ئاڵمـانی پرۆفیسـۆر ئانماری شیـمـمـەل Annemarie Schim-mel بوو (١٩٢٢-٢٠٠٣). هـەر لەو کـۆنفـرانسـەدا چاوم بـە تەییب سـاڵح کـەوت: پیـاوێکی کـەڵەگەت و باڵابـەرز، ڕەشـپـێست، بـەڵام لە گوێرەی ڕەشـپـێـسـتی دیکەی سـوودان و ئەفریقا ئـەم کەمـتر ڕەش دیار بوو. ناتوانم بڵێم پیاوێکی ڕووخـۆش بوو، بەڵام گرژیش نەبوو، ڕەنگە بکرێ بڵێم ڕوخسارێکی جیددی و خەمبارانەی هەبوو. لە مـاوەی سێ ڕۆژی کـۆنفـرانسـەکـەدا ئێـمـەی بەشـداران هـەر بـە یەکـەوە بـووین و شەوانیش تا درەنگانێ بە دیار خواردن و خواردنەوەوە دادەنیشتین. نیوەڕوانێک، کە مـاوەی پشـوودان بوو، لەگـەڵ تەییب سـاڵحدا تاوێک پێکەوە ڕاوەسـتـاین و قسـەمـان کرد. وتم ئێمـە نەوەیەکی ئەدەبیین لە کـوردسـتـان، نەوەیەکی شـاعیـر و نووسـەر، لە سـەرەتـای حـەفـتـاکـانـەوە تۆ دەناسـین و ڕۆمـانەکـانی تۆمـان خـوێندووەتەوە و بەرهـەمەکانی تۆ بۆ ئێمە ئیلهامبەخش بوون. زۆری پێ خـۆش بوو. قسەی تریشـمان زۆر کرد، کە ئێستا لە بیرم نەماوە. بەڵام دەزانم بەشێکی زۆری باسی هەلومـەرجی

فەرهەنگی و سیاسیی کوردستان بوو.

ئەدەب و زمانی عەرەبی، هەروەهایش ئەدەب و زمانی فارسی، لە نەخشەی فەرهەنگیی کورددا هەمیشە جێگەیەکی دیار و گرنگیان هەبووە و بەشێک بوون لە پێکهاتەی فکری و هونەریی ڕووناکبیر و بیریار و داهێنەرانی کورد. ئێمە کاتێ لە بەرهەمە باڵاکانی مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی و نالی و مەسعوود محەمەد ورد دەبینەوە، تێدەگەین چەند ئازادانە بە دنیای فکر و جوانیی زمان و فەرهەنگی فارسی و عەرەبیدا هاتوون و چوون. لە کوردستانی ئەمڕۆدا، وا پێ دەچێت بە هۆی کورتبینیی سیاسییەوە، بە دەستی خۆمان، ئەو سەرچاوە جوان و سازگارانە کوێر دەکەینەوە، بێ ئەوەی دەستمان بگاتە هیچ کانی و سەرچاوەیەکی دیکەیش.

# درندەی هیچ وڵاتێک


ئەوە چ نهێنییەکە وات لێ دەکات ئەم ڕۆمانەت زۆر لا خۆش بێت و پێت وا بێت کارێکی سەرکەوتووە، کەچی ئەو ڕۆمانەت بە دڵ نەبێت و هەر نەیشتوانیت تەواوی بکەیت؟ پرسیارێکی وەها دەکرێ بە گەلێ شێوەی جیاواز وەرام بدرێتەوە. ڕەنگە لەناو ئەو بۆچوونانەدا کە زۆر زیاتر دووبارە و چەند بارە دەبنەوە، پەیام، زمان، ناوبانگی نووسەر، ناوەڕۆک و پێکهاتەی هونەری بکرێنە بنەمای بەرزنرخاندنی ڕۆمان. من خۆم هەرگیز تێکستی چاک و ناوبانگی نووسەرم پێکەوە گرێ نەداوە. ڕۆمانێک یا دیوانێکی شیعر لەبەر ئەوە ناخوێنمەوە کە نووسەرەکەی ناودارە و زۆر باس دەکرێت. بەڵام کە تێکستێکی گەورە و بەهێز دەخوێنمەوە، ئەو کاتە نووسەرەکەیشیم لا گەورە دەبێت. پێشتریش لە نووسینی دیکەمدا ئەوەم باس کردووە کە زۆربەی ئەوانەی خەڵاتی ئەدەبیی "نوبێل" وەردەگرن، من ئیتر بەرهەمەکانیان ناخوێنمەوە. زۆرجار وا ڕوو دەدات ڕۆژنامەنووسی قەڵەمفرۆش و ڕەخنەگری بوودەڵە و نەخوێندەوار دەیانەوێ بە زۆری زۆردارەکی نووسەرێک گەورە بکەنەوە و لە بەرچاوی خوێنەران بیکەنە پاڵەوان. بەرامبەر بەوەیش زۆرجار نووسەری بەهرەدار و ڕاستگۆ بە جۆرێک ئەفەرۆز دەکرێت کە تەنانەت ناویشی لە بیری خەڵک دەبرێتەوە. دەستگاکانی ڕاگەیاندن لەم ڕووەوە ڕۆڵێکی یەکجار دزێو و بێزەوەر دەبینن. ئەمە لە هەموو جێگایەک و لە هەموو وڵاتێکدا ڕوو دەدات، بەڵام ئایا ئەم ڕازاندنەوەیە، یا ئەم ڕەشکردنە تا چ ڕادەیەک و هەتا کەی دەتوانن کاریگەر بن و خوێنەر و دەوروبەرە فەرهەنگییەکە چاوبەست بکەن؟ ئەزموونەکانی مێژووی ئەدەب شتی جیاوازمان پێ دەڵێن.

ڕۆمانی "درندەی (یا جانەوەری) هیچ وڵاتێک Beasts of No Nation" یەکەمین ڕۆمانی نووسەرێکی لاوە و ساڵی ٢٠٠٥ یەکەمین جار بڵاو کرایەوە. ئەو ئەگەرچی پێشتر هیچ کارێکی ئەدەبیی بڵاو نەکردبووەوە و کەسیش وەک نووسەر نەیدەناسی، بەڵام هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆمانەیدا بە جۆرێک پێشوازیی لێ کرا کە

گەورەترین و ناودارترین گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەورووپا و ئەمەریکا بە سەدان شێوە کەوتنە پەسن و پێداهەڵدانی. زۆر نووسەری گەورەیش باسی بەرهەمەکەیان کرد و پێیان وا بوو ئەمە شاکاری نووسەرێکی گەنجە کە چاوەڕوانی کاری زۆر گەورە گەورەی لێ دەکرێت.

ئوزودینما ئیوالا Uzodinma Iweala لەو نووسەرانەیە کە زۆر جار لەلایەن ڕەخنەگرانەوە وەک نووسەرانی بێناسنامە یانیش، کاتێ بە چاوێکی ڕاستیبینانەوە تەماشایان دەکەن، وەک نووسەرانی خاوەنی جووتناسنامە ناو دەبرێن. ئەمانە، لە پلەی یەکەمدا، بەرهەمی کۆلۆنیالیزمی ئەورووپایین کە وڵاتانی ئەفریقا و ئاسیایان داگیر کردبوو. کۆلۆنیالیستان، بەتایبەت فرانسا و ئینگلستان، لەو وڵاتانەدا زمانی خۆیان بەسەر خەڵکەکەدا دەسەپاند و زمان و فەرهەنگی خەڵکی وڵاتەکەیان بەرەو مردن و هەڵوەشانەوە دەبرد. لە ئەنجامدا نووسەر و ڕووناکبیرەکانی ئەو وڵاتە داگیرکراوانە، چونکە زمانی خۆیانیان نەدەزانی، بە زمانی داگیرکاران بەرهەمیان دەنووسی. نووسەرانی هیندستان و جەزائیر و چەندین وڵاتی ئەفریقا نموونەی هەرە بەرچاون. بەشێکی دیکەی ئەو نووسەرانە، ئەوانەن کە، لەبەر هۆی سیاسی و ئابووری یا لەبەر شەڕی ناوخۆ، بە خێزانەوە کۆچیان کردووە بۆ وڵاتانی ئەورووپا. ئەمانە یا بە منداڵی هاتوونەتە ئەورووپا و لێرە خوێندوویانە و گەورە بوونە، یان هەر لە ئەورووپا لە دایک بوونە و پێگەیشتوون. ئەمانە کە نەوەی دووەم و هەندێ جار نەوەی سێیەمی پەنابەر و کۆچکردووانن، لەناو فەرهەنگ و زمانی ئەورووپادا پێگەیشتوون، بەڵام بەشێکی زۆریشیان لە فەرهەنگ و زمان و دین و نەریتەکانی وڵات و نەتەوەی باوک و باپیریان لە خۆیاندا پاراستووە. ئەم لاوانە هەر وەک چۆن بەشێکن لە فەرهەنگ و شارستانەتیی ئەورووپا، هاوکاتیش لە گەنجینەی بیرکردنەوە و بیرەوەری و ناسنامەیاندا کۆمەڵێ نرخ و بیر و شارستانەتی و مێژووی وڵاتی یەکەمی خۆیان هەڵگرتووە و زۆر جاریش شانازییان پێوە دەکەن.


لەم چەند دەیەی دواییدا لە ئەورووپا و ئەمەریکا کۆمەڵێ ناوی گرنگ لە بواری ئەدەبییاتدا بە جۆرێک درەوشاونەتەوە کە سەرنجی ڕووناکبیران و ڕەخنەگران و کۆمەڵی فەرهەنگی و دەستگاکانی ڕاگەیاندنیان بە لای خۆیاندا ڕاکێشاوە. جەختکردنی توانست و بەهرە و خۆچەسپاندن وەک کەسانێکی داهێنەر لە



ئۆزودینما ئیوالا

نیشتمانە تازەکەیاندا بۆ ئەم نووسەرە لاوانە هەروا ئاسان نییە. دەستگاکانی ڕاگەیاندن و دەستەڵاتی فەرهەنگی و سیاسی تا ڕادەیەک لەلایەن ئیدیۆلۆگییەکەوە دەبرێن بە ڕێوە کە ڕەنگێکی ڕەگەزپەرستانەی پێوەیە. ڕەگوڕیشەی ئەم نووسەرانە دەگەڕێتەوە بۆ وڵات و نەتەوە و دین و فەرهەنگ و شارستانەتیی جیاواز و جۆربەجۆر. لەناو ئەوانەدا کە کاری نایاب و سەرنجڕاکێشیان پێشکەش کردووە دەتوانین ناوی هەندێکیان بهێنین: ئەهداف سووەیف، زادی سمیث، مۆنیکا عەلی، خالید حوسەینی و یووناس حەسەن خمیری. ئەمەی دوایی بە زمانی سوێدی دەنووسێت و لەگەڵ ئۆزودینما ئیوالادا لەوەدا هاوبەش و هاوشێوەن کە هەردوویان جۆرێ زمان بە کار دەهێنن پێی دەگوترێت "پیدجەن Pidgin".

ئۆزودینما ئیوالا ڕۆژی ٥-١١-١٩٨٢ لە واشینگتۆن، وەک منداڵی دووەمی باوکودایکێکی نایجیریایی لە دایک بووە. ساڵی ٢٠٠٤ زانستگەی هارڤاردی تەواو کردووە و دواتر لەنێوان ئەمەریکا و نایجیریادا هاتوچۆی کردووە و لە بواری تەندروستی و مافی مرۆڤدا کاری کردووە. ئێستا لەزانستگەی کۆلومبیا، لە ئەمەریکا، کار دەکات. ئیوالا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گەورە بووە بەڵام، وەک خۆی لە دیدارێکدا دەیگێڕێتەوە، باوکودایکی زۆر جار هاوینان بە خاووخێزانەوە سەریان لە نایجیریا داوەتەوە. ئەو کاتەی لە زانستگەی هارڤارد دەیخوێند یەکێک لەکارە ئەکادێمییەکانی ڕاپۆرتێک بوو لەسەر منداڵی سەرباز یا



دڕندەی هیچ وڵاتێک

منداڵی شەڕکەر. هەر ئەم کارەیش بوو هانی دا کە زیاتر لەگەڵ ئەو بابەتەدا خەریک بێت. ڕۆمانی "دڕندەی هیچ وڵاتێک" هەوڵدانێکە بۆ پێشکەشکردنی وێنەیەکی ئەدەبی لەبارەی منداڵی سەربازەوە. ئەمە دیاردەیەکە لە زۆر جێگەی دنیا، بەتایبەت لەو وڵاتانەدا کە شەڕی ناوخۆیان تێدا ڕوو دەدات، هەیە. ئوزودینما ئیوالا لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا ڕۆمانی "دڕندەی هیچ وڵاتێک"ی بڵاو کردەوە.

من کە ڕۆمانەکەم دەخوێندەوە و کاتێکیش کە لێ بوومەوە، پرسیارێکی ئاوام بە بیردا هات: ئایا دەکرێ لە شتە ناشیرین و دزێو و خوێناوییەکانی ژیان کارێکی هونەریی جوان دروست بکرێت؟ تۆ وەک خوێنەرێک ئەو چاوەڕوانییەت هەیە ئەگەر ڕۆمانێک بەشێکیشی بۆ کارەسات و ڕووداوە خوێناوییەکان تەرخان کرابێت، بەڵام خۆ دەبێ ڕووداوە جوان و خۆشیسازەکانیش جێگەیەکیان پێ درابێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە ڕۆمانەکەی ئیوالا، کە ١٨٠ لاپەڕەیە، سەرتاسەری هەر باسی شەڕ و خوێن و کوشتن و برسێتی و لێدان و تالانکردن و زۆر شتی ناشیرین و ترسێنەری دیکەیشە. بەڵام هێندەیش هونەرمەندانە نووسراوە کە تۆ ناتوانی واز لە خوێندنەوەی بهێنیت. بە تێکستێکی وەها دەڵێی چی؟ جوان؟ بەرز؟ هونەرمەندانە؟ ڕەنگە هەموویان بێت، لەوەیە هیچیشیان نەبێت. دەتوانین بڵێین کارێکی ورووژێن و بیرڕاکێشە.

بابەتی ڕۆمانەکەی ئیوالا منداڵی سەرباز، یا سەربازی منداڵە (Child Soldiers)، واتە ئەو منداڵانەی لە کاتی شەڕی ناوخۆدا لە لەشکرێکدا، سوپایەکدا،

میلیشیایەکدا دەبنە سەرباز و تەمەنیان لە شانزدە ساڵ کەمترە و هیی وایان تێدایە کە تەمەنی ٨-٩ساڵانە. ئەمانە هەر بەو منداڵییە فێری کوشتن و تاڵانکردن و دزی و هەموو جۆرە تاوانێک دەکرێن. بەپێی ڕاپۆرتێکی ساڵی ٢٠٠٧ی دەستگای چاودێریی مافی مرۆڤ (HRW)، ئەمڕۆ لە دنیادا لەنێوان دووسەدهەزار تا سێسەدهەزار سەربازی منداڵ هەن. ئەوەی ڕاپۆرتە ڕەسمییەکان و ئامارە پڕ لە ژمارە و زانیارییە جیۆگرافی و سیاسییەکان دەیڵێن شتێکە و ئەوەی ڕۆمانێک دەیڵێت شتێکی دیکەیە. ئەم ڕۆمانە باسی کوڕێکی (ئاگو) ناو دەکات. نووسەر هیچ پاشخانێکی سیاسی و هیچ زانیارییەکمان ناداتێ. لە سەرتاسەری کتێبەکەدا پێت ناڵێت ئەم شەڕە خوێناوییە لە کوێ ڕوو دەدات، لە کام وڵات؟ لە چ سەردەمێکدا؟ بۆچی؟ لەنێوان کێ و کێی دیکەدا؟ تۆ تەنیا دەزانیت جێگاکە وڵاتێکی ئەفریقایە و خەڵکەکەی مەسیحین و ڕەشن. تەمەنی ئاگویش دیاری نەکراوە. دواتر لە ئینتەرنێتدا چاوم بە دیدارێکی تەلەڤیزیۆنیی ئیوالا کەوت، لەوێدا دەڵێ دەزانم ڕەخنەیان لێ گرتووم کە بۆچی باسی تەمەنی ئاگوم نەکردووە. دەڵێ بەپێی تەخمینی خۆم دەبێ ٩-١٢ ساڵان بێت.

لەم شەڕەدا چەکدارانی سەر بە گرۆ و خێڵ و ناوچەی جیاواز هێرش دەکەنە سەر گوندەکان، هەر کەسێکیان بکەوێتە بەر دەست، بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە دەیکوژن. نابێت هیچ کەسێک بە زیندوویی دەربچێت. ئەوجا هەرچی بە کەڵکی خواردن بێت تاڵان دەکرێت و پاشان تەنانەت خانووەکانیش بە پێوە ناهێڵن، دەیانڕووخێنن و ئاگریان تێ بەردەدەن.

کە دێیەکەی ئاگو دەکەوێتە بەر هێرش، بەو شەوە هەڵدێن و دەیانەوێ خۆیان بشارنەوە. ئاگو لە باوکی دادەبڕێت و ئیدی نازانێت چی ڕووی داوە. بریندار دەکرێت و بێهۆش دەکەوێت. کە چاو دەکاتەوە، کۆمەڵێ چەکدار لێی کۆ بوونەتەوە. کۆمەندانت (سەرکردە)ی چەکدارەکان داوای لێ دەکات ببێتە سەرباز، ئەگەرنا دەیکوژن. ئاگویش لە ترسی گیانی خۆی دەبێتە سەرباز. چەکیان نییە بیدەن پێی. ساتۆرێکی دەدەنێ، پێی دەگوترێت مەشێتی machete، کە دەمێکی پان و تیژ و دەستکێکی دارینی هەیە. هەر زوو ئاگو فێری کوشتن دەکرێت. لەو ڕۆژانەدا کۆمەڵە سەربازێک بە دیل دەگرن. کۆمەندانت ئاگو بانگ دەکات و فەرمانی پێ دەدات سەرکردەی سەربازە دیلەکان بکوژێت. پێی دەڵێت بیری لێ مەکەرەوە. با لە خۆوە

ڕوو بدات. کوشتن وەک دڵداری وایە. هەر ئەوەندەی کەوتیتە ناویەوە، ئیتر بە خۆت نازانیت (It is like falling in love). دەستی ئاگو دەگرێت و بە ساتۆرەکەوە بەرزی دەکاتەوە و دایدەهێنێتەوە و دەیکێشێت بە سەری کابرای دیلدا، سەری دەکات بە دوو کەرتەوە. ئەم دیمەنە یەکێکە لە بەهێزترین دیمەن و بەشەکانی ڕۆمانەکە: باسی یەکەم ئەزموونی کوشتنی مرۆڤێک.

لە پێشمەرگەی کوردم بیستووە، سەرکردەیەکی کورد، کە وەک ڕووناکبیریش ناوبانگی دەرکردووە!!!، وتوویەتی پیاوکوشتن هەر یەکەم جارەکەی زەحمەتە. ئیتر دوای ئەوسا زۆر ئاسایی و خۆشە. لە هەمووی خۆشتر ئەوەیە کە چۆن هەتا گیانی دەردەچێت لنگەفرتێ دەکات. خۆزگە ئەو سەرکردە ڕووناکبیرە سەدیەکی (١٪) ئەم منداڵە هەستی مرۆڤایەتی و ڕەوشتی هەبووایە و چیرۆکی پیاوکوژییەکانی خۆی تۆمار بکردایە، بۆ ئەوەی نەوەی داهاتووی کوردستان دڕندەی دیکەی وەهای تێدا هەڵنەکەوێت. ئەزموونەکەی ئاگویش هەر شتێکی وەهایە، چونکە ئیتر فێری پیاوکوشتن و هەموو جۆرە تاوانێک دەبێت (یا دەکرێت).

ژیان لەناو کۆمەڵێک چەکداری مرۆڤکوژ و خوێنڕێژدا بۆ منداڵێکی ١٠-١٢ساڵان، بێگومان، دەبێ زۆر زەحمەت و دۆزەخئاسا بێت. ئاگو بە دووروودرێژی، بەڵام زۆر هونەرمەندانە و بە شێوەیەکی پێداگۆگی، باسی ژیانی خۆی دەکات. هەر لەو لەشکرەدا منداڵێکی دیکەیش هەیە، ستریکا، کە هاوتەمەنی خۆیەتی. بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ستریکا زمانی بەستراوە و قسە ناکات. کە بیەوێ شتێک بۆ ئاگو باس بکات لەسەر زەوییەکە وێنەی دەکێشێت، یا دەینووسێت. زۆرجار پێکەوە دادەنیشن و باسی ئەوە دەکەن کە چەند برسییانە، چونکە ئەگەر شەڕ نەکەن و تاڵان نەکەن، خواردنیشیان دەست ناکەوێت. دواتر ئەوەیش فێر دەبێت کە ئەوان زۆر جار لەسەر سیستەمی (سفر، سفر، یەک) دەژین، واتە بەرچایی ناخۆن، فراوین ناخۆن، تەنیا شیو دەخۆن: ڕۆژی یەک ژەم. کە یەکەم جار کۆمەندانت دەستدرێژیی جنسی دەکاتە سەر ئاگو ئازارێکی یەکجار زۆری پی دەگەیێنێت. دەچێتەوە و بۆ ستریکای باس دەکات و تێ دەگات ئەویش وای بە سەر هاتووە. نەک هەر ئەو، بگرە بەشی هەرەزۆری سەربازەکانیش ئەم ئەزموونەیان هەیە. ئەو شەوە لەبەر ئازاری زۆر تا درەنگانێک خەوی لێ ناکەوێت. سبەینێیەکی درەنگ کە لە خەو هەڵدەستێت ستریکا

لەویٚ نییە، بەڵام لەسەر زەوییەکە نووسیویەتی "خودا سزای دەدات -God will pun ish him". ئەگەرچی دوای ئەو جارە دەیان جاری دیکەیش کۆمەندانت ئەو کارەی لەگەڵ دەکات، بەڵام هەموو جارێک هەر هەست بەو ئازارە زۆرە دەکات. لەناو هەموو ناخۆشی و سەختی و سووکاتییەکانی ئەو ژیانەدا، ئەم ئەزموونە دزێوە لە هەموو زیاتر ئازاری ڕۆحی ئاگوی داوە.

لەبارەی زمانی ئەم ڕۆمانەوە دەکرێ زۆر شت بڵێین و دەشتوانین لە چەند گۆشەنیگایەکەوە لێی ورد ببینەوە. ڕواڵەتی هەرە زەق و بەرچاو ئەو زمانە ئینگلیزییەیە کە پێی دەگوترێت "ئینگلیزیی پیدجەن Pidgin English" وا پێ دەچێت نووسەر وەک بەشێک لە تەکنیکی کارەکەی و وەک ڕێگەیەکیش بۆ سەرخستنی پەیامە ئەخلاقی و سیاسییەکەی ڕۆمانەکە زمانێکی ئاوەهای هەڵبژاردبێت.

نووسەر دەیەوێ ڕۆمانەکەی لە هەموو ڕوویەکەوە ئەفریقایی بێت. ئەو ئەگەرچی وڵاتێکی دیاریکراوی نەکردووەتە شانۆی ڕووداوەکان، بەڵام جەختکردنی ناسنامەی ئەفریقایی مەبەست و ئامانجێکی گرنگە بە لایەوە و بەشێکی ناوەندیی پەیامەکەیەتی. هەر لەم سۆنگەیەشەوە زمانێکی بە کار هێناوە کە لەگەڵ شێوەی ستانداردی ئینگلیزیدا جیاوازە. ئاگو کە قسە دەکات، کەمجار تۆ دەتوانیت لەوە بگەیت ئایا باسی ئێستا دەکات یا ڕابوردوو، مەگەر ئاوەڵکارێکی کات بە کار ببات کە ئیدی کاتی کردارەکەت بۆ ڕوون ببێتەوە. زۆربەی کردارەکان بە شێوەی ڕانەبردووی بەردەوام گەردان دەکات. کرداری بوون بۆ هەموو کەسەکان زۆر جار هەر سێیەم کەسی تاکە. ئەم جۆرە زمانە بەرهەمی تێکەڵبوونی خەڵکی وڵاتە داگیرکراوەکانە لەگەڵ زمان و فەرهەنگی کۆڵۆنیالیستانی ئەورووپایی. لە زمانی پیدجەندا وشە و دەربڕینەکان زۆر کەم و سنووردارن و ڕێزمان هەڵوەشاوەتەوە یا هەر نییە.

ئێستا کە لە هەندێ شاری ئەورووپادا کۆمەڵگەی گەورەی پەنابەر دەژین و جاری وایش هەیە کە دانیشتووانی گەڕەکێک یا ناوچەیەکی ئەو شارە لە پلەی یەکەمدا ئەو خەڵکە بێگانەیەن کە لە وڵات و فەرهەنگ و زمانی جیاوازەوە هاتوون، جۆرێک زمان دروست بووە کە لەگەڵ زمانی ستاندارد و ڕەسمیی وڵاتەکەدا جیاوازە. لە ستۆکهۆڵم گەڕەکیک هەیە ناوی (ڕینکەبی)یە. ئەو سوێدییەی گەنجانی ئەم گەڕەکە قسەی پێ

دەکەن زمانێکی تێکەڵوپێکەڵی وەهایە کە سەدان وشەی لە زمانانی دیکەوە ئاوێتە بووە. ئێستا شتێکی نائاسایی نییە گەنجێکی سۆمالی و یەکێکی کۆڵۆمبیایی بە سوێدی قسە بکەن و لە پڕ وشەیەکی کوردی بە کار بهێنن، یا یەکێکیان بڵێ (وەڵڵاهـ). سوێدییەکان بەم زمانە دەڵێن سوێدیی ڕینکەبی (Rinkebysvenska). ساڵی ٢٠٠٣، نووسەرێکی لاو، یوناس حەسەن خێمیری، کە باوکی توونسییە و دایکی سوێدییە، ڕۆمانێکی بەم زمانە سوێدییە نووسی: چاوێکی سوور. ئەم کارە لە ناوەندە فەرهەنگی و ئەدەبی و زمانەوانییەکانی سوێددا دەنگێکی زۆری دایەوە.

ئیوالا پێش ئەوەی چیرۆکەکەی ببڕێنێتەوە، ئاگو لەو دۆزەخە دەردەهێنێت و دەیگەیێنێتە ناوەندێکی چاککردنەوەی منداڵان کە دەستگایەکی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لەو وڵاتەدا دایمەزراندووە. من نامەوێ وردەکارییەکانی ڕۆمانەکە بگێڕمەوە، تەنیا یەک قسەی ئیوالام بەلاوە زۆر سەرنجڕاکێش و خۆش بوو. دەڵێ لەو ناوەندە ژنێکی ئەمەریکایی هەبوو کە گوایە شارەزای دەروونناسییە و دەیەوێ کۆمەکی ئەم بکات. بە سەعاتان بەرانبەری دادەنیشت و دەیویست بیهێنێتە قسە، بەڵام ئەم لە دڵەوە گاڵتەی پێ دەهات: "هەموو جارێک لەگەڵی دادەنیشم وا بیر دەکەمەوە من وەک پیاوێکی پیرم و ئەویش وەک کچێکی بچکۆڵەیە، چونکە من لە جەنگدا بەشدار بوومە و شەڕم کردووە، ئەویش تەنانەت نازانێت شەڕیش چییە."


ئەدەبی سەربازانی منداڵ لەم ساڵانەی دواییدا بایەخێکی یەکجار گەورەی پێ دەدرێت. بەشێک لەم بایەخپێدانە هۆی سیاسیی لە پشتەوەیە، بەڵام بەشێکیشی دەکەوێتە بازنەی کار و لێکۆڵینەوەی دەروونناسان و سۆسیۆلۆگ و ئانترۆپۆلۆگ و ئێتنۆلۆگەکانەوە. کتێبێکی دیکەی هاوشان و هاوبابەتی ڕۆمانەکەی ئوزدینما ئیوالا، کتێبێکە نووسەری سیریالیۆنی ئیشمایل (ئیسماعیل) بیا Ishmael Beah، نووسیویەتی و ڕەنگە ناونیشانەکەی وەها بکرێتە کوردی: **بڕینی ڕێگایەکی دوورودرێژ؛ یادەوەرییەکانی کوڕەسەربازێک** A Long Way Gone; Memoirs of a Boy Soldier . ئیشمایل بیا چیرۆک و بەسەرهاتی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە. بیا ٢٣-١١-١٩٨٠ لە سیرالیۆن لە دایک بووە. ساڵی ١٩٩١ شەڕێکی دڕندانەی ناوخۆ لە سیرالیۆن دەست پێ دەکات. دایکوباوک و دوو برای بیا دەکوژرێن و خۆیشی لە تەمەنی سێزدە ساڵاندا ناچار دەبێ لە سوپای دەوڵەتدا ببێتە سەربازی منداڵ. دوو



ئیشماییل بیا

سالّ و چەند مانگێک لە لەشکردا دەمێنێتەوە و فێری هەموو تاوان و کردارێکی دڕندانە دەبێت و ئەنجامیان دەدات. ئیتر لەوە بە دوا، چیرۆکی ئیشماییل و ئاگو کەموزۆر لە یەک دەچن، ئەوە نەبێت ئەم یادەوەرییەکانی ژیانی خۆی تۆمار دەکات و ئاگو، قەڵەم و خەیاڵی چیرۆکنووسێک دروستی کردووە و هێناویێتییە گۆ. ئیشماییل بە هاوکاریی یونیسیف دەگاتە نیوویۆرک و پاشان دەست بە خوێندن دەکات و ساڵی ٢٠٠٤ لە زانستگەی ئۆبەرلین، بەشی زانستی سیاسی تەواو دەکات. ماوەیەک دەبێتە ڕاوێژکاری بیڵ کلینتۆنی سەرکۆماری ئەمەریکا.


ئیشماییل دەڵێ ''ئەوەندە خەڵکم کوشتوون کە لە ژماردن نایەن''. باسی ئەوە دەگێڕێتەوە چۆن خۆی و هاوەڵە سەربازەکانی ماریجوانایان دەکێشا و ئەمفێتامین و هەموو جۆرە مادەیەکی بێهۆشکەریان بە کار دەبرد. ئەمیش، وەک ئاگوی پاڵەوانی ڕۆمانەکەی ئیوالا، جاروبار گاڵتەی بە عەقڵی منداڵانەی لاوەکانی دەوروبەری دێت. دەڵێ زۆرجار کە باسی شەڕ و ڕووداوی خوێنڕێژی و کوشتنم بۆ هاوەڵەکانم دەکرد، ئەوان وەک چیرۆکێکی خۆش گوێیان لێ دەگرت و وێنەیەکی ڕۆمانتیکییان لەبارەی شەڕەوە هەبوو. ئیشماییل دوای ئەزموونی ئەو ژیانە دڕندانەیە، وردەوردە دەگەڕێتەوە بۆ ناو ژیانێکی ئاسایی و دەیەوێ وەک مرۆڤێکی ئاسایی بژی، مرۆڤێک کە خاوەنی هەست و هۆش بێت و شتە جوانەکانی ژیان سەرنجی ڕاکێشن و ئەویش چێژیان لێ وەربگرێت و نرخی بەرزی خۆیان بداتێ. لە دیدارێکی تەلەڤیزیۆنیدا دەڵێ



برینی ڕێگایەکی دووورودرێژ؛
یادەوەرییەکانی کوڕەسەربازێک

چوونە ناو ژیانی سەربازی و دڕندەیی و توندوتیژییەوە زۆر ئاسانترە لەوەی لێی دەربچیت و بگەڕێیتەوە بۆ ناو ژیانێکی ئاسایی و وەک مرۆڤ بژییت و مرۆڤایەتیی خۆت بپارێزیت.

بەڕاستی نووسەرێکی پێشەنگ لەم بوارەدا ئەحمەدوو کوورووما Ahmadou Kou-rouma یە کە خەڵکی کەناری دانەفیلە لە ڕۆژاوای ئەفریقا. کوورووما (١٩٢٧–٢٠٠٣) ماوەیەک لە لەشکری فرانسیدا سەرباز بوو، پاشان چوو بۆ فرانسا و لە زانستگەی لیۆ ماتماتیکی خوێند. کە ساڵی ١٩٦٠ کەناری دانەفیل سەربەخۆیی وەرگرت، کوورووما گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی، بەڵام هەر زوو دژی دەستەڵاتدارانی وڵاتی تازەسەربەخۆ ڕاوەستا. ماوەیەک خرایە زیندانەوە و دواتر وڵاتی بە جێ هێشت و نزیکەی سی ساڵی لە وڵاتانی دیکەی ئەفریقا، جەزائیر و کامێروون و تۆگۆ، بردە سەر و ساڵی ١٩٩٤ دیسان گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی. دوای نووسینی چەند ڕۆمانێک، کە ڕەنگە ناودارترینیان **خۆرەکانی سەربەخۆیی** بێت، ساڵی ٢٠٠٠، ڕۆمانی (**خودا مەجبوور نییە** Allah Doesnt Have To)ی بڵاو کردەوە. ئەمەیش چیرۆکی منداڵێکە، براهیما، کە دوای مردنی دایکی، کەناری دانەفیل بە جێ دەهێڵێت و دەکەوێتە ڕێ بۆ دۆزینەوەی پوورەکەی لە لیبێریا. ئەم سەفەرە سێ ساڵ دەخایێنێت، چونکە لە سیرالیۆن دەبێتە سەرباز و کلاشنیکۆڤێکی دەدەنێ. ئەمیش، وەک پاڵەوانەکانی ئیوالا و بیا، چیرۆکێکی خوێناوی و دڕندانەی هەیە.




خودا مەجبوور نییە

وا دیارە ئەم جیهانە هەرە تازە و مۆدێرن و پێشکەوتووەی ئێمە تێیدا دەژیین، دەبێ هەمیشە پڕ بێت لە چیرۆکی بەدبەختی و هەژاری، شەڕ و خوێنڕژان و خوێنڕشتن، زۆرداری و ژێردەستەیی و سەدان شێوەی دیکەی چەوساندنەوە و سەرپێشوڕکردن و سووکایەتیکردن بە مرۆڤ. بەڕاستی نووسەر دەبێ زۆر بوێر و بەجەرگ بێت، کە پێی وا بێت دەتوانێت بە ئەدەب، بە وشە، دەردی مرۆڤایەتی کەم بکاتەوە و بەرانبەر زۆرداری و زۆردارانی دڕندە بوەستێت.

# فرانسوا میتران

١٩١٦- ١٩٩٦

لە ڕۆژی دووشـەممە، هەشـتـەمی یەکـەمـین مـانگی سـاڵی تازەی ١٩٩٦دا (٨ – ١– ١٩٩٦) سەرکۆماری پێشووی فرانسا، فرانسـوا میتران، کۆچی دوایی کرد و ڕۆژی پێنجشـەممە ١١– ١– ١٩٩٦ لە کڵێسای شـارۆچکەکەی خـۆی، ژارناک، لە باشووری ڕۆژاوای فرانسـا، بـە ئامـادەبوونی نزیکترین کـەسـەکانی بە خـاک سـپـێردرا. لەناو ئەمانەدا بێجگە لە بێوەژنەکەی، دانیێل و هەردوو کوڕەکەیان، ژندۆستەکەی میتران، ئان پینژۆ، و کچەکەیان (واتە کچی فـرانسـوا لەم ژندۆسـتـەی)، مـازارین، لە پێش هەمـووانەوە بوون. هاوکـاتیـش کۆبوونـەوەیەکی ڕێزگـرتنی لە کـڵـێـسـای نۆتردام لە پاریس بۆ ڕێک خرا. لەم کۆبوونـەوەیەدا نزیکەی ١٣٠٠ کەس بەشداریـیـان کرد و لە ناو ئەمـانەدا پەنجا کەسێک لە گەورەپیاوان و سـەرکردەکانی دنیای ئەمڕۆ هەبوون؛ بۆ نموونە بۆریس یەلتسین، فیدەل کاسترۆ، یاسیر عەرەفات، شیمۆن پێریز، ئال گۆر، هێڵمۆت کۆل، شازادە چارلسی بریتانیا و پاشـای سـوێد. میـتران مـاوەیەکی زۆر بوو تووشی نەخـۆشـیی شێرپەنجە بووبوو، بەڵام دیسـانیش هەر کۆڵی نەدا و تا بەسەربردنی ماوەی دووەمی سەرۆکایەتییەکەی خۆی ڕاگرت.

بە مـردنی فـرانسـوا مـیـتران لاپەڕەیەکی گـرنگی مـێژووی فـرانسـا و سـیـاسـەتی نێونەتەوەییش دادرایەوە. چ لە کـاتی ژیانی خۆیدا و چ لە دوای مردنەکەشی، میـتران بووبووە ئامانجی کۆمەڵێ بیروبـاوەڕی جیاواز و دژ بە یەک و ناتەبا. گەلێ کەس وەک چاکێک، وەک یەکێ لە ئەولیـای پیرۆز تەماشایان دەکرد، بەڵام زۆریش هەبوون کە بە نموونەی سـیـاسـەتمەدارێکی دووڕوو، درۆزن و فـێـڵـبـازیان دادەنا. لەنـاو کـورددا سـەرۆک میـتران زیاتر بە هـۆی ژنەکەیـەوە، خانم دانیێل میـتران، ناسـرابوو، چونکە ئەمیان زۆرتر نزیکی کورد و مەسـەلەکەیان بوو. دیارە ڕۆڵی خاتوو میـترانیش، وەک هیی مـێردەکەی، گـەلێ جـار خـراوەتە بەر پرسـیـار. ئەگەرچی زۆر کـورد ئەویان بە دۆسـتـێکی بێـغـەلوغـەشی گـەلەکـەیان داناوە، بەڵام خـەڵکی دیکەش هـەن کـە

دۆستایەتییەکەی ئەویش بە جۆرە فێڵ و فڕ و ڕۆڵ دابەشکردنێک دەزانن.

فرانسوا میتران لە ماوەی چواردە ساڵدا (١٩٨١ – ١٩٩٥) سەرکۆماری فرانسا بوو، بەوەش بوو بەو سەرۆکەی کە درێژترین کاتی لە سەرۆکایەتیی فرانسادا بردۆتە سەر.

شەوی پێش ناشتنەکە، خەڵکێکی زۆر لە مەیدانی باستیل، ئەو جێگەیەی میتران ساڵی ١٩٨١ جەژنی سەرکەوتنی تێدا گێڕا، کۆ بوونەوە و مۆمیان داگیرساندبوو و لەژێر وێنەیەکی یەکجار گەورەی میتراندا ڕۆژیان کردەوە. لەم شەوەدا دواوتاری تۆمارکراوی میتران، هی ئەو کاتەی کە هێشتا سەرکۆمار بوو، لێ درا. "من باوەڕم بە هێزی گیانە" میتران لەو دواوتارەیدا دەڵێ، "هەرگیز بە جێتان ناهێڵم".

لە سەرتاسەری فرانسادا کۆڕ و کۆبوونەوەی ڕێزگرتنی یادی میتران ڕێک خرا. ئەو لە زۆر ڕووەوە شەخسییەتێکی تاکانە و هەڵاوێردە بوو. فرانسییەکان وەک هاوشانێکی جەنەراڵ دیگۆل یادی دەکەنەوە. ئەو ئەوروپاخوازێکی دڵگەرم بوو و ئەو بوو کە سزای مەرگ (ئیعدام کردن)ی هەڵوەشاندەوە و ئەوەشی جەخت کرد کە کۆماری پێنجەم، لەگەڵ گواستنەوەی دەستەڵاتدا لە ڕاستەوە بۆ چەپ، هەر دەمێنێ. هەر ئەویش بوو کە شکۆی بۆ فرانسا گەڕاندەوە و لە ناو وڵاتاندا ناو و ناوبانگێکی باشی بۆ پەیدا کرد، فەرهەنگی وڵاتەکەی پێش خست و پاریسی پایتەختی بە بایی شەش بلیۆن دۆلار پرۆژەی ئارکیتێکتور ڕازاندەوە. سەرکۆماری ئێستای فرانسا، ژاک شیراک – ی تازە– دیگۆلی، وتارێکی زۆر ڕەوان و دڵسۆزانەی لە تەلەڤیزیۆنەوە بۆ ڕێزلێنانی میتران خوێندەوە.

ئەو میراتەی میتران بە جێی هێشتووە تا ساڵانێکی دوورودرێژیش دەبێتە مایەی هەم بەرێزەوە تەماشاکردن و هەمیشە سەرەگێژە بۆ زۆربەی مێژوونووسان؛ ئەوێک کە لاوێکی هەرێمەکان بوو، مەیلی بە لای سیاسەتی ئەوپەڕی دەستەڕاستدا بوو، وەک سۆسیالیستێک گەیشتە دەستەڵات، بەڵام لە دواییشدا نەتەوەکەی لەگەڵ سەرمایەداریدا ئاشت کردەوە. ئەو بوو تێکەڵاوبوونی ئەوروپای دەویست، بەڵام ڕووخانی لەناکاوی بلۆکی سۆڤیێت حەپەساندی. ئەوێک کە دۆست و هاوکارێکی گەورەی چینی کرێکار بوو، سەرۆکی وڵاتێک بوو کە ژمارەی بێکارانی تێدا بوو بە دوو قات، درزی نێوان هەژاران و دەوڵەمەندان فراوانتر بوو، و ڕادەی کەتنی

بەرتیلخۆری، تەنانەت لەلایەن هەندێ لە دۆستە هەرە نزیکەکانی خۆیەوە، بە جارێ چووە سەرێ. ئەوێک کە پاڵەوانی چەپەکانی فرانسا بوو، کۆمونیستەکانی خستە لاوە و پارتی سۆسیالیستی تووشی ئاژاوە و سەرلێشێوان کرد.

ئەوانەی ڕەخنەی لێ دەگرن پێیان وایە ناکۆکییەکانی ئەم پیاوە بەڵگەی ئەوەن کە گاڵتەجارێکی هەلپەرست بووە. دانیێل ڕۆنیۆ لە نووسینێکی ڕەخنەگرانەدا ساڵی ١٩٩٤ نووسیویەتی: "ئەم کابرایە باوەڕی بە هیچ شتێک نەبووە. ئەوانەی خۆشیان دەوێ دەڵێن ئەم جۆرە داوەرییانە شەخسییەتی ئاڵۆزکاوی میتران لە بەرچاو ناگرن. لۆرێنت فابیوس کە جارێک سەرۆوەزیری میتران بووە دەڵێ: "ئەو پێی وا بوو هەموو کەسێک و هەموو شتێک دوو لایەنی هەیە. تۆ ناتوانی لە فرانسوا میتران تێبگەی هەتا لەو دوولایەنی و دووبارەی کە بنەڕەتی فەلسەفەی ئەو پێک دێن تێنەگەی".

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا میتران لە هەندێ شتدا پێداگر بوو: خوازیاری عەدالەتی کۆمەلایەتی بوو، دڵسۆزی ڕاستەقینەی دۆستەکانی بوو و باوەڕێکی نەلەقیوی بە چارەنووسی خۆی هەبوو. میتران بیرێکی لە ڕادەبەدەر تیژی هەبوو، بە عەشقەوە حەزی لە سرشت و ئەدەبییات و هونەر بوو و دەیتوانی بە قسەی ڕەوان و دۆستانە و نیگای تیژی، پیاو و ژن لە ڕێ دەربکات و فریویان بدات. ئان لۆڤێرژیۆن، یەکێ لە نزیکترین ڕاوێژکارانی وی لە کۆشکی ئەلیزێ، دەڵێ: "ئەو وێنەیەکی وای دەدایە خەڵک وەک بڵێی پێوەندییەکی تایبەتی لەگەڵیاندا هەیە. حەزی دەهێنایە جۆش و خرۆش".

بەلام هاوسەنگی ئەو گەرمییەش لووتبەرزییەکی تێدا بوو کە تەنانەت دۆستەکانیشی بە زیادەڕۆییان دادەنا. ژان دانیێل، دۆستێکی جارانی و نووسەرێکی حەفتەنامەی چەپڕۆ (نۆڤێل ئۆبزێرڤاتوێر) دەڵێ: میتران شانازی بەخۆوە کردووترین کەسێکە من لە هەموو ژیانمدا دیبێتم. فۆبیوس دەڵێ: "بە دەگمەن پارەی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرت. ئەو باوەڕی وا بوو کە پارە شایانی ئەوە نییە خۆی پێوە خەریک بکات". بەلام هیچ لەوەشدا دوودڵیی نەدەکرد پارەی دۆستەکانی بدات کە دەیانیبردە ئەو چێشتخانانەی خۆی حەزی لێ دەکردن.

ساردی، یا لەسەرخۆیی، یەکێک لە ڕەوشتە دیارەکانی میتران بوو. ساڵی ١٩٩٤ پێیر پێیان کتێبی "لاوێتییەکی فرانسی"ی بلاو کردەوە، کە لەکەدارکردنێکی

ناوبانگی میتران بوو وەک پاڵەوانی بەرگری لە سەردەمی  جەنگی گێتیگری یەکەمدا، بەوەی کە بە لاوێتی دۆستایەتیی سیاسەتی ئەوپەڕی دەستەڕاستی کردووە و خزمەتی حوکوومەتی نیشتمانفرۆشی ڤیشی – ی کردووە. بەڵام کاردانەوەی میتران بێدەریەستی بوو. پێیان، کە میتران هاوکارییەکی زۆری لەگەڵدا کرد، دەڵێ: "بیری ئەو ئەوە بوو کە هیچ شتێک نەشارێتەوە و هەموو شتێکی ئاشکرا بێت، بۆ ئەوەی خۆی بۆ چوونە ناو مێژووەوە ئامادە بکات. بەڵام قرە و دەمەقاڵی دواتری بە هێند وەرنەگرتبوو. "کتێبەکە بوو بە هۆی لێشاوی ڕەخنە، بەتایبەت لەلایەن هاوبیرانی سۆسیالیستی میترانەوە. بەڵام خۆیئاسا، میتران نە پەشیمانیی دەربڕی و نە هیچێ، بە شان هەڵتەکاندنێکەوە وتی: "من بەرهەمی ژینگە و دەوروبەرەکەی خۆم بووم؛ پێتی بورژوازیی نەریتخوازانەی کاتۆلیک".

باوکی فرانسوا کارمەندێکی ئاسنەڕێ بوو کە پاشان دەستی کرد بە بازرگانیی سرکە. خێزانەکەیان گەورە و تا ڕادەیەک دەسترۆیشتوو بوو. فرانسوا ڕۆژی ٢٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٦ (٢٦ –١٠– ١٩١٦) لە دایک بووە. لەکتێبێکدا کە ساڵی ١٩٩٥ بڵاو کرایەوە و لە کۆمەڵە گفتوگۆیەک لەگەڵ (ئێلی ڤایسەل)دا کردوونی پێک هاتووە، دەهێنێتەوە بە بیری خۆیدا: "منداڵیم خۆش و شاد بوو و، ژیانی ڕووناک کردمەوە. بێ ئەوەی جیهان بناسم، دەستم بەسەردا گرتبوو... خۆمم وەک پیاوێکی خاوەندەستەڵات دەبینی. "ئەوەندەی هیوا لە دڵدا بوو دەتگوت پاڵەوانی یەکێ لە ڕۆمانەکانی بەلزاکە. ئەم لاوە لە پێشدا چووە خوێندنگەیەکی شەووڕۆژانەی کاتۆلیک لە ئانگۆلێم و پاشان، ساڵی ١٩٣٤، لە پاریس دەستی بە خوێندنی قانوون کرد.

کە جەنگی گێتیگری دووەم هەڵگیرسا، میتران برا بۆ سەربازی و ساڵی ١٩٤٠ لەلایەن ئاڵمانەکانەوە بریندار کرا و بە دیل گیرا. لە دێسەمبەری ١٩٤١دا هەڵهات و خۆی گەیاندە ڤیشی و کارێکی بچکۆلەی وەرگرت، کە دەبوو کاروباری نیشتەجێکردنەوەی دیلەکانی شەڕ ببا بە ڕێوە. سەرکردەی ڤیشی فیلیپ پێتاین لەبەر خزمەتەکانی مەدالیایەکی کردە خەڵاتی. ئەمە یەکێکە لە باسە هەرە بێزارکەرەکانی کە کتێبەکەی پێیان ئاشکرای دەکات. میتران لە کانوونی دووەمی ١٩٤٣دا وازی لە کارەکەی هێنا و لەگەڵ تۆڕێکی کۆنە بەندییەکاندا گرۆیەکی بەرهەڵستیی دامەزراند.

دوای ڕزگاری ماوەیەکی کورت لە حوکوومەتی کاتیدا کاری کرد و ساڵی ١٩٤٦ بۆ ئەندامەتیی ئەنجومەنی نیشتمانی هەڵبژێردرا. ئەم لاوە فەرداره لە هەلومەرجی کۆماری چوارەمدا زۆر گەشەی کرد، و لە ساڵی ١٩٤٧ەوە تا ساڵی ١٩٥٧ لە یانزده کابینەی وەزیراندا کاری کرد. ئەودەم بە هاوڕێکانی خۆی وتبوو: " هەموو گەوجێک دەتوانێ لە پەنجا ساڵیدا ببێتە سەرووەزیر، من دەمەوێ لە چل ساڵیدا ببم". بەڵام کۆماری چوارەم لەژێر باری قەیرانی ئەلجەزائیردا هەرەسی هێنا و دیگۆل لە ماڵنیشتوویی هاتە دەر و حوکوومەتی باری چاوەڕواننەکراوی دامەزراند.

ئەمە بەڵایەک بوو بۆ میتران، کە لەگەڵ دەستەڵاتی دیگۆل بەسەر بەرهەڵستکاریدا لە کاتی جەنگدا هەڵینەکردبوو، و لەوەودواش ڕقێک لە دڵیدا مایەوە بەرانبەر جەنەراڵ. دانییێل دەڵێ: "میتران کەسایەتییەکی بەهێز بوو، سەرکردەیەکی سروشتی بوو. بەڵام وای هەست دەکرد کە دیگۆل چارەنووسی ئەمی دزیوە. لە جێی ئەوەی بۆ خۆشەویستیی دیگۆل بگەڕێ، دژی وی ڕاپەڕی. " ئەمە بۆ میتران بوو بە سەرەتای بیستوسێ ساڵ چالاکیی دژەدیگۆلانە. ساڵی ١٩٦٥ لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا بەرانبەر دیگۆل ڕاوەستا بەڵام دۆڕاندی و ساڵێ لەوەو پێشیش نامیلکەیەکی ئاگرهەڵگیرسێنی بڵاو کردەوە و تێیدا کۆماری پێنجەمی دیگۆلی وەک "کودەتایەکی هەمیشەیی" ناو بردبوو.

لەنێوان دیگۆلیستەکان و کۆمونیستەکاندا، کە ئەودەم گەورەترین هێزی تاکە پارتی بوون لە فرانسادا، میتران هەوڵی دا "هێزی سێیەم"ێک دروست بکات. ئەمەی لە پێنەوپەڕۆی چەپڕۆیانی ناکۆمۆنیست پێکەوە نا، و ساڵی ١٩٧١ هەموویانی لەژێر ئاڵای پارتی سۆسیالیستی فرانسادا کۆ کردەوە. ڕەخنەگران دەڵێن میتران هەرگیز سۆسیالیستێکی ڕاستەقینە نەبووە، بەڵکە وەک باڵندەی کوکوو (وقواق= فاختە) لە یەکەم هێلانەی بەردەستدا جێی خۆی خۆش کردووە. ڕاستییەکەی ئەوەیە، ئەو پراگماتیستێکی سیاسیی وا بوو کە باوەڕی خۆی بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە هیچ ئیدیۆلۆگییەکدا نەدەکردە قسن وجێنەزرگە. جۆرج بیۆشامپ، کە سەردەمێکی دوورودرێژ هاوڕێ و هاوکاری سیاسیی میتران بووە، دەڵێ: "سۆسیالیزم لای ئەو مەعنای ئەوە بوو کە دەوڵەمەندان تۆزێ کەمتر دەوڵەمەند بن بۆ ئەوەی هەژاران بتوانن تۆزێ کەمتر هەژار بن. بەڵام هەرگیز ستراتیژییەکی مارکسیستانەی نەخستە کار".

بە پێچەوانەوە، ستراتێژیی میتران ئەوە بوو مارکسیستە ڕاستەقینەکان ورد و خاش بکات. لەبەر ئەوەی بە هەمــوو حــســێب و کــتــێــبــێک دیار بوو بە بێ یاریدەی کـۆمـونیـسـتـەکـان دەسـتـەڵاتی دەست نەدەکـەوت، داوی بۆ نانەوە و کـردنـی بە هاوپەیمانـی هەڵبـژاردن، بە دوو نیاز: یەکـەم بۆ قـووتدانی دەنگدەرانیـان و دووەم بۆ نابەکارکردنی سەرۆکایەتیی پارتەکە لە ڕووی سیاسییەوە، و لە هەر دوو کارەکەشدا سـەر کەوت. سـاڵی ١٩٧٤ بە پشـتـیوانیی، بە ناو، یەکـێـتیی چەپ لە هەڵبـژاردندا بەرانبـەر ڤالێـری جیـسکار دیستـانگ ڕاوەسـتـا و بە جیـاوازییـەکی یەکجـار کەم دۆڕاندی. حـەوت سـاڵ دواتر سـەرکـەوتنی بە دەست هێنا و بەڵێنی ئەوەی دا کـە وڵاتەکە ببـاتەوە دۆخی خۆشگوزەرانـی و کـارکردن. دەیگوت: "ڕۆژی ١٠ی مـاییـسی ١٩٨١، تەنیـا یەک هەڵبــژاردنبــەرەوە هەیە، ئەوەیش هیــوایە". مــاوەی یەکــەمی سـەرۆکایەتییەکەی میتران بەڕاستی شـۆڕشێک بوو. ئەمە یەکەم جار بوو لە سـاڵی ١٩٣٦ەوە چەپ دەسـتـەڵاتی دەگـرتە دەست. سـۆسـیـالیـسـتـەکـان بەشـێکی زۆری بانکەکان و پێنج گرۆی سەرەکیی پشەسازییان خۆماڵی کرد، کەمتری مووچەکانیان زیاد کرد، حـەفتـەی کاریان کـورت کردەوە و کردیان بە ٣٩ سـەعات، پێنج حـەفتـە پشـوودانی بە مـووچەیان بۆ هەموو کرێکاران کردە قانوون، باجی سـامانیـان دانا و تەمــەنی مــاڵنیـشـتـنیـان هـێنایە خـوارێ بۆ ٦٠ سـاڵ. ئەگـەرچی ئەم هەنگاوانە نەقیزەیەکیـان ژەندە هێزی خەرجکردنەوە، بەڵام بوون بە هۆی ئاوسـانێکی لە دەست دەرچوو، لاوازیی ڕوو لە زیادبوونی بازرگانی و دابەزینی نرخی فرانک.

هەمــووی نەیبــردە دوو ســاڵ دوای شــۆڕش، لە مــانگی ئازار (مــارت)ی ١٩٨٣دا حوکوومەت گەیشتە بەردەم دووڕێیانێکی بێئەمان: یان ئەوەتا فرانک لە سیستـەمی پارەی ئـەورووپی بێنێــتــە دەرەوە و سنووری پاراستن دروست بکات، یانیش واز لە سۆسیالیزم بێنێ، ئامێز بۆ بنەماکانی بازاڕی ئازاد بکاتەوە و چواردەوری فرانک بە پێـوەری توندی دەست پێـوەگـرتن بـگرێت. بە هـەڵبـژاردنی ڕێگەی دووەم، مـیــتـران وڵاتەکەی کردە هاوهەنگاوی دەراوسێکان و ڕێی بۆ هاوکاری لەگەڵ ئاڵمانیادا خۆش کرد بۆ پێشـخسـتنی تێکەڵاوبوونی ئەورووپا. بەڵام پشـتیشـی کردە ئابووریی چەپ و وڵاتەکەی خستە سەر ڕێگەی سەرمایەداری... بێ ئەوەی بە هیچ جۆرێ پێ لەوە بنێ کە سیاسەتی خۆی لە بنەڕەتەوە گۆڕیوە.

ڕیفۆرمی میتران لە بواری کۆمەڵایەتی و دامودەزگاکانیشدا لە هەنگاوە ئابوورییەکانی کەمتر نەبوون. حوکوومەت سزای مەرگی لابرد، پاوانکردنی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی لەلایەن دەوڵەتەوە هەڵوەشاندەوە، ئەوپەڕی ناناوەندێتیی کارگێڕیی خستە کار و دەستووری سەردەمی ناپۆلیۆنی گۆڕی. بەڵام کاتێ ویستی "سیستەمێکی یەکگرتووی سێکولاری خوێندن" دابمەزرێنێ (کە لە ڕاستیدا بەمە دەیویست خوێندنگە تایبەتییەکان کە زۆربەیان کاتۆلیک بوون، بخاتە ژێر دەستی حوکوومەتەوە)، بە ملیونان خەڵکی ناڕازی ڕژانە سەر شەقامەکان و ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی ساڵی ١٩٨٤ سەرۆکوەزیران مۆرۆی دەست لە کار بکێشێتەوە.

لە سیاسەتی دەرەوەشدا میتران تۆمارێکی تێکەڵاوی هەبوو. ئەگەرچی بە غەریزە ناحەزی سەردەستیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمێریکا بوو، بەڵام پێشانی دا کە لە کاتی تەنگانەدا دۆستێکی وەفادارە. لە شەڕی کەنداوی ساڵی ١٩٩١دا، ئەگەرچی لە ناخەوە بڕێک دوودڵ بوو، هێزی فرانسیی نارد بۆ بەشداری لەو هاوپەیمانییەی وڵاتە یەکگرتووەکان پێشڕەوی بوو. لە مەسەلەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەو لایەنگری ئیسرائیل و دەوڵەتێکی فەلەستینی بوو، هەر لە زووەوە ئەوەی بە باش زانیوە کە هەردوو لا بە ڕەسمی یەکدی بناسن و هەر ئەمەش بووبووە بنەڕەتی پرۆسێسی ئاشتی. ئەو بە دڵگەرمی دەیویست یارمەتیی وڵاتانی گەشەنەکردوو بدات.

میتران بە هەموو هێزی خۆیەوە لە پشت مەسەلەی تێکەڵاوبوونی ئەورووپاوە وەستا و هاوپەیمانیی فرانسا– ئەڵمانیا بوو بە مۆتۆڕی ئەو تێکەڵاوبوونە، و هەر ئەویش ئەندازیاری سەرەکیی ڕێکەوتننامەی ماستریخت بوو.

بە سەرکەوتنی شیراک بەرانبەر لیۆنێل ژۆسپین – ی سۆسیالیست لە هەڵبژادنی ساڵی ١٩٩٥دا، میتران لە مانگی مایسی ساڵی پاردا دەستەڵاتی تەسلیم کرد و بەوەش درێژترین ماوەی سەرۆکایەتی لە مێژووی فرانسادا بڕایەوە. میتران دوا سەرکردەی نەوەی شەڕی ڕۆژاوا بوو کە دەستەڵاتی بە جێ هێشت.

لەو کاتەدا میتران زۆر بە سەختی تووشی شێرپەنجەی پرۆستات بووبوو. بە قسەی ڕۆژنامەی لێمۆند هەر لە ساڵی ١٩٨١ەوە بەمە زانرابوو، بەڵام یەکەم جار دوای برینکارییەکی ساڵی ١٩٩٢ ئاشکرا کرا. لە دواساڵانی سەرۆکایەتییەکەیدا نەخۆشی پرزەی لێ بڕیبوو، لەبەر ئەوە ناچار بوو بەشێکی زۆری ئەرکەکانی واز لێ بێنێ.

بەڵام دیسانیش بە ئازایەتییەکی بێوێنە و بە هۆی دەستەڵاتخوازییەوە هەتا کۆتایی ماوەکە و تا دواتریش بەردەوام بوو.

لە دوا مانگەکانی ژیانیدا، کە ئیدی لە بێرەحمیی دەستەڵات رزگار بووبوو، میتران گەلێ جار دەبینرا وێڕای هاوڕێکانی بە ناو شەقامەکانی پاریسدا پیاسەی دەکرد، دەچووە چێشتخانە دڵگرەکانی، لای مێزی کتێب و چاپەمەنییەکانی کەناری ڕووباری سێن لای دەدا، یا لە دارستانەکانی نزیک لاچێ پیاسەی دەکرد. هەروەها کاتی ئەوەشی هەبوو کار لەسەر دوو کتێبی بیرەوەری بکات، کە ئێستا بە ناتەواوی ماونەتەوە.

میتران ئارەزووی سەفەر و گەشتیشی هەر لە دڵدا مابوو. لە مانگی حوزەیراندا سەرێکی لە ڤێنیسی خۆشەویستی دا. لە مانگی ئۆکتۆبەردا پێی نا بە جەرگی خۆیدا و سەفەرێکی کانی و سەرچاوەکانی کۆلۆرادۆی کرد و لەوێ لەگەڵ هەندێ لە کۆنە سەرکردەکاندا وەک جۆرج بوش، گۆرباچۆڤ، بایان مەلرۆنی و مارگارێت تاتشەر، بە یادی جاران، چاویان بە یەک کەوتەوە. دەڵێن میتران لەبارەی تاتشەرەوە گوتوویەتی: "لێوەکانی لە هیی مارلین مۆنرۆ دەچن و چاویشی لە هیی کالیگولا". لە مانگی دێسەمبەردا وێڕای دانیێلی خێزانی، مازارینی کچی و هەندێ لە دۆستە هەرە نزیکەکانی، جەژنی کریسماسی لە ئەسوان، لە میسر بردە سەر. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە ماوەی دوا هەشت مانگی ژیانیدا خۆی بۆ دواگەشت ئامادە دەکرد.

بۆ ئامادەکردنی ئەم وتارە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

* حەفتەنامەی تایم ـی ئەمێریکی، ژمارەی ٢٢/ ١/ ١٩٩٦.

* چەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەی داگینس نویهێتەری سویدی، حەفتەی دووەم و سێیەمی مانگی یەکەمی ١٩٩٦.

## خوێندنەوەیەکی تازەی قۆناغێکی بەسەرچوو

حسن العلوي: عبد الكريم قاسم: رؤية بعد العشرين، منشورات «دار الزوراء»، لندن ١٩٨٣، ١٧٠ص.

حەسەن ئەلعەلەوی: عەبدولکەریم قاسم، دیتنێکی پاش بیست ساڵان، بڵاوکراوەکانی «دار ئەلزەوراء»، لەندەن ١٩٨٣، ١٧٠ل.

عەبدولکەریم قاسم (١٩١٤– ١٩٦٣) لای خوێنەری کورد ناوێکی تەواو ناسراو و ئاشنا نییە. ڕەنگە خوێنەرانی باشووری کوردستان، تا ڕادەیەک، لە کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان زیاتری بناسن، بەڵام ڕووداوەکانی چارەکە سەدەیەکی دوای کوژرانی قاسم، بۆتە هۆی ئەوەی کە ناوی هەر بە جارێ لە مێژووی عێراق لا ببرێ. ئەگەر جاربەجارێکیش باس کرابێ ئەوا هەر بۆ شێواندنی ئاکار و زڕاندنی ناوی وی بووە. ئەگەرچی مێژووی قاسم بەشێکی مێژووی کوردستان نییە، بەڵام دیسان پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کوردەوە هەر هەیە. لەوەیە بە دەگمەن خوێنەرێکی کوردستانی باکوور بزانێ، بۆ نموونە، قیوامولسەڵتەنە (قوام السلطنە) کێیە، بەڵام لێکۆڵینەوەی مێژووی کوردستانی ئێران و کۆماری مەهاباد، بمانەوێ و نەمانەوێ، دەمانبا بۆ باس و لێکۆڵینەوەی ژیان و سیاسەتی قیوامولسەڵتەنەش. عەبدولکەریم قاسمیش هەر بەو جۆرە.

نووسەری ئەم کتێبە، حەسەن عەلەوی، ڕۆژنامەوانێکی ناسراوی عێراقە و ماوەیەکی دوورودرێژی ژیانی بەعسی بووە. لە کتێبەکەشیدا ئەوەی نەشاردۆتەوە کە خۆی دوژمنێکی سەرسەختی قاسم بووە و چ بە نووسین و چ بەهۆی بەشداربوونی لە دوو جاران دەستەڵاتی بەعسییەکاندا هەوڵی داوە بۆ ناوزڕاندن و پیاوخراپکردن و دژایەتیکردنی عەبدولکەریم، بەڵام وا دیارە دوای نەمانی عەبدولکەریم و هاتنەوەسەرکاری ڕێژیمگەلێکی خوێنڕێژ و ڕەگەزپەرست و فاشیست، ئەوجا لەوە تێگەیشتووە کە بە نەمانی عەبدولکەریم قاسم، گەلانی عێراق چ هەلێکی مێژوویی و چ مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر و دیموکراتیان لە دەست چوو. کەواتە ئەم کارەی

عەلەوی جۆرێ پاکانەکردنە، جۆرێ تۆبەنامەیە. بەڵام ئەوی ڕاستی بێ کە پیاو بە وردی کتێبەکە دەخوێنێتەوە دیسان، لە توێی دێڕەکانەوە، هەر هەست بە کین و ڕک و داخ لە دڵییەکی بەعسییانە دەکات، کە هەستی پەشیمانی و هەوڵی ئۆبژێکتیڤانە نووسین هەمووی دانەپۆشیوە.

کتێبەکە لە دە بەش پێک هاتووە. ئەگەرچی نووسەر لای وایە کارێکی مێژوویی و زانستییانەی بە جێ گەیاندووە، بەڵام نووسینەکەی لە چوارچێوەی لێکدانەوە و بیروەوەرییەکی ڕۆژنامەگەرییانە نەچۆتە دەرێ. هەڵەیەکی دیکەی عەلەوی ئەوەیە لەباتیی ئەوەی باسەکە لە بازنەی ژیان و ئاکار و سیاسەتی قاسمدا بهێڵێتەوە، دەیان لک و پۆپی دیکەی لێ کردۆتەوە کە بەخوێی چێشتیش ناگەنە مەبەستی کتێبەکە. هەندێ جار شیرازەی بیری دەپسێ و خۆی لێ دەبێتە بیریار و سیاسەتمەدارێکی وا کە پەند و ئامۆژگاری دابدات. ئەگەر لەم کتێبەدا بۆ لایەنی باش بگەڕێم، من تەنیا دوو دەبینم: یەکیان ئەوەیە کە نووسەر، بە هۆی ئەوەوە کە هاوسێی ماڵی عەبدولکەریم قاسم بوون و هاوڕێی برازاکانی بووە، ئەوی لە نێزیکەوە ناسیوە، ئەگەرچی ناسینەکە ناسینی ڕەوشت و هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانەیە، نەک جۆری بیرکردنەوە و فەلسەفەی سیاسی؛ دووەمیشیان ئەوەیە کە نووسەر هەرگیز دۆستی عەبدولکەریم قاسم نەبووە، بەڵکە دوژمنی سیاسیی وی بووە، لەبەر ئەوە کەس ناتوانێ بڵێ ئەمە کتێبێکە دۆستێکی قاسم بۆ پیاهەڵدان و گەورەکردنەوەی ئەو نووسیویەتی.

ئەوەی کە پێوەندیی بە گەلی کورد و مەسەلەی کوردەوە لە کوردستانی عێراقدا هەیە، بەشێکی زۆر کەمی کتێبەکەی عەلەوییە. خوێنەر دەبێ بۆ خۆی لێرە و لەوێ گوڵەوەچنێ بکات و جێگەی کورد لەسەر نەخشەی سەردەمی قاسم، کە لە پێنج ساڵان تۆزێ کەمتری خایاند، دیاری بکات.

شتێکی گرنگ و سەرنجڕاکێش لەم باسەدا کەسایەتی و کاراکتەری عەبدولکەریمە. ئەم پیاوە، کە ڕێژیمی پاشایەتیی لە عێراق لەناو برد، کۆلۆنیالیستانی ئینگلیزی دەرپەڕاند، سیستەمی کۆماریی دامەزراند و گەلێ ئاڵوگۆڕی ڕیشەییی لەو وڵاتەدا هێنایە دی، پیاوێکی سادە و خاکسار و خۆبەنزمگرتوو، مرۆیەکی دڵ و دەست و دەمپاک بووە. گەلێ جار دڵپاکییەکەی گەیشتۆتە ڕادەی خۆشباوەڕی و ساویلکەیی.

بەڵام، هاوکات، عەبدولکەریم پیاوێکی زیرەک و تێگەیشتوو، سیاسەتمەدارێکی لێهاتوو و دڵفراوان و عەسکەرییەکی چاونەترس و بە دیسیپلین بووە. لە ڕووی ئایدیۆلۆژی و سیاسییەوە، پێچەوانەی زۆربەی هەرەزۆری عەسکەری و ژەنەراڵەکانی دنیا، عەبدولکەریم نیشتمانپەروەرێکی لیبرال و دێمۆکرات بووە.

قسە دێ قسە دەبڕێ، لەم چەنانەدا ئاڵقەی یانزدەهەمی گەشتی ژیانی بیریاری گەورەمان مامۆستا مەسعوود محەمەد (خۆزگە ناوی خۆی ئاوا بە ڕێنووسی کوردی دەنووسێ)م دەخوێندەوە، کە بۆ دیدارەکانی خۆی دەگەڵ عەبدولکەریم و سەرەتای هەڵگیرسانی بزووتنەوەی چەکدارانەی کوردستانی باشووری ساڵی ١٩٦١ی تەرخان کردووە، ئەوەی مامۆستا مەسعوود لە قاسمی دەگێڕێتەوە بۆ کەسێ کە بیەوێ لە هەلومەرجی ئەو سەردەمەی عێراق و کوردستانی عێراق بکۆڵێتەوە یەکجار گرنگە. شایەتییەکانی مامۆستا مەسعوود لە هەندێ باردا لەگەڵ قسەکانی عەلەوی یەک دەگرنەوە.

ڕێکەوتی مێژوو وا بوو کە گرنگترین شۆڕشی چەکدارانەی گەلی کورد لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا و دژی ڕێژێمی وی دەست پێ بکات. هەم لە کتێبەکەی عەلەویدا و هەم لە بیرەوەرییەکانی مامۆستا مەسعووددا هەلومەرجی سەردەمی قاسم جوان باس کراون؛ یەکەمیان لە سەرتاسەری عێراقدا و دووەمیان لە کوردستاندا. لەم بوارەدا سەبارەت بەو هەلومەرجە و جێگە و ڕێگەی گەلی کورد پیاو هەندێ بیرۆکەی بە مێشکدا دەگەڕێ، ئاخۆ دەستپێکردنی شۆڕشێکی چەکدار تاکە ڕێگەی کورد بوو؟ ئەی ڕێگەی دیکە هیچ نەمابوو؟ داخۆ نەدەکرا سوود لەو چەند ساڵەی سەرەتای ڕێژیمی تازە (١٩٥٨ – ١٩٦١) وەربگیردرێت بۆ پێگەیاندن و ئامادەکردنێکی ڕاست و ڕێکوپێکی گەلی کورد؟ ئەی نەدەکرا کەسایەتی و بیروباوەڕی سیاسیی عەبدولکەریم بکرێتە قەڵغان و سوپەر بۆ پێشخستنی مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد و تێکشکاندنی نیازی کرێت و ڕووخێنەر و دوژمنانەی کۆمونیستەکانی عێراق و بەعسی و ناسیۆنالیستەکانی عەرەب؟! گەلێ جار لە وەڵامی پرسیاری ئاوادا دەگوترێ: ئەوەی چوو، تازە بە سەر چوو. بێگومان ئەم قسەیە هەندێک ڕاستیی تێدایە، ئەگەرچی دەکرێ زۆر و زۆرتری لێ بکۆڵرێتەوە. ئەم کورتەنووسینە بە بەریەوە نییە بۆ ئەو جۆرە لێکۆڵینەوەیە تەرخان بکرێ. حەسەن عەلەوی بیست ساڵ

دوای کوشتنی عەبدولکەریم قاسم هاتووە بە چاوێکی دیکە تەماشای ژیان و ئاکاری ئەو پیاوەی کردووە. بایی ئەوەش ڕاستگۆیی و بوێریی لە خۆیدا شک بردووە، کە پێ لە هەڵەی خۆی و ناڕاستیی بیروباوەڕەکانی بنێ. ئێمەی کورد زۆرمان پێویست بەوەیە بە چاوێکی دیکەوە، چاوێکی ڕەخنەگـــرانە و بوێرانە و لە بەر ڕۆشنایی زانستدا تەماشایەکی مێژووی نەتەوەکەمان، دوور و نێزێکی، بکەینەوە و لاپەڕەکانی بخوێنینەوە.

مامۆستای کورد، ژمارە: ٨
زستانی ١٩٨٩ – ١٩٩٠

## بۆریس پاستێرناک... تراژیدیای مرۆڤێکی داهێنەر

### پێشەکییەکی کورت

کەم ڕووناکبیری ئەم دنیایە هەیە ڕۆمانی "دۆکتۆر ژیڤاگۆ"ی بۆریس پاستێرناکی نەخوێندبێتەوە، یا چاوی بە فیلمەکەی نەکەوتبێ. دۆکتۆر ژیڤاگۆ هێندە ناوبانگی دەرکرد کە ناوی نووسەرەکەی و تەنانەت بایەخی بەرهەمەکانی دیکەیشی داپۆشی. چ ناودەرکردنی ڕۆمانەکە و چ ئەو دەردەسەری و ڕاونانەی بەو هۆیەوە بەسەر بۆریس پاستێرناکدا هات سیمایەکی جەنگی ساردی ئیدیۆلۆژیی نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژاوا بوو کە سەرتاسەری سالانی دوای جەنگی دووەمی جیهان و هەتا کۆتاییی هەشتاکانی گرتەوە. ڕۆمانەکە، بەداخەوە، نەکراوە بە کوردی و خوێنەری کورد بە هۆی ئەو هەلومەرجە نالەبارە ئیدیۆلۆژییەوە کە سالانێک لە فەرهەنگی کوردیشدا زاڵ بوو، نەیتوانیوە بۆریس پاستێرناک بناسێ.

لەم بەشەدا چوار وتار لەبارەی باستێرناکەوە کراون بە کوردی، کە سێیان پێڤگێنی پاستێرناکی کوڕەگەورەی شاعیر نووسیونی. وتارەکان بەشێکن لە ژمارە (١٠)ی گۆڤاری "ئەدەبی سۆڤیێتی"، چاپی ئینگلیزی، کە لە پاییزی ١٩٩٠دا بلاوکراوەتەوە. لەو ژمارە تایبەتییەدا، بێجگە لە چەند شیعر و نامە و نووسراوی پاستێرناک خۆی، کۆمەڵێ لێکۆڵینەوە و بیرەوەری و باس لەبارەی ئەووەوە هەیە. حەزم دەکرد وێڕای ئەم وتارە وەرگێردراوانە هەندێ شیعریشم بکردایەتە کوردی، بەلام لەبەر ئەوەی شیعرەکان پێشتر لە ڕووسییەوە کرابوونە ئینگلیزی، پێم وا بوو بە تەرجەمەیەکی دەستی دووەمی کوردی گەلێ لە بیر و نرخە ئێستێتیکییەکان دەفەوتێن. لە کۆتاییدا پاشکۆیەکیش خراوەتە سەر وتارەکان، ئەمەیان لە سوێدییەوە کراوە بە کوردی.

باشترین خوێندنەوە و تێگەیشتنی پاستێرناک، یا هەر هونەرمەندێکی دیکە، ئەوەیە کە دوور لە شەوارەی فەرهەنگی و سیاسی و ئیدیۆلۆژی، لە نرخە هونەری و ئینسانییەکانی ناو بەرهەمەکانیانەوە نزیک ببینەوە.

سوپاسی کتێبخانەی نۆبێل و ئەکادێمیای سوێدی دەکەم کە چەند وتار و ناملیکەیان لەبارەی پاستێرناک و خەڵاتی نۆبێلەوە بۆ ناردم.

ف. شاکەلی

# بۆریس پاستێرناک

یێڤگێنی پاستێرناک

## ژیانی شاعیر

بۆریس لیۆنیدۆڤیچ پاستێرناک ڕۆژی ١٠ی شوباتی ١٨٩٠ لە دایک بووە. ئەو ساختمانەی باوکودایکی ئەپارتمانێکیان تێدا بە کرێ گرتبوو کەوتبووە نێوان تڤێرسکایا یاماسکا و ئۆروژاینی پێرۆیلۆک. ئێستا بەستراوە بە مەیدانی مایاکۆڤیسکییەوە، بە تەنیشت چێشتخانەی "سۆفیا"وە. ئەمە جاران گەڕەکێکی پڕ لە ژیان بوو لە دەرەوەی شار، دانیشتووانی بە ڕادەی یەکەم عەرەبانەچی، پیشەگەر و کرێکارانی ئاسنەڕێ بوون.

دە ناو خێزانەکەی نیگارکێشی لاو لیۆنید پاستێرناک و ڕۆسالیا ئیسۆدۆرۆڤنا پاستێرناک کاوفمان-ی پیانۆلێدەردا هونەر لەگەڵ کاروباری ڕۆژانەی ماڵدا هاوئاهەنگ و تێکەڵ بوو. لاشەقامەکان، گۆڕەپانەکان و پارکەکانی دەوروبەر، کە نێزیکی شەقامی کارێتنی ڕیاد بوون، جێگەی پیاسە و هاتوچۆی ڕۆژانە بوون و، ژیان بە ڕووناکیی هەموو لایەنە مەعنەوی و بینراوەکانیەوە لە هۆشدا ڕۆ دەچوو.

کوڕە یەکجار زوو کاری تێ کرا. جیهانی دەرەوە لەگەڵ ژاندا بە زۆر دەچووە ناو گەمە و خەونەکانیەوە. کە بۆریس سێ ساڵان بوو، ئەلیکساندەری برای لە دایک بوو. هەر زوو دوای ئەوە، باوکی بوو بە مامۆستا لە ئینستیتووتی هونەر و پەیکەرسازی و میعماری لە مۆسکۆ. لە خانووە سەرەکییەکەدا ستۆدیۆیەک (ژوورێکی بچووکی کارکردن) و لە بەشە دوونهۆمییەکەشدا ئاپارتمانێکی بچووکی دەست کەوت. لە پاییزی ١٨٩٤دا بە ماڵەوە باریان کرد و چوونە ناوی.

شەقامەکانی ئێرە پان و بەرین و یەکجار جوان بوون. ژیانی هونەرمەندانەی دەوروبەر پڕ و سەرشار بوو: باغچەی ئینستیتووەکە، خانووە سەرەکییە ئەفسووناوییەکەی، پۆستەخانەی ئەوبەر جادەکە، بۆلڤاردەکان و جیهانە تژی و پڕ لە حەشاماتەکەی شەقامی میسنیتکایا. لیۆنید پاستێرناک ڕۆژ بە ڕۆژ لە جیهانی

هونەری مۆسکۆدا هەڵدەکەوت و دەکەوتە بەر چاو. زۆر کاری دەکرد و هەرچییەکی بەرچاو بکەوتایە، لە ماڵدا، لە کاتی پیاسەی دەرەوەدا، بە ئێواران و لە کۆبوونەوەکاندا، وێنەی دەکێشان. ئەم کارانەی بێ دواخستن و هەر لە خۆوە دەکرد. بۆ ئەو بینینی شتێک و گواستنەوە و گەیاندنی لە یەک جیاواز نەبوون. ڕاستییەکەی ئەو تەنیا ئەو شتەی بە بینراو دادەنا کە بەندی کردبێت و خستبێتییە سەر کاغەز.

دوای هەندێ وەرزی کۆنسێرتی نایاب، ڕۆسالیا ئیسیدۆرۆڤنا وازی لە مۆسیقاژەندن لە ئاهەنگ و کۆنسێرتدا هێنا، مەگەر چەند جارێکی کەم نەبێ، و خۆی بۆ مێردەکەی و منداڵەکانی، کە ئێستا بووبوونە چوار، تەرخان کرد. ئەمە مانای ئەوە نەبوو کە بە تەواوی وازی لە پیشەکەی هێنابێ. ڕۆژی چەند سەعاتێ مۆسیقای لێ دەدا و دەرزەکانی مۆسیقای بۆ داهاتی خێزانەکەی بەشدارییەکی گرنگ بوو. ئاهەنگی مۆسیقایان لە ماڵدا ساز دەکرد. گەلێ مۆسیقاژەن، نووسەر، هونەرمەند دەهاتنە سەردانیان. کۆڕی هاوکارانی نێزیک لە ئینستیتووتەکەدا و دۆستانی وەک پۆلینۆڤ، لێڤیتان، سێرۆڤ و کاساتکین و دۆستایەتی لەگەڵ لیڤ تۆلستۆی و پاشانیش سکریابیندا، ئەمانە هەموو نەخشێکی گرنگیان هەبوو.

بۆریس پاستێرناک کەشی ماڵی خۆیانی بە بناغەی گەشەکردنی هونەرمەندانەی خۆی دادەنا. سەردەمێک پاشتر ئاوای نووسی: "... من کوڕی هونەرمەندێکم و هەر لە ڕۆژانی یەکەممەوە هونەری گەورە و خەڵکانی گەورەم بینیوە و، بەوە ڕاهاتووم وەک ستانداردێک سەر بە گرۆی هەڵبژاردە و باڵا بم، هەر لە ڕۆژانی سەرەتاوە ئەمە بوو بە زمانی ماڵەوەم."

پاستێرناک ژیانی منداڵی و لاوێتیی خۆی لە دوو کاری ژیننامەییدا زۆر بە وردی وەسف کردووە. ئەم جێپەنجە بریسکەدارانە بوونە هۆی بڕیاردانی توانستی وەسفکردنی ژیان لای ئەو، پاشان ئەمەی ناو نا ڕیالیزمی ژیننامەئاسای سوبجێکتیڤ. ئەو ژیانەی لەناو خێزانەکەیاندا باو بوو، ئەو خووەی لای دروست کرد کە بە درێژاییی ژیانی، ڕۆژانە سەروەر کاری پیشەزانانە بکات. پاستێرناک کە حەفتا ساڵان بوو، بە دڵنیاییەکی زۆرەوە دەیگوت کە تاکە ڕۆژێکی ژیانی خۆی بە فیڕۆ نەداوە. "ئەوە چییە کە هونەرمەندێک دەکاتە ڕیالیست؟ ئەوە چییە کە دروستی دەکات؟ ئێمە لامان وایە جێپەنجە سەرەتاییەکانی ساڵانی منداڵی و لەکاتی خۆیدا

ئەرکناسیی سالانی پێگەیشتوویییە". ساڵی ١٩٤٥ ئەمەی لەبارەی ئەزموونەکانی خۆیەوە نووسی.

وەک لاوێک بە تەواوی قەناعەتی وا بوو کە دەوروبەر داوای وەرام، تێگەیشتن و شێوە و قەوارەپێدانی لێ دەکات. هونەرەکەی باوکی، بەتایبەتی سکێچ و نیگارەکانی لە سرشتەوە، دنیای مۆسیقائامێزی خەیاڵ و تەئسیر کە لە کاتی پیانۆلێدانی ڕۆژانەی دایکیدا پەیدا دەبوون، هەمووویان ڕێک ئەو جۆرە پێگەیاندن و بارهێنانە بوون، و کەشی گۆڕانی هونەرمەندیان خولقاند. ئەو لەم زمانە تێگەیشت، ئەمە زمانی خۆی بوو، کەرەسەی ئەو بوو بۆ دانووستاندن و پێوەندی. پێی خۆش بوو موناقەشە بکات و لە شت بگات. ئەمە یاریدەی دەدا لەگەڵ کەللەییبوونی خۆیدا هەڵسوکەوت بکات، دڵتەنگی و نیگەرانییە ڕەوانییەکەی کەم بکاتەوە. ئاکولینا گاڤریلۆڤنا-ی دایەنی دەیبرد بۆ کڵێسا، باسی خودا و پەرجووە پیرۆزەکانی بۆ دەکرد.

لەگەڵ برا بچکۆلەکەیدا گەمەی دانانی پێشانگەی خەیالاوییان دەکرد، نیگاریان دەکێشا، بەرگی کتێبیان ڕەنگ دەکرد و کارەکانی خۆیانیان هەڵدەواسی. پێکەوە گۆڤارێکی ئەدەبییان بلاو دەکردەوە. کەسایەتیی بەهێزی ئەو دەدرەوشایەوە کە بەردەوام ئامۆژگاری و وریاکردنەوەی دەدایە دواوە. هاوینی ساڵی ١٩٠٣ لە گوندی ئۆبۆلێنسکۆیێ، بۆ یەکەمین جار لە ژیانی خۆیدا، سواری ئەسپێک بوو و بردی بۆ شەولەوەڕ. لە کاتێکدا ئەسپەکە غاری دەکرد، ئەم کەوتە خوارەوە و کەوتە ژێر سمی ئەو ڕەوەیەی بە دوایدا دەهات و بە ئاستەم لە مردن ڕزگاری بوو. لەم کەوتنەدا سمتی شکا و بەو هۆیەشەوە لاقی کورتتر بوو. هەر لەو هاوینەدا، ماوەیەک پێشتر گوێی لە سکریابین بوو لە داچاکەی تەنیشتیاندا سیمفۆنیای سێیەمی خۆی دادەنا. ئەمە بە قووڵی کاری تێ کرد و سەرسامی کرد. لەم مۆسیقایەی لەباوەڕبەدەرەدا، کە بە بەرچاویەوە لە دایک دەبوو، ئەم لاوە بە سەرسوورمانەوە لادێی دەوروبەر، ویزەویزی دارستان و جریوەی مەلەکانی دەناسییەوە. ئەم ناسینەوەیە، وەکو پاشتر نووسیبووی، ئەنجامەکەی ئەوە بوو بڕیار بدات دانانی مۆسیقا بە شێوەیەکی پیشەکارانە و بێ دواخستن بخوێنێ. ڕاستییەکەی، هاوکات لەگەڵ تەواوکردنی خوێندنگەی سەرەتاییدا، بە کردەوە کورسەکەی خوێندنگەی مۆسیقا (کۆنسێرڤاتۆری)شی تەواو کرد. بە هەرحاڵ، ئەم جۆرە مەرجانەی کە بە دڵگەرمیی

گـەنجـایەتـییـەوە بۆ خـۆی دانابوون، نەدەکـرا جـێـبـەجـێ بکرێن و بـە دڵشکاوییـەکی گەورەوە دەبوو بڕیار بدا کە واز لە مـۆسـیـقـا خـوێندنەکەی و بوون بە مـۆسـیـقـادانەر بهێنێ.

دوای بەجێـهێشـتنی فاکولتەی قانوون، کـە لە پێشـدا لەبەر ئاسانی هەڵبـژاردبوو، لە بەشـی فەلسـەفەی سـەر بە فاکولتەی مێژوو و فیلۆلۆگی ناوی خۆی نووسـی. دەیویست کۆمەک لەوە وەربگرێ کە مرۆڤ بە بیرکردنەوەی زانایانە، لە پرۆسـەی گەشەکردنیدا، بە درێژاییی سـەدەکان گەیشـتوویەتێ. لـە کاتێکدا سـەرقـاڵی خـوێندنی یەکەم سـاڵی زانستگە بوو دەسـتی کردە نووسینی شـیعر و پەخشـان. ئەو سـەرنج و نـامانەی کاتی خۆی بۆ خزم و دۆسـتانی ناردوون و تا ئەمڕۆ ماون پێک هاتوون لە وێنەی شـیعری و بیری فـەلسـەفی سـەبارەت بەوەی چـۆن جیـهـانی دەرەوە دەچێتـە ناو هۆشـیـەوە و بۆ شـێوە و قـەبارە وەرگـرتن دەگـەڕێ. پێشکـەشکردنەکـەی وشـەدارە و هـەرچی زیاتر زەحـمــەت کـراوە، چونکە ئارەزووی ئەوەیە ناوەڕۆک بە قـووڵی و تەواوی پێـشکەش بکـات. "لە ڕەوتـاری ڕاست"ی خــۆیدا پاســـتــێــرناک دەنووسـێ کــە پانزدە ســاڵ پارێزکردنـی لە وشـە لەبەر خـاتری دەنگ، فـەرمـانی ڕەسـەنایەتیی بەسـەردا دا، وەک چۆن سـەقەتیی لاشـە کەسێک دەکاتە ئاکرۆبات. کاتێ یەکەم هەوڵدانەکانی خـۆی بۆ خەڵکێکی کـەم دەخوێنێتەوە، بە گاڵتـەپێکردن و لێتێنەگەیشـتن پێشـوازیی دەکرێ. بە ناچارکردنێکی گەورەی عەقڵییەوە، ماوەی دوو سـاڵ نووسـین لە خۆی قەدەغە دەکات.

پاسـتێرناک ئـەو دەمـەی کـە فـەلسـەفـەی بە جیددی و بـە قـووڵی دەخـوێند، هـەر لەو کـاتەدا زۆر بە تەسـکیی جـیـهـانی ئاکادێمی نارەحـەت دەبوو. هێندە ئارەزووی دەکرد لەگەڵ باوترین و بەرزترین دەرکەوتەکانی بیرە فەلسـەفییەکانی هاوچەرخ ئاشنا بێت. کە هـاوینی سـاڵی ١٩١٢ بۆ ماوەی سێ مانگ چوو بۆ ماربورک بۆ خوێندنی فەلسـەفە لەگەڵ کـۆهـین، ناتـۆرپ و هـارتمان، سـەرکـەوتووانـە لە هـەرسـێ سـەمـینارەکـەدا وتاری پێـشکـەش کـرد. پرۆفـیـسـۆر کـۆهـین پێـشنیـازی بۆ پاسـتـێـرناک کـرد کـە دوای تەواوکـردنی خـوێندن لـە زانسـتگەی مـۆسکۆ، بگەڕێتـەوە بـۆ ئـەڵمـانیـا، تا خـۆی بۆ پرۆگرامی دۆکتـۆرای فـەلسـەفـە ئامادە بکات. بەڵام پاسـتێـرناک تازە بڕیاری خـۆی دابوو کــە واز لەو بیــرە بێنێ و ژیانـی خـۆی بـۆ فـەلسـەفــە تەرخــان نەکــات. دوای سـەفەرێکی کورت بۆ ئیـتالیـا، پاستێرناک لە پاییزدا گـەڕایەوە بۆ مـۆسکۆ بۆ ئەوەی زانستگە تەواو بکات و لەگەڵ ئەدەبدا بـەردەوام بێت، و ژیانی خۆی بە داهاتێکی کەم

و زاهیدانە ببات بە ڕێوە، بەوەی کە کار بکات، وەک هەر لە ساڵانی قوتابێتییەوە لە خوێندنگەی سەرەتاییدا وای کردبوو. دەرسی بە منداڵی ماڵە دەوڵەمەندەکان دەگوتەوە و تەنانەت لە کۆرسە هەرزانەکانی کرێکارانی لاویشدا دەرسی دەدا.

لە ساڵانی زانستگەیدا، پاستێرناک هەندێ جیهانبینیی تایبەتی گەشە پێ دا، کە پاشتر لە ساڵانی شەڕ و نەهاتیدا بوو بە کۆمەک بۆ مانەوە و دەربردنی. هەر ئەمەیش بوو بە ماکی بەهرەی پەرەسەندووی کە بێ پاشەکەوتکردن بژێت و گوێ بە زیان نەدات. "زیاتر پێویستە لە ژیاندا زیان بدرێ تا ئەوەی قازانج بکرێ" نووسیبووی. "تۆو هەتا نەمرێ سەوز نابێ، مرۆڤ دەبێ وا بژی، هەمیشە بۆ پێشەوە بڕوانێت و بژێو لە ژیانی خۆی وەربگرێ کە لەبیرچوونەوە، شان بە شانی بیر، کاری تێ دەکات."

ئەم بیرە لە مەڕ مێژوو وەکو دووەم گەردوون کە مرۆڤ بە یاریدەی کات و بیر دروستی کردبێ بۆ وەرامدانەوەی مردن هەر پێشەکی بۆ ئەو گرنگ بوو. کە سەفەرەکەی خۆی بۆ ئیتالیا هێنایەوە یاد، ئاوای نووسی: " ئەو داوە زیندووەی سیمبۆلیزمی مێژووم خۆش ویست، یا بە وشەیەکی دیکە، ئەو غەریزەیەی کە یارمەتیی ئێمەی داوە، وەک پەڕەسێلکە، جیهانیک، هێلانەیەکی گەورە دروست بکەین و لە زەوی و ئاسمان، ژیان و مردن، و دوو کات - ئێستاکە و نادیار. من ئەوە تێگەیشتم کە بە هێزی ڕاکێشانێ پێکەوە ڕاگیراوە کە لە خەیالی ناوکۆی هەموو پارچەکانی پێک هاتووە."

هەستی ئیمکانی بێسنووری نەریتێکی مێژووی ٣٠٠٠ ساڵە کۆنی ئەورووپایی و جوانییەکی ئازادی ڕۆحەکەی، پاستێرناکی لەوە ئازاد کرد کە بێسنوور بە دوای بزووتنەوەی دیکەی فەرهەنگیی گەلێری و نەبینراودا بگەڕێ و لەو ئارەزووەش پاراستی کە بەزۆر بیروبڕواکانی خۆی بەسەر ویژدانی کەسێکی دیکەدا بسەپێنێ.

لە بەهاری ساڵی ١٩١٣ دا پاستێرناک بە پلەی شەرەف زانستگەی تەواو کرد. هەر لەو کاتەشدا، پێنج پارچە شیعری لە پەخشخانەیەکی تازەدا، لیریک، بڵاو کرنەوە، کە بە پارە و بە کۆششی چەند لاوێک ئەنجام درا، پاستێرناک یەکەمین پارچە شیعری ناو ئەم پێنجەی بە بەردەوامی کرد بە شیعری سەرەتای هەموو دیوانە شیعرییەکانی لەوەوپاش:

**بەهاری ڕەش**

پێنووسەکەت هەڵگرە و، گریانی مانگی شوبات،
بە هەنسک و مەرەکەب،
شیعر بنووسە، لە کاتێکا شڵپوهوڕی گرمەی هەور
لە ڕەشاییی بەهاردا دەسووتێ.

ئەو هاوینە یەکەم کتێبی شیعری خۆی تەواو کرد، "جمکانە لە هەورەکاندا"، کە هەر ئەو پەخشخانەیە بڵاوی کردەوە. بەهاری ١٩١٤ پاستێرناک بۆ یەکەم جار چاوی بە مایاکۆڤسکی کەوت. لەبەر ئەوەی گەیشتە ئەو باوەڕەی کە مایاکۆڤسکی بە یەکەم شاعیر و بە پێشەوای فوتوریسم دابنێ، پاستێرناک دەستی کرد بە سڕینەوەی شوێنەواری ڕۆمانتیسم لە شیعرەکانی خۆی، ئەمە هەموو بە ئاشکرا لە شیعر و لە چارەنووسی مایاکۆڤسکیدا خۆی دەرخستبوو. پاستێرناک ڕێکوڕەوان بۆ ڕێگەی ئەدەبیی خۆی دەگەڕا.

بەهار و هاوینی ١٩١٤ بۆ پاستێرناک بە تایبەتی بە بریسکەداریی دوامانگەکانی ئاشتی نیشان کرابوون، یا بە قسەیەکی دیکە، کاتێکی وا کە ژیانی شەخسیی مرۆڤ زۆرترین گرنگیی دەویست و "خۆشویستن ئاسانتر و سرشتیتر بوو لە ڕق لێ بوون". پاستێرناک ئەو هاوین و پاییزەی بە کاری مامۆستایەتی لەگەڵ ماڵی شاعیری سیمبۆلیست یورگیس بالترۆشایستیس، لە نێزیکی ئالێکسین، لەسەر ڕووباری ئۆکا، بردە سەر. بالترۆشایتیس ئەوسا بەڕێوەبەری ئەدەبیی شانۆی تالار (چامپەر تیاتر)ی تازەدامەزراو بوو. بەپێی ڕاسپێریی ئەو، پاستێرناک کۆمیدیی گۆزەی شکاوـ ی کلیستی بۆ ئەم شانۆیە وەرگێڕا. ئەمجا شەڕ دەستی پێ کرد. پاستێرناک شەڕی بە وردوخاشبوونی هەموو هیوا مێژوویییەکانی تەمەنی لاویی دانا. لە نامەکانیدا بۆ باوکودایکی، پێشاندانی ئەم کارەساتە نەتەوایەتییە کەوتە پێش گەشەکردنی ئەم بابەتە لە پەخشان و شیعرەکانیدا.

کە لە ئەرکی سەربازی تەرخان کرا چوو بۆ ناوچەی ئورال و لەوەوپاشیش بۆ هەرێمی کاما و لەوێ بوو بە نووسەر لە کارخانەیەکی کیمیاییی سەر بە بەرگریدا. جوانیی ئورال سەرسامی کرد، و سەری لە پێرم و ئوسۆلیەش دا. دارستان و چیا و ڕووبارە گەورەکانی ئەم ناوچەیە ئەوەیان لای ڕوون کردەوە کە چەندە پێویستە

وەسـفـیـان بکات. کـارکـردنی لەو ئۆفـیـسـەدا ڕێگەی دەدایێ کـات بـۆ وەرگـێـڕانی سـڤـینبـورن و بـۆ نووسـین تەرخـان بکات. بـەشی هـەرەزۆری ئـەو شـتـانـەی لەو سـەردەمـەدا نووسـینی یا ون بوو یـا زۆر دواتر بڵاو کـرایـەوە. لە کـۆتـاییی ١٩١٦دا دیوانەشیعری دووەمی پاستێرناک، **بەسەر لەمپەرەکاندا**، بڵاو کرایەوە.

سـاڵانی شـەڕ بـۆ پاسـتـێـرناک زۆر بـەردار بوون. ئـەو تایبـەتمەندییـانەی وەک هونەرمـەندێک تێیـدا دەرکەوتبوون لـە پاشـەڕۆژدا بەهێـزتر بوون و گەشـەیان کرد. بێـجگە لەوەش ئەو مـانگانەی بـە تەنهـایی لەو هەرێمـانەدا بە سـەری بردن زوهدی هونەرمـەندانەی سـەرهەڵداوی ئەویان بەهێزتر کرد. ئەو بە هۆشـیارییـەوە خوویەکی وای گـەشـە پـێ دا کـە بوو بـە یاریدەدەری لە پیـشـەکـەیدا و بـۆ ڕزگـاربـوون لەو تایبـەتمەندییـانەی کـە لە مـێشکیـدا بووبوونە ئاسـتـەنگی سـەر ڕێگەی ژیانی و ناهاوئاهـەنگی و خۆڕووخـاندنیـان پەرە پێ دەدا. لەو کاتە بە دواوە باسی خۆی وەک ئامێرێک دەکرد و هـەمیشـە نیگەرانی ئەوە بوو نەوەک دەنگێکی ناسـازی لێوە بێت. دەکرێ بگوترێ کە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوەی کە گوێیەکی باشی بۆ مۆسیقا نەبوو، کە بووبووە هۆی ئەوەی واز لەوە بێنێ ببێتە مۆسیقادانەر، پاستێرناک لە ناوەوەی خـۆیدا ڕۆحـیـیـەتی گـوێیـەکی باشی پەروەردە کـرد. "هەمـوو ئـەوەی لە توانسـتـی ئێـمـەدایە" نووسـیـبـووی، "ئەوەیە کـە بـتـوانین ئەو دەنگی ژیانەی لە دەروونمـاندایە گێڕوگەواڕی نەکەین."

کاتێ پاستێرناک بە شۆڕشی شوباتی زانی، گەڕایەوە بۆ مۆسکۆ. دیوانی شیعرە غـەزەلەکـانی، **ژیان ـ ی خـوشکم**، کـە لە هاوینی سـاڵی شـۆڕشگـێـرانەی ١٩١٧دا نووسیبووی، پاستێرناکی گەیاندە سەرووی لیستی نووسەرە پێشەنگەکانی کاتی خـۆی. کـتـێـبـەکـە مـاوەیەکی زۆر پێش ئەوەی سـاڵی ١٩٢٢ بڵاو ببـێـتـەوە نـاوبانگی دەرکـردبوو، و بڵاوبوونەوەکەی بوو بە هـۆی بەرزنرخاندنی لەلایەن شاعیری یەکجـار جیاوازەوە: بریوسۆڤ، تسڤێتایێڤنا، مایاکۆڤسکی، ماندەلشتام و ئاسەیێڤ.

لە شۆڕش بە دواوە، پاستێرناک کەوتە سەر کەڵکەڵەی نووسینی کارێکی داستانانە (ئێپۆس). هەوڵدانێکی ئارایشتکراوی ئەم بیرە بە شێوەی چیرۆکی منداڵیی دڵداران بڵاو کرایەوە. ئەم کارە لەلایەن تینمانۆڤ، کۆزمین و گۆرگییەوە پەسن درا و پێیان وا بوو ئەم پەخشانەی پاستێرناک لە شیعرەکانی چاکترە.

ئەو لووتکەی داهێنانەی ساڵانی ١٩١٧ و ١٩١٨ پێی گەیشتبوو بووە بە هۆی لەدایکبوونی دیوانێکی دیکەیش، ***بابەت و جیاوازی***، بەڵام ئەم کتێبە، ئەگەرچی ناوبانگی ئەوی پتەوتر کرد، لە ڕاستیدا نزمبوونەوەیەکی ڕۆحیی پێشان دا و ڕوون بووەوە کە بابەتی بە تەمەنی شیعری غەزەل – مرۆڤ و هەلومەرجی ڕۆحی، کە دەیەوێ دەریببڕێ – مافی مانەوە و ژیانی لە دەست داوە. جارێکی دیکەیش، وەک سەردەمی بتپەرستی، جیهان ئامادەی وەرگرتنی داستان و ئەفسانە بوو، و پاستێرناک ڕووی کردەوە ڕووداوە مێژووکردەکانی شۆڕشی ١٩٠٥ و کەسایەتیی ئەفسانەئاسای لۆیتنانت شمیدت. لەم کارەدا مارینا تسڤێتایێڤنا، کە ئەودەم لە تاراوگە دەژیا، پشتگیریی دەکرد. پاستێرناک نامەی بۆ نووسی، شیعرە تازە نووسراوەکانی خۆی بۆ نارد و "لۆیتنانت شمیدت"ی پێشکەش بەو کرد. بە پەسەندکردنێکی زۆرەوە نووسینەکانی ئەو سەردەمی تسڤێتایێڤنای دەخوێندەوە، شیعری ئەوی لە ماڵی مایاکۆڤسکی و ماڵانی دیکە دەخوێندەوە و شیعرەکانی ئەوی لە **هاوچەرخانی رووس**ـ دا بڵاو کردەوە.

لە ساڵی ١٩٢٢ەوە پاستێرناک دۆستایەتییەکی ناسک و دڵسۆزانەی لەگەڵ ئاخماتۆڤادا دامەزراند و هەتا ئەو ڕۆژەی مرد دۆستایەتییەکەیان هەر بەردەوام بوو.

ئەو شیعرانەی پێشکەشی ئەو کەسانەی کردبوون کە چارەنووسیان گرنگ بوو و پێوەندی بە پاستێرناکەوە هەبوو، وەک بریوسۆڤ، ئاخماتۆڤا، تسڤێتایێڤنا، مێیەرهۆڵد و کەسانی دیکە و لەو دە ساڵەدا نووسرابوون، کە لەگەڵ کتێبەکانی پێشووتریدا کە ساڵی ١٩٢٨ ئامادە کرابوون، لە کتێبی **بەسەر لەمپەرەکاندا**ـ ی ساڵی ١٩٢٩ و ١٩٣١ کۆکرانەوە. کارە گرنگەکانی ئەم سەردەمە سپێکتۆرسکی و ڕەوتاری باش بوون کە پاستێرناک بۆچوونەکانی خۆی لەمەڕ گەوهەری هونەر و مەعنای هونەر لە مێژووی مرۆڤدای تێدا دەربڕیبوون.

لە سەرەتای سییەکاندا، پاستێرناک چالاکانە لە دامەزراندنی یەکێتیی نووسەراندا بەشداریی کرد و لە یەکەم کۆنگرەدا قسەی کرد. ئەو کاتە لەبارەی وییەوە زۆر دەنووسرا و هیوای وا بوو لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە سوودبەخش بێت. ئازایانە وەرامی ڕەخنەی دایەوە و وەک هونەرمەندێکی سەربەخۆ بەرگریی لە باوەڕەکانی خۆی کرد. لە بەهاری ساڵی ١٩٣٦دا بە ئاشکرا ناڕازیبوونی خۆی دەربڕی بەرانبەر

هەندێ وتاری فەرماندەرانی پراڤدا، کە هەموو دیاردە بەهرەدارەکانی هونەر و ئەدەبیان تێدا بە فۆرمالیستبوون تاوانبار کرابوون. لە پاییزی ١٩٣٦ەوە دەمودووی ڕۆژنامەکان بەرانبەر پاستێرناک بە ئاشکرا گۆڕا. بیست ساڵێک لەوەوپاش پاستێرناک گوتی: "بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٣٦ دا بوو، کە مەحکەمە ترسناکەکان دەستیان پێ کرد. هەموو شتێ لە ناخما تێک شکا و یەککگرتنم لەگەڵ کاتدا نەما و بەربەرەکانیکردنم جێگەی گرتەوە و من ئەمەم نەشاردەوە. ڕووم کردە تەرجەمەکردن. نووسینی خۆم تەواو بوو. جارێکی دیکەیش ڕێک پێش شەڕەکە سەری هەڵدایەوە، یا لەوانەیە وەک پێشبیرێک ساڵی ١٩٤٠ بووبێ." ئەمە پێوەندیی بە زنجیرە شیعری "پێرێدێلکینۆ"وە هەیە کە پاستێرناک وای دادەنا دۆزینەوەی ئیمکانی نووسینە بە شێوەیەکی تازەی سادە و ڕوون.

لە ساڵانی شەڕ و تێرۆری ستالیندا شەکسپیر "هاوڕێی هەمیشەیی" و نموونەی ڕۆحی هاودەم بوو. تەرجەمەکردنی تراجیدییەکانی شەکسپیر نەک تەنیا سەرچاوەی بژێوی بوو، بەڵکە کۆمەکێکی مەعنەوییش بوو. پاستێرناک نووسیویەتی: " شەکسپیر هەمیشە خۆشەویستی ئەو نەوەیانە دەبێت کە لە ڕووی مێژووییەوە پێگەیشتوون و ئەزموونداررن، کۆمەڵێ ئەزموون و ئازار و سەختی مرۆڤ فێر دەکات نرخ بۆ دەنگی ڕاستی و زانیاریی ڕاستەقینە و دەنگی هونەری پڕ مەعنا و جیددیی ڕیالیزم دابنێ." لەم کارەیدا (هەشت تراجیدیی تەرجەمە کرد) هەستی کرد کە ڕەگوڕیشەی ڕەسەنایەتیی وشەی زیندوو لە هەڵکێشان نایەت. بەو جۆرە توانیی بگەڕێتەوە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و توانیی ژیانێکی سەرشار و بەردار بژی.

خۆشیی سەرکەوتن لە جەنگدا ئاواتی تازەکردنەوەی کۆمەڵگەی ژیاندەوە، کە زۆر دەمێک چاوەڕوانی دەکرا. دوایی دەرکەوت کە نیشانە خۆشیبەخشەکانی ئازادی پووچ و بێسوود بوون، بەڵام لەبەر ڕووناکیی ئەو نیشانانەدا بوو کە پاستێرناک دەستی بە نووسینی ڕۆمانی دۆکتۆر ژیڤاگۆ کرد.

ئەو کوشتارە ئیدیۆلۆژییەی لە ئاگوستی ١٩٤٦دا دەستی پێ کرد بەوەی ژدانۆڤ هەڵمەتی بردە سەر هونەر، هاوکات لەگەڵ شەپۆل لە دووی شەپۆل ڕاونانی تازە ڕووی دا. پاستێرناک لەگەڵ ئەو ترسە دەژیا کە ڕەنگە هەر دەقیقەیەک بێن بیگرن. لەو ساڵانەدا هەمیشە دەیگوت "ئیتر ئەوەی پێ ناوێ، بۆ هەموو شتێک ئامادەم.

بۆچی دەبێ خەڵکێکی دیکە شتیان بەسەر بێت و من بەسەرم نەیەت."

ڕۆمانی لەمەڕ یوری ژیڤاکۆ و ئەو شیعرانەی بە ناوی ئەوەوە نووسرابوون بوون بە دەربڕی ئەو خۆشییەی بەسەر ترسی مردندا زاڵ بوو.

"کە باس لە تۆکمەیی و روونی و دڵڕاکێشیی ناو کارە دڵگیرەکانی ساڵانی ڕابردووم بێت {دۆکتۆر ژیڤاگۆ} پشـووودانێکی بەردەوامیی ڕۆحە بۆ من – نەک هەر پێی دڵخۆشم، بگرە بەختیارم و ڕۆمانەکە دەرگا و دەربڕینی ئەم بەختیارییەیە."

پاستێرناک لە سەرەتادا وای نەخشە کێشابوو کە کاری نووسینی ڕۆمانەکە بە ٢ – ٣ ساڵێ تەواو بکا، بەڵام دە ساڵی ڕەبەقی خایاند. پاستێرناک دەبوو هەردوو بەشەکەی فاوست ـ ی گۆێتە تەرجەمە بکات، ئەمەیش خۆی لە خۆیدا بوو بە دیاردەیەکی ئەدەبیی تاکانە و بەرزترین پلەی سەرکەوتنی وەک وەرگێڕێک. لە پاییزی ١٩٥٢ دا دوای تەواوکردنی ئەم تەرجەمەیە تووشی دڵێشەیەکی سەخت بوو. کە لە نەخۆشخانە دەرچوو، لە ڕۆژی ٣ی مارتی ١٩٥٣ دا پاستێرناک لە سێناتوریومی بۆلشێڤۆوە نامەیەکی بۆ ڤالەنتین ئاسنۆس ــ ی هاوڕێی نووسی: "هەست ئەکەم باشترم. دەستم بە کار کردۆتەوە و خەریکی ژیڤاگۆم."

دوا دەستکاریکردنی ڕۆمانەکەی لە زستانی ١٩٥٥دا کرد، لە سەرەتای ١٩٥٦دا ڕۆمانەکە برا بۆ نۆڤی میر. بڕیار وا بوو ساڵێ دواتر لەلایەن نۆڤی میرەوە بڵاو بکرێتەوە. دەبوو تەرجەمەکەی لە ئیتاڵیا بڵاو بکرێتەوە. بەهەرحاڵ، لە پاییزی ١٩٥٦دا، ئێدیتۆری نۆڤی میر، کۆنستانتین سیمۆنۆڤ، ڕەفزی کرد بڵاوی بکاتەوە و بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکە لە سی ساڵ زیاتر لێرە قەدەغە کرا. تەرجەمە ئیتالییەکەی مانگی نۆڤێمبەری ١٩٥٧ چاپ کرا، دوای ئەوەش بە زمانی ڕووسی لەلایەن پەخشخانەکانی ڕووسی تاراوگەوە بڵاو کرایەوە و ئەوجاریش وەرگێڕداریە سەر نزیکەی هەموو زمانەکانی دنیا.

پاستێرناک زۆر چاک تێ دەگەیشت کە وەزعی دوولایەنەی ئەو هەرچی زیاتر هەڕەشەی لێ دەکرێ. بەڵام ئەمە هێندە نەبوو ئەو زانیارییە خۆشیبەخشەی بکوژێ کە لەبارەیەوە بۆ ئێلێنا بلاگینیا ئاوای نووسیبوو: " گەمەی چارەنووسی کوێر یاریدەی دام خۆم بە تەواوی دەرببڕم. ئێمە یەکجار فێری ئەوە بووین شتی هەرە چاکی ناوەوەمان بکەینە قوربانی – وا دیارە ئاخری هونەرمەندەکەی ناخم

وردوخاش نەبووە و پێپەست نەکراوە."

لە ساڵی ١٩٤٦ەوە ناوی پاستێرناک حەوت جار پاڵێورابوو بۆ خەلاتی نۆبێل لە ئەدەبدا. ساڵی ١٩٥٨ خەڵاتەکی وەرگرت لەبەر "سەرکەوتنی نائاسایی لە شیعری لیریکیدا و بەردەوامیی نەریتە ڕەسەنەکانی پەخشانی گەورەی ڕووسی."

ئەو کەتنە سیاسییە بێبناخەیەی کە پاش ئەوە ڕووی دا و بە "مەسەلەی پاستێرناک" ناسرا، خراپترین ڕاوی جادووگەرانی جارانی وە بیر هێنایەوە. ئەگەرچی لە سەرەتادا پاستێرناک قەدرزانیی خۆی بۆ خەڵاتەکە دەربڕی، بەڵام دوای حەفتەیەک هەڕەشە و ڕوانان بە زۆر ناچار کرا ڕەفزی بکات. زۆر لە پاستێرناک کرا کۆمەڵە بەیانێک ئیمزا بکات کە نەینووسیبوون. بڵاوکردنەوەی وەرگێڕانەکانیشی ڕاگیرا و پاستێرناکیان بەبێ هیچ داهاتێک و سەرچاوەیەک کە پێی بژی هێشتەوە. لە نامەکانی ئەو سەردەمەیدا نووسیویەتی کە وا هەست دەکا وەک بڵێی لەسەر مانگ یا لە مەودای چوارەمدا دەژی. ناوبانگی جیهانگر و هەر لەوکاتیشدا ناوێکی نەفرەتهێنەر لە وڵاتەکەی خۆیدا یەکیان گرت لەگەڵ بێچارەیی و ئەو نادڵنیاییەی کە لە دەیەی حەوتەمی ژیانیدا نەتوانێ ماڵ و منداڵ بە خێو بکات. لە هەمان کاتیشدا سەدان نامەی پێ دەگەیشت بۆ کۆمەکی دارایی، وەک مز لە باتیی نووسینەکانی، بەڵام نەیدەتوانی سوودیان لێ وەربگرێ.

دووڕوویی ناخۆش و ناڕەحەتیبوون نەبووە هۆی تێکچوونی ئەو ئاهەنگی کارکردنەی کردبووی بە خوو. ئەو شیعرە تازانەی بۆ دیوانەکەی نووسیبوونی (لەملاولەولا بڵاو کرابوونەوە) بوون بە ناوەڕۆکی دوا دیوانە شیعری، **کە هەوا ڕوون دەبێ**. مانگی کانوونی دووەمی ١٩٥٩ دوایین شیعرەکانی خۆی نووسی. لە ئاستانەی حەفتایەمین ڕۆژی لەدایکبوونیدا بە ئیلهامەوە هەر بەردەوام بوو لەسەر نووسینی شانۆنامەی *جوانیی کوێر* سەبارەت بە ژیانی ئاکتەرێکی کۆیلە و هەروەهاش سەبارەت بە چارەنووسی هونەر و هەلومەرجی کۆیلایەتی لە ڕووسیا. کاتێکی زۆری بەوەوە دەچوو کە وەرامی ئەو خەڵکانە بداتەوە کە لە سەرتاسەری دنیاوە نامەیان بۆ دەنووسی، بە پێویستی دەزانی وەرامی سەدان نامە بە وردی و بایەخەوە بداتەوە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠ەوە، کە زاڵ بوو بەسەر پشتێشەکەیدا، پاستێرناک یەکەم دیمەنەکانی شانۆنامەکەی سەرلەنوێ نووسییەوە. لە ناوەڕاستی نیسانەوە خراپتر

بوو، و كه هەستی كرد نەخۆشییەكەی چاری نییە، كارەكەی خستە لاوە و لە جێگەدا كەوت. بۆریس پاستێرناك ڕۆژی ۳۰ی مانگی مایسی ١٩٦٠ مرد.

لە ماوەی ۳۰ ساڵی دوای مردنەكەیدا دۆكتۆر ژیڤاگۆ هەر بە قەدەغەكراوی مایەوە و سەرجەمی كارەكانی پاستێرناك هێنرابووە سەر تەرجەمەكانی.

ئەمڕۆ دۆكتۆر ژیڤاگۆ لە هەموو لایەك بڵاو دەكرێتەوە، هەروەها شیعر و پەخشانەكانی. شاعیر خۆی ئەمەی بە خەونیش نەدەدی. ئەمە هەموو وا لە مرۆڤ دەكات بە داخێكی زۆرەوە ئەو قسانەی پاستێرناكی بیر بكەوێتەوە كە دوو ساڵ پێش مردنەكەی وتبووی: "زۆر لەوە دەچێ كە چەند ساڵێ دوای مردنم ئەوسا بابەتی كاری ئەم سالانەی دوایی، كە هەناسە و ژیانی پێ دەدا، دەردەكەوێ و ئاشكرا دەبێ."

## "تۆ دەژییت، تۆ لە ناخمای هەر وەکوو خۆت..."

یێڤگێنی پاستێرناک

### یەکەم ژنی پاستێرناک، یێڤگینیا؛ هونەرمەندێک

بمەوێ لەسەر خۆشەویستی و ژیانی خێزانیی باوکودایکم بنووسم دەبێ باسی تراجیدیای دوو مرۆڤی بەهرەدار بکەم کە گیرۆدەی هەلومەرجی بەدبەختیی ژیانی رۆژانە و بەرەونەمانچوونی مەعنەویی کۆتاییی سالآنی ۱۹۲۰ی رووسیا بووبوون.

خێزانەکەمان دە ساڵ شتێ کەم بەردەوام بوو، لە کۆتاییی ۱۹۲۱ەوە تا بەهاری ۱۹۳۱ زۆر شت لەلایەن گەلێ کەسەوە نووسراوە سەبارەت باوکم و ئەو تەئسیرەی لە خەڵکی دەکرد. ئێلیزاڤێتا چێرنیاک – یش لەبارەی دایکمەوە ئاوای نووسیوە – یەکەم بیرەوەریی یەکبینینیان لە ساڵی ۱۹۲۳دا لە بیریدا هەڵکۆڵرابوو: "لەبارەی ژێنیاوە دەتوانم چی بڵێم؟ روومەتێکی شانازی بەخۆوەکردوو، سیمایەکی گەورە و درشت، لووتێکی رێک و جوان دارێژراو، ناوچاوانێکی پان و زیرەکانە. ژێنیا یەکێکە لەو ژنە هەرە تێگەیشتوو، سەلار و دڵگیرانەی تا ئێستا بینیومن."

بەرچاوترین نیشانەی کەسایەتیی یێڤگێنا پاستێرناک مەیلی تەواوی بوو بۆ سەربەخۆییی هونەرمەندانە و باوەڕ بە خۆ بوون. بەهرەیەکی گەورەی نیگارکێشانی هەبوو، سەرسوورهێنەرانە وێنەی دەکێشا و خۆی بۆ پیشەکەی تەرخان کردبوو و بڕیاری دابوو ببێتە هونەرمەندێکی پیشەکارانە و تاکەکەسێتیی خۆی دەرببڕێت. بە عەشقەوە خۆی بۆ مێردەکەی تەرخان کردبوو، بەڵام بە ناوی خۆشەویستییەوە رێبازی خۆی و بەهرەی خۆی وەک هونەرمەندێک نەدەکردە قوربانی، لەپێناوی قازانجی مێردەکەیدا ژیانی خۆی نەدەتواندەوە، لەباتیی ئەوەی ببێتە پاڵپشتی لە ژیانیدا، داوای کۆمەکی لەو کرد و دەستیشی کەوت.

رۆژێکیان، رۆژێکی ئاسایی لە ژیانی خێزانەکەماندا، بە تەنیشت مێزەکەوە لە گۆشەی ژووری تاکانە و زۆر گەورەکەماندا، کە هەر لەوێش خێزانەکە دەنووست، نان

دەخورا، پیانۆ لێ دەدرا، چای سەماوەر دەخورایەوە، دەنووسرا، نیگار دەکێشرا، کوڕەکەیان بە خێو دەکرا و میوانان و دۆستانی ئەدەبی بە خێر دەهێنران، لەناو نوسخەیەکی کتێبی چیرۆک- دا کە تازە لە چاپخانەوە بۆی نێردرابوو، باوکم ئەمەی نووسیوە: "بۆ کچە زێڕینە دڵبەرەکەم. با لە خۆی بایی نەبێت و گلەیی نەکات. با مەلە بکات، بزەی لەسەر لێوان بێت، دڵی خەڵکی خۆش بکات، بە ڕۆن نیگار بکێشێت و لە هەموو کەسێکی دیکە چاکتر وێنە بکێشێ و هاوبەشی ژیانم بێت بێ قرە و هەرای ناومالّ. با هەر بە جوانی بمێنێتەوە، بەو جۆرەی یەکەم جار دیتم، ئەو جۆرەی کە ناسیومە و ئەو جۆرەی کە خۆشم دەوێ. ئا لەم ساتەدا، چاوەڕوانم لە ماڵی سینیاکۆڤ بگەڕێتەوە، سەعات دوو و دە دەقیقەی پاشنیوەڕۆی ٣١ی مارتی ١٩٢٥ـە. ڕۆژەکە خۆرەتاوە، کوڕە بچکۆلەکەم نووستووە و ئەویش خەریکە وێنەی مۆدێلێک دەکات، هەر ئەوەندەمان پارە هەیە بەشی حەفتەیەکمان بکات، منیش دەست بە پاژی دووەمی سپێکتۆرسکی دەکەم. لە خوا دەپاڕێمەوە هەموو شت بە باشی بمێنێتەوە، بۆریا.

"لەبەر هەندێ هۆ پێم وایە بە تایبەتی ئەمڕۆ کاری نیگارکێشانەکەی بە دڵخۆشی و چاکی وە پێش دەچێ."

هەردوویان گەنج بوون، هێشتا ئەوەیان لە بیر بوو کە چۆن یەکەم جار چاویان بە یەک کەوت و کەوتنە داوی دڵدارییەوە. ئەو دەم، ساڵی ١٩٢١، یێڤگێنیا لووری خوێندکاری ڤ، ه. و، ت.ێ.م.ا.س {کورتکراوەی هونەرخانەی بەرزی دەوڵەتی} بوو و دیمیتری شتێرێنبێرگ و پیوتر کۆنچالۆڤسکی مامۆستای بوون. باوکودایکی و خوشکە گەورەکەی لە پێترۆگراد دەژیان و جاروبار براکەی دەهاتە سەردانی و چیی لە دەست بهاتایە دەیکرد بۆ دەستگرتنی لەو ژیانی کولەمەرگییەیدا.

میخاییل شتیخ، برا چکۆلەی ئەلیکساندەر شتیخ، کە هاوڕێی منداڵیی بابم بوو، بابم و دایکمی بە یەکدی ناساندبوو. بۆ وەبیرهێنانەوەی سەردانەکەی لە ژێنیا لە ژوورەکەی خۆی لە ماڵە گەورەکەی سەر بولڤاردی ڕۆژدێستڤێنسکی، میخاییل شتیخ ئاوای نووسیوە: "بە دووروودرێژی باسی ژیان و هونەرمان دەکرد و من ئەو شیعرانەم بۆ دەخوێندەوە کە لە بەرم بوون – شیعری بلۆک، ئەخماتۆڤا و، بێگومان، پاستێرناک زۆر بە پەرۆشەوە بوو لەگەڵ بۆریا ناسیاوی پەیدا بکات، کەچی

ڕێککەوت وا بوو کە سەردانیان بۆ لای من هەرگیز هاوکات نەدەبوو. بەڵام ڕۆژێکیان، کە ئەو و من لە شەقامی نیکیتسکایا بووین بۆ کارێ کە نازانم چی بوو، هات بە بیرما کە بۆریا لەو نزیکانە دەژی، لەو کۆڵانەی کە ئەودەم ناوی گیۆرگییێڤسکی بوو. ئەوە بوو بڕیارمان دا سەردانێکی لە ناکاوی بکەین. لە ماڵ بوو و زۆر بە گەرمی پێشوازیی کردین، دەمەتەقێیەکی دووروودرێژ و خۆشمان کرد. گوتی جارێکی دیکەیش وەرنەوە بۆ سەردانم. دوای ماوەیەک چووینەوە. ئەم جارە من پێش ژێنیا هەستام، ئەو و بۆریاش هەتا لای وەستگەی ترامەکە لەگەڵم هاتن. لە کاتی خواحافیزیدا، هەر لە خۆوە هەردوو دەستم بۆ درێژکردن و ئەمجا دەستی ئەوانم خستە ناو دەستی یەکدی. بۆریا بە دەنگێکی بەرز وتی: "بیرێکی چەند چاک!"

لەوەوپاش لەو سەر شەقامە یەکیان گرت. دواتر ژێنیا وە بیری دەهاتەوە کە چۆن حەپەساوە کە چاوی بە کەوشە زل و قورسەکانی بابم کەوتووە، کە لە قوڕەکەدا هەر لە پێی دەردەچوون. (پاشان لە سپێکتۆرسکی- دا ئاوای نووسیبوو: "ئەو کەوشانە دەتگوت هی پیاوەبەفرینەن.") بابم پێی وتبوو دەتوانێ ڕەنگ و بۆیەکانی باپیرم، کە لای بابمی بە جێ هێشتبوون کە چووبوو بۆ دەرەوە، ببا بۆ خۆی. بانگهێشتنی کردبوو کە بچێت کۆیان بکاتەوە. بەو جۆرە دایکم چووبوو بۆ فلاتی ڤۆلخۆنکاکەی و بەرەڵبێنەکەی پڕ کردبوو لە لوولەی نیوەگوشراوی بۆیە. لەوێ و هەر ئەودەم دەستی پێ کردبوو ڕۆمانەکەی خۆی لەمەڕ ژێنیا لۆڤەرسی بە دەنگی بەرز بۆ بخوێنێتەوە. هەر بە ڕێکەوت لاپەڕەکانی دەکردەوە تا بزانێ ئایا دەبێتە ژنی. جارێکیان بۆریا لای ژێنیا بوو، کە براکەی ژێنیا لەو کاتەدا لە پێترۆگرادەوە هاتبوو. ترسی لێ نیشتبوو کە خوشکەکەی بینیبوو لەگەڵ پیاوێکی وا سەیردا، کە شیعری سەیر سەیر دەخوێنێتەوە. مەسەلەکەی بۆ باوکودایکی گێرابۆوە. خێرا ژێنیا بانگ کرابووەوە بۆ پێترۆگراد. یەک لە دووی یەک نامەی پێ دەگەیشت:

"چوارشەممە، ٢٢ ی دێسەمبەری ١٩٢١.

"ژێنیا، لەم نەبوونەی تۆدا هیچ دروست ناکەم. وا دەزانم بیرت لێ ناکەمەوە، ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی ئارامە لەم مانگەی دواییدا، بەڵام هەموو ڕۆژەکە و دوێنێش بێ ناوبڕ من هەر دڵەتەپێم بوو، دەڵێی لاسایی هەڵبەز هەڵبەزی "ماسییە زێڕینەکە"ی تۆ دەکەمەوە، گرانبا و ڕامکراو، کە پوشکین باسی کردووە و تۆ ئاوای دەست پێ

دەکـەیت "ئای، فـەرمـوو ئـەوەتا..." پێـویـست بە وتن ناکـات، هـەوا دژایەتیم دەکـات، هـەروەهـاش خـەڵک بینین. بە وتەیەکی دی لەش و گیان. بێ تۆ من دڵشکاوم."

"٢٣ی دێسـەمبـەری ١٩٢١ ...، گیانی من، خـۆشـیی دڵەکەم، داهـاتووەکەم، ژێنیـا، دە شتێ بڵێ تا شێت نەبووم بە دەست خـولی ئەم ژیانە نائارامەوە. ژێنیـا، لەو ڕۆژانەوە کە بووبوونە هێلانەی لاپەڕەی کتێبەکانی سـەرەتامان، دنیا هێندە گۆڕاوە، یەکێکمان وێنەی دەگیرا – بووکەشووشـە بووکەشووشـەی هـەڵدەگرت. ئێمەی پەلەوەری چکۆلە، ئەودەم نەدەکـەوتینە داوەوە، با دەکـەوتە دووی جـریوەمـان لە ئاسـمـانی پیـرۆزەییدا، لەسـەر خـونچـەی نەپشکووتـووی دارلیـمـۆکـان کـە بەهار، لە نیـوەڕۆدا، نیـگاری کێـشـابوون، و وێنەی ئەم ژیانە ڕەنگینە لە پەنجـەرەوە بە وێنەی شـەپۆل دەهاتە ناو ڕۆژنامچەوە و ئەو خامەیەی ئاگادار دەکرد کە نیگاری دایکی لە وێنەیەکی بێدەنگەوە دەگواستەوە بۆ قاقەزێکی بێدەنگ ..."

نامەکە باسـی وێنـەیەکی منداڵیی دایکم دەکات، کە بووکەشووشـەیەکی لە باوەشدایە، پێش ئەوەی بـچێ بۆ پێتـرۆگراد دابووی بە بـاوکم. شـتـێکی تریش: دایکم وێنـەیەکی دایکی خۆی کێشابوو، چونکە بە هـەستی ناسک و قووڵەوە پێبەندی بوو. هـەر زوویش پاستێرناک بە دووی نامەکانیدا خۆیشی چوو بۆ پێترۆگراد.

دواتر کـە ژیانی هـاوبەشیـان خـەریک بوو لە ڕێ دەردەچوو، باوکم گـەلێ جار لە بـیر و خـەیاڵی خـۆیدا دەگـەڕایـەوە بۆ سـەرەتـای پێوەندییـەکـەیان، لە بـیروەرییـەکـاندا، بۆ کـۆمـەک دەگـەڕا. "لـە کـاتی دووریدا هـەروا دەیبـینم، وەک ئەو دەمـەی کـە هـێـشـتـا ژنومێردایەتی پێکەوەی نەبەستبووینەوە، واتە تا ئەو کاتەی مـن ماڵی ئەوانم ناسـی و ئەویش مـاڵی ئێـمـەی ناسـی. ئـەودەم، ئەوەی کـە هـەواکـەی پڕکردبووەوە و پێـویسـتیم بەوە نەبوو بیـخـەمـە ژێر پرسـیـارەوە یا گـومـان لە خـۆم بکەم چونکە ئەم هـەسـتـە لە تەنیــشــتــمــەوە و لە ئـەودا دەژیا و دەجـووڵایەوە، لـە ژێر ژیانـی ڕۆژانەدا نوقم بوو. مـەعنای ناوەوە لە شێوە خۆشـەکانی ژیـانی ڕۆژانەی خۆی جیابووەوە. پێویست بوو قەوارەی بدرێتێ و جێبەجێ بکرێ."

لە ئاب (ئاوگـوست)ی ١٩٢٢ دا تازەبووک و تازەزاوا چوون بۆ بەرلین. وایان دانابوو ساڵێ یا زیاتریش بمێننەوە و کار بکەن. تەنانەت بیریشیان لەوە کردبووەوە کە بچن بۆ پاریس بۆ خوێندنی نیگارکێشان. ئێستاش نامەکەی پیوتر کۆنچالۆڤسکی کە بۆ

ناسـاندن و سـپـارتنیـان نووسـیـبووی هـەر مـاوە. لەگـەڵ خـۆیـاندا وێنەکـانی دایکم، کەلوپەلی هونەری و ئەو کتێبانەی دایکم بۆ بابمی کڕیبوون: کۆکراوەی کـارەکـانی پوشکین، ژوکۆڤسکی، دیکنز بە تەرجەمەی ئیرینارخ ڤڤێدێنسکی-یان بردبوو. بابم شیعرێکی بۆ سەفەرەکەی خۆیان نووسیبوو: " گوێم لە خوڕەی خوێیە دەڕژێتە خوار ..."، و یەکێکی دیکەش "کۆچ" بۆ ماڵەکەی کەنار زەریایان لە نێزێکی ستێتین.

لە بەرلین دایکم دەستی بە کار کرد. داپیرە و باپیرە زۆریان خۆش دەویست. لیۆنید پاسـتێـرناک حـەزی لە نیگارەکانی بـوو، بە چاوی ڕێزەوە تەمـاشـای هەسـتی ڕەنگ بەکـارهێنانـی، توانسـتی بەردەسـتکردنی گـەوهەری بابەتـەکـانی دەکـرد. زۆرجـار قـسـەیان لـەبارەی هـونەری تازە و هـونەرمـەندان و دەرسـدانـی هونەرەوە دەکـرد. ئێسـتـاش نـیگارەکانی دایـکم مـاون، ناوەوەی فـلاتەکـەی بـەرلینیـان و دوو پۆرترێتی بۆریس پاستێرناک کە دیکنز دەخوێنێتەوە لە خانووە زستانە ناخۆشەکەی بەرلین. وا دیارە هەژاریی دوای جـەنگی ئەڵمـانیـا بۆ دایکم بارێکی گـرانتـر بوو لە هـەژارییـە ئاسـاییـیەکەی مۆسکۆ. بۆیان دەرکەوت کـە ناتوانن بچن بۆ پاریس. ئەمـجـا ئەو وتی دەیەوێ بگـەڕێتـەوە بـۆ مـۆسکۆ. بەو جـۆرە، ئـەگـەرچی دوای مـاوەیەکی یەکـجـار دەردناکی نەزۆکـیی داهـێنان، بـاوکم ئاخـری دەسـتی کـردبووەوە بـە کـارکـردن و ئەگـەرچی حـەزی دەکـرد لـە مـاربورگ بمێنێـتـەوە، لە کـۆتایی مـارتی ١٩٢٣ دا گـەڕانەوە. باوکم پێی وا بوو هەر بۆ ماوەیەک لە باوکودایکی دادەبڕێ، بەڵام بڕیاری ژیان بە جۆرێکی دیکە بوو: ئەمە بوو بە دوا دیداریان.

من لە سێبتێمبەری ١٩٢٣ لە دایک بووم، دایکیشم دەبوو واز لە خوێندینەکەی لە ڤ. هـ. و.ت. ێ.م.ا.س. بهێنێ. ئیشوکاری ڕۆژانەی ناوماڵی بە لاوە زۆر گران بوو، کاتی زۆر کـەم بوو بۆ کـارکـردن و ئەمـەیش بوو بە هۆی بۆڵەبۆڵ و قـڕەوهـەرای بەردەوام. باوکیـشم سـاڵانێک تـووشی قـەیرانی قـووڵی داهێنان بـوو، شـیـعـری لیـریکی لای خوێنەران و پەخشکاران جێلەق بووبوو. دەستکورت بوون. ئەم قۆناخە پڕئێشە، کە بە هۆشـیـارییـەوە کـەوتە گـەڕان بۆ زاڵبوون بەسەر تێگەیشتنی لیریکانەی خۆیدا لە دنیا و دەستی کردە ژانری شێوەی گەورەتری شیعر، لە پێشەکی سپێکتۆرسکی-دا ڕەنگی داوەتەوە.

یارمەتییەکی گەورە بۆ باوکم بۆ نووسینی شیعری درێژی شۆڕشگێرانە ئەو ئیلهامە

بوو کە نامەگۆڕینەوە لەگەڵ مارینا تسڤێتایێڤنادا دەیدایێ. گەرمی و تاوی پەروازی عاشقانەی نامەگۆڕینەوەیان شتێک نەبوو دایکم بەرگەی بگرێ. باوکم هەوڵی دا شتەکانی بۆ ڕوون بکاتەوە: "نازانم چۆنت تێ بگەیێنم کە دۆستایەتیم لەگەڵ تسڤێتایێڤنا دنیایەکی گەورە و بنەڕەتییە، ژیانیشم لەگەڵ تۆدا یەکێکی دیکەی گەورەتر و بنەڕەتیترە. هەر لەبەر ئەوەی شکۆدار و پڕبایەخە و هەرگیز نەشمدەویست لەپاڵ یەکدیدا دایانبنێم، ئەگەر دنیای سێیەم نەبووایە کە بە نزیکی لێیەوە ناوەڕۆکێکی تازە پەیدا دەکەن – ئاماژەی ئەو ڕاستییە دەکەم کە ئەم دوو دنیایە لە ناخی مندا یەک دەگرن و ئەوەی لە مندا چییان بەسەر دێت. هیچ پێویستیش نییە ئەم دوو دنیایە بێز لە یەکدی بکەنەوە... ئەمەیە کە جار لە دوای جار پێتم وتۆتەوە... ئەوەی من پێویستمە وەفاداریی تۆ نییە، بەڵکە ئەوەیە باوەڕت پێم هەبێ و متمانەت هەبێ... ئەمەی دوایی ئیلهامبەخشە، بەڵام ئەوەی پێشوو ڕۆحکوژە. بەڵام تۆ داوای پێچەوانەم لێ دەکەیت. کە ئەم نامەیەم دەست پێ کرد درۆی نەبێ فرمێسکم دەڕشت. بەڕاستی، زۆر بە ئاسانی پیاو دەخاتە فرمێسکڕشتن – ئەم ئاگادارییە ترسناکەی کە شەخسی تۆ چیت بە من داوە و تۆ چیت بەسەر ئەم شەخسە و ئەم دیارییە هێناوە. وا وێ دەچێت وەک بڵێی دوو تۆ هەیە. توخوا وا نییە؟

هەژاری و دەستکورتییەکەیان کاری لە تەندروستیی دایکم کرد. لەوە دەترسان نەخۆشیی سیلەکەی سەر هەڵبداتەوە. پاییزی ١٩٢٥ دەستی بە خوێندن کردەوە لە ئەنستیتووتەکە. لە هاوینی ١٩٢٦ دا باوکم هەردوومانی نارد بۆ ئەڵمانیا و خۆیشی مایەوە بۆ ئەوەی لۆیتنانت شمیدت تەواو بکات. بەو جۆرە دوو مانگی هاوینمان لەگەڵ دایەگەورە و بابەگەورە بردە سەر. ڕاستییەکەی ئەوی لەگەڵیان مایەوە من بووم، چونکە دایکم لە نەخۆشخانەی دەردەباریکە خەوتبوو. لەوێ هێزی هاتەوە بەر. بە بەرزترین وره و مەعنەوییاتەوە گەڕایەوە بۆ مۆسکۆ. باوکم هاتبوو بۆ مۆژایسک بۆ پێشوازیمان، هاتە ناو واگۆنەکەی ئێمەوە و خۆشی و بەختیارییەکی وای دامێ، کە لەو ڕۆژەوە، هەر کاتێ لە ناو شەمەندەفەردا بم، ئەوەم دێتەوە بیر کە لە ڕێڕەوی واگۆنەکەدا، لەلای پەنجەرەیەکی کراوەدا لەگەڵی وەستابووم و بۆ یەکەم جار وەک دوو پیاو پێکەوە قسەمان دەکرد.

دایکم بۆ ئەوەی کار بۆ دیپلۆمەکەی بکات، پێویستی بە ستودیۆیەک–، یا هەرنەبێ ژوورێکی تایبەتی خۆی هەبوو. لە ناچاریدا باوکم کەوتە تکای یارمەتی. لەو پرسنامەیەدا کە یەکێتیی نووسەرانی هەموو ڕووسیا ناردبووی بۆ ئەندمانی، ئاوای نووسیبوو:

"هەلومەرجی ژیان – زۆر خراپ. فلاتە کۆنەکەی باوکم پراوپڕ بووە: بیست کەسی بە هەمیشەیی تیا دەژین (شەش ماڵ). دەبێ ئەوەشی بخرێتە سەر کە بەردەوام خزم و دۆستی ئەم ماڵانە لە شەش شارێکەوە بە ڕێوەن بۆ سەردان... لە هەموو لاوە دەنگەدەنگ و هەرا هێرشم بۆ دێنێ، بە دەگمەن دەتوانم بیر بدەمە کارەکەم، بەوەی پەنا دەبەمە بەر پەروازی بیرهێنەرەوەی بێهومێدانەی لە خۆبووردن.

پێویستییەکی یەکجار زۆرم بە ماڵ و خانوویەکی باشترە. ژنەکەم هونەرمەندە و ئەمساڵ ڤ.ھ.و. ت.م.ا.س تەواو دەکات و پێویستی بە ژوورێکە کاری تێدا بکات.. پێم وایە دەتوانم ئەو مەسرەفەی بە هۆی لای کەمی داواکارییەکەی سەرەوەوە پەیدا دەبێ بە ئاسانی بدەم، ئەگەر بار بکەمە خانوویەک کە بۆ کارکردن یارمەتیدەر و لەبارتر بێت... دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی داواکەی ڕەفز کرد.

بە هەوڵدانێکی یەکجار زۆر دایکم کۆرسەکەی تەواو کرد. پەکی کەوتبوو و نەخۆشیی دەردە باریکەکەی سەری هەڵدابووەوە. پاستێرناک داوای لە گۆرکی کرد کۆمەکی بکات دەستووری بۆ وەرگرێ تا سەفەرێکی درێژ بکات بۆ دەرەوە. گۆرکی ڕەفزی کرد.

هاوینەکەی لە ئیرپەن، لە نزیکی کیێڤ ژیاین، کە دۆستەکانمان، ماڵانی ئاسموس و نۆیهاوس پێیان وتبووین لەلایان بژیین. دایکم ئەو هاوینە ئیشێکی زۆری کرد، پۆرترێتێکی لە ڕادەبەدەری کێشا و بە تەواوی نوقم بووبوو لە ڕەسمکردنی داربەڕووە پرگەڵاکەی باخچەکەی خانووە گەورەکەماندا. کە خەریکی نیگارکێشان دەبوو جگەرەی دەکێشا، ئەمەش باوکمی یەکجار زۆر سەخڵەت دەکرد. دواتر لە شیعرێکدا باسی دوا هاوینی خۆشی خۆی لەگەڵ دایکم و مندا کردووە. گێنیک ژۆیهاوس کاری لەسەر مۆسیقاکەی برامز دەکرد. باوکم حەیرانی بوو، و حەیرانی ژنەکەشی بوو، کە نەک تەنیا دەرەقەتی کاری ناوماڵ و بەخێوکردنی دوو کوڕەکەی دەهات، بەڵکە کۆنسێرتیشی بۆ مێردەکەی ڕێک دەخست. دەیانگوت لە زەمانی

شـەڕی ناوخۆدا لە ئۆکراین ژیانی مێردەکەی پاراسـتووە. دوای گەڕانەوەمـان بۆ مۆسکۆ، باوکم نەیتوانیبوو هەسـتی خۆی بشارێتەوە و بەهەرحاڵ نەشـیویستبوو بیشارێتەوە، بۆ دایکمی باس کردبوو کە زینایدا نیکۆلایێڤنا چ تەئسیرێکی گەورەی لێ کـردووە. دایکم نەیتـوانی ئەمـە قـبـووڵ بکات و، خـێـزانەکـەمـان لە بەر یەک هەڵوەشایەوە.

لە دواییدا، بە یارمـەتیی ڕۆمان ڕۆللان، باوکم ئیجازەی بۆ دایکم و بۆ من وەرگرت بچینە دەرەوە، بەڵام بۆ خۆی وەرنەگرت. کە ڕۆژی ٥ی مایسی ١٩٣١ بەرەو ئەڵمانیا بە ڕێی کـردین، پاسـتـێـرناک لەو باوەڕەدا بوو کـە ئێـمـە مـاوەیەکی درێژ لەوێ دەمێنینەوە، کە سیلەکەی دایکم چارە دەکرێ و کە هێزی هاتەوە بەر ئەودەم دەتوانێ سەربەخۆ بژی. لە شیعرێکدا کە هەر دوابەدوای چوونەکەی ئێمە نووسیوویەتی بە ڕاشکای ئەوەی باس کردووە.

قەیرانێکی ئابووری دەستی لە گەرووی ئەورووپا گیرکردبوو. خەونی چوونە فرانسا بە دی نەدەهـێنرا. نەیبـردە سـاڵێک گـەڕاینەوە بۆ مـۆسکۆ – ژیانمان بە قـۆناخـێکی جگەربڕی کـارەساتی ناو خێزاندا تێپەڕی، هەروەها برسێتیی سەرەتای ١٩٣٠-یەکان و لە پەنجەرەی فلاتەکەی ڤۆلخۆنکامانەوە چاویشمان لە کڵێسەکەی عیسای ڕزگـارکەر بوو کە تەقێنرایەوە و شـووشـەکـانی وردوخـاش بوون. لەگـەڵ ئەوەشـدا خـەڵکی دەژیان و منداڵیـان گـەورە دەکرد و دڵی خـۆیان بە هیـوا خـۆش دەکـرد. لەم ماوەیەدا دایکم زۆر بە سەختی کاری نیگارکێشیی دەکرد. وێنەکانی پێشان دەدران و دەکڕدران. دۆسـتـان لە دەوری بوون. سـارا لێبێدێڤا یارمـەتییـەکی زۆری دا، چ لە ڕووی مەعنەوییەوە و چ لە ڕووی داهێنانەوە.

دوای جـەنگ وەزعـەکـە تەواو گـۆڕا و خـراپتـر بوو. دایکم مـاوەی چەند سـاڵێک سـتودیۆیەکی بە کـرێ گرتبوو لەگـەڵ ڕۆبەرت فـالک – ی مـامـۆسـتـا و هاوڕێیـدا. مۆدێلیـان بە شـەریکی بوو، بەڵام هەردوویان بێبەش بوون لە ئیـمکانی پێشـاندانی کارەکانیان یا مز وەرگرتن.

پێـوەندی دایکوباوکم هـەر دۆسـتـانە مـایەوە هەتا ژیان. خـۆشـەویسـتی و بـەزەیی لەبنـنەهاتووی باوکم توانیی دەرد و ئێش و ژانی دڵی دایکم سـاڕێژ بکات. بەردەوام سـەری لێ دەدان، بـەشـدارییـەکی دڵسـۆزانـەی لە ژیانماندا دەکـرد. دۆسـتـێک بوو

نەدەکرا دەستەبەرداری بین و یارمەتیدەرێکی هەمیشەیی بوو لە ژیاندا.

زۆر بەوە دڵخۆش بوو کە دەیبینی دایکم وەک شەخسێک و وەک هونەرمەندێک سەربەخۆیی وەدەست دێنێ و فێر دەبێ بەسەر قەیرانە ڕۆحییەکانیدا زاڵ ببێت. زۆر دواتر لە خۆیەوە تێگەیشتم کە چەندە ئازاری چێشتووە و هەستی بە گوناه کردووە بەرانبەر بە ئێمە. ژنی دووەمیشی، زینایدا نیکۆلایێڤنا، نووسیویەتی کە جیابوونەوەی لە ئێمە چ برینێکی چڵککردووی لە دڵیدا بەجێ هێشت.

مردنی باوکم گورزێکی گورچووبڕ بوو بۆ دایکم و هەر بە دوایدا تووشی نەخۆشییەکی عەسەبی بوو و لە ١٠ی تەمموزی ١٩٦٥ دا، لە تەمەنی شەستوپێنج ساڵیدا مرد. نەخش و وێنە و نیگارەکانی، کە پۆرترێتی هەندێ خەڵکی ناوداری ساڵانی ١٩٣٠- ١٩٥٠ یان تێدایە، ئێستاش هەر وا ماونەوە و نەکەوتوونەتە بەر چاوی خەڵک. هەموو هەوڵ و کۆششکێم بۆ ئەوەی کارەکانی بکەمە پێشانگایەک تووشی کۆسپی گەورە بوو و مایەی شەرم و دڵتەنگیمە کە تا ئەمڕۆش بێئەنجامە.

# ڕازی دڵگیرییەکەی تۆش وەرامی مەتەڵی ژیانە

ئا. ئاسمۆس

تا ڕادەیەکی سەرسووڕهێنەر جوان بوو. من ساڵی ١٩٤٧ چاوم پێ کەوت، ئەوساکە تەمەنی خۆی دابوو لە پەنجا ساڵی، بەڵام لەو تەمەنی پەنجاساڵییەشدا بەڕاستی جوان بوو. ئەی بە گەنجی... بۆتۆمۆ – نازڤانۆڤای گۆرانیبێژ بۆی گێڕامەوە کە چۆن یەکەم جار چاوی بە زینایدا نیکۆلایێڤنا کەوتووە کە ساڵی ١٩١٩ یا ١٩٢٠ چووبووە ماڵی نۆیهاوس. وتی یەکێک بووە لە بەهێزترین تەئسیرەکانی سەرتاپێی ژیانی، هەژەندێکی تەواو بووە، بەدرێژاییی ژیانی چاوە تیشکهاوێژەکانی زینایدا نیکۆلایێڤنای لە بیر ماوە. ئەم ژنە جوانە ناخۆشترین و نزمترین کاریشی پێ خەوش نەبوو. لە کاتی جەنگ و ڕەوەکەدا وەک دایەنی منداڵ لە منداڵخانەیەکدا کاری دەکرد، سەرەڕای بەجێهێنانی ئەرکەکانی خۆیشی، ناوماڵی دەشۆرد، فڕن و کوانووەکانی دادەگیرساند و جلیشی دەشۆرد.

زینایدا نیکۆلایێڤنا مۆسیقالێدەرێکی چاک بوو. لە خوێندنگەی مۆسیقای ئێلیزاڤێتگارد لەگەڵ ناتالیا گوستاڤۆڤنای خوشکی گێنریخ نۆیهاوسدا، و پاشانیش لەگەڵ گێنریخ نۆیهاوس خۆیدا، خوێندبووی. گەلێ پارچە مۆسیقای بە چواردەستە لەگەڵ نۆیهاوس و هۆرۆڤیتزدا لێ دابوو. بە قووڵی لە مۆسیقا دەگەیشت. ڤالێنتین ئاسموس، کە لە ماوەی پەنجا ساڵدا ناسیبووی، بۆی باس کردم: "گاڕیک [نۆیهاوس] هەمیشە بە وردی گوێی لە زینا دەگرت تا بزانێ لەبارەی مۆسیقالێدانەکانیەوە دەڵێ چی." کاتێکیش، دوای مردنی نۆیهاوس، وا ڕێک کەوت کە ئێمە لە کۆنسێرتێک بووین ستانیسلاڤ نۆیهاوسی کوڕی پێشکەشی دەکرد و پاشان ئاسموس زۆر ستایشی کرد، ستانیسلاڤ وتی: "هەمووی لە سایەی دایکمەوەیە". دیاربوو هەموو بەرنامەکەی (نەک تاکە جارێکیش) بۆ لێ دابوو.

جارێکیان لە کۆتاییی پەنجاکاندا، من و مێردەکەم لە ماڵی پاستێرناک بووین لە پێرێدێلکینۆ، دوای خواردنی فراوین هەر یەکە ڕووی کردە قوژبنێک. بۆریس

پاستێرناک منی برد بۆ ژووری کارکردنەکەی و ماوەیەکی زۆر قسەمان کرد. ئەوە بوو بۆی باس کردم کە زینایدا نیکۆلایێڤنا مۆسیقای چۆپین زۆر جوان لێ دەدات و هێشتاش لە بیریەتی چۆن شێرزۆ و سۆناتا و مازورکای لێ دەدا.

ماڵێکی جوانی هەبوو. زۆر چاکم کەش و هەوای ئەو خانووە لە بیرە کە هەموو کەس هەستی دەکرد لە ماڵی خۆیدایە؛ شیعر دەخوێنرایەوە، مۆسیقا لێ دەدرا، دەمەتەقێی زۆر جیددی دەکرا و خەڵک پێدەکەنین و گاڵتەیان دەکرد. پاستێرناک حەزی لەم جۆرە کۆبوونەوانە بوو. ئێمە ئێستاش ئەو پارچە قاقەزەمان ماوە کە بە یەکێکدا ناردبووی بۆ ئاسموس و گودزی کە ئەودەم لە وچانگەی نووسەران بوون:

١٩٥٦/٩/١١

ڤالەنتین گیان،

میوانمان هەیە، تۆ و گودزی بە پەلە داوا دەکرێن، شتێک دەخوێنمەوە.

بێ ئەملا و ئەولا، تکاتان لێ دەکەم!!! خێرا.

دڵسۆزتان، ب. پ

بەڵام ئەم جۆرە کۆبوونەوانە بەعادەت ڕۆژانی یەکشەممە دەکرا. ڕۆژانی دیکە بێدەنگی ماڵەکەی داگیر دەکرد. زینایدا نیکۆلایێڤنا دەیزانی چۆن کاروبار بە جۆرێ ڕێک بخات کە هەموو شتێ لە ماڵەکەدا ملکەچی کارەکەی پاستێرناک بێت. ماڵەکە هەمیشە پاک بوو، بە تەواوی خاوێن کرابووەوە و چاک ڕێک خرابوو. زینایدا نیکۆلایێڤنا تەنانەت ژوورێکی لە باغچەکەدا دابووە دروستکردن بۆ دەرس و دەوری ستانیسلاڤ، تا سەر لە پاستێرناک نەشێوێنێ.

ئێستا نیاز وایە ئەم خانووە بکرێتە موزە. بێگومان ئەمە بیرێکی زۆر چاکە. بەڵام چاکتریش دەبوو ئەگەر کەسوکارەکەی پاستێرناک لە ماڵەکەدا بژیانایە، وەک چۆن تا ١٩٨٤ تێدا ژیان، کە سنووقی ئەدەبی دەریکردن. ئەوان ڕێگەیان بە هەموو کەسێک دەدا بێتە ژوورەوە (هەروەک بنەماڵەی چوکۆڤسکیش ئێستا وا دەکەن)؛ هەرکەس دەیتوانی بێت و تەماشای هەموو شتێک بکات. خەڵکیش دەهاتن! نەک تەنیا لە مۆسکۆوە. جارێکیان لە بەردەرگای ماڵەکەی پاستێرناکدا گەنجێکم بینی، کە دەرکەوت کوڕەزای نیلس بۆهر بوو. کە خەڵکێک لە خانووەکەدا بژین، ئەتمۆسفێری گەرموگوڕی و تێدا ژیان دەمێنێ. بێگومان ئاشکراشە کەس نییە حەز

نەکات نەوەیەکی پوشکین فلاتەکەی مۆنیکای پێشان بدات لە باتیی ڕێشاندەرێکی پیشەکار، با ئەمەیان زۆریش شارەزا بێت.

لە ماڵی پاستێرناکدا دۆستانی کۆنیان خۆش دەویستن. بنەماڵەی پاستێرناک دۆست و هاوڕێی تیتسیان تابیدزە و نینای ژنی بوون. ئەمانە زۆر جار دەهاتن بۆ مۆسکۆ و لایان دەمانەوە. ئەو بەهارەی کە بۆریس لیۆنیدۆڤیچ لە سەرەمەرگدا بوو، نینا لایان مایەوە. ئەم دۆستایەتییە بۆ منداڵەکانیشیان مایەوە. تانیت تابیدزە دۆستی ستانیسلاڤ نۆیهاوس و لیۆنید (پاستێرناک) بوو، و دۆستی ناتاشا، بێوەژنەکەی لیۆنیدیشە. ئێستاش نەوەکانیان دۆست و هاوڕێن. گیڤی، کوڕەزاکەی تیتسیان تابیدزە، لای بنەماڵەی پاستێرناک زۆر خۆشەویستە. ئەم کەش و هەوای دۆستایەتی و گەرمییە و هەمیشە ئامادەبوون بۆ یارمەتییەش دەستکردی زینایدا نیکۆلایێڤنا بوو، یا ڕاستییەکەی دڵکردی وێ بوو.

زینایدا نیکۆلایێڤنا هەرگیز درۆی نەدەکرد و شتی ناڕاست پێشان نەدەدا، لەبەر ئەوە هەموو شتێ لای ئەو ئاسان و سادە بوو. مرۆڤ هەرگیز پێویستی بەوە نەبوو بیر لەوە بکاتەوە ئەو لە دڵدا چۆن بیر دەکاتەوە، یا بەڕاستی دڵسۆزە یا نا.

هەموو کاتێ دەیزانی چۆن بە شێوەیەکی شکۆدار و سەربەرزانە هەڵسوکەوت بکات. من لە گەلێ وەزعی جیاوازدا بینیبووم، ئەم هەستی سەربەرزییەی هەرگیز لێ جیا نەدەبووەوە.

ژیانی زینایدا بە هیچ جۆرێ ئارام و بێقورت نەبوو. یەکەم منداڵی، کە ئادریان بوو، لە دەست چوو. ئادریان نەخۆش بوو و چەند ساڵێ لە نەخۆشخانە کەوت. لەگەڵ نەخۆشخانەکەدا ئەویش گوێزرایەوە، بەڵام نەک بۆ چیستۆپۆل، کە زینایدا نیکۆلایێڤنا لەگەڵ دوو کوڕەکەی دیکەی ماوەی گواستنەوە و چۆڵکردنەکەی لێ دەبردە سەر، بەڵکە بۆ نیژنی ئوفالی. بە هەر جۆرێ ببووایە هەوڵی دەدا سەری لێ بدا (ئەوانەی جەنگەکەیان لە بیر ماوە دەزانن ئەمە چەند زەحمەت بوو). ئادریان ساڵی ١٩٤٥ لە مۆسکۆ مرد.

هەرکاتێ کەسێک باسی هەندێ سیمای شەخسییەتی زینایدا نیکۆلایێڤنا، یا هەندێ لە ئاکارەکانی بکات، یا مەحکوومی بکات، من هەمیشە ئەو قسانەی پاستێرناکم دێتەوە بیر کە دەیگوت: "پوشکینناسان لەو باوەڕەدان کە دەبوو پوشکین ناتالیا

نیکۆلایێڤنا نەخوازێ، بەڵکە سەرتاپێی زانیاریی لەوەودوای پوشکینی بخواستایە. بەڵام من پێم وایە تێگەیشتن لە پوشکین سەختتر دەبوو ئەگەر ناتالیا نیکۆلایێڤنای نەخواستایە".

منیش هەر بەو جۆرە پێم وایە تێگەیشتن لە پاستێرناک بۆ هەموومان سەختتر دەبوو ئەگەر زینایدا نیکۆلایێڤنای جوان و زیرەک و یەکجار شۆخ ژنی نەبووایە و یەکێکی دیکە ژنی ئەو بووایە. بە هەرحاڵ، پاستێرناک نزیکەی نیوەی تەمەنی خۆی (سی ساڵێک) لەگەڵ ئەودا بردەسەر و دەیویست دوای مردنیش هەر پێکەوە بن:

ئارەزووم ئەوەیە کە دەمرین،

کە شریتی ژینمان دەپسێ و ئێرە بە جێ دەهێڵین،

لە قافییەیەکدا دابنرێین سفتوسۆڵتر

لەوەی کە دڵ و گوێچکەی دڵ وێکرا دەبەستێتەوە.

## "خەڵاتی نۆبێل"ەکەی بۆریس پاستێرناک

یێڤگێنی پاستێرناک

لەناو کۆمەڵە ڕووداوەکانی یادکردنەوەی جەژنی سەدساڵەی لەدایکبوونی بۆریس پاستێرناکدا جێگەیەکی تایبەتی دەدرێتە بڕیارەکەی کۆمیتەی نۆبێل کە هەموو ڕاستییەکانی ئاشکرا کرد. کۆمیتەکە بڕیاری ڕەفزکردنی خەڵاتی نۆبێلی لەلایەن پاستێرناکەوە بەوە داناوە کە لەژێر گوشاردا بووە و هەر لەبەر ئەوەش پووچە (بێئیعتیبارە)، و بڕیاری دا دیپلۆمەکە و مەدالیاکە بدرێ بە بنەماڵەی خەڵاتبەرەوەی کۆچکردوو. پێشکەشکردنی خەلاتی نۆبێل لە ئەدەبدا بە پاستێرناک لە پاییزی ١٩٥٨دا لە یەکێتیی سۆڤیەت بە شێوەی ڕاونانی جادووگەرانەوە پێشوازی کرا و ئەمەش ژیانی لە نووسەر تاڵ و ژاراوی کرد و بەڕاستی بوو بە هۆی کۆتایی پێهێنانی ژیانە پڕ لە چەرمەسەرییەکەی. لە ماوەی سی ساڵدا قەدەغە بوو چیرۆکی خەڵاتی نۆبێلەکەی پاستێرناک بە ئاشکرا باس بکرێت و وەک ڕاز و نهێنییەک مابووەوە.

هەر دوای بڕانەوەی دووەمین جەنگی جیهانی ئیدی باس هاتە کایەوە کە ڕەنگە خەڵاتی نۆبێل بدرێ بە پاستێرناک. بە قسەی لارش گویللەنستێن، سەرۆکی ئێستای کۆمیتەی خەڵاتی نۆبێل، ساڵانی ١٩٤٦ تا ١٩٥٠ هەموو ساڵێک ناوی پاستێرناک باس کراوە و ساڵی ١٩٥٧یش جارێکی دیکە ناوی لە لیستەی هەڵبـژێردراوەکاندا پەیدا بووەوە و ئاخرێکەی لە ١٩٥٨دا خەڵاتەکەی پێ بەخشرا. پاستێرناک خۆی ڕاستەوخۆ بەمەی نەدەزانی، تەنیا بەوە سووسەیەکی کردبوو کە لە چاپەمەنییەکانی سۆڤیەتدا هێرشێکی زۆری دەکرایە سەر. هەندێ جار ناچاریش دەبوو کە داوای لێبووردن بکات لەبەر ئەو ناوبانگەی لە ئەورووپادا هەیبوو، بۆ ئەوەی خۆی لە هەڕەشەی ڕاستەوخۆ ڕزگار بکات. جارێکیان نووسیبووی: "بە گوێرەی زانیارییەکانی یەکێتیی نووسەران، هەندێ گرۆی ئەدەبی لە ڕۆژاوادا بایەخێکی لەڕادەبەدەر بە کاری من دەدەن، کە لەگەڵ خۆ بە نزمگرتوویی و چەندایەتییەکەیدا ناگونجێ..."

له پاییزی ١٩٥٤دا ئۆلگا فریدەنبێرگ له لێنینگرادەوە بۆی نووسیبوو: "لێره دەنگۆیەکی وا هەیه گوایه خەڵاتی نۆبێلت پێ دراوه. ئەرێ ئەمه ڕاسته؟ ئەگەر وا نییه، کەواته ئەم دەنگۆیانه له کوێوه سەرچاوه دەگرن؟" پاستێرناک ئاوا وەرامی دابووەوه: "دەنگۆی لەو بابەته لێرەش بڵاو دەبێتەوه. من دواین کەسێکم پێی دەزانم. من له یەکێکی دەبیستم و ئەو یەکەش له یەکێکی دیکەی بیستووه. لەوه دەترسێم نەوەک ئەم قسه و قسەڵۆکانه بێنه دی، چونکه ئەگەرچی دەبێ بۆ ئەم خەڵاته سەفەرێکی سوێد بکەم بۆ پێشکەشکردنەکه، که ئەمه دەرگایەکه بۆ دنیای پان و پۆڕ، و بۆ گۆڕینەوەی بیروڕا، بەڵام ناتوانم لەم سەفەرەدا وەک بووکەشووشەی پارتی هەڵسوکەوت بکەم. ئەوجا من ماڵ و منداڵم هەیه و ڕۆمانه تەواونەکراوەکەم. ئەمه هەموو شتەکان سەروبن دەکات. ئەمه دیلێتیی بابیله و هیچی دی. بەڵام دیاره خوا ڕەحمی کرد و ترکزەکه ڕۆیی و به سەر چوو. وا دیاره ناوی من دانرابوو بۆ خەڵاتەکه و پشتگیرییەکی باش هەبووه. ڕۆژنامەکانی بەلژیک و فرانسا و ئەڵمانیای ڕۆژاوا زۆریان لەبارەوه نووسیبوو. خەڵک هەبوون که بەڕاستی ئەو وتارانەیان بینیبوو و خوێندبووەوه و بۆمیان باس کردبوو. ئەوجا هەندێکیش له ڕادیۆی (B. B. C بی. بی. سی)یەوه گوێیان لێ بووه (ناتوانم بڵێم ئەمه ڕاسته یا نه) که ناوی من پێشنیاز کراوه، بەڵام ئەوان، که شێوەکاری ئێمه دەزانن، پرسیان به سەفارەتخانه کردووه و ئەمانیش داوایان کردووه ناوی شۆلۆخۆڤ له جێگەی ناوی من دابنرێ، و دوای ئەوەی دەنگ بۆ ئەو نەدراوه کۆمیتەکه هەمینگوەی-یان هێنایه پێشەوه، که زۆر وا پێ دەچێ خەڵاتەکەی پێ ببەخشرێ... بەڵام من شاگەشکه بووم که لەگەڵ هامسۆن و بونین-دا، ئەگەر به ناویش بێ، هاوشان بم و ئەگەر تەنیا به هۆی هەڵەیەکیشەوه بووبێ، خۆم لەگەڵ هەمینگوەی-دا ببینم".

دۆکتۆر ژیڤاگۆ دوای ساڵێک تەواو کرا. ئالبێر کامو، وەرگری خەڵاتی نۆبێلی ساڵی ١٩٥٧، به هەوەسەوه کەوته دوای وەرگێڕانەکەی بۆ زمانی فرانسی، له وتاری نۆبێلەکەیدا باسی پاستێرناکی به پەسەندەوه کرد، ئەوجا خەڵاتی نۆبێلی ساڵی ١٩٥٨ درا به پاستێرناک "لەبەر سەرکەوتنی لەبەرچاو له شیعری لیریکیی مۆدێرندا و له مەیدانی پەخشانی گەورەی ڕووسیدا". به وەرگرتنی تەلگرافێک لەو بارەیەوه له سکرتێری کۆمیتەی نۆبێل، ئاندەرش ئوێستەرلینگەوه، پاستێرناک ڕۆژی ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ وەرامی ناردەوه: "مەمنوون، دڵخۆش، سەربەرز، شەرمەزار."

هاوسێکانی – بنەماڵەکانی ئیڤانۆڤ و چوکۆڤسکی – پیرۆزباییان لێ کرد، تەلگراف وەک لافاو دەهات، پەیامنێران گەمارۆی ماڵەکەیان دا. زینایدا نیکۆلایێڤنا موناقەشەی ئەوەی لەگەڵ کرد کە بۆ سەفەرەکەی ستۆکهۆڵم چی لەبەر بکات. وا دیار بوو هەرچی دەردیسەری و ئازارێ کە بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڕۆمانەکەوە تووشی بووبوو، بانگکران بۆ کۆمیتەی ناوەندی و یەکێتیی نووسەران، ئیدی بە سەر چووە. خەڵاتی نۆبێل سەرکەوتن، بە ڕەسمی ناسین و شەرەفێکی ڕێک و تەواو بوو بە هەموو ئەدەبی رووسیا بەخشرابوو.

بەڵام سەرلەبەیانیی ڕۆژی دواتر کۆنستانتین فێدین سەردانێکی چاوەڕواننەکراوی کرد. بێ ئەوەی سەلاوێ بکات بە لای خانمی ماڵەکەدا تێپەڕی و ڕاست سەر کەوت بۆ ژووری کارکردنەکەی پاستێرناک لە نهۆمی سەرەوە. فێدین داوای کرد کە دەبێ پاستێرناک بێ دواخستن و زۆر ڕوون و ئاشکرا خەڵاتەکە ڕەفز بکات و هەڕەشەی ئەوەی کرد ئەگەر وا نەکات، ڕۆژنامەکان ڕۆژێ دواتر دەست دەکەنە هەڵمەتێک لە دژی. پاستێرناک وەرامی دایەوە کە هیچ شتێک نییە ناچاری بکات واز لەم شەرەفە بهێنێ، کە پێشتر بە تەلگراف وەرامەکەی بۆ کۆمیتەی نۆبێل ناردووە و ناتوانێ تازە قسە بگۆڕێ. بە ڕاشکاوی ئەوەشی ڕەفز کرد وێڕای فێدین بچێ بۆ داچاکەی، کە سەرۆکی بەشی فەرهەنگیی سەر بە کۆمیتەی ناوەندی پارتیی کۆمونیستی یەکێتیی سۆڤیەت لەوێ چاوەڕێی دەکرد.

لەو ماوەیەدا من هەموو ڕۆژێ دەچووم بۆ پێرێدێلکینۆ. باوکم هەر وەک جاران لەسەر کاری خۆی بەردەوام بوو. لەو کاتەدا خەریکی وەرگێڕانی ماری ستوارت–ی سلۆڤاکی بوو و زۆریش هێمن بوو. هیچ ڕۆژنامەیەکی نەدەخوێندەوە و دەیوت لەپێناوی ئەو شەرەفەدا کە وەرگری خەڵاتی نۆبێلە، ئامادەیە بێبەشبوون (مەحروومی) قەبووڵ بکات. لەم حاڵ و بیرکردنەوەیەدا بوو کە نامەیەکی بۆ سەرۆکایەتیی یەکێتیی نووسەران نووسی و نەچوو بۆ کۆبوونەوەکەی، کە لەسەر فەرمانی جۆرج مارکۆڤ لە یەکێتییەکە دەرکرابوو. هەوڵێکی یەکجار زۆرمان دا ئەو نامەیە لە ئەرشیڤەکانی یەکێتیی نووسەراندا بدۆزینەوە، بەڵام وا پێ دەچێ لەناو برابێت. باوکم بە کەیف و ڕووخۆشییەوە باسی ئەو نامەیەی بۆ کردم کە هات سەرێکی لە ماڵەکەمان دا پێش ئەوەی بچێتەوە بۆ پێرێدێلکینۆ. نامەکە لە ٢٢ خاڵ پێک هاتبوو، کە ئێستاش ئەمانەم لێ لە بیر ماون: "من پێم وایە دەکرێ پیاو دۆکتۆر

ژیڤـاگۆ بـنووسـێ و دیسـانیش سـۆڤـێـتی بمێنـێـتـەوە، بەتایبـەتی کـە ئەم ڕۆمـانە لە کاتێکدا تەواو کرا کە ڕۆمـانی (نەک تەنیا بە نان)ی دودینتسیێڤ بڵاو کرایەوە و ئەو هەستەی دروست کرد کە وەزعەکە چاک بووە. من ڕۆمانەکەمم دا بە پەخشخانەیەکی ئیتالیایی و چاوەڕێ بووم تێکستە سانسۆرکراوەکە لە مۆسکۆ بڵاو بکرێتەوە. من ئامـادە بووم هـەمـوو ئەو شـتـانەی قـەبووڵکراو نـەبوون بگۆڕم. مـن وام دەزانـی نووسـەرێکی سۆڤێتی ئازادیی کاری زیاتری هەیە. کە ڕۆمـانەکەم دا بە پەخشکاران چاوەڕوانی ئەوە بووم دەستی دۆستانەی ڕەخنەگرێکی بەر بکەوێ.

"کـە من تـەلگرافـێکی سـوپاسگوزاریم بـۆ کـۆمـیـتـەی نـۆبێل نارد وام دانەنـابوو کـە خـەڵاتەکـەم لـەبەر خـاتری ئەو ڕۆمـانە پێ دراوە، بەڵکە لەبەر سـەرجـەمی بـەرهـەمـە ئەدەبیـیـەکـانم وەک لە بڕیارەکـەشدا بـاس کرابوو. کـە ئاواش بیـر دەکەمـەوە دیارە هۆیەکم بە دەستـەوەیە، چونکە ناوی من لە کاتێکدا بۆ خـەڵاتی نۆبێل بەرز کرابووەوە کە ڕۆمانەکە هەر نەبوو و کەسیش نەیدەزانی هەیە یا نییە.

"هیچ شـتـێک نییـە ناچارم بکات شـەرەفێک ڕەت بکەمـەوە کە پێم بەخـشـراوە، منی نووسـەری مۆدێرنی لە ڕووسیادا ژیاو، و هـەر بەو پێیەش نووسـەرێکی سۆڤێتی. بەڵام من ئامادەم ئەو پارەیەی لەگەڵ خەڵاتەکەدا دەدرێ پێشکەشـی کۆمیتەی ئاشتی بکەم.

"من دەزانم کـە گوشـاری گشـتی واتان لێ دەکات مـەسـەلەی دەرکردنم لە یـەکێتـیی نووسـەران بێتـە ئاراوە. چاوەڕێی دادپەروەرییش لە ئێوەوە ناکەم. دەتوانن بمکوژن، هەواڵەی تاراوگـەم بکەن، چیتـان پێ خـۆشـە بیکەن. من هـەر پێشـەکی لێتـان خـۆش دەبم. بەڵام پـەلە مـەکـەن. ئەمـە نە بەخـتـیـاریی زیاترتان دەداتێ و نە ناوبـانگ. ئەوەشتـان لە بیر بێ – چەند سـاڵێ لەمـەوپاش دەبێ بمگەڕێننەوە بۆ پلەوپایەی خـۆم – ڕێگەی دیکەتان لە بەردەمدا نییە. ئەمەش یەکەم مەسەلەی لەم بابەتە نابێ."

هەڵوێستی سەربەرزانە و سەربەخۆیانەی پاستێرناک یارمەتیی ئەوەی دا کە بەرگەی سـووکایەتی پێکردن و هـەڕەشـەکانی ڕۆژنامـەکان بگرێ. ئەو تەنیا خـەمی ئەوەی بوو بزانێ داخـۆ من لـەسـەر کـارەکـەم و لیـۆنیـدی کـوڕی لە زانسـتگە تووشـی گێـچـەڵ نەهاتووین. ئێمە ئەوپەڕی هەوڵمـان دا کە دڵنیای بکەین. ئێرەنبورگ لەو دەنگوباسە ئاگاداری کردم کە شـەپۆلی پشتگیری و بەرگری لێکردن سـەرتاسـەری چاپەمـەنیی ڕۆژاوای گرتۆتەوە و منیش ئەوەم بە باوکم ڕاگەیاند.

بەڵام ئیدی ئەمە بۆ وی گرنگ نەبوو. ڕۆژی ٢٩ی تشرینی یەکەم (ئۆکتۆبەر)، دوای هاتنە مۆسکۆ و بە تەلەفۆن قسەکردن لەگەڵ ئۆلگا ئیڤینسکایا-دا، چوو بۆ پۆستەخانە و تەلگرافێکی بۆ ستۆکهۆڵم ڕەوانە کرد: "بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گرنگییەی بە خەڵاتەکە دراوە لەلایەن ئەو کۆمەڵگەیەوە کە من تێیدام، دەبێ وازی لێ بێنم، و تکاتان لێ دەکەم کە بەم ڕەفزکردنە خۆویستانەیەی من وای دامەنێن کە سووکایەتیتان پێ کراوە." تەلگرافێکی دیکەشی نارد بۆ کۆمیتەی ناوەندی: "کارەکەی ئیڤینسکایا بدەنەوە پێی، ئەوا من خەڵاتەکەم ڕەفزکرد."

کە ئەو ئێوارەیە هاتم بۆ پێرێدێلکینۆ، باوکمم نەناسییەوە. دەموچاوێکی خۆڵەمێشینی بێخوێن و دوو چاوی بەدبەختی پڕ لە ئازار. هەرچییەکم دەوت هەر یەک وەرامی هەبوو: "تازە ئیدی گرنگ نییە. خەڵاتەکەم ڕەفزکرد."

بەڵام کەس ئەم خۆبەختکردنەی نەدەویست. بە لای کەمەوە هیچی لە وەزعی وی نەگۆڕی. لە کۆبوونەوەکەی نووسەراندا لە مۆسکۆ کە دوو ڕۆژ دواتر کرابوو ئەمەیان لە بەرچاو نەگرتبوو. کەسیش باسی "تووڕەیی تۆفانئاسای گەل"ی نەکرد کە بە دوایدا هات. نووسەرانی مۆسکۆ داوایان لە حوکوومەت کرد کە پاستێرناک لە هاوڵاتێتی بێبەش بکات و لە یەکێتیی کۆمارەکانی سۆسیالیستی سۆڤیەت دەربکات. باوکم زۆر بەوە ئێشا کە زینایدا نیکۆلاییڤنا نەیویست لەگەڵی بچێ. دەیگوت ناتوانێ وڵاتی خۆی بە جێ بهێڵێ. لیۆنیدیش بڕیاری دا لەگەڵ دایکی بمێنێتەوە. پاستێرناک لەڕادەبەدەر بەوە دڵخۆش بوو کە من دڵنیام کرد بۆ هەرکوێیەکی دەربکەن لەگەڵی دەڕۆم. هیچ گومان لەوەدا نییە کە دەردەکرا، ئەگەر بە تەلەفۆن قسەکردنەکەی خرۆشچێڤ نەبووایە لەگەڵ جەواهیرلەعل نەهرو، کە بڕیاری دابوو ببێتە سەرۆکی کۆمیتەی بەرگریکردن لە پاستێرناک. بۆ دامرکاندنەوەی ئاگرەکە، داوا لە پاستێرناک کرا نامەیەک، کە دەستەڵاتداران نووسیبوویان، بۆ پراڤدا ئیمزا بکات و یەکێکی دیکەش بۆ خرۆشچێڤ. مەسەلە شایستەیی و ناشایستەییی ئەم دوو نامەیە نییە، یان بۆچی تەرخان کراون - پەشیمانی یا پلەوپایە -، شتی گرنگ ئەوەیە کە پاستێرناک نەینووسیبوون و کە بەزۆر پێی ئیمزا کرابوون. ئەم سووکایەتی پێکردنە و ئەم زۆرلێکردنە زیاتر ئێشیان پێ گەیاند چونکە بە هیچ جۆرێ پێویست نەبوون.

ئێستا ساڵانێکی زۆر بەسەر ئەو ڕۆژانەدا تێپەڕیون. ئەمڕۆ تەمەنی من تەقریبەن

هەر وەک تەمەنی باوکمە لە ساڵی ١٩٥٨دا. ڕۆژی یەکەمی کانوونی یەکەم (دێسەمبەر)ی ١٩٨٩ پێشانگەی "جیهانی پاستێرناک" لە موزەخانەی هونەرەجوانەکان لە مۆسکۆ کرایەوە. ساڵانی ١٩١٤ – ١٩٣٨ باوکم لە جێگەیەک دەژیا زۆر لەوێوە دوور نەبوو. باڵوێزی سوێد ئاغای بێرنەر دیپلۆمی خەڵاتبەرەوەیەکی نۆبێلی هێنا بۆ پێشانگەیەکە. بڕیار درابوو مێدالیاکە لە ئاهەنگێکدا کە ئەکادێمیی سوێدی و کۆمیتەی نۆبێل بۆ خەڵاتبەرەوەکانی ساڵی ١٩٨٩ ڕێکیان دەخست پێشکەش بکرێ. ئاغای بێرنەر پێی وا بوو کە دەبێ من بچم بۆ ستۆکهۆڵم بۆ ئەو ڕێوڕەسمە. وتم من نازانم ئەمە چۆن ڕێک دەخرێ. ئەوجا خۆی ئیجازەی لە کۆمیتەی نۆبێل وەرگرت و سەفارەتخانەی سوێد بە کۆمەکی وەزارەتی فەرهەنگ لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا هەرچی کاغەزێک پێویست بوو ئامادەیان کرد و ڕۆژی حەوتی دێسەمبەر ژنەکەم و من بە سواریی فڕۆکەیەک کە بە زەنگی کریسمەس ڕازێنرابووەوە بەرەو ستۆکهۆڵم کەوتینە ڕێ.

پرۆفێسۆر لارش کلێبێرگ، کە بە کارەکانی لەمەڕ هونەری پێشەنگی ڕووسیای ساڵانی ١٩٢٠ ناسراوە، پێشوازیی کردین و بردینی بۆ گراند هۆتێل. وەرگرانی خەڵاتی نۆبێلی ساڵی ١٩٨٩ لەگەڵ ژن و منداڵ و دۆستەکانیان لەوێ دابەزیبوون.

گزنگێک لە درزێکی پەردەکانەوە هاتبووە ژوورێ، بێداری کردمەوە. چوومە بەر پەنجەرەکە. چاوم بە مرداو (زۆنگ)ێک و هەندێ پرد و چەند بەلەمێک کە لە نێوان ئەو دوورگانەدا شاری ستۆکهۆڵمیان لەسەرە هاتوچۆ دەکەن کەوت. لەوبەر زۆنگەکەوە دوورگەی بازنەشێوەی کۆنەشار هەبوو، لەگەڵ کۆشکی پاشا، کاتێدرال و خانووی بۆرس، کە ئاکادێمیی سوێدی لە نهۆمی دووەمیەتی. هەروەها شەقامە تەسکەکان، بازاڕێکی کریسمەس، دووکان و چێشتخانەی فرەشێوە و قەوارەم بینی. هەر لە تەنیشتی، بەسەر دوورگەیەکی دیکەوە، خانووی پەرلەمان هەبوو. لەسەر دوورگەیەکی دیکەش تالاری شار و خانووی ئۆپێرا و لەولاتریش، لە پشت باغچەیەکەوە، ناوچەی تازەی بازرگانی دەستی پێ دەکرد.

ئەو ڕۆژەمان لەگەڵ پرۆفێسۆر ئۆکە نیلسۆن و ئارنێ بۆدین بردە سەر. نیلسۆنمان سی ساڵ لەوەوپێش لە پێرێدێلکینۆ بینیبوو، کە هاوینی ١٩٥٩ هات بۆ سەردانی پاستێرناک، بۆدینیش نووسەری کتێبێکە لەسەر خولی پرۆتێستانتیی شیعرەکانی

یوری ژیڤاگۆ. چووین پیاسەمان کرد، فراوینمان خوارد و تەماشای کۆمەڵە شتە جوانەکانی موزەخانەی نیشتمانیمان کرد. ڕۆژنامەوانەکان پرسیاریان لێ کردین هۆی سەردانەکەمان چییە.

ڕۆژی دواتر، ٨ی دیسەمبەری ١٩٨٩، لە ئاهەنگێکی شکۆداردا لە ئەکادیمیی سوید، بە ئامادەبوونی خەڵاتگرانی نۆبێل، سەفیری سوید لە یەکێتیی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤیەت و سەفیری سۆڤیەت لە سوید و گەلێ میوان، سکرتێری هەمیشەیی ئەکادیمی پرۆفێسۆر ستووره ئاللێن مەدالیای نۆبێلەکەی بۆریس پاستێرناکی پێشکەش بە من کرد. ئەوجا ئەو دوو تەلگرافەی بە دەنگی بەرز خوێندەوە کە باوکم ڕۆژانی ٢٣ و ٢٩ی ئۆکتۆبەر بۆ کۆمیتەی نۆبێل ناردبوونی، و ئەوەی ئاشکرا کرد کە ئەکادیمیی سوید بڕیاری ئەوەی دابوو کە پاستێرناک لەژێر گوشاری لەڕادەبەدەردا وازی لە خەڵاتەکە هێنابوو و ئەمڕۆ، دوای ٣١ ساڵ، مێدالیاکەی پاستێرناک دەدات بە کوڕەکەی لەگەڵ داخ و خەفەتێکی دڵسۆزانەدا کە خەڵاتبەرەوەکە ئێستا ناژی. هەروەها وتیشی کە ڕێوڕەسمەکە کاتێکی مێژوویی بوو.

منیش لە وەرامدا وتم کە مەمنوونی ئەکادیمیی سوید و کۆمیتەی نۆبێلم لەبەر بڕیارەکەیان و من خەڵاتە شەرافەتمەندانەکە بە هەستی خۆشییەکی کارەساتئامێزەوە وەردەگرم. خەڵاتی نۆبێل بۆ بۆریس پاستێرناک، کە هیوادار بوو ببێتە هۆی ڕزگاربوونی لە هەلومەرجی ئیزۆلەیی و ڕاونان، بوو بە هۆی دەردکێشانی تازە و هەژدە مانگی کۆتاییی ژیانی لێ تاڵ کرد. پاستێرناک زۆری لێ کرا کە خەڵاتی نۆبێل ڕەفز بکات و تکانامە بۆ حوکوومەت ئیمزا بکات. ئەو سووککردنە تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی بارێکی قورس بوو بەسەر دڵیەوە. ئەو بایەخێکی کەمی بە پارە دەدا، گرنگیی خەڵاتەکە لای ئەو شەرەف و شانازییەکەی بوو – کە ئەوەتا ئێستا پاشمەرگ دەدرێ پێی. وتم، حەز دەکەم باوەڕ بکەم ئەو گۆڕانانەی بەرەو چاکتر کە ئێستاکە لە دنیادا ڕوو دەدەن و ئەم ڕووداوەی ئەمڕۆیان گونجاند، بەڕاستی مرۆڤ دەگەیێننە ئەو ژیانە پڕ لە ئاشتی و ئازادییەی کە باوکم هیواداری بوو و کاری بۆ دەکرد. بێگومان ئەمە ناوەڕۆکی ئەو ئاخاوتنەم بوو، چونکە پێشەکی ئامادەم نەکردبوو و بە هۆی ئەو هەموو هەستەوە کە داگیری کردبووم بەحاڵ دەمتوانی قسە بکەم.

ئاهەنگی پێشکەشکردنی خەڵاتی نۆبێلی ١٩٨٩ لە مێشکی مندا لەگەڵ هاملێت—ی شەکسپیردا یەکی گرتووە. پێم وایە لەوە تێگەیشتم بۆچی شەکسپیر دەوروبەرێکی سکاندیناڤییانەی بۆ ئەم درامایە پێویست بوو. ئاخاوتنی جیددی و مۆسیقای ئۆرکێستر بە دووی یەکدیدا دەهاتن، سەڵاوی تەقەی تۆپ و سروود بە دووی یەکدا دەهاتن، بێجگە لە جل و پۆشاکی سەردەمی کۆن، چاکەتی دووشۆڕ و خەرقەی کورت. بەشە ڕەسمییەکەی لە تالاری کۆنسێرت بەڕێوە برا و بە دوویدا شیو و نانخواردن بۆ هەزار کەس و ئەوجاریش سەماکردن لە تالاری شار. هەر میعماریی تالاری شار خۆی نۆستالژیای بۆ سەدەکانی ناوەڕاست ئاشکرا دەکرد، هەروەهاش لۆجەکانی دەوری خانووی شارەوانی. مرۆڤ دەیبینی مێژوو زیندوو دەبێتەوە کاتێ گوێی لە گۆرانی و ترومپێتی خوێندکاران بگرتایە و تەماشای خزمەتکارانی ماسکداری بکردایە کە بە دووی یەکدا بە خۆراکی خۆشەوە لە لۆجەکانەوە، بەسەر پێپلکەکاندا دەهاتنە خوارێ، یا وێڕای هاتنەژوورەوەی پاشا و شاژن، وەرگرانی خەڵاتی نۆبێل و میوانانی بەڕێز.

لە ناوەڕاستی ڕێوڕەسمەکەدا ئاگادارکردنەوەیەکی تیژ درا کە مستیسلاڤ ڕۆستروپۆڤیچ لەسەر زەمینەی پێپلکە بەرینەکان دەرکەوت و وتی: "خاوەنشکۆیان، بەڕێزان وەرگرانی خەڵاتی نۆبێل، خانمان و ئاغایان! لەم ئاهەنگە ڕازاوەیەدا دەمەوێ شاعیری گەورەی ڕووس بۆریس پاستێرناکتان وە بیر بێنمەوە کە ئەو هەلەیان لێی زەوت کرد تا لە ژیاندا بوو خەڵاتەکە وەربگرێ و تامی خۆشی و شانازی بکات وەک هەڵبژێردراوێک بۆ خەڵاتی نۆبێل. ڕێگام بدەن با وەک هاونیشتمانێکی ئەو و باڵوێزی مۆسیقای ڕووسی، بە تاکژەنی سێللۆ بەشی "سەربەند" لە سویت دی – مۆل —ی باختان بۆ لێ بدەم."

زایەڵەی کەمانچەی سێللۆ خۆدواندنە کارەساتئامێزەکەی هاملێتی لە ئاهەنگی کلاودیۆسدا دەگێڕایەوە و دەردی دڵی نزای گێتسێمان لە مۆسیقای بێهاوتای باخ – دا دەنگی دەدایەوە:

زەمزەمەی داکشانی شەپۆل؛ دێمە سەر شانۆیەکە.

هەوڵ دەدەم، لە دەرگاکەدا ڕادەوەستم،

دا بزانم لەناو زایەڵە دوورەکاندا

سالآنی داهاتوو چییان له هەناودایه.

له دوای بەزمی میوانی، مستیسلاف ڕۆسترۆپۆڤیچ و گالینا ڤیشنێڤسکایا–ی ژنی ئێمەیان برد بۆ ئەو ژوورەی کە پاشا و شاژن میوانانی هێژایان تێدا پێشوازی دەکرد. ئێمە بە خاوەنشکۆیان پێشکەش کراین و ئەوانیش چەند قسەیەکی دۆستانەیان لەگەڵ کردین. سەر لە بەیانیی ڕۆژی پاشتر هەڵفڕیینەوە بەرەو مۆسکۆ.

٢٠ی دێسەمبەری ١٩٨٩

# بۆریس پاستێرناک: کرۆنۆلۆگیی ژیانی

١٨٩٠ ڕۆژی ١٠ی شوبات لە مۆسکۆ لە دایک بووە. باوکی، لیۆنید پاستێرناکی نیگارکێش و گرافیککار، و دایکی رۆسا کاوفمان-ی پیانۆلێدەر بوو.

١٩٠٠ بۆ جاری یەکەم چاوی بە ڕاینەر ماریا ڕیلکە کەوت.

١٩٠٣ چاوپێکەوتن و دۆستایەتیکردنی ئاوازدانەر ئەلیکساندر سکریابین. خوێندنێکی شەشساڵەی مۆسیقا دەست پێ دەکات.

١٩٠٦ یەکەم چاوپێکەوتنی ماکسیم گۆرکی. لەگەڵ باوکودایکیدا سەفەری بەرلین دەکات.

١٩٠٧ دەبێتە ئەندامی کۆڕی ئەدەبیی سێرداردا. یەکەم پەیوەندی لەگەڵ نیگارکێشانی تازە.

١٩٠٨ دوای تەواوکردنی ئامادەیی وەک ئاگاداریدەر کاردەکات. هەڵسوکەوت لەگەڵ شاعیرانی فوتوریست.

١٩٠٩ وەرزێک لە زانستگەی مۆسکۆ دەخوێنێ، پاشان فەلسەفە دەخوێنێ. یەکەمین کارە ئەدەبییەکانی خۆی دەنووسێ.

١٩١١ ئەندامی گرۆی فوتوریستی سێنتریفوگ.

١٩١٢ لای هێرمان کۆهین و نیکۆلای هارتمان لە ماربورگ فەلسەفە دەخوێنێ. سەفەری ئیتالیا و سویسرا.

١٩١٣ لە زانستگەی مۆسکۆ خوێندن تەواو دەکا. پێنج پارچە شیعری لە لیریکا-دا بڵاو دەبێتەوە.

١٩١٤ لەگەڵ مایاکۆڤسکی-ی شاعیر چاویان بە یەک دەکەوێ. بە هۆی شکانی پێیەوە لە خزمەتی سەربازی تەرخان دەکرێت. وەک ئاگاداریدەر کار دەکات. یەکەمین کۆمەڵە شیعری "جمکانەی ناو هەور" بڵاو دەکرێتەوە. "گۆزەی شکاو"ی کلیست تەرجەمە دەکات.

١٩١٥ له کارگەیەکی کیمیاییدا له ئورالٚ کاری دایەره دەکات.

١٩١٧ دوای ڕوودانی شۆڕش دەگەڕێتەوە بۆ مۆسکۆ. دیوانی "بەسەر لەمپەرەکاندا" بڵاو دەکاتەوە و تەرجەمەی "گۆزەی شکاو" لە گۆڤاری هاوزەمانی گۆرکیدا بڵاو دەکاتەوە.

١٩١٨ کارداری کتێبخانەی کۆمیسارییای خوێندن. "نامه له تولاوه" دەنووسێت.

١٩٢١ باوکودایکی و خوشکەکانی دەچن بۆ بەرلین. بۆریس وێڕای ئەلیکسێی برای له مۆسکۆ دەمێنێتەوە.

١٩٢٢ دیوانی "ژیانی خوشکم" لە بەرلین بڵاو دەکرێتەوە.

١٩٢٣ یێڤگێنیا موراتۆڤ–ی هونەرمەندی نیگارکێشی خواست. دیوانی "بابەت و جیاوازی".

١٩٢٤ یێڤگێنی لە دایک دەبێت. چیرۆکی "منداڵیی لیوڤەر" دەنووسێ.

١٩٢٥ کۆمەڵەچیرۆکی "گەروو".

١٩٢٧ لە یادی دەیەمین ساڵڕۆژی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا شیعری "ساڵی ١٩٠٥" بڵاو دەکاتەوە.

١٩٣١ کتێبی ژیننامەی "ئەماننامە" بڵاو دەکاتەوە. لە یێڤگێنیا موراتۆڤ جیا دەبێتەوە. ماوەیەکی درێژ لەگەڵ زینایدا نۆیهاوس له تبیلیسی لەلای شاعیری گورجیی هاوڕێی یاشڤیلی دەژی.

١٩٣٢ دیوانی "لەدایکبوونی دووەم".

١٩٣٣ دوو دیوان بڵاو دەکاتەوە (له لێنینگراد و مۆسکۆ).

١٩٣٤ لە کۆنگرێسێکدا یەکێتیی نووسەرانی سۆڤێتی دادەمەزرێنرێت و هەر لەوێ "ڕیالیزمی سۆسیالیستی" جاڕ دەدرێت. لەلایەن بوخارین–ی تیۆریزانی پارتییەوە ستایش دەکرێت. ژنی دووەم، زینایدا نۆیهاوس، دەخوازێ و بار دەکاتە پێرێدێلکینۆ، کە شارۆچکەی نووسەرانە لە دەرەوەی مۆسکۆ. گۆێتە، ڤێرلین، شەکسپیر، شاعیرانی گورجی و گەلێکی دیکەش تەرجەمە دەکات.

١٩٣٥ دەبێتە ئەندامی دەستەی نوێنەرایەتیی سۆڤێتی لە کۆنگرەی نێونەتەوەییی نووسەران لە پاریس.

١٩٣٦ پاستێرناک خۆی دەخاتە ناو شەڕی ئەدەبییەوە و لە یەکێتیی نووسەران ئاخاوتنێک پێشکێش دەکات.

١٩٣٨ بوخارین دەکوژرێ. پاستێرناک، بێ ئەوەی پێشکەوتنێک وە دەست بهێنێ، بەرگری لە ئۆسیپ ماندەلشتام-ی شاعیر دەکات. لیۆنید-ی کوڕی لەدایک دەبێت.

١٩٤٣ دوای نۆ ساڵی بێدەنگی، دیوانی "لە قەتارە زووکاتەکاندا" بڵاو دەکاتەوە.

١٩٤٥ باوکی دەمرێ. دیوانی "مەودای سەرزەوی" لەلایەن ڕەخنەی ڕەسمییەوە هێرشی دەبرێتە سەر. دەست دەکاتە نووسینی ڕۆمانی "دۆکتۆر ژیڤاگۆ".

١٩٤٦ ڕاونانی نووسەران. یەکەم سەکرەتێری یەکێتیی نووسەران، ئالێکسێی فادێییڤ، ڕەخنە لە پاستێرناک دەگرێ. پاستێرناک لە زۆر لاوە لە مۆسکۆ بە خۆشەویستییەوە ڕێزی لێ دەگیرێ.

١٩٥٣ مردنی ستالین. ژیانی ئەدەبی سەرلەنوێ دەبووژێتەوە. تەرجەمەی یەکەم بەشی "فاوست"ی گوێتە و تراجیدییەکانی شەکسپیر بڵاو دەکاتەوە.

١٩٥٤ گۆڤاری زنامیا-ی مۆسکۆ هەندێ شیعری "دۆکتۆر ژیڤاگۆ" بڵاو دەکاتەوە و ئەوەش ڕادەگەیێنێ کە ڕۆمانەکە بەو نزیکانە بڵاو دەکرێتەوە.

١٩٥٥ شیعری لە گۆڤار و ئەنتۆلۆگیی جۆر بە جۆردا بڵاو دەبێتەوە.

گۆڤاری ئەدەبیی نۆڤیی میر "دۆکتۆر ژیڤاگۆ" ڕەفز دەکات. پەخشخانەی دەوڵەتی دەستنووسەکە ڕادەگرێ بۆ پێداچوونەوە و کورتکردنەوە. پەخشکاری کۆمونیست فێلترینێللی لە میلانۆ مافی بە ئیتالیایی چاپکردنی دەکڕێت.

١٩٥٧ پەخشخانەی دەوڵەت "دۆکتۆر ژیڤاگۆ" ڕەفز دەکات. ڕۆژی ١٥ی نۆڤەمبەر "دۆکتۆر ژیڤاگۆ" بە زمانی ئیتالیایی بڵاو دەبێتەوە ئەگەرچی پاستێرناک تکا لە فێلترینێللی دەکات ڕۆمانەکە بگەڕێنێتەوە بۆی و ئەگەرچی لە ڕێگەی ڕەسمییەوە هەوڵ دەدرێ بڵاوکردنەوەکەی ڕابگیردرێت.

١٩٥٨ ڕۆمانەکە لە سوێد و گەلێ وڵاتی دیکە پەخش دەکرێ.

٢٣ی ئۆکتۆبەر: خەڵاتی نۆبێل لە ئەدەبدا.

٢٦ی ئۆکتۆبەر: پاستێرناک خەڵاتەکە قەبووڵ دەکات.

٢٦ – ٢٧ی ئۆکتۆبەر: لە چاپەمەنییەکانی سۆڤێتدا و لەلایەن یەکێتیی نووسەرانەوە هێرشی توندوتیژ دەکرێتە سەر پاستێرناک.

٢٨ی ئۆکتۆبەر: پاستێرناک لە یەکێتیی نووسەران دەردەکرێت.

٢٩ی ئۆکتۆبەر: پاستێرناک واز لە خەڵاتەکە دەهێنێت.

٣١ی ئۆکتۆبەر: داوا دەکرێت پاستێرناک لە یەکێتیی سۆڤێت دەربکرێت و هاونیشتمانێتیی سۆڤێتی لێ بسەنرێتەوە. پاستێرناک نامەیەک بۆ خروشۆڤ دەنووسێ و تکا دەکات بهێڵن لە وڵاتەکەیدا بمێنێتەوە.

٦ی نۆڤەمبەر: نامە بۆ پراڤدا، تێیدا پێ لە هەندێ "هەڵە" دەنێ.

١٩٥٨ – ١٩٥٩ "هەندێ پێشنووسی ژیننامەئاسا" بە چەند زمانێ بڵاو دەکرێتەوە. زنجیرەشیعری "کە هەوا خۆش دەبێ" لە پاریس چاپ دەکرێ.

١٩٦٠ ٣١ی مایس: پاستێرناک بە نەخۆشیی شێرپەنجەی سی دەمرێ.

٢ی حوزەیران: ناشتنەکەی لە پێرێدێلکینۆ.


سەرچاوەی ئەم کرۆنۆلۆگییە:

Boris Pasternak: Livet, min syster, Inledning: Olga Andrejew Carlisle, Foto: Ingea Morath, Wahlstrom & Widstrand 1977, s. 117 - 118.

## یورگەن هابەرماس و مەوداکانی بازنەی گشتی

ئەو ئێستاکە یەکێکە لە گەورەکان، یا لە پیرەکان، چ لە تەمەندا و چ لە ڕووی فەلسەفە و فکرەوە. ڕۆژی ١٨ی ئەم مانگە (چوار ڕۆژ لەمەوبەر) تەمەنی گەیشت بە هەشتا و لە هەموو ڕوویەکیشەوە وا دیارە مێشک و ئاوەز و بیرکردنەوەی بەکارە هێشتا و لەوەیش ناچێت هەر وا بە ئاسانی جێگاکەی خۆی چۆڵ بکات و دوور بکەوێتەوە. یورگەن هابەرماس ئەو فیلۆسۆف و بیریارە ئاڵمانییەیە کە ئێستایش دەنووسێت و لە گوتوبێژەکاندا بەشداری دەکات؛ لە تیۆرییەکانی ڕاستییەوە بگرە تا دەگاتە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و لایەنە ئەخلاقییەکانی گێنتەکنۆلۆگی و مافی مرۆڤ لە چین. ئەو، هەموو ئەم بابەتانە بە بواری خۆی دەزانێت و بە بیروباوەڕ و نووسینەکانی خۆی کاریان تێدا دەکات.

یورگەن هابەرماس لە ڕۆژی ١٨-٦-١٩٢٩دا لە دوسەلدۆرف لە دایک بووە. فیلۆسۆف و بیریار و کۆمەڵناسێکی ئاڵمانیی سەر بە نەریتی تیۆریی ڕەخنەگرانە و پراگماتیزمی ئەمەریکاییە. هەتا دواناوەندییشی تەواو کرد، هابەرماس لە شاری گوممەرسباخ، نزیکی کوێلن، دەژیا. باوکی، ئێرنست هابەرماس، بەڕێوەبەری خانەی پیشەسازی و بازرگانی بوو. بە قسەی هابەرماس باوکی لایەنگری نازیزم بووە. یورگەن لە زانستگەی گوێتینگەن و زیووریخ و بۆن خوێندوویەتی و ساڵی ١٩٥٤ لە زانستگەی بۆن پلەی دۆکتۆرای لە فەلسەفەدا وەرگرت بە نووسینی تێزێک بە ناوی "ڕەها و مێژوو: لەبارەی دژبێژیی بیری شێللینگەوە". لە ساڵی ١٩٥٦ بە دواوە دەستی کردە خوێندنی فەلسەفە و کۆمەڵناسی بە سەرپەرشتیی تیۆریستانی ڕەخنەگر ماکس هۆرکهایمەر و تیۆدۆر ئادۆرنۆ، لە زانستگەی گوێتەی فرانکفورت، بەڵام هۆرکهایمەری مامۆستای بیانووی پێ دەگرت چونکە هابەرماس پێی وا بوو فێرگەی فرانکفورت بە هۆی گومانی سیاسییەوە ئیفلیج بووە. هابەرماس ناچار بوو خوێندنەکەی بگوێزێتەوە بۆ زانستگەی ماربورگ و بۆ بواری سیاسەتزانی، بە سەرپەرشتیی زانای مارکسیست وولفگانگ ئابەندرووت. ئەم تێزەی ناوی "گۆڕانی



یورگەن هابەرماس

پێکهاتەییی بازنەی گشتی: لێکۆڵینەوەیەکە لە چینێکی کۆمەڵایەتیی بۆرژوا". ماوەیەک لە زانستگەدا کاری کرد و ئەوجا ساڵی ١٩٦٢ کرا بە پرۆفیسۆری نائاسایی (واتە پرۆفیسۆرێک کە جێگەی ئەکادیمیی نییە) لە بابەتی فەلسەفەدا لە زانستگەی هایدەلبێرگ، ئەمەیش بۆ ئەو کاتەی ئاڵمانیا باو نەبوو. ساڵی ١٩٦٤، بە پشتیوانیی ئادۆرنۆ، هابەرماس گەڕایەوە بۆ زانستگەی فرانکفورت و کورسیی فەلسەفە و کۆمەڵناسیی هۆرکهایمەری کۆنە مامۆستای خۆی وەرگرت. ساڵی ١٩٧١ بوو بە بەڕێوەبەری ئینستیتووتی ماکس پلانک لە زانستگەی ستامبێرگی نزیکی مونیخ و تا ساڵی ١٩٨٣ لەوێ کاری کرد و دواتر گەڕایەوە بۆ زانستگەی فرانکفورت و بوو بە بەڕێوەبەری ئینستیتووتی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و ساڵی ١٩٩٣ خانەنشین کرا. ساڵی ١٩٨٦ بەرزترین خەڵاتی ئەکادیمیی وڵاتی ئاڵمانیای وەرگرت: خەڵاتی گۆتفرید ڤیلهێلم لایبنیتس. لە ماوەی بیست ساڵی ڕابوروودا هابەرماس کۆمەڵێ خەڵاتی گرنگی زانستیی سەبارەت بە کارە زانستی و ئەکادیمییەکانی وەرگرتووە و لە چەند زانستگەیەکی ئەمەریکایی وەک مامۆستای میوان کاری کردووە. هابەرماس وەک مامۆستای فەلسەفە و کۆمەڵناسی سەرپەرشتیی لێکۆڵینەوە و نامەی زانستیی کۆمەڵێ لە ناودارترین زانا و ئەکادیمی و فیلۆسۆفەکانی ئاڵمانیا و وڵاتانی دیکەیشی کردووە.

لە ڕووی فکرەوە دەتوانین بڵێین هابەرماس لە چوارچێوەیەکدا کاری کردووە و بەرهەمی پێشکەش کردووە کە تیۆریی کۆمەڵایەتی و فەلسەفە دەگرێتەوە و سوودی لە کۆمەڵێ نەریتی ڕووناکبیرانە وەرگرتووە، ڕەنگە گرنگەکانیان ئەمانە بن:

١- بیری فەلسەفیی ئاڵمانیی ئیمانوئێل کانت، فریدریش شێللینگ، ئیدموند هوسێرڵ و هانس گیۆرگ گادامەر و هەروەهایش تازەکانتیزم.

٢- مارکسیزم: هەم تیۆریی کارڵ مارکس خۆی و هەمیش تیۆریی تازەمارکسیزمی ڕەخنەگرانەی فێرگەی فرانکفورت، واتە ماکس هۆرکهایمەر، تیۆدۆر ئادۆرنۆ و هێربێرت مارکووس.

٣- تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکانی ماکس ڤێبەر، ئێمیلێ دورکهایم.

٤- فەلسەفەی زمانەوانی و تیۆرییەکانی کردەی ئاخاوتنی لودڤیگ ڤیتگەنشتاین، ئاوستین، سترۆسۆن، تۆولمین و سیرڵ.


٥- دەروونناسیی گەشەکردنی ژان پیاژێ و لۆرانس کۆڵبێرگ.

٦- نەریتی پراگماتیسمی ئەمەریکاییی چارلس پیرس و جۆن دیوی.

٧- تیۆریی سیستەمی کۆمەڵایەتیی تالکۆت پارسۆنس و نیکلاس لوومان.

یورگەن هابەرماس خۆی پێی وایە گەورەترین دەسکەوت و هاوبەشیی ئەو لە بواری فکر و فەلسەفەدا گەشەپێدانی چەمک و تیۆریی ئاوەزی گەیێنەرانە یا عەقڵانییەتی گەیێنەرانەیە (Communicative reason)، کە لە نەریتی عاقڵانە بەوە خۆی جیا دەکاتەوە کە عەقڵانییەت (ئاوەزگەرایی) دەخاتە ناو پێکهاتەی دانوستاندنی زمانەوانیی نێوانکەسی، لە جێی ئەوەی لەناو پیکهاتەی کۆسمۆسدا دایبنێت. ئەم تیۆرییە کۆمەڵایەتییە ئامانجەکانی ڕزگاریی مرۆڤانە پێش دەخات، لە کاتێکدا چوارچێوەیەکی گەردوونیی ڕەوشت دەپارێزێت. ئەم چوارچێوەیە لەسەر بناخەی بەڵگەهێنانەوەیەک دامەزراوە پێی دەگوترێت پراگماتیکی گەردوونی، کە هەموو کردەیەکی ئاخاوتن ئامانجێکی هەیە: ئامانجی لە یەکتر تێگەیشتن و ئەوەی کە مرۆڤ توانستی گەیاندن بە جۆرێ دەبەنە ڕێوە کە ئەم لێکتێگەیشتنە بهێنێتە بەرهەم.

هابەرماس، نەریتەکانی کانت و بیری ڕۆشنگەرایی و سۆسیالیزمی دیمۆکراتیکی پێش خست و ئەوەی جەخت کرد کە دەکرێ جیهان بگۆڕدرێت و بکرێتە کۆمەڵگایەکی مرۆڤانە، دادپەروەرانە و یەکسانیخوازانە، بە خستنەگەڕی توانستی ئاوەزگەرانەی مرۆڤ، لە ڕێگەی ئەخلاقی ئاخاوتنەوە. هابەرماس پێ لەوە دەنێت کە ڕۆشنگەرایی "پرۆژەیەکی بەجێنەگەیێنراوە"، بەڵام پێی وایە دەبێ ڕاست بکرێتەوە و




یورگەن هابەرماس: گۆڕانی پێکهاتەییی بازنەی
گشتی: لێکۆڵینەوەیەکە لە چینێکی کۆمەڵایەتیی
بۆرژوا (خوێندنەوەی بیری کۆمەڵایەتیی ئاڵمانی)

تەواو بکرێت، نەک فڕێ بدرێت. لەمەدا ئەو خۆی لە فێرگەی فرانکفورت دوور ڕاگرت و ڕەخنەی لێ گرت، هەروەها ڕەخنەی لە بیری پۆستمۆدێرنیستانەیش گرت، لەبەر ڕەشبینیی لەڕادەبەدەر، ڕادیکالیزمی بێسەروبەر و زێدەڕۆیی.

لە بواری بیری کۆمەڵناسانەدا بەشداریی هابەرماس، گەشەپێدانی گشتگرانەی تیۆرییەکی گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و مۆدێرنیزاسیۆن بوو، بە هەڵاواردنی عەقڵانییەتی گەیێنەرانە لە عەقڵانییەتی ستراتێگی و سوودگەرایانە. بەرگریی هابەرماس لە مۆدێرنایەتی و کۆمەڵی مەدەنی بوو بە سەرچاوەیەکی ئیلهامبەخش بۆ کەسانی تر و بە ئالتەرناتیڤێکی گەورەی فەلسەفی دادەنرێت بەرانبەر بە پۆستستروکتورالیزم. هەروەها شیکردنەوەیەکی کاریگەرانەی لەبارەی سەرمایەداریی دواترەوە پێشکەش کرد. مەبەست لە سەرمایەداریی دواتر، سەرمایەداریی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمە، کە وا باوەڕ دەکرێت بەرەو لاوازی چووبێت.

هابەرماس پێی وا بووە کە ئاوەزگەراییکردن و مرۆڤاندن و دیمۆکراتاندنی کۆمەڵ، بە هۆی بە دامەزراوکردنی توانستەکانی ئاوەزکارییەوە بە دی دەهێنرێن. ئەم توانستانە وەک میراتێک لە توانستی گەیاندندا ماونەتەوە، کە بەهرەیەکی تاکانەی

ڕەگەزی مرۆڤە. ئەو لەو باوەڕەدایە کە توانستی گەیێنەرانە لە چوارچێوەی گۆڕان و پێشکەوتندا گەشەی کردووە، بەڵام ئەم توانستە لە کۆمەڵگەی ئەم سەردەمەدا زۆرجار پێپەست و لاواز دەکرێت بە هۆی ئەوەوە کە بوارە سەرەکییەکانی ژیان (بۆ نموونە بازاڕ، دەوڵەت و ڕێکخراوەکان) لە لایەن عەقڵانییەتی ستراتێگی و سوودگەرایانەوە دەستی بەسەردا گیراوە، بە جۆرێک کە لۆگیکی سیستەمەکە جێگەی لۆگیکی "جیهانی ژیان"ی گرتووەتەوە. جیهانی ژیان (lifeworld) چەمکێکی فەلسەفی و کۆمەڵناسییە بۆ دەربڕینی ئەو هەلومەرجەی ژیانی تێدا دەئەزموونرێت. ئەم چەمکە لە بیر و فەلسەفەی هوسێرڵدا چەمکێکی بنەڕەتییە.

ڕەنگە تیگەیشتنێکی ناوەندیی بیری هابەرماس بەوە بناسێنرێت کە ئەو دژی ئەو بیر و بۆچوونە ئەفلاتوونییەیە کە پێی وا بوو فیلۆسۆف کەسێکە ژیانی خۆی بۆ باس و بابەتە تیۆری و ئابستراکتەکان تەرخان کردووە، دوور لە ژیانی مرۆڤانە و کێشە ڕۆژانەکانی ئەو ژیانەوە.

بازنەی گشتی جێگایەکە لە ژیانی کۆمەلایەتیدا کە خەڵک دەتوانن لەوێدا کۆ ببنەوە و ئازادانە لەبارەی کێشە کۆمەلایەتییەکانەوە گوتوبێژ و پێناسەیان بکەن و بە هۆی ئەو گوتوبێژ و لێدوانانەوە کار بکەنە سەر کرداری (یا بڕیاری) سیاسی. بەپێی پێناسەیەکی دیکە بواری گشتی پانتاییەکە لەوێدا تاکەکەس و تاقمەکانیش دەتوانن گرد ببنەوە بۆ گوتوبێژکردن لەسەر ئەو باسانەی کە بۆ هەموو لایەکیان گرنگن و ئەگەر بگونجێت بگەنە داوەرییەکی هاوبەش. هەروەها دەکرێت بازنەی گشتی وەک شانۆیەک لە کۆمەڵگە تازەکاندا تەماشا بکرێت، کە لەوێ بەشداریی سیاسی بە هۆی قسەکردن و ئاخاوتنەوە جێبەجێ دەکرێت، واتە ئامرازی گەیشتن بە تێگەیشتنێکی سیاسی قسەکردن و پێکەوە ئاخاوتنە لەسەر باسە گشتییە هاوبەشەکان. ئەم مۆڵگەیە، بێگومان، شوێنێکە بۆ ژیانی کۆمەلایەتی و دەکرێ بیر و بۆچوونێکی گشتی یا میللیی تێدا دابڕێژرێت. بازنەی گشتی دەبێتە ئامرازی پێکگەیاندنی بواری تایبەت (یا بازنەی تایبەت) و بازنەی دەستەڵاتی گشتی. لەم پێناسەیەدا بازنەی تایبەت کۆمەڵگای مەدەنی دەگرێتەوە بە واتا تەسکەکەی، واتە بواری گۆڕینەوەی کاڵا و کاری کۆمەلایەتی. بەڵام بازنەی دەستەلاتی گشتی واتە دەوڵەت، یا بواری پۆلیس و چینی حوکمدار، ئەو چینەی دەستەلاتی بە دەستە. بازنەی گشتی

دەبێتــە هۆی سرِینەوەی هەردوو مـەیدانەکە و بە هۆی ڕای گـشتییـەوە کـارێکی وا دەکات کە دەوڵەت لەگەڵ پێویستییەکانی کۆمەڵدا ئاشنایەتی پەیدا بکات. ئەم بازنە گـشـتییـە بەوە خـۆی لە دەوڵەت جـیا دەکـاتەوە کـە لە ڕووی تێگەیشـتنەوە دەکـرێ بگوترێ کە جێگایەکە بۆ بەرهـەمهێنان و سووڕاندنەوەی (گێرانی) ئەو ئاخـاوتانەی کــە تا ڕادەیـەکی زۆر وەک بنەمــایەک، بەرانبــەر دەوڵەت ڕەخـنەگــرانەن. لـە بواری ئابوورییـشـدا، بـازنەی گـشـتی خـۆی لە ئابووریی ڕەسـمـی جیـا دەکـاتەوە، چونکە مەیدانێک نییە بۆ پێوەندیی بازاڕکارانە، بەڵکە جێگەیەکە بۆ ئاخـاوتن و لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە، نەک بـۆ کـڕین و فـرۆشـتن. ئەم هەڵاواردنە لەنـێـوان دەسـتگای دەوڵەت و بازاڕی ئابووری و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکاندا، بۆ تیۆریی دیمۆکراتی، گەوهەری و بنـەڕەتیـیــە. خــەڵک خـۆیان دەهاتن بـۆ بینینی بازنەی گـشـتی وەک دامـەزراوێکی ڕێکخــەر بە بـەراورد لەگــەڵ دەوڵەتدا. لێکـۆڵینەوەی بـواری گــشـــتی لـە بیــــری دیمـۆکراسـیی بەشـدارەکـیدا کـۆ دەبێتـەوە، هـەروەهـایش لـەو بیـرەدا کـە چۆن ڕای گشتـی دەبێتە کردارێکی سیاسی. بەم پێیە تەنیا ئەو حوکوومەتە شەرعییە کە گوێ لە بازنەی گشتی دەگرێت. حوکمی دیمۆکرات ئەوەیە کە پشت بە توانست و دەرفەتی هاووڵاتان دەبەستێ، کە چەند لە گوتوبێژێکی کراوە و ڕووندا بەشدار دەبن.

تازەترین هەوڵدانێکی تیـۆری و زانسـتی بۆ داڕشـتنەوەی چەمکی بواری گـشـتی، لەســەر بناخـەی ئەو بـاوەڕانە هەڵچنراون کـە لە کتـێبـەکەی یورگـەن هابەرمـاسدا: ''گـۆڕانـی پێکهـاتـەییی بازنـەی گـشـتی: لێکۆڵینەوەیەکـە لـە چینێکی کـۆمـەڵایـەتیی بۆرژوا'' پێـشکەش کـراون. هابەرمـاس لە زاراوەی گـشـتێـتی (ئوێففـێنتلیشکایت Öffentlichkeit )ی زمانی ئاڵمانییەوە باوەڕ و تێزەکانی خۆی دادەڕێژێت، کە ڕەنگە تەرجەمـەکردنی زاراوەیەکی وەها بۆ زمـانـی کوردی ئەگەر کـاری نەکراویش نەبێت، ئەوا کـارێکی یەکجار سـەختە. ئەم گشـتێتییـە (کە من لـەم وتارەدا، بە چاولێکردنی زاراوە ئینگلیـزییـەکە، وەک بـازنەی گشـتی یا بواری گـشتی نـاوی دەبەم) کـۆمـەڵێ واتای جـیـاوازی هـەیە و لە ڕوویەکـەوە ئەو جێگە و بوار و مـەیدانـانە دەگرێتـەوە کـە باوەڕیان تێدا دەردەبڕدرێت و بڵاو دەکرێتـەوە و قسـەی لەسـەر دەکرێت، هـەروەهـایش ئەو قەوارە هـەرەوەزییە دەگرێتـەوە کە بەم هۆیەوە و لـەم پرۆسێسـەدا دروست دەبێت، کـە بە جـۆرێک هـاوواتـای خـەڵکە. ئەم کـتێبـەی یورگـەن هـابەرمـاس تـا ئێسـتـایش بە بنەڕەتی تیۆرییەکانی بازنە یا بواری گشتی دادەنرێت و زۆربەی تیۆریستـەکان کاتێ

لەو تیۆرییانە دەکۆڵنەوە، لە باوەڕەکانی ناو ئەم کتێبە سوود وەردەگرن.

لە ڕێگای ئەم کتێبەوە، هابەرماس گێڕانەوەیەکی مێژوویی ـ سۆسیۆلۆگیی پێشکەش کردووە لەسەر دروستبوون، گەشەسەندنی کورتخایەن و بڕانەوەی بوارێکی گشتیی بۆرژوازییانە کە لەسەر بنەڕەتی گوتوبێژی ئاوەزگەرایانە و ڕەخنەگرانە دامەزرابوو. ئەو پێی وایە لەبەر گەلێ هۆ، لە سەدەی هەژدەدا کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی تازە سەری هەڵدا. ئەم هێزە تازەیە پێویستی بەوە بوو مەیدانی بازرگانی بکاتەوە، لەوێدا هەواڵ و باسوخواسی گرنگ بۆ هەمووان ئازادانە بگۆڕدرێنەوە و قسەیان لەسەر بکرێت. هاوکات لەگەڵ ئەمەیشدا ڕووبەری خوێندەواری زۆر فراوانتر بووە، کەرەسەی نووسراو زیاتر لە بەردەستدا بووە و جۆرێ ڕۆژنامەگەریی ڕەخنەگرانەیش هاتووەتە کایەوە. لەم هەلومەرجەدا بوارێکی جیاواز لە دەسەڵاتە حوکمدارەکان سەری هەڵداوە و لە ئەورووپادا خۆی دامەزراندووە.

ئەم بوارە تازەیە کەوتووەتە شەڕەوە لەگەڵ کردەوەی شاراوە و بیرۆکراتییانەی دەوڵەتی زۆردارا. بۆرژوای تازەسەرهەڵداو وردەوردە ئەو بازنەیەی کە تەنیا دەسەڵاتی حوکمڕانانی تێدا نوێنەرایەتی کرابوو، گۆڕی و بازنەیەکی دیکەی لە جێگەی دانا کە دەسەڵاتی دەوڵەت لەوێدا بە ئاشکرا سەرتاپێ دەستکاری کرا و دروست کرایەوە و ئاخاوتەیەکی ئاگاییدار و ڕەخنەگرانە، کە سەر بە خەڵک بوو، سەردەست بوو.

هابەرماس لە شیکردنەوەکەی خۆیدا سێ قەوارەی دامەزراوئاسا دەستنیشان دەکات کە پێشمەرجی سەرهەڵدانی بازنە یا بواری تازەی گشتی بوون. مەیدانەکانی قسە و گوتوبێژ، وەک قاوەخانەکانی بریتانیا، سالۆنەکانی فرانسا و کۆمەڵەکانی مێزداریی ئاڵمانیا، ئەگەرچی لەوانەیە لە ڕووی گەورەیی و پێکهاتەی ئامادەبووان و هەلومەرجی گوتوبێژەوە جیاواز بووبێتن، بەڵام بە هەموویانەوە بوون بە هۆی ڕێکخستنی قسەکردن و لێدوان لەناو خەڵکدا و بوون بەو قەوارە دامەزراوئاسایانەی گۆڕینیان دەستەبەر کرد. بەپێی بیرکردنەوەکەی هابەرماس لەم جێگا گشتییانەدا، لە سەدەی هەژدەهەمدا، تاکەکەس کۆ دەبوونەوە و لە ئەنجامی گوتوبێژی ڕەخنەگرانەدا "ئاوەزی گشتی" پەیدا دەبوو. ئەم ئاوەزە، کە هێزێکی فکری و

جەماوەری بوو، دەبوو بە دەستگایەکی چاودێریکردن بەسەر دەستەڵاتی دەوڵەتەوە. پێش سەدەی هەژدەیەم، لە فەرهەنگی ئەوروپایی فەرهەنگێکی نوێنەرایەتی بووە، کە تەنیا یەک لایەن، یەک گرۆ، خۆی بە نوێنەری دەوروبەرەکەی داناوە و دەستی بەسەر باسوخواسەکانی ئەواندا گرتووە. نموونەی ئەم جۆرە نوێنەرایەتییە، هابەرماس دەڵێ، کۆشکی لویسی چواردەیەمە لە ڤێرسای، کە وەک نیشانەی گەورەیی و دەستەڵاتی دەوڵەتی فرانسا و پاشاکەی پێشانی ئەو کەسانە دەدرا کە سەریان لەو کۆشک و باڵاخانەیە دەدا. بە لێکدانەوەی هابەرماس ئەم فەرهەنگە نوێنەرایەتییانە هاوشێوەی ئەو قۆناغەن کە تیۆریی مارکسیست، لە ڕیزی قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵدا، بە قۆناغی فیۆدال (دەرەبەگایەتی) ناوی دەبات. ئەو پێی وایە سەرهەڵدانی قۆناغی سەرمایەداری بوو بە هۆی پەیدابوونی بوارە گشتییەکان (بازنە گشتیەکان). لەم فەرهەنگە تازەیەی بازنەی گشتیدا جێگایەکی گشتی پەیدا بوو لە دەرەوەی دەستەڵات و کۆنترۆڵی دەوڵەت. لەم جێگایانەدا تاکەکەسەکان بینین و زانیارییان لەگەڵ یەکدا دەگۆڕییەوە. پەیدابوون و گەشەکردنی ڕۆژنامە، گۆڤار، یانەکانی خوێندنەوە و قاوەخانەکان لە سەدەی هەژدەیەمی ئەوروپادا، بە شێوەی جیاواز، بوونە هۆی ئەوەی کە وردەوردە فەرهەنگی بواری گشتی جێگەی فەرهەنگی نوێنەرایەتی بگرێتەوە. گەوهەری ئەم فەرهەنگە، بەپێی تیۆرییەکەی هابەرماس، ناوەڕۆکە ڕەخنەگرانەکەی بوو، بە پێچەوانەی فەرهەنگی نوێنەرایەتییەوە، کە تەنیا یەک لایەن چالاک بوو و خۆی بە نوێنەر و دەمڕاست دادەنا.

ئایین (دین) و مەسەلەکانی سەر بە ئایین بەشێک نین لەو بابەتانەی یورگەن هابەرماس خەریکیان دەبێت و لێیان نزیک دەکەوێتەوە. ئەو کە باسی ژیانی خۆی و نەخشی ئایین لە ژیانی خۆیدا دەکات دیسان هەر ئەو وێنەیەمان دەداتێ و ئەوە جەخت دەکات کە لەماڵێکی پرۆتێستانتی لیبراڵدا گەورە بووە. لە ساڵانی لاوێنیدا پێوەندییەکی گرژی لەگەڵ کلێسا و تیۆلۆگیدا هەبوو. ڕاستییەکەی نە مەیلی بۆ بابەتی دین هەبوو، نە دژیشی بوو، هەر وایش مایەوە. بەڵام سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە بابەتەکانی سەر بە دین لە پلەیەکی بەرزتردا بوون بە ناوەندی کاری ڕووناکبیرانەی هابەرماس لەم بیست ساڵەی دواییدا.

تەنانەت لە سەرەتای ١٩٨٠کانیشدا هابەرماس پێشبینیی ئەوەی دەکرد کە ئایین بە

تەواوی لە کۆمەڵی تازەدا ون دەبێت و مەگەر تەنیا هەندێ پاشماوەی سووک و بێهێزی لە ژیانی تایبەتیدا بمێنێتەوە. ئەودەم پێی وا بوو ئایینە گەورەکانی جیهان دەبن بە هەندێ قەوارەی دنیایی و بە جۆرێ بچووک دەبنەوە کە دەبن بە ناوکی فەلسەفەیەکی ئەخلاقیی پۆستمیتافیزیکی وەها کە لەگەڵ گەردوونگەراییدا بگونجێت.

هابەرماس دەمێکە ئەو شێوەبینینەی ئایینی واز لێ هێناوە. ئێستا باوەڕی وایە کە دین بۆ ئەوە هاتووە کە بمێنێتەوە و لە داهاتوویشدا نەخشێکی گرنگی وای دەبێت کە هیچی تر جێی ناگرێتەوە. ئەم سەرلەنوێ نرخاندنەی بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی دوور لە گومانەوە لە کتێبی "بیری پاشمیتافیزیک"ی خۆیدا، ساڵی ١٩٨٨، دەربڕی. لەوێدا دەڵێ: "هەتا زمانی ئایین ئەو ناوەڕۆکە ئیلهامبەخشە، یا ڕاستتر بڵێم، ئەو ناوەڕۆکە سێمانتیکە بێجێگرەی هەبێت کە فەلسەفە (هەر نەبێ هێشتا) ناتوانێ دەریببڕێت یا تەرجەمەی بکات لە شێوەیەکی ئاخاوتەی بەڵگەکارانەدا، فەلسەفە لە شێوەی پاشمیتافیزیکی خۆیدا نە دەبێتە جێگری ئایین و نە جێی پێ لەق دەکات." بە تێپەڕینی کات لەبارەی نەخشی داهاتووی دینەوە قسەی قووڵتریشی کرد.

دوو وێستگەی تایبەت لەم پرۆسەی نرخاندنەوەیەدا شایانی سەرنجدانن؛ یەکەمیان گوتارەکەی هابەرماسە لە کڵێسای پولوس لە فرانکفورت لە ڕۆژی ١٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠١دا، دووەمیشیان ئەو گوتوبێژە گشتییە بوو کە لە ١٩-١-٢٠٠٤دا لە مونیخ (موینشن) لەگەڵ کاردیناڵی ئەودەم یۆسێف ڕاتسینگەر (کە ئێستا پێی دەگوترێت پاپا بێنێدیکتوسی شانزدەیەم)دا کردی.

گوتارەکەی فرانکفورت نزیکەی مانگێک دوای هێرشەکەی سەر ناوەندی بازرگانیی جیهانی بوو لە ئەمەریکا، ئەمەیش ڕاستەوخۆ کاری کردبووە سەر ناوەڕۆکی گوتارەکە. لەو قسانەیدا، هابەرماس تێرۆریزمی فوندامێنتالیستەکان وەک شێوەیەکی تەواو تازەی دینداریی‌یەکی لەڕێدەرچوو تەرجەمە دەکات، کە وەرامێکە بۆ سێکولارکردنێکی هێرشبەرانەی ڕۆژاوا کە هەڵاواردن دژی دین بە کار دەهێنێت بە ئامانجی ئەوەی لە کۆمەڵگەدا بیکاتە نەبینراو.

هابەرماس ڕوانینی خۆی بۆ داهاتوو بە دەربڕینە تایبەتەکەی خۆی "کۆمەڵی پاشسێکولێر" ڕوون دەکاتەوە: ئەو کۆمەڵەیە کە سێکولاریزمێکی هێرشبەرانە و

فونداميٚنتاڵيزميٚكى دينى تيٚيدا وەک يەک كەميان بەر دەكەويٚت. باوەڕى دينى لەو كۆمەڵەدا شويٚنيٚكى بەرچاوى لە فەرهەنگ و لە گوتوبيٚژى ئاشكرادا هەيە، نەخشيٚكى گرنگى هەيە لە پيٚكهيٚنانى بير و بۆچووندا لە مەسەلەى جۆراوجۆرى كۆمەلآيەتى و ئەخلاقيدا و هەر بەو پيٚيەيش ڕيٚگە لەوە دەگريٚت كە كۆمەڵگە تووشى دارِمانيٚكى ئەخلاقى ببيٚت. بەلآم ئەمە تەنيا كاتيٚک دەتوانىٚ بە ڕيٚوە بچىٚ كە باوەڕداران (ئيماندارارن) لە باسوخواسى باوەڕدا بە تەواوى لە توندوتيژى دوور بكەونەوە، سەردەستيى زانياريى زانست بپەژيٚريٚن، هەروەها ئەوەيش قەبووڵ بكەن كە قانوونەكانى كۆمەڵ بە شيٚوەيەكى دنيايى (نادينى) دادەڕيٚژريٚن.

گوتوبيٚژەكەى هابەرماس و ڕاتسينگەريش لە كانوونى دووەمى ٢٠٠٤دا هەر بەو شيٚوەيە سەرنجڕاكيٚش بوو. ئەوان لەبارەى نەخشى ئايينەوە لە كۆمەڵى كراوە و ديموكراتيكدا قسەيان كرد. جيٚى سەرسوورمان بوو بۆ گويٚگران و ڕەنگە بۆ ڕاتسينگەريش كە هابەرماس وتى ئيٚمە ئەو تركزەيەمان لە پيٚشدايە كە دوچارى كۆمەڵگايەكى لەڕيٚدەرچووى سيٚكوليٚر ببين، كە تيٚيدا بەرژەوەنديە ئابووريەكان دەبنە هۆى دەرپەڕاندنى نرخە بنەڕەتييە مرۆڤانەكان ئەگەر ئايين لە كۆمەڵدا نەميٚنيٚت. هەروەها ئەوەيشى جەخت كرد كە بيرى يەكسانيى نرخى هەموو مرۆڤەكان، لە ڕووى ميٚژووييەوە ڕەگوڕيشەى لە نەريتى جوولەكە و مەسيحيدايە. مەبەستى هابەرماس ئەوە نەبوو كە ئايين لە ڕووى ناوەڕۆكەوە نرخى گرنگى وەهاى پيٚيە بۆ كۆمەڵ كە ناكرىٚ لە سەرچاوەى نادينييشدا بدۆزريٚنەوە. ئەوەى ئەو جەختى كرد ئەوە بوو كە دين بە هۆى تەماشاكردنى هەبوونەوە بە چاويٚكى پشتسروشتى، دەتوانيٚت مرۆڤ هان بدات بۆ كردارى ئەخلاقى، بە هيٚزيٚكى ئەوتۆوە كە جياوازە لە هيٚزى سەرچاوەكانى ديكەى ئيلهام. لەم خاڵەدا هابەرماس و پاپاى پاشەڕۆژ، ڕاتسينگەر، هاوبير بوون.

لەو دیالۆگەدا هەردوويان، هابەرماس و ڕاتسينگەريش، ويٚنەيەكى ڕەشبينانەيان لەبارەى فەرهەنگى ئيٚستاى ڕۆژاواوە پيٚشكەش كرد. هەردوويان پيٚيان وا بوو نرخە ناوەنديە مرۆڤانەكان لەم سەردەمەدا بەرەو هەڵوەشانەوە دەچن، چونكە ئامادەيى مرۆڤ بۆ بەرپرسياريى كۆمەلآيەتى دەكريٚتە قوربانى هەڵپەى پيٚشكەوتنى ئابوورى كە بە سيٚبەرى ڕەشى خۆى، هەموو شتيٚكى ديكەى داپۆشيوە. ئەگەرچى لە

سەرەتادا وا پێ دەچوو ڕوانینی هابەرماس و ڕاتسینگەر لە یەکدییەوە نزیکن، بەڵام بە شیکردنەوەیەکی وردتر دەردەکەوێت کە نزیکیی ئەوان هێندە قووڵ و کاریگەر نەبوو. هەروەهایش شایانی سەرنجدانە کە ئەگەر بۆ زەوینەی هاوبەش بگەڕێین لەنێوان هابەرماسی فیلۆسۆفی ئەگنۆستیک و ڕاتسینگەری تیۆلۆگی کاتۆلیکدا، شتێکی ئەوتۆ بە دی ناکەین.

کەواتە هابەرماس لە چ تێگەیشتنێکەوە هەنگاو دەنێت کاتێ باسی ئایین دەکات؟ زۆرجار گوتراوە کە ئەو تەنیا لەو ڕوانگەیەوە لە دین نزیک دەکەوێتەوە کە دین تا چ ڕادەیەک لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا جێی دەبێتەوە و تەبایە. ئێمە ناتوانین لە نووسینەکانی هابەرماسدا هیچ شتێک بدۆزینەوە پێمان بڵێت کە ئەو مەیلێکی کەسەکیی بۆ ئایین، هەر لەپێناوی ئایین خۆیدا، هەیە.

ئەو وێنەیەی ئایین کە لە تێکستەکانی هابەرماسدا دەردەکەوێت تا ڕادەیەکی زۆر کەوتووەتە ژێر کارکردی ئەو زۆرانبازییەوە کە هابەرماس لەگەڵ میراتی ئیمانوئێل کانت و سوێرەن کیرکەگۆرددا دەیکات. سێ هاندەر (بزوێنەر)ی ناوەندی لێرەدا جار لە دوای جار دووبارە دەبنەوە: دین وەک پارێزەری هەڵوێستی ئەخلاقی، ئەزموونی دینی کاتێ بە زمانی (تەجەللی)ی خودایی لێک دەدرێتەوە، هەروەهایش باوەڕ وەک ژیرییەکی نەڕووشاو، دوور لە سنوورەکانی زانین. بێجگە لەوەیش هابەرماس پێی وایە شتی نموونەیی ئەوەیە کە باوەڕی دینی ڕوانگەیەکی گشتگر لەبارەی هەبوونەوە دادەمەزرێنێت و ئەمەیش دەبێتە هۆی داڕێشتنی هەندێ قەناعەتی وەها کە لە مێژووی فەلسەفەدا جاران دەکرا بە زاراوەی میتافیزیکی دەرببڕدرێت. یەکێک لەمانە ئەو قەناعەتەیە کە ژیان مەعنایەک و مەبەستێکی هەیە. بەو پێیە، دین لە جیهانی فکری هابەرماسدا بە جۆرێک ئەو ئەرکەی هەیە ببێتە جێگرەوەی نەریتی فکری میتافیزیکی لە فەلسەفەی ڕۆژاواییدا. بەڵام هابەرماس وا بیر ناکاتەوە کە باوەڕی دینی بەری بیرکردنەوەیەکی ئاوەزکارانە بێت. ئەو، قەناعەتە دینییەکان لە دەرەوەی بازنەی زانین دادەنێت، چونکە ملکەچی هیچ تاقیکردنەوەیەکی نێوبابەتی/هاوبابەتی (Intersubjective) نین. لەم ڕووەوە ڕوانینی هابەرماس بۆ پێوەندیی باوەڕ و زانین ئەو قسە ناسراوەی کانتمان بیر دەخاتەوە کە گوتوویەتی: ''زانین هەڵبوەشێنەوە تا جێگە بۆ باوەڕ چۆڵ بکەیت.''

لە دوو دەیەی ڕابوردوودا، یورگەن هابەرماس پرۆسەیەکی بنەڕەتیی

هەڵســەنگاندنەوەی لەبارەی نەخــشــی دینەوە لە کــۆمــەڵدا هێنایە ئاراوە. دوای گوتارەکەی لە کلێسای پاولوس لە فرانکفورت، لە ساڵی ٢٠٠١دا، لە چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی ئاڵمانیادا قسەیەکی زۆر لەسەر ئەوە کرا کە ئایا هابەرماس بووەتە دیندار و بڕوادار. بێگومان نا. پاییزی ڕابوردوو لە دیدارێکدا خۆی ئەمــەی ڕوون کردەوە و گوتی: "من پیر بوومە، بەڵام نەبوومەتە بڕوادار." سەرلەنوێ نرخاندنەکانی هابەرماس لەبارەی گرنگیی دینەوە نموونەیەکە بۆ شێوەی بیرکردنەوەی، بەتایبەت بەو مەعنایەی کە ئامادەیە سەرلەنوێ تێگەیشتنەکانی خۆی تاقی بکاتەوە. مرۆڤ دەتوانێ ئەمــە لەگــەڵ ئەو دیاردەیەدا بەراورد بکات کــە لە مــاوەی ژیانی خــۆیدا بەردەوام ڕوانینی خۆی لەبارەی چەمکی ڕاستییەوە گۆڕیوە. ئەمەیش، ڕەنگە بکرێ وا دابنرێت کە نیشانەی هەڵوێستی ژیانێکی فەلسەفییە. هابەرماس نەبووەتە دیندار، بەڵام گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە دین نەخشێکی بێجێگرەوەی هەیە لە کۆمەڵی فرەفەرهەنگی و پاشسێکولێری ئێمەدا.

# شنەبای سەرەتاکان

## لە یادی هەشتەمی کۆچی سەییابدا

ڕۆژی وڵاتەکەی من لە هیی هەموو شوێنێکی تر جوانترە،
تاریکییش، تەنانەت تاریکییش،
لەوێ جوانترە کە باوەش دەکا بە عیراقا...
ئەی داخەکەم، کەی بێ بنووم؟
هەست بکەم شەونمی شەوێکی هاوین
بەسەر سەرینەکەمەوە
گوڵاوی تۆی تیا بێ، عیراق!

لە ڕۆژی ٢٤ی ئەم مانگەدا هەشت ساڵ تێدەپەڕێ بەسەر کۆچکردنی شاعیری گەورەی عیراقدا: بەدر شاکر سەییاب. بەدر لە ساڵی ١٩٢٦، لە دێی "جەیکوور" لە دایک بووە و لە ٢٤-١٢-١٩٦٤ و لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەیەکی کوێت کۆچی دوایی کرد. لەنێوان ئەم دوو بەروارەدا چیرۆکی ژیانێک بە دی دەکرێت کە بریتییە لە گۆرانیگوتن بۆ گەلێ ئازار و ژانی یەکجار قووڵ. ئازار و ژانی لەش و گیان کە کارەساتێک دروست دەکەن بە ناوی سەییاب.

### هۆنراوەی ئازاد

گەلێ جار نووسەر و ڕەخنەگرە عەرەبەکان لەسەر ئەوە دەدوێن کە ئایا کێ هۆنراوەی ئازادی لە ئەدەبی عەرەبیدا داهێناوە؟ ئەو ناوانەی کە هەمیشە دووبارە دەبنەوە بریتین لە "بەدر شاکر سەییاب، عەبدولوەهاب بەیاتی، نازک ئەلمەلائیکە، عەلی ئەحمەد باکسیر". ڕەنگە ئەمە تا ڕادەیەکی کەم جێگەی گومان بێت. بەڵام ڕاستییەک هەیە کە جێگای گومان نییە و کەس لاریی لێ نییە، ئەوەیە کە هۆنراوەی ئازاد، وەکو دیاردەیەکی چەسپاو، بەرهەمێکی ئەوەندە قووڵ و بەرزە کە بەدری کرد بە شاعیری هەرە گەورەی عەرەب.

## کاروانی ئازار

ژیانی بەدر کاروانێکە لە خەم و ئازار و کارەسات پێک هاتووە. هێشتا تەمەنی ١٦ سالان بوو کە دایکی مرد. باوکی ئەوەندە گوێی پێ نەدەدا. ساڵی ١٩٤٦ هاتە بەغدا و لە خانەی بەرزی مامۆستایان وەرگیرا. پاش ئەوەی بوو بە مامۆستا گەلێ جار دەرکرا و تووشی بەندکردن و ئازاردان بوو چونکە بەشداریی چالاکییەکی ڕامیاریی دژ بە ڕژێمی پاشایەتیدا دەکرد. چەند ساڵێ پێش مردنی تووشی نەخۆشیی "ئیفلیجی: شەلەل" بوو. بۆ تیمارکردنی نەخۆشییەکەی چووە پاریس، ڕۆما، لەندەن و بەیرووت، تا لە دواییدا لە کاتژمێری دوو و پەنجا دەقیقەی پاش نیوەڕۆی ٢٤-١٢-١٩٦٤ لە نەخۆشخانەیەکی کوێت کۆچی دوایی کرد.

## هۆنراوەکانی

سەییاب بەرهەمێکی زۆری پێشکەش کرد؛ چەند کۆمەڵە هەڵبەستێکی چاپکراوی هەیە، وەکو **گوڵە ژاکاوەکان، سروودی باران، ئیقبال، شەناشیلی کچەکەی چەلەبی، پەرستگای خنکاو، ماڵی کۆیلەکان**... هتد. ئەو لایەنەی کە زۆر بە ئاشکرا لە هۆنراوەکانیدا دەردەکەوێ خۆشەویستییەتی بۆ عیراق، گەل، هەژارەکان، جەیکوور و دایکی. لە دوورەوڵاتی و ئاوارەییدا هەر عیراقی لە بیر بوو و گۆرانیی بۆ دەوت. ئاواتی هەرە گەورەی ئەوە بوو کە بگەڕێتەوە بۆ لای.

ئەی با، ئەی ئەو دەرزییەی چارۆکەی کەشتییەکەم

بۆ دەدووری... ئایا دەگەڕێمەوە بۆ عیراق؟

ئەمڕۆ لەناکاو خۆشەویستیم بەسەردا ڕژا... دەگەڕێمەوە،

ئای خاکم بە سەر ناگەڕێمەوە بۆ عیراق.

ئەگەر بێت و سەرژمێرێکی هۆنراوەکانی سەییاب بکەین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە زۆربەی بۆ عیراق وجەیکوور و دایکی وتووە.

سەییاب لە هۆنراوەی "چەک و منداڵ"دا زۆر بە قووڵی کارەساتی شەڕی پێشان داوە. هەروەها لە هۆنراوەی "گۆڕهەڵکەن" و "ئافرەتە کوێرەکە"دا زۆر بە وردی واقیعی وڵات و هەژارەکانی وڵات باس دەکات. بۆ ئەم وڵاتە و بۆ دۆڵ و چیا و بیابانەکانی ئەم وڵاتە ژیا و گۆرانیی وت:

وا ئێواره باوێشکی دا، هێشتا هەورەکان
فرمێسکه سەنگینەکانیان دەڕێژن...
دەڵێی مناڵێکه و پێش ساڵێ ئاگای بووەوه و
چاوی پێ نەکەوت... کاتێ پرسیاری کرد،
پێیان وت: سبەینێ دەگەڕێتەوه،
دەبێ هەر بگەڕێتەوه...
ئەگەر هاوڕێیان چرپاندیان بە گوێی یەکدا
ئەوەتا له لاپاڵی گردەکەدا
بۆ یەکجاری سەری ناوەتەوه،
باران دەخواتەوه...
وەکو ڕاوچییەکی غەمگین کە تۆڕەکانی کۆ بکاتەوه،
گۆرانی پەخش بکات کاتێ مانگ ئاوا دەبێ...
سرووودی باران،
باران... باران...

حەفتەنامەی هاوکاری، کانوونی یەکەمی ١٩٧٢

## غەسسان کەنەفانی... نووسەر و شۆڕشگێڕ و مرۆڤ

کە دەمەوێ باسی غەسسان کەنەفانی بکەم یا لەسەری بنووسم، خۆم بە بێتوانا دەزانم. دەڵێم باسکردن و لەسەرنووسینی غەسسان کارێکی هەروا سووک و ئاسان نییە. یەکێک دەتوانێ خۆی لە قەرەی کارێکی وا بدات، کە لە گەورەیی و بەرزیدا شان لە شانی ئەو بدات. بەڵام هەر خۆیشم دڵخۆشیی خۆم دەدەمەوە، دەڵێم هەموو کەس ئەوە دەزانێ کە مەرج نییە هەموو شتێ یەکسەر بگاتە پلەی تەواوی و کامڵبوون. گرنگ ئەوەیە پیاو نەوەستێ و هەوڵ بدات. کە هەوڵی دا دیارە هەڵەیش هەر دەکات، چونکە ئەوەی هەڵە نەکات واتە هیچی نەکردووە، بۆیە تووشی هەڵەیش نەهاتووە. بەڵام دوای زنجیرە هەوڵدانێکی سەرومڕ ئەوی بیەوێ دەگاتە مەبەست. وا بزانم ئەم خۆ بە بێتوانازانینەی من لەوەوە هاتووە کە "غەسسان کەنەفانی" هەروا نووسەرێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو کۆمەڵێ وزە و چالاکی و تەوژم و توانای بێهاوتا بوو. غەسسان مرۆڤ و نووسەر و شۆڕشگێڕ بوو. من لەو باوەڕەدام کە چەندە باسی غەسسان کەنەفانی بکەین و لەسەری بنووسین و بەرهەمەکانی بخوێنینەوە و جارێکی کە و جارێکی کەیش بیانخوێنینەوە، هێشتا کەمە. گەورەیی غەسسان لەوەدایە کە وەکو مرۆڤێک، وەکو نووسەرێک و وەکو شۆڕشگێڕێک هەمیشە خۆی بۆ گەل تەرخان کرد و لەپێناوی گەلدا ژیا و لەپێناویشیدا شەهید بوو. بەرهەمەکانی غەسسان ئەلبوومێکی زیندووی ژیانی گەلی فەلەستینن، بەڵام دیسانەوە لەوەشدا شوێنپەنجەی زیرەکی و بلیمەتیی غەسسان بە ئاشکرا دیارە، چونکە کە دەیخوێنیتەوە، وا هەست دەکەیت باسی گەلەکەی تۆ دەکات. لە ئاوارەیی و دەربەدەری و سەرگەردانی و کوێرەوەریی فەلەستین و فەلەستینییەکاندا ژان و کارەساتی خۆت دەخوێنیتەوە.

### ژیانی غەسسان

غەسسان کەنەفانی ڕۆژی ٩ی نیسانی ١٩٣٦ لە شاری عەککا لە دایک بووە. لەو کاتەدا بە سەردان چووبوونە ئەوێ. باوکی پارێزەر بوو. بە مناڵی چووە قوتابخانەی

''فەریر'' و تەنها چەند ساڵێکی کەم تیا مایەوە. خێزانەکەی غەسسان لە گەڕەکی ''مەنشییە''ی شاری یافا دەژیان. گەڕەکەکە نزیکی ''تەل ئەڤیڤ'' بوو، لەبەر ئەوە هەر لە سەرەتای دابەشکردنی فەلەستینەوە ناکۆکی کەوتە نێوان عەرەب و جوولەکەکانەوە. باوکی غەسسان ناچار لە تەشرینی ١٩٤٧دا ژن و منداڵەکانی بردە عەککا و خۆی گەڕایەوە بۆ یافا. شەوێ لە شەوانی کۆتایی نیسانی ساڵی ١٩٤٨، بۆ یەکەم جار هێرش برایە سەر شاری عەککا. زۆربەی خێزانەکان هەر بەو شەوە شاریان بە جێ هێشت و ڕوویان کردە لوبنان. ماڵی غەسسانیش یەکێ لەو ماڵانە بوون. چوونە لوبنان و لە ''سەیدا'' دابەزین. دوای دوو ڕۆژ لە شاری ''غازییە''ی نزیک سەیدا ماڵەکۆنێکیان بە کرێ گرت و تیا مانەوە. دوای ماوەیەک چوونە حەڵەب و لەوێوە بۆ ''زەبەدانی'' و لەوێشەوە چوونە دیمەشق و ئیتر لەوێ گیرسانەوە. لە دیمەشق غەسسانی منداڵ گەلێ کاری جۆربەجۆری کرد. ماوەیەک کیسەی دروست دەکرد و سەردەمێکیش لە بەر دەرگای دادگاکاندا ئەرزوحاڵی دەنووسی و لە قوتابخانەی سەرەتاییشدا دەیخوێند. جارجاریش لە ئۆردوگای پەنابەراندا دەبوو بە مامۆستای منداڵان. هەروەها لە پرۆگرامی فەلەستیندا کە لە ڕادیۆی دیمەشقەوە پێشکەش دەکرا هاوبەشیی دەکرد. هەندێ جاریش هۆنراوە و پەخشان و شانۆگەریی دەنووسی. لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٥دا چوو بۆ ''کووەیت: کوێت'' و لەوێ بوو بە مامۆستا. لەو سەردەمەدا کە لە کوێت دەژیا زۆر زۆری دەخوێندەوە. هەر لەوێیش چیرۆکی ''کراسە دزراوەکە''ی بۆ یەکەم جار نووسی و یەکەم خەڵاتی گرەوێکی ئەدەبیی پێ بردەوە.

دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ جارێک هاتە عیراق و گەڕایەوە بۆ کوێت. ساڵی ١٩٦٠ چوو بۆ بەیرووت و لەوێ لە گۆڤاری ئەلحورڕییە (الحرية)دا دەستی بە کار کرد، لە ئەلموحەڕڕیر (المحرر)یشدا دەینووسی. ساڵی ١٩٦٩ گۆڤاری ئەلهەدەف (الهدف)ی دەرکرد.

دۆکتۆر یووسف ئیدریسی چیرۆکنووسی عەرەب لەو پێشەکییەدا کە بۆ بەرگی دووەمی تەواوی نووسراوەکانی غەسسان نووسیویەتی، دەڵێ: ''خەڵکینە! غەسسان بخوێننەوە... گەلی فەلەستین! نووسراوەکانی غەسسان بکەن بە قورئانی خۆتان و هەموو ڕۆژێ بیخوێننەوە!''.

یەکێ بەرهەمەکانی غەسسانی نەخوێندبێتەوە، نازانێ ئەم هاواره بەکوڵەی یووسف ئیدریس لەبەر چییە؟ غەسسان پیاوێک بوو خۆی و بەرهەمی و نووسینی و ژیانی و هەموو کارێکی بۆ گەلەکەی تەرخان کردبوو. غەسسانی نووسەر لەگەڵ ئازار و نەهامەتی و سەرگەردانیی گەلەکەیدا دەژیا و بۆ ئەوان ژیا و بۆ ئەوانیش خۆی بەخت کرد.

ئەگەرچی غەسسان ماوەیەکی کەم ژیا، تەنها ٣٦ ساڵ، بەڵام ژیانێکی پڕ لە بەرهەم و چالاکی و کردەوەی شۆڕشگێڕانەی بە سەر برد. بەرهەمەکانی غەسسان لەگوێرەی ئەو تەمەنە کورتەی ئەو، زۆر زۆرن. نەک هەر ئەمەیش بەڵکو کۆمەڵێ بەرهەمن کە تێکڕا گیانی تازەگەری و نوێخوازی و پێشڕەوییان تێدا دیارە. غەسسان چوار ڕۆمانی چاپکراوی هەیە: **پیاوانی بەر هەتاو، ئەوەی بۆتان ماوەتەوە، ئوم سەعد و گەڕایەوە بۆ حەیفا** و دوو ڕۆمانی تەواونەکراویشی هەیە: **دڵدارەکە، کوێر و کەڕ**. لە کورتەچیرۆکیشدا چوار کۆمەڵی چاپکراوی هەیە: **مردنی قەرەوێڵەی ژمارە دوانزدە، خاکی پرتەقاڵی غەمبار، ئەو جیهانەی هیی ئێمە نییە، لەمەڕ پیاو و تفەنگ**. شانۆنامەی "دەرگا"یشی چاپ کراوە و سێ شانۆنامەی چاپنەکراویشی هەیە: **زنج و پەیامبەر، پردێکی هەتاهەتایی، شتەکانی تر**. جگە لەمانە سێ کتێبی چاپکراویشی لەسەر ئەدەبی بەرهەڵستیی فەلەستین و ئەدەبی زایۆنیست هەیە. کۆمەڵێ وتاریشی هەیە کە لە کاتی خۆیا لەژێر ناوی "فارس فارس"دا نووسیونی، کتێبێکیشی هەیە لەبارەی سەردانێکی خۆیەوە بۆ چین و هندستان و لێکۆڵینەوەیەکیشی لەسەر شۆڕشی ١٩٣٦-١٩٣٩ی فەلەستین نووسیوە. شانۆنامەی "هاوڕێتیی دووکەڵ"ی تینسی ویلیامزیشی کردووە بە عەرەبی. سەرەڕای ئەم هەموو بەرهەمە گرنگانە دەبێ ئەوەمان لە بیر بێت کە غەسسان گەلێ ئەرکی گەورەی بەسەرەوە بوو؛ لە لایەکەوە سەرنووسەری گۆڤاری ئەلهەدەف بوو، لە لایەکی کەیشەوە پێشەوایەکی گەورەی بەرەی میللیی ڕزگاریخوازی فەلەستین و قسەکەری ڕەسمیی بەرەکەیش بوو. خۆ ئاشکرایشە کە دەبێ بەشێکی کاتەکانیشی بۆ خێزانەکەی و منداڵەکانی دانابێ.

غەسسان لە نووسینەکانیدا وەکو نووسەرێکی شۆڕشگێڕ و دڵسۆزی گەل، واقیعی گەلەکەی زۆر زیرەکانە دەخاتە پێش چاو، بەڵام هەرگیز ناکڕووزێتەوە و سواڵی

بەزەیی لە کەس ناکات، چونکە ڕێگا دەزانێ و شارەزایە... ڕێگای ڕزگاریی گەلی فەلەستین، خاکی فەلەستین دیاری دەکات. پاڵەوانەکانی ڕۆمانی "پیاوانی بەر هەتاو" کە دەیانەوێ لە بەسرەوە بچن بۆ کوێت، ڕێگای بیابان ناگرنە بەر و هەر بەسەر خاکا بڕۆن، بەڵکە دەچنە ناو تانکیی ئۆتۆمۆبیلێکی ئاوەوە. غەسسان "مردن" دەکاتە پاداشتی ئەم پاڵەوانانە، چونکە باوەڕیان بە خۆیان و بە "زەوی" نەبوو. کەچی پاڵەوانی ڕۆمانی "ئەوەی بۆتان ماوەتەوە" لە فەلەستینەوە دێت بۆ ئوردون و تووشی زۆر گیروگرفتیش دەبێ، بەڵام هەر دەگات، چونکە باوەڕی بە خۆی و بە خاکەکەی هەبوو.

**غەسسانی شەهید**

غەسسانێک ئاوا بووبێ و ئاوا ژیابێ و ئاوای نووسیبێ، دیارە ناچێتە دڵی دوژمنانی گەلەکەیەوە، دیارە زایۆنیستەکان و نۆکەرانی ئیمپریالیزم بۆ هەلێک دەگەڕێن تۆڵەی خۆیانی لێ بکەنەوە. دیارە دەبێ هەوڵی کوژاندنەوەی چرای ڕێپێشاندەری ژیانی بدەن. دیارە مانەوەی غەسسان بێزاریان دەکات.

لە سەعات ٥٠ . ١٠ (دە و پەنجا دەقیقە)ی ڕۆژی ٨ی تەمووزی ١٩٧٢دا گورزی خۆیانیان وەشاند. بە پیلانێک غەسسانیان لە ناو برد. بۆمبایەکیان لە ئۆتۆمۆبیلەکەیدا شاردبووەوە. کە غەسسان ویستی بچێتە دەرەوە، خۆی و لەمیسی خوشکەزای و ئۆتۆمۆبیلەکەی تەقینەوە و پارچەپارچە بوون. بەڵام دەردی غەسسان هەموو جارێ دەیوت: "شۆڕش هەر بەردەوامە".

ئاننی کەنەفانیی خێزانی غەسسان دەڵێ:

کاتێ خەڵکی فەلەستین

دەگەڕێنەوە

بۆ ماڵەکانی خۆیان.

لەگەڵ هەموو گوڵێکا، لە هەموو درەختێکا

چاویان بە غەسسان دەکەوێ...

لە بای فەلەستینا،

لە خۆڵی فەلەستینا

هەست بە غەسسان دەکەن.

له یادی سێیەمی شەهیدبوونی غەسسان کەنەفانیی نووسەر و شۆڕشگێڕ و شەهیدا، تەنها کورتەباسێکی ئاوا بەس نییە بۆ ئەو و بۆ یادی ئەو. بە لای منەوە باشترین یادکردنەوەی غەسسان بەوە دەبێ کە بەرهەمەکانی بخوێنینەوە، وەریانبگێڕین، بیانکەین بە نموونەی ئەدەبی دڵسۆز و شۆڕشگێڕانە و زۆریشیان لێوە فێر ببین...!

سەرچاوەکانی ئەم باسە:
١- د. إحسان عباس وآخرون: غسان كنفاني، أديبا و مناضلا و ثوريا.
٢- آني كنفاني: غسان كنفاني (بە ئینگلیزی).
٣- چەند ژمارەیەکی گۆڤاری ئەلهەدەف (الهدف).
٤- غسان كنفاني: الآثار الكاملة، ج:١، ج:٢

حەفتەنامەی هاوکاری، ژمارە: ٢٧٥ (١٨-٧-١٩٧٥)

## ئەم هەفتەیە شەهیدەکان دەگەڕێنەوە

– ئەرێ تۆ هیچ بیرت لەوە نەکردۆتەوە لەوانەیە کوڕە شەهیدەکەت ڕۆژێ بگەڕێتەوە، لە دەرگا بدا و بێتە ژوورەوە و بتگرێتە باوەش؟

– بەو خوایە ئەوە حەوت ساڵە هەموو ژەمێکی خواردن، شەووڕۆژ من هەر لە بیری کوڕەکەمدام. بە چەپ و ڕاستدا بۆی دەگەڕێم، دەڵێم ها ئێستا دێتەوە. هەر جارێ دەرگا بکرێتەوە دڵم دادەخورپێ و دەڵێم خۆیەتی...

(الطاهر وطار: الشهداء يعودون هذا الأسبوع، ص: ١١٨)

ئەوە کۆپلەیەکە لە چیرۆکی حەوتەمی کۆمەڵەچیرۆکەکەی ئەلتاهیر وەتتار (الطاهر وطار)ی چیرۆکنووسی جەزائیری. ڕەنگە ئەگەر یەکێک ئەو کۆپلەیە هەر وا بە تەنها بخوێنێتەوە، کارێکی ئەوتۆی تێ نەکات. بەڵام کە لەگەڵ سەرجەمی چیرۆکەکەدا (ئەم هەفتەیە شەهیدەکان دەگەڕێنەوە) بیخوێنیتەوە، بیرکردنەوەیەکی قووڵ دایدەگرێ: شەهیدەکان، بیروباوەڕ، شۆڕش، باوکی شەهید، سەرکەوتنی شۆڕش، جێگای چۆڵی شەهید، چاوەڕوانی...

کورد دەڵێ: قسە قسە ڕادەکێشێ... من کە ئەو چیرۆکەم خوێندەوە یەکسەر هۆنراوەی "قەیسی شەهید"ی جەواهیریم بیر کەوتەوە کە گۆرانی شاعیر کردوویەتییە کوردی. کۆپلەیەکی ئەو هۆنراوەیە دەڵێ:

دایکت ئەی قەیس، ئەژی و ناژی
بە هیوایەک بێبنە و پەی
لە دەرگا بەن ڕائەچەنێ
ئەڵێ تۆی لە دەرگا ئەدەی.
هەر ئەگەڕێ، پرسیار ئەکا:
نەهاتەوە... دێتەوە... کەی؟

بێگومان "قەیس"ی شەهید نەگەڕایەوە و ناشگەڕێتەوە، بەڵام کوڕە شەهیدەکەی

''العـابدين سـعـود الشـاوی''... ڕەنگە بڵـێن: ئـێ؟ چی؟... وەڵامی ئەم (ئـێ و چی)یانە ناوەڕۆکی ئەو چیرۆکەن. شـتێکی زۆر گرنگ نییە بزانین مستەفای کوڕی ئلعابدین هاتەوە یا نە؟ بەڵام گرنگە و زۆریش گرنگە بپرسین: ئەگەر شـەهیدەکان بگەڕێنەوە چی ڕوو دەدات؟

ئلعابدینیش هەر ئەو پرسیارە لە خەڵکی گوندەکە دەکات. یەکەم کەس تووشی بوو ''ئلمـسـعی'' بوو. وەڵامـەکـەی ئەوەی سـەرەوە بـوو. ئیـتـر بـە نۆرە یەک بە یەکی ئەو خەڵکەی سەر شـەقامەکە دەگرێ و پرسـیـاریان لێ دەکات: قـەددووریی مـەیفرۆش، عەبدولحەمیدی سەرۆکی شارەوانی [کوڕی پیاوێکی خۆفرۆشە و باوکی بە دەستی کوڕە شـەهیدەکـەی ئلعابدین کـوژراوە]، ئلمـانیـعی لێپـرسـراوی پارتی، ڕێکخـەری یارمـەتیی جـەنگاوەرانی کـۆن، سـەرۆکی بەشی دەرەک، فـەرمـانبـەری مـووچەدان، کابرای کۆمونیست [ئێسـتا لێپرسـراوی نەقابەی کرێکارانی هێڵی ئاسنە]، کوڕێکی خۆی، مەلای مزگەوتەکە... سـەیر ئەوەیە کەسێک نییە بڵێ بە خوا ئەگەر بگەڕێنەوە شتێکی چاکە. هەر یەکە بیانوویەک دێنێتەوە. ئلعابدینی پیر و پشتچەماوەیش خۆی دەخـاتە ژێر شـەمـەندەفـەرەوە و دەمرێ. بەڵام کـە لێـپـرسـراوی دەرەک ڕوانییـە ئەو نامەیەی لای لاشەکەیدا بوو، سەرێکی با دا و وتی: ''خۆ بە ڕاستی... سوبحانەڵلا''.

''ئەم هـەفـتـەیە شـەهیـدەکـان دەگـەڕێنەوە'' بە لای منەوە چاکـتـرین چیـرۆکی ناو کۆمـەڵەچیرۆکەکەی ئلتاهیر وەتتارە، بەڵام چیرۆکەکانی کەیش هەر یەکە تام و بۆنی تایبـەتی خـۆی هەیە و هەر یەکـە بە شـێـوەیەک بار و واقـیـعی کـۆمـەڵگای جـەزائیـر پێشان دەدەن.

لە بیرمـە چەند سـاڵێک لەمەوبەر سێ شاکارە گرنگەکەی محـەمـەد دیبم خـوێندەوە: ''مـاڵە گـەورەکـە''، ''ئـاگـر'' و ''جـۆلایی''. دیب لەو بـەرهـەمـانەیدا زۆر سـەرکـەوتووانە جـەزائیـری پێش دەسـتـپێکردنی شـۆڕش و سـەردەمی شـۆڕشـیـشی خـسـتۆتە ڕوو. ئلتـاهیـر وەتتـاریش لەم کـۆمـەڵەچیـرۆکـە زۆر سـەرکـەوتووانەیدا جـەزائیـری پاش سەرکەوتنی شۆڕشی پێشان داوە و نموونەیەکی زۆر سەرکەوتووی چیرۆکی ئێستای جـەزائیـرە. ''کات'' لای وەتتـار سـەردەمی دوای سـەرکەوتنی شـۆڕشـە و شـۆڕشـیش بیـابانەکانی وڵاتی جەزائیرە. تـەنیا چیرۆکی ''وێنەکێشـە گەورەکە و کچـە شاعیرە تازەپێگەیشـتـووەکـە'' نـەبێ، ''شـوێن'' هیـچ مـەرج نیـیـە جـەزائیـر بێت. لەوانـەیە لە

کوردستانی لای خۆیشمان ئەو دیاردەیە هەر هەبێت.

هەندێ نووسەر کە چیرۆک دەنووسن، زۆر میسالی (ئیدیالیست)انە بۆ باسەکان دەچن و هەڵیاندەبژێرن. دەیانەوێ پاڵەوانەکانیان هەر پیاوچاک و زیرەک و ''نموونەی بەرز''ی زیندوو بن. بەڵام چیرۆکنووسی سەرکەوتوو وا نییە. نموونەیەک هەڵدەبژێرێت زیندوو بێت و بە ڕاستی ''نموونە'' بێت. ئەوسا پاڵەوانەکان دەست بە جووڵانەوە و هاتوچۆ دەکەن و لە ئەنجاما چیرۆکنووس مەبەستی ئایدیۆلۆجیی خۆی لەگەڵ کۆمەڵە ڕووداوێکا بە گوێی خوێنەردا دەچرپێنێ.

من ناتوانم بڵێم ئلتاهیر وەتتار توانیوێتی وا بکات، بەڵام بە لای کەمەوە لە زۆربەی چیرۆکەکانی ناو ئەم کۆمەڵەچیرۆکەیدا چیرۆکنووسە و سەرکەوتووە و ئەوەی ویستوویەتی بیڵی، وتوویەتی.

لە کاتی شۆڕشدا هەموو گەل تێکڕا ڕادەپەڕێت و بەرانبەر دوژمن دەجەنگێ. زۆر لاوی بەجەرگ و قۆز شەهید دەبن. کۆستی زۆر باوکودایکی پیر و خۆشینەدیو دەکەوێت. زۆر کەسیش خۆی دەفرۆشێ و دەبێ بە پیاوی دوژمن. زۆر کەس لە شەڕا دەبەزێ و دەبێتە هۆی لەناوچوونی هاوڕێکانی. بەڵام ئەی دوای ئەوەی کە شۆڕش سەر کەوت؟

ئلتاهیر وەتتار لە چوار چیرۆکدا وەڵامی ئەم پرسیارەی جوان داوەتەوە. ''ژنە ڕەشەکە و ئەفسەرەکە، هەتا مردن هەر سۆسیالیستە، ژنی شاعیرەکە، شەهیدەکان ئەم هەفتەیە دەگەڕێنەوە''. کابرای ئەفسەر دەیەوێ هەرچۆنێ بێت خۆی بگەیەنێتە ئافرەتە ڕەشەکەی لێپرسراوی یەکێتیی ئافرەتان (ل: ٢٣–٤٦)، کابرای بەناو سۆسیالیست لە ڕەوشت و ژیانیا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ بۆرژوازییەکاندا نییە و دەشیەوێ هەتا مردن هەر سۆسیالیست بێت (ل: ٦٩–٨٠)، ژنی شاعیرەکە باسی ڕابواردن و ژیانی خۆشی خۆیان بۆ خەڵکە ساکار و هەژار و چەوساوەکە دەگێڕێتەوە (ل: ٨٣–٩٨)، ئلعابدیش خەڵکی سەر شەقامەکە دەگرێ و لێیان دەپرسێ: ''ئەگەر شەهیدەکان بگەڕێنەوە چی دەکەن؟''. ئلعابدین دڵنیایە کە کوڕەکەی دێتەوە، بەڵام هەموو خەڵکی کە حەز ناکەن. ئەمیان لەوە دەترسێ ئەگەر شەهیدەکان بگەڕێنەوە درۆ و ناپاکیی دەربکەوێت. ئەوی تر کوڕێکی خۆفرۆشە و دەترسێ شەهیدەکان بەوە قاییل نەبن ئێستا کاربەدەست بێت. هەموو گاڵتە بە

ئلعابدین دەکەن. تەنانەت مەلای مزگەوتەکەش بە "کافر"ی دادەنێ.

لە سێ چیرۆکەکەیدا "هەڵپەڕکێی ژان، ماسییەکان هیچ ناخۆن، وێنەکێشە گەورەکە و کچە شاعیرە تازەپێگەیشتووەکە" کۆمەڵێ باسی گرنگ خراونەتە ڕوو: خۆشەویستییەکی زۆر بەهێز و بەزەیی، مەسەلەی فەلەستین و خەمە سیاسییەکانی ماسیگرێک، کچێکی لەخۆبایی و بۆگەنی ناو ڕۆشنبیران و نووسەران و هەندێ قەوارەی دروستکراو... هتد. زمان لای وەتتار زمانێکی ساکار و جوانە. لە چیرۆکی "هەڵپەڕکێی ژان"دا زمان دەگاتە ئەوپەڕی جوانی و دەبێ بە زمانی هۆنراوە.

ئلتاهیر وەتتار چیرۆکنووسە و کۆمەڵەچیرۆکەکەیشی "شەهیدەکان ئەم هەفتەیە دەگەڕێنەوە" نموونەیەکی چاکی چیرۆکی ئێستای جەزائیرە.